# ڕاپەڕینی مەلیک غازی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای
# نەهری شاهی شەمزین (قُدِّس سِرُّه)

لاپەڕەی کتێب وەک شاپەڕەکە ڕۆحی ئێمە
بۆلای نوروو ڕوناکی دەخاتە هەڵفڕین: وێڵتێر.

نوسراوی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

## سەرەتا

دوای گرتنی قوستەنتەنیە (بیزانس) بە دەستی موسوڵمانان و هاتنە سەرکاری عوسمانی؛ هێمان ئوروپای مەسیحی کە لە جەنگی سەلیبیدا تێشکابوون، خۆیان کۆ نەکردبۆوە؛ ئیمپەراتۆری عوسمانی لە سەدەی ١٧ ی زایینی پەلاماری ئوروپایانی دا و لەم لاشەوە راپەڕینی سەنعەتی لە ئوروپا و سازبوونی هێزی دەریایی ئەوان کە توانیان پەرە بە وزەی ئیستعماری خۆیان لە ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکا بدەن و رق و قینی هێرشی عوسمانی و ئازار و شکەنجە و تالان و بڕۆیێ کە تورکی عوسمانی بە سەر ئەوانیدا هێنابوو، لە دڵ و دەروونیاندا، دەکولی و دەرەتانیان بۆ هەڵکەوت و دایان بە سەر عوسمانیدا و لە سەر تەختی بەخت لایان بردن، چون عوسمانی لە نێو خۆیدا گەندەڵ ببوو خەریکی دزی و زۆرویژی و ئیفساد کردن بو، جا ئەوە بو لە نیوەی دووەمی سەدەی (١٨) کە ئوروپایان یەکیان گرت و لە سەدەی ١٩ کورد و ئەرمەنی کە فرە ناڕازی بون بە دژی عوسمانی راپەڕین، لە ساڵی ١٨٢٩ی ز، دوای شەڕی روس و عوسمانی کوردەکان هەندێکیان چونە قەفقاز و ئێستا لەو ناوە فرەن.

***راپەڕینی کوردەکانی لکاو بە عوسمانیەوە بەر لە تیاچوونی ئیمپەراتوری،***

عوسمانی لە سەدەی هەژدەوە، لێبڕا بە لاسایی کردنەوە لە ئوروپا بەشێوەی مودێڕن بە مەرکەز ئۆگرانە، ولات ببا بەڕێوە، جاران ئەگەر لەگەڵ سەرکردەی هۆزە کوردەکان، خۆی دەخونجان و بە دەغەڵی ئەوانەی پێکەوە بەشەڕ دەدا و ئەوونەی لە حوکومەت کردنی کوردەکان، خۆ تێهەڵنەدەقورتان، بەلام لەوە بەدوا بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەوە، لە ترسی ئەوەی کوردەکان بە روس و ئینگلیس ئۆگری پەیدا نەکەن، دەسی کرد بە نابودکردنی حوکومەتە کوردی‌یەکان. یەکەم نەتیجەی ئەم سیاسەتە ناشیانەی عوسمانی، کوردەکانی کردە دوژمنی حوکومەتی ئەستەمبوڵ و ئەو پاشا کوردانە، کە دیتیان بە پانەوە تورکی عوسمانی هوروژمیان بۆ ولاتی کورد و کوردستان هێناوە، بە دژی عوسمانی راپەڕین. ئەم بزاوانە یەکێکیان لە سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە، ڕووی داوە و راپەڕینی دوەمی کوردەکان بە دژی عوسمانی لە نیوەی سەدەی نۆزدە، ڕووی داوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکێ لەو ڕاپەڕینانە، **ڕاپەڕینی بەکرپاشای کوڕی سلێمان پاشای بەبە یا بابان** بووە، کە بە دژی حوکومەتی بەغدادا چووەو بەداخەوە لە ساڵی ١٧١٦ی زایینی کوژراوە.

دووەم: **ڕاپەڕینی ئەورەحمان پاشای بابان** بە دژی والی بەغا بووە، کە لە ساڵی ١٧٨٨ی زایینی کە براکەی پشتی چۆڵ کرد و یارمەتی والی بەغای دا، حوکومەتی ئەورەحمان پاشای بابان تێشکا.

سێوەم: **ڕاپەڕینی محەممەد پاشای ڕەواندز** بووە، لە ساڵی ١٨٣٠ی ز. لەو ڕاپەڕینە محەممەد پاشا بە دژی داگیرکەران، توانی ناوچەی هەولێر و ڕانیە و بەردەقیتی کورد، ماردین و نەسیبەین، وەک هەولێر، عیمادیە، کۆیێ، ڕانیە، سلێمانی، دوکان، زاخۆ، ڕەواندز، دهۆک، جزیرەی عەبدولعەزیز کوڕی عومەر کوردی خەڵکی بەرقەعید سەر بە موسڵ، کە لە ٥٥٥ مانگی و ١١٦٠ ز.ـ لە دایک بووە؛ ئەبولفیدا (٣ـ١٣٩) و کوڕی خەلەکان لە باسی جزیرەدا (ع) کۆبەی پەڕەی ١٧١ شەرەفنامە بە زمانی کوردی چاپی ١٩٨١ز ـ ئۆفێستی تاران جەواهیری) ناوچەی بادینان و زاخۆ لە بندەس تورکی عوسمانی ڕزگار بکا. محەممەد پاشای ڕەواندز فرە لە بیری ئەوەدا بووە کە کاروباری وڵات و دەستووری سیاسی و ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووری خۆی بە پێی شەریعەت و فتوای زانایانی دینی ئەنجام بدا، پاشای ڕەواندز لە سەرەتاوە نەیارانی ناوچەیی، وەکو یەزیدیەکان و ئەمیرانی بابان و سەرکردەی هۆزە کوردەکانی ناوچەیی، سەرکوت کرد و سەرزەویەکانی ئەوانی خستە بندەس خۆی. بۆ نموونە خەتێ، بێتوێن، خەلەکان، دێ گەڵە، چناران بو بە موڵکی سۆران. ئەو میرە گەورە و مەزنە فرە بوێر و ئازا و ڕەشید و بێ‌ڕوحمیش بووە و بۆ ماوەی چوارساڵ لەو ناوەندانەدا تا شاری موسڵ بەو پەڕی دەسەلاتەوە حوکومەتی کردوە و حوکومەتەکەیشی لە لایەن والی بەغا نوێنەری ئیمپەراتوری عوسمانی بەرەسمی ناسرابوو. عوسمانی لەوەی کە ناوچەکە وا بە وزە و قودرەتەوە ئیدارە دەکا نارازی نەبووە.

**ڕاپەڕینی بەدرخان پاشا** کە بە شایەدی دۆست و دوژمن ئەم ڕاپەڕینە لە سۆنگەی بیر و هزری کوردایەتی و ناسیونالیزیمی کوردی و لە ڕووی نەتەوەخوازی بۆ دامەزراندنی

دەوڵەتی کوردی بووە. ئەم راپەڕینە دوای ئـەوەی عوسمـانی دەسـی کـرد بـە لابـردنی ئەمیرنشینەکانی وڵاتی کـــــوردەواری و لکاندنی سەرزەوی کوردستـــان بە حوکومەتی ناوەندی ئەستەمبوڵەوە، راپەڕینی بەدرخان پاشا پێیهەڵگرت. بەدرخان پاشا لـە ساڵـی ١٨٠٢ی ز، لە جزیرە پێتەختی حوکمڕانی بۆتان لـە نێـو خانـەدانێکـی حـاکم و خـاوەن دەسەڵات لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٢١ی‌ز، دوای وەفاتی باوکی دەسـەڵاتی حوکمـڕانی گرتە دەس. دوابەدوای تێشکانی سپای عوسمانی بە دەس ئیبراهیم پاشا، حاکمی میسر، بەدرخان پاشا لەگەڵ حاکمانی کورد پێوەندی سـازدا. لـە حاکمـانی قارسـەوە (کـە لـە باکووری‌ترین نوختەی کوردستانە) تا میرەکانی ئەردەڵان، هەمـو حاکمـانی کوردسـتانی لەگەڵ خۆی یەک‌خستن و موتەحیدی کردن و لە ئاخری دەهەی چلی سەدەی نۆزدەی زایینی، راپەڕینی خۆی بـە نییـەتی بـەدیهێنانی کوردسـتانێکی ئـازاد و سـەربەخۆ دەس پێ‌کرد. باوەکو راپەڕینەکە فرە سەرکەوتوانە و بەپەلە سـەری گـرت و پێشـکەوت، بـەڵام حوکومـەتی عوسمـانی بـە کۆمـەگی هەیئـەتی ئـاینی ئینگلیسـی و ئـەمریکایی هـۆزە مەسیحی‌یەکانی لە بەدرخان پاشا، دوور خستەوە و ئەوسا بە گزی و فزی «یەزدان شێر» ی برازا و فەرماندەی دەسەی خۆرهەڵاتی سـپای بـەدرخان پاشـایان فریـو دا و ئـاخرین دەسیان‌لە راپەڕین وەشاندو بەدرخان پاشا ناچار خۆی‌دا بەدەسەوە و لە ساڵی ١٨٦٨ی ز ، لە شاربەدەرا وەفاتی کرد.

**راپەڕینی یەزدان‌شێر برازای بەدرخان پاشا**. یەزدان‌شێر کە لە ساڵی ١٨٠٥ی ز، لە سـەر ئەمیرنشینی هەکاری لایان بردبوو، دوای دەس پێ‌کـردنی شـەڕی روس‌و عوسمـانی لـە ساڵی ٨٥٣ کەوتە بیرکردنەوە و لە بەهاری ١٨٨٥ دوای ئـەوەی هێزێکـی پێکـەوە نـا لـە بدلیس دەسی کرد بە راپەڕین و بە گرتنی موسڵ، سیرت‌و هەکاری (ناوەنـدی عومـدەی نیزامی عوسمانی لە ناوچەدا) سـەرزەویێ پـان و بـەرینی لـە نێزیکـی شـاری بـەغاوە تـا دەریاچەی وان و دیاربەکر (ئامێد) ی خســتەبن‌دەســەڵاتی خـۆی. بـەهـاتنی زمسـان و گەڕانەوەی روسەکان بۆ بنکەی زستانی خۆیان، حوکومەتی عوسمـانی بـۆ ڕوبەڕوبونـەوە لەگەڵ راپەڕینی یەزدانشێر، دەرەتانی بۆ ڕەخسا. لەو نێوانەدا «نمرودرەسام» نوێنەری

بەریتانیا لە ناوچەدا، رۆڵ و نەخشێ فرە گرینگی گێرا. پوڵ و دراوێ فرەی بە ریشوە دا بە سەرکردەکانی کورد و ئەوانی لە یەزدانشێر دور خستەوە و پشتی راپەرین خالی بوو. یەزدانشێر کە بۆ ئازادی و سەربەخۆ کردنی کوردستان لە رێگای وتوێژەوە بە ناوبژی کردنی بەریتانیا، روی کردە ئەستەمبول، باوەکو بریتانیا دڵنیای کرد کە لە وتوێژ لەگەڵ حوکومەتی عوسمانی پشتیوانی لە یەزدانشێر دەکا، کەچی هەر گەیشتە ئەستەمبول گرتیان و زیندانیان کرد، جا دوای زیندانی کردنی یەزدانشێر، سپاکەی دوای چەندێ ئاوارە بون لە چیا و نێو کێوە بەرزەکاندا، پرش و بلاو بون. چارەنووسی ئەمیش هەر وەکو بەدرخان پاشای مامی بەسەر هات.

**راپەرینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین.**

ئەم راپەرینە گرینگترین و کوردایەتیترین راپەرینی کوردە لە سەدەی نۆزدەی زایینیدا و ژمارێ فرە لە لێکۆڵەران، شێخ عوبەیدیلا بە یەکەمین پێشەوای نەتەوە و نیشتمان ئۆگری کورد دەزانن کە کوردایەتی کردوە و درەسی ناسیونالیسمی و کوردایەتی فێری سەرکردەکانی کورد کردوە کە ٢٢٢ کەس لە سەرانی کوردی لە نەهری کۆ کردۆتەوە و ئەنجومەنی کوردی بۆ کوردایەتی کردن بۆ ساز داون‌و نامەی بۆ"ویلیام ئابوت" ژەنراڵ کونسولی بەریتانیا لە تەوریز، نوسیوە و بەوی راگەیاندوە:« نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە جیایە لە فارس و تورک و عەرەب و رەگەزێ تایبەت بە خۆی هەیە. مەزهەبی کورد لە مەزهەبی ئەوان جیایە و ئاداب و روسوم و خوو ئاکاریان لەوان جیایە، سەرانی کورد و حاکمانی کوردستان چ ئەوانەی لە بندەس تورکی عوسمانی یا لە بندەس حاکمانی قاجار لە ئێراندان، و هەمو نیشتەجێی کوردستان بە یەک دەنگ و بە یەک قسە لە سەر ئەمە سورن کە کورد، ناتوانێ لەگەڵ ئەو دو حوکومەتە مارز و زاڵمەدا کار بکا و لەگەڵیاندا ناتوانێ بژی. پێویستە کارێ بکرێ کە دەوڵەتانی ئوروپا سرنجی کورد بدەن و لێی ورد ببنەوە و لێی بکۆڵنەوە تا باش بزانن کە کورد، نەتەوەیەکە جیا لە تورک و فارس و عەرەب و ئێمەی کورد ئەمانەوێ کاروباری کوردەواری خۆمان بە بیر و هزر و دەس و فەرمانی خۆمان هەڵیبسوورێنین و بەدەسی خۆمان وڵاتی خۆمان ئیدارە بکەین. *(بروانە*

*توحفەی ناسری لە تاریخ و جوغرافیا / میرزا شوکروڵلای سنەیی ، ئەفخەرولکوتتاب/ بە بەرکولی دوکتور حەشمەتوڵلا تەبیبی/ ئەمیرکەبیر تاران/١٣٦٢ی هەتاوی)* نامەی شێخ بە خەتی خۆی ئێستا بە وێنەی سەنەدی تاریخی لە ئارشیوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا راگیرداروە و کوریس کۆچەرایش لە بابەت نامەی شێخەوە نوسیویەتی: لەگەڵ حوکومەتی قاجار و عوسمانیدا، ناکرێ بەمجۆرە کارێ بکرێ و ناتوانین لەگەڵیاندا بژین. پەڕەی ٢٧ جونبوشی میللی کورد چاپی ١٣٧٣هەتاوی بلاۆکی نیگاه تاران و هەروا کتێبی ئابی ژمارەی ٥ ساڵی ١٨٨١ ز ـ پەڕەی ٥٤ و.ن. ئا. خەڵفەین راپەڕینی شێخ عوبەیدیلای بەناوی راپەڕینی کوردایەتی و گەورەترین راپەڕینی نەتەوەخوازی کورد، لە سەدەی ١٩ داناوە. تەرجەمەی جەلال تەقی لە روسیەوە بۆ کوردی سۆرانی (شەپۆل).

دوای شەڕی ١٨٧٨ -١٨٧٧ی زایینی، روس و تورکی عوسمانی، کوژران و مردنو تالان و ماڵوێرانی و قات و قڕی و گرانی و هەژاری و دەربەدەری و ئاوارە بونی خەلکی کورد، خەلکەکە ڕویان کردە ماڵە ساداتی نەهری. مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری لە مێژوی ناوچەی کورد و کوردستان هەر وەکو مونجی تەماشای کراوە و ئەویش بۆ ئازادی کورد و کوردستان راپەڕیوە و دوای تەگبیرو مەشوەرەت بە کورد و سەرانی دلسۆزی کورد، لە ساڵی ١٨٨٠ بە سپای کوردەوە لە دو قۆڵەوە هێرشی بردە سەر سپای قاجار لە ئێران، بەلام بە فێڵی روس و دنەدانی ئینگلیس تورکی عوسمانی و قاجار بە یارمەتی روسیە زۆریان بۆ کورد هێنا و لە هەردو لاوە ئابڵۆقەیان دا و بە ناچار سپای شێخ بەرەو ناو چیا پاشەکشەی کرد و تورکی عوسمانی بە یارمەتی روس و دنەدانی ئینگلیس شێخیان گرت و ناردیانە حیجاز و سەرەنجام لەوێ لە ١٨٨٣ی ز ، وەفاتی کرد. *(بڕوانە راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین/ د.محەمەد ساڵح ئیبراهیمی ، شەپۆل/ چاپی ٢٠٠٦ی ز/ وەزارەتی رۆشنبیری/ هەولێر/ کوردستانی ئازاد)*

**راپەڕینی ئیحسان نوری پاشا** کە لە ساڵی ١٩٢٠ی ز، تا ساڵی ١٩٢٥ بەوپەڕی بوێری ئاڵای ئازادی کورد و کوردستانی لە سەر چیای ئارارت( ئاگرێ) هەڵدابوو کە بەداخەوە بە

Dr.Saleh Ebrahimi



گزی و فزی رەزاخان پەهلەوی و خەیانەتی ئیساساکۆ نیوێ کە رەزاخانیش ئیجازەی بە سپای تورکی عوسمانی دابو تا لە بەشی کوردستانی بندەسی رەزاخان پشت لە سپای ژنرال ئیحسان نوری پاشا هەلۆی کوردستان بگرن و راپەرین تێک بشکێنن و ئیحسان نوری پاشا لە دەربەدەری بە مۆتورسیکلێت شەهید بکەن کە لە ۱۳۵۵/۱/۵ی هەتاوی لە بیمارستانی سینا لە تاران وەفاتی کرد و لە قەتعەی ۹ قەبری ژمارە ۱۲ لە بەهەشتی زارای تاران بە خاکیان سپاردوە.

**راپەرینی شێخ عەبدوسەلام بارزانی** بۆ دابین کردنی مافی رەوای کورد، شێخ عەبدوسەلام لە سالی ۱۹۰۷ی ز، لە نامەیەکی سەرئاوالەدا کە بە مۆر و ئیمزای خۆی بۆ کاربەدەسان و گەرێنەرانی حوکومەتی عوسمانی ناردوە، نوسیویەتی: «۱ـ زمانی کوردی ببێتە زمانی رەسمی لەم قەزا و فەرمانداریانەدا: دهۆک، ئاکرێ، ژەنگار، ئامێد و زاخۆ. ۲ـ خوێندن بە زمانی کوردی بێ لە ناوچەی بادیناندا. ۳ـ کاربەدەسان و فەرمانبەران و هەلسوورێنەرانی ناوچەی بادینان، کورد بن. ٤ـ باجەکان: باجی خزمەتی سپایی‌گەری هەر وەک خۆی بمێنێ بەو مەرجەی بۆ سازدانی رێگا و بان و کردنەوەی فێرگە و فێرانکۆ بێ و لە بادینان و لە ناوچەی بادینان خەرج بکرێ. ٥ـ لە ناوچەی بادینان بریارەکان بە پێودانی شەریعەتی ئیسلام رابگەیێندرێن. ٦ـ باجی نارەوا لابرێن و بە پێی شەریعەت باج و خەراج وەربگیردرێن. ۷ـ قازی و موفتی کە لە بادینان دادەنرێن دەبێ لە سەر رێبازی ئیمام شافعی بن، نەک رێبازەکانی‌تر *(دەمەلوجی ۸۹)*.

شێخ عەبدوسەلام لە ۱۹۱٤ی ز، لە راژان میوانی سەیید تاهای نەهری دوەم دەبێ و لە مانگی ئابدا لە تەفلیس چاوی بە گراندۆف جێگری قەیسەر و سەرکردەی سپای باشور دەکەوێ و داوای پشتگری لە روسەکان دەکا، بەلام روس یارمەتی شێخ نادەن و دەگەرێتەوە و لە سەر رێگا چاوی بە سمکۆی مەزن دەکەوێ کە بەداخەوە سۆفی عەبدوللا فنکی بۆ پول وەرگرتن لە تورکی عوسمانی کە شێخ میوانی دەبێ، دەیداتە دەس دوژمن و لە ئاکامدا بە دەستوری سلێمان‌نەزیف کوردی والی موسل لە دار دەدرێ. یانی کورد بۆ رازی کردنی تورکی عوسمانی ئەو مرۆڤە پاک و دلسۆزەی کوردی شەهید

کردوە.*(د.عوسمان عەلی/ زانکۆی تورنتۆ/ کانادا/ کۆنگرەی یادوارەی سەدساڵەی بارزانی نەمر/ چاپی ٢٠٠٣ی ز)*

**راپەڕینی مەلیک مەحمود بەرزنجی حەفید.**

شێخ مەحمود بەر لە دوایی هاتنی جەنگ لەگەڵ سەرانی کورد، لە شاری سلێمانی، کەرکوک ، توزخورماتو ، عیمادیە و کۆیێ بۆ پێک هێنانی کوردستانی سەربەخۆ ، لە ١٩١٧ی زاینی لە کۆنگرەیەکدا، لەگەڵ گەورە مرۆکانی سلێمانی کۆ بۆتەوە و داوای کوردستانی بنەدەسی پەهلەوی لە ئێران کردبو. بەلام ئینگلیسیەکان پێیان وتبوو داوای وا نەکا. لە شەڕدا شێخ یەخسیر دەکرێ و لە ٢٥ی ژوئینی ١٩١٩ی ز، کە لە بەغا موحاکمە دەکرێ، سەلاحیەتی دادگا رەت دەکاتەوە و وەکیلیش ناگرێ و دەفەرمێ :« لە سەر داخوازی نەتەوەی کورد، بۆ بەدەس هێنانی ئازادی لەگەڵ ئێوە پەیمانم گرێدا بەو مەرجەی ئێوە زامنی ئازادی کوردستان بن، ئیجازەم دا بێنە خاکمانەوە، ئێوە درۆتان وت و نییەتێ‌ترتان لە سەرا بووە، من بە هەڵبژاردنی خەڵک بومەتە حوکمدار، بەرپرسم کە نەیەڵم ئێوە بەدفەڕانە لە کوردستاندا کاربکەن، ئێوە کارێ واتان کرد لە جەنگ زیاتر چارێکمان نەبوو، ئیستا من یەخسیری ئێوەی بریتانیاییم و لە دوژمنی خۆم و نەتەوەکەم چاوەڕوانی خێر نیم و بۆ مردن لە رێگای کوردایەتی‌کردن و خزمەت بە نەتەوەی کوردی خۆم، ئامادەم. *(جونبوشی میللی کورد/ کریس کۆچەرا/ ئیبراهیم یونسی/ نیگا، ١٣٤٧ی هەتاوی تاران).*

بەڵێ شێخ مەحمود شاری سلێمانی کردە پاتەختی پاشایی بۆ کورد و کوردستان، کە لە بەرا پێتەختی بابان بووە.

**راپەڕینی پێشەوا قازی محەمەد.**

هەر ئەوە کە توانی لە ١/٢٢ /١٩٤٦ی زاینی کۆماری کوردستانی سەربەخۆ لە شاری مەهاباد دابمەزرێنێ، بە هاوکاری کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکرات و هەروا بە هاوکاری خەڵکی ئازاد و نیشتمان‌خوازی کوردی ناوچەی کوردستان، هەروا بە پشتیوانی ژەنراڵ مستەفا بارزانی و بارزانیانی هاوڕێی کە لە ١٩٤٥/١٠/١١ی ز ، کۆمەڵەی ژێکاف

پێوەندیان بە بارزانییەوە گرتوە و لە خەزەڵوەری ١٩٤٣ی ز، نامەیەکیان بۆ بارزانی نوسیوە و بارزانیان بە سەرۆکی گەورەی کورد ناساندبوو ( بڕوانە گۆڤاری نیشتمان ژمارەی ٢) . بارزانی لە ١٣٢٤/١٢/٩ و ١٩٤٦/٢/٢٨ کاتژمێری ٥/ی دوانیوەڕۆ تەشریفی موبارەکی گەیشتۆتە شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان و پێشوازی گەرم و گوڕی لێ کراوە و دوای دیدار لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد، مستەفا بارزانی لە ڕێ و ڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆمار بەشداری کردوە.
پێشەوا قازی محەمەد ئینسانێک شەریف، زانا و دڵسۆز و فەرهەنگپەروەر بووە. هونەری پێشەوا لەوەدایە کە بەر لە ئێران کۆماری کوردستانی دامەزراندوە و لەو ماوە کەمەدا چاپخانەی دامەزراندوە و ئەو هەموو کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی بەچاپ گەیاندوە و فێرگە و فێرانکۆی بۆ خوێندن بە زمانی کوردی ساز داوە و پەرەی بە روناکبیری کوردی داوە و گیانی شیرینی خۆی لە پێناو ئازادی کورد و کوردستانا داناوە. خوالێخۆشبو مونتەقیم قازی کە لە نێو حیزبی دێموکرات گەڕابۆوە و نەخۆشبو، چومە دیدەنی و عەرزم کرد تۆ زەوی و خاکت زۆرە، وەرە مەردانە چەن هێکتار بەناوی زانکۆی پێشەوا قازی محەمەد ئەعلەللاهومەقامە لە مەهاباد وەقف بکە، قەولیشی دا و نەیکرد و وەفاتی کرد (شەپۆل).

**ڕاپەڕینی ژەنراڵ مستەفا بارزانی.**

لە ئاسمانی کوردەواری و مرۆڤانیدا، **حەزرەتی بارزانی ڕۆژە و بە فو ناکوژێتەوە.** نیشانەکانی دڵسۆزی، وشیاری، بێداری، کوردایەتی و زیندووبوونی حەزرەتی **مستەفا بارزانی ڕابەری کەبیری نەتەوەی کورد** لە هەموو کات و ساتێکدا دیارە وە لەم سەردەمەشدا، جا کورد لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا بژی، **سێبەری ڕەحمەت و پڕبەرەکەتی بارزانی** وا بە سەرەوە. وە شوێنی پیرۆزی بیری ورد و تێکۆشانەکانی بە سەر کورد و کوردستاندا دیارە و هەر دیاریش دەبێ. وە نەتەوەی کورد، فەخر و شانازی بەو زاتە پاک و دڵسۆزەی خۆی دەکا. لە کۆنەوە وتویانە باش وایە وەسفی گەورە و دڵسۆز و خۆشەویستەکەت لە خەڵکیتر ببیستی چاکە. جا با بزانین "کارۆلێن" لە بابەت مستەفا

بارزانی چی وتووە:« لە گەرما و گەرمی پرۆژەی میستێر بوتی ئینگلیسی کە لە ئاخری سالی ١٩٧٠ی ز لە کوردستان ئەنجام دراوە، کارۆلێن ئینگلیسی بە ژەنرال مستەفا بارزانی دەلێ: حوکومەتی تورک، عەرەب و شای ئێران کوردیان لە نەخوێندەواری و کەم سەوادیدا قەتیس کردوە، تۆ چلۆن رابەری ئەو نەتەوە دەکەی؟ بارزانی لە وەلامدا دەفەرمێ: رابەری کردنی دەبێ وەک ڕێگاکانی کوردستان بێ، بەرەوژور چون و سەرەوخوار بونەوە و پێچاوپێچ کردن، بیری وردی ژیرانەی پێویستە، چونکا تەبیعەتی کورد، هەروەک تەبیعەتی خاک و نیشتمانمان، کوردستانە. خاکی کوردستان کێوی بەرزو بلیند و کێو و تەپۆلکی نزم و نەوی، دەشت و شیوی نزم و قوولی هەیە. هەر بەو شێوەش، نەتەوەی کوردیش لە چینی کۆمەلایەتی، بیر و ڕێباز و ئۆل و ئایین و مەزهەبی جیاجیا ساز بووە، نیازی بە رابەری کردنی کەسێ هەیە کە هەمو ئازار و دەرد و ڕەنج و خوو و خەسلەتی ئەوان بزانێ و ڕێگایان نیشان بدا. کارۆلێن دەلێ: ئەم قسانە لە قسەی فەرماندەیەکی نیزامی ناچێ، بەلکو لە قسەی فەیلەسوفان و بیرەوەران و ئەندێشمەندان دەچێ. کارۆلێن مستەفا بارزانی بە ناوی یەک فەیلەسوف ناسیوە و دەیناسێ و دەلێ: مستەفا بارزانی فەیلەسوف و بیرمەندە. » *(کونگەرەی یادەوەری سەد سالەی بارزانی نەمر/ د.محەمەد سالح ئیبراهیمی، شەپۆل/ هەولێر ٢٠٠٤/٣/١٤/ بەشی یەکەم - ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری / پەڕەی ٣٩٨ تا ٣٤٩)*

لەشکری عێراق هێرشیان بۆ هەندرێن و زۆزەک هێنابو تا بارزانی و بارزانیان بە خەیال لەنێو بەرن. بەلام بارزانی ژەنرال مستەفا، ئەوانی خستە نێو تەلە و هەروەکو هەورەتریشقە دای بەسەر هێرشکارانی عێراقدا و زیاتر لە ٢٠٠٠ی لێ کوشتن و لەشکرەکانی دیکەی عێراق، تارومار کریان و بووە مەرگ و کارەسات بۆ سپای عێراق و ئیعتیبارێ گەورە و گرینگ و پۆزیتیوی بۆ ژەنرال مستەفا بارزانی بەدەس هێنا و **کورد و راپەرینی نەتەوەی کوردی بە دنیا ناساند.** *(ڕنە موریس رابێرت رافونت/١٩٦٦ی ز)*

جا ئەوە بوو چەندین جار سەری بە حوکومەتی مارز و زالمی عێراق دانەواند و سەرەنجام بەعسی بەغای مەجبور کرد تا لە سالی ١٩٧٠دا بە تەواوی ئیعتیراف‌بە مافی رەوای‌کورد و

کوردستان بکا و هەر لەو سۆنگەوەیە، ئێستا کوردستانی باشوور ئازاد و سەربەخۆیە و شوکور بۆ خوا بەڕێز **سەرۆک مەسعود بارزانی** سەرۆکی کورد و کوردستان و سەرۆک وەزیرانی کورد و کوردستان **نەچیرڤان بارزانی** و رۆڵەکانی بارزانی و یار و یاوەرانی بارزانی و پێشمەرگەکانی بارزانی بەوپەڕی وزە و هێز و خێر و خۆشی و بەرەکەتەوە و بەوپەڕی ئەمنیەت و ئاسایشەوە کاروباری کورد و کوردستان بەڕێوە دەبرێ و باغی ئارەزووی کورد، هاتۆتە بەر و دیارە نەخشی بەڕێز **مامجەلال تالەبانی سەرۆککۆماری** عێراقی فیدراڵ بۆ کوردستانی یەکگرتو و بەهێز و ئاوەدان، لەگەڵ یارانی فرە دیار و گرینگە.

لە ١٩٢٠ی ز، بزاوی سمکۆی مەزن دەسی پێکردوە و تا ساڵی ١٩٣٠ی ز، بەردەوام بوە و لە سەرەتاوە حوکومەتی سەرسنوری سمکۆی مەزن لەلایان حوکومەتی ئەو دەمی ئێران بە رەسمی ناسراوە و عەسای مورەسەع و فەرمانی پاراستنی سنورەوانی پێدراوە. جا هەر لێرەوە باش تێدەگەین کە **بوحرانی نەتەوەی کورد، بەر لە بوحرانی فەلەستین روی داوە** و کورد بەر لە راپەڕین لە ئوروپا، بیری کوردایەتی و ناسیونالیسیتی لەنێو جەرگ و هەناو و دڵ و دەرونی نەتەوەی کورد گیرساوە و گەرای داناوە. بیری کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی، حەکیم ئەحمەدی خانی بەر لە بیری نەتەوایەتی خەڵکی ئوروپا خولقاوە و مەیبوە، کە فەرموویەتی: «لەڤ پێکڤە هەمیشە بێتفاق / دایم بە تەمەڕود و شیقاقن / گەردی هەبوا مە ئیتحادەک / ڤێکرا بکرا مە ئینقییادەک / تەکمیل دەکر مە دین و دەولەت / تەحسیل دەکر مە عیلم و حیکمەت / تەمییز دەبون ژ هەڤ مەقالات / مومتاز دەبوون، خودان کەمالات» یانی ئەگەر دژ و دوژمنان بیانهێشتبا و کوردیش بیری لە کوردایەتی خۆی بکردبا و لە باتی شەڕە گەڕەک لەنێو یەکدا بهاتبان یەکیەتی و ئیتحادیان لەنێو خۆدا ساز بدایێ و لە پێشەوا و رابەرێک ئیتاعەتیان بکردایێ، ئێمەی کورد، دینو دەوڵەتمان تەکمیل و تەواو دەکرد و حوکومەتی تایبەت بە نەتەوەی کوردمان ساز دەدا و ئیتر زانا و لە کارزان و نوسەر و خاوەن بیر و ئەندێشەی کوردیش، لەنێو داگیرکەراندا ون نەدەبون و لەنێو داگیرکەراندا نەدەتاوانەوە و لە دورەوە خۆیان بۆ خزمەت بە کورد، نیشان دەدا و کوردایەتیان دەگرد، نەک خزمەت بە بێگانە.

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد فەرمویەتی:« بێکەس خۆم، وەتەنمە، دینمە.» یانی هەم دیـن و ئـایین و مـەرام و هەم وارگە و نیشتمان و وەتەن و نشینگەی کورد و نەتەوەی کورد، لەبەر بێکەسی و بـێ ئیتفاقی لە کورد، زەوت و داگیر کراوە. لێرەدا میسالێک دێنمەوە تا باش لە فایدە و واتای ئیتحاد و یەکیەتی و یەکبون بگەین و لەمەولا عەمەلی پێبکەین: تۆ سیغار و جگەرەیەک بگرە بە دەسەوە لە جەنگەی هاویندا لە نیوەڕۆدا بیدە بەر تیشـک و تێریـژی گـۆی ڕۆژ، هەرچی بەرزی بکەیتەوە یا بکۆشی سیغار و جگەرەکە گر ناگرێ و هەڵنابێ، بەلام ئەگەر زەڕەبینێک بێنی و بیدەیە بەر تیشکی گۆی ڕۆژ و سیغارەکەش بدەیتە بەر زەڕەبینەکـە، فەوری و بەلەز سیغارەکە گر و ئاگر دەگرێ و دوکەڵ لە سیغارەکە بەرز دەکاتەوە، چونکا زەڕەبینەکە ئەنێرژی تیشک و تینی گۆی ڕۆژ لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە، بۆیێ دوکەڵـی لـە سیغارەکە بەرز کردۆتەوە. جا ئێمەی نەتەوەی کوردیش لە سـەرمان واجـب و پێویسـتە یەک بگرین و ئەنێرژی کوردایەتی کردن لە خۆماندا کۆبکەینەوە و لـەدەولـەتی ئێسـتای کوردستانی باشووری بـەتـەواوی بـیر و هـزرەوە ئـەنێرژی و گـوڕ و تـین و تەوانمانـەوە پشتیوانی لەو حوکومەتە بکەین و تەقوییـەتی بکـەین. بـە ورد بونـەوە لـەوەی حـەکیم ئەحمەد خانی بە پێی و دانی سرودی خۆی لە سالی ١٠٦١ی مانگی و ١٦٥٠ی زاینی لە دایک بووە و تاریخی نەزمی مەموزین دەبێ لە ١١٠٥ی مانگی و حودودی ١٦٩٢ی زاینی دابێ نەک لە ١٥٩١ی ز، و بنەماڵەی حەکیم ئەحمەد خانی لە ١٥٩١ یا ١٥٩٢ زایـنی لـە سـەر زەوی بایەزیـدی کوردسـتان سـەقامگیر بـوبن و خـانی لـە ١١١٩ مـانگی وەفـاتی کردوە(طار خانی الی ربّة) چون سالی لەدایک بوونی حەکیم ئەحمەد خانی ١٠٦١مانگی بووە، بەو حیسابە دەبێ تەمەنی موبارەکی ٥٨ سال بوبێ، هەر جۆر بـێ. فـرە لام سـەیرە هەندێ کەس لایان وایە بیری کوردایەتی و ناسیونالیزمی کوردی لە ئوروپـاوە، ئـەو بـیرە هاتۆتە نێو نەتەوەی کورد و بیریان لەو شیعرە میللی و کوردایەتی‌یـە و زهـوری حـەکیم ئەحمەد خانیان نەکردۆتەوە. جـا دەڵـێن:« تیـاچون و لـەنێوبردنی حوکومـەتی بابـان و ئەردەلان و ... هاوزەمان بووە لەگەڵ گەیشتنی سەرەتای بیرو هزری ناسیونالیسـتی لـە ئوروپاوە بۆ ڕۆژهەلاتی‌ناڤین‌و لە دەیەکانی دوایی‌سەدەی پ١٩ز ، بە پەیدابونی یەکەمین

شەپۆلی ناسیونالیزمی کوردی،کوردەکان لە بەر کوردایەتی‌کردن بێدار بونەتەوە و بە دژی داگیرکەران راپەڕینیان دەس پێ کردوە، چەن هۆ لە پەیدا بونی شەپۆلی ناسیونالیزم و کوردایەتی‌دا نەخشی هەبووە یەک لەوانە بلێسەی بیری نەتەوە ئۆگری لەنێو قەومە دراوسێکانی نەتەوەی کوردا، چ فارس، تورک یا عەرەب و ... کە لە ئوروپاوە دەلیبووە نێو دل و دەروونی خەلکی رۆژهەلاتی ناڤین. یەکێ‌تر لە هۆکان، هەلوەشاندنەوەی ئەمیرنشینەکانی کورد بووە، ئەو کارە بۆتە هۆ تا ئیمتیازاتێ کە هەندێ لە چینەکانی کورد لە کوردستان بەدەسیان هێنابوو، لە کیسی بدەن، لە نەتیژەدا چینی پروزە و پڕ ئەنێرژی و پڕتین بە پڕتاو چ لە ئاغا و چ لە خوێندەواران و رووناکبیرانی کورد، دەست بدەنە دەسی یەکتر، تا ماف و حەق و حوقوقی لەکیس‌چویان ، لە زالمان و
داگیرکەران بستێننەوە و دەولەتی دلخوازی کوردی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن. دوابەدوای گۆڕانی بیر و هزری کۆمەلایەتی، سیاسی و ئابوری و هاتنە پێشەوەی بیر و هزری کوردایەتی و ناسیونالیستی لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلانی نەتەوەی کورد، ئەونەی دیکە هاتنە مەیدان کە زیاتر لە جاران بە بیری تازەی یەکبون و یەکگرتنەوە بە گیان و بە دل بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بکۆشن و بکۆشین تا ئازادی هەمو کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان بە چاوی خۆیان بی‌بینن و بی‌بینین و تێرتێر تەماشای یەک بکەین. *ئەمە سەرەتایە بۆ کتێبێ بەناوی "وارگە و زانایانی کورد (دایرەتولمەعاریفی کوردی)" شەپۆل/ تاران/ ١١ی مارسی ٢٠٠٧ی زایینی.* شەپۆل

Dr.Saleh Ebrahimi

لاپەرەی کتێب وەک شاپەرەکە رۆحی ئێمە بۆلای نورو روناکی دەخاتە هەلفرین: ویلتێر.

ناسنامەی کتێب :

**راپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین (قُدِّسَ سِرُّهُ)**

☐ ـ نوسەر: دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

☐ ویرستار: موهەندیس ئازاد ئیبراهیمی.

☐ پیت‌چینی بەکامپیوتێر: مؤئەسەسەی نەقش چەلیپا خانم تاهیرە شامانیان

☐ ناشیر : نوسەر

☐ نوبەی چاپ: ئەوەل ١٣٨٣ ی هەتاوی و ٢٨ SC ٢٠٠٤ ـ ز .

☐ لیتوگرافی و چاپی: تەندیس نوقرەیی ـ نرخ ١٠٠٠ تمەن

☐ شابەک : ٦ ـ ٤٨٩٠ ـ ٠٦ ـ ٩٦٤ ISBN 964-06-4890-6

ژمارەی موجەویزی چاپ ٢٢١١٥ مێژوی ١٣٨٣/٤/٢٥

هەرکاتێ دەچمە پەرلانە خەفەتمە؛ کە تەمەن، چەن کورتە، بۆکەلک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

هەرکەسێ فەرهەنگ و زانین بە دەس بێنێ رەحمەت و بەرەکەت بە سەر خوێدا دەبارێنێ (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



# سەرەتا

سپاس بۆ خوا کە یارمەتی دام سەبارەت بە راپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا غـازی، نەهری شاهی شەمزین بناوی (حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نەهری) پەراوەیەکی ئاوابە زمانی کوردی بنوسم.

ئەبێ بزانن بۆ نوسینی ئەم کتێبە لە زۆر سەرچاوە کەڵکم وەرگرتووە، هەروەکو نوسراوەی دوکتور جەلیلی جەلیل بە عەرەبی بەشی (انتفاضةُالاکراد بقیادة عوبەیدیلا غازی) کە لەساڵی ١٨٨٠ زاینی لە بێروت چاپ بوە، مێژوی کوردو کوردستـان ـی ئـەمین زەکـیو کـوردو مەسەلەی کورد شاکر خەصبـاک، نـوسراوەکـانی قوریـانسە شـەلە، مـێژوی جـوغرافیـای دارالسلطنەی تەورێز، مێژوی هەوشار، کوردوکوردستان: و. نیکتینو نوسراوەکانی مولکئارا ونامەی دوکتورای جەنابی دوکتور سەیدعەزیز گەیلانی زادە(شەمزینی)و یاد داشتەکـانی عـەللامەی نـاودار حـاجی خـەلیفە مـەلامحەمەد (بەهـا) ئـەمین حـوزوری حـەزرەتی شێخعوبەیدیلاو شێخ عەبدولقـادر نـاودار بـەغەوثی ثـانی. هـەروا بـە پـێویستی دەزانـم لەسەروەرانی بەرێزو دڵسۆزم جەنابی صدیق حەیدەری‌و[١] حاجی میرزا ئـەحمەد وەلیـزادەو

---

١ ـ دوای تێشکانی کۆماری مەهاباد کەمەندێ لەکوردەکان رایان کردبوە عێراقو لەپاشان عەفودران دەستەیێ

Dr.Saleh Ebrahimi



جەنابی مەلافەتاحی ئەناهیدو کاکە رەحیمی شێرزاد و میرزا خەلیل خوسرەوی‌و میرزا ئیبراهیمی نانەوازادە: (ئیبراهیمیان) سپاس ودوعای بەخێریان بۆبکەم «رضوان الله علیهم» چونکا لە ساڵەکانی ٣٦ تا ١٣٤٠ی هەتاوی کەلەخانەقای نەهری بوم‌و لە شارە فەرهەنگ پەروەرەکەی مەهاباد پێکەوە بوین زۆریان تەشویق دەکردم کە لەبابەت خانەدانی ساداتی نەهری (قُدِّسَ سِرُّهُمْ)بنوسم‌و جار بەجاریش چریکەی راپەرینی رەسەنی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلایان بۆ دەگێرامەوەو قسەیان لە بەیتی شێخ وچریکەی هەمزاغای مەنگورو راپەرینی مەلاخەلیل دەکرد، بەتایبەت ئەبێ یادی زاناو دۆستی دیرینم جەنابی میرزا حەسەن قزلجی بکەم کە لەساڵەکانی ١٣٥٨ی هەتاوی‌تاکۆچیدوایی، لەتاران زۆر پێکەوە بوین‌و لە ئەزمون‌و دەربەدەری خۆی‌و مێژوی بنەماڵەی ساداتی نەهری‌و مێژو یاراپەرینی گەورە رابەرانی کورد لە حەزرەتی شیخ عوبەیدیلاو ژەنرال پیشەوا بارزانی‌و شێخ‌سەعیدو سمکۆو شێخ مەحمودو ژەنرال ئیحسان نوری پاشاو پێشەواو... قسەی بۆ دەکردم‌و قسەیشی لێ نەدەبرا یادی بەخێر.

نوکتەی وردو جوان‌و عیرفانی لە١٣٦٦/٩/١٧ی هەتاوی جەنابی مەلا حەسەن ماجدی‌و مەلاسەید حەکیم‌و جەنابی مەلامحەمەد عەلائی ئەردەلان کە لەشاری سەقزەوە هاتبونە تاران، بۆشام میوانم بون‌و شەو لە زیمنی قسەکردندا جەنابی مەلاحەسەن ماجدی وتی: جەنابی مەلا مەجید بۆیی گێراینەوەو فەرموی: حاجی سەید حوسین قورەیشی بۆکان کە مریدی ماڵە بیارەیە رای‌گەیاند شەوێک لە خەونمدا دیتم هەورێک بەگرمە گرم‌و چەخماخە

لەوانە لەزستانی١٣٢٩ی هەتاوی هاتەوە ئێران ولەشاری سنە لەحوجرەکانی مزگەوتی پیرعومەران جێگایان پێ دابون، جەنابی صدیق حەیدەریشیان لە گەڵ‌بو، منیش لەوسەردەمەدا لەوێ لای مامۆستا مەلا مەجید ئوصولی دەم‌خوێند لەبەر رێبەندان‌و بەفر نەیان دەتوانی بگەرێنەوە شاری مەهابادو لەوێ قەتیس مابون رۆژێکیان ئەفەرێک هات تاصدیق حەیدەری ببا بۆشارەوانی لەدەم پلیکانی دەروازەی حوجرەکان کە چاوی بەصدیق حەیدەری کەوت پێی‌وت: ئەم هەراو هوریانەتان بۆ ئەم شارە وێرانەبو، صدیق حەیدەریش وتی: ئاخر ئێوە وێرانتان کردوە ئەمانەویست لە ئێوەی بستێنینەوەو خۆمان ئاوەدانی بکەینەوە منیش ئافرینێ زۆرم بەومێرە جوامێرە نەترسە وت: (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



لێدان و شریخە شریخی بروسکە لەلای ماڵە ساداتی کرامی نەهری(قدس سرهم)هات تا گەیشتە ناچیت و هەروا دەهات تا هاتە سەر ماڵی عەلیاغا حاجی ئیلخانی و دایداو دوکەڵێ ڕەش هەستا، کاتێ لەخەو راچەنیم، کەم‌کەم خۆم ساز کردو چومە مالی عەلیاغا کە زۆر نەخۆش بوو نەخۆشیە کەیشی وەک خەڵک دەزانن زۆر کەسکون بو، پیم راگەیاندن کە شتێکی وام دیوە، دیارە دڵی سلطان العرفا: حاج سید عبدالله گیلانی زادە ت شکاندوەو ماڵە ساداتی نەهری تۆیان بەم دەردە موبتەلا کردوە، حاجی سەید حوسین فەرموی: برۆن دڵی شێخ چاک بکەنەوە، بەڵکو خوا شفای عەلیاغابدا، حاجی سەید حوسین هەروا رایگەیاند کۆڕی زیکریان لە تەوێڵە بۆ گرت، لە کاتی گەرماو گەرمی دوعاو پارانەوە بۆ شفای عەلیاغا رۆحی رەسوللا(د-خ) تەجەلای دە کردو نەی دەهێشت دوعاکان بۆ شفای عەلیاغا برۆنە سەرێ و قەبوڵ بن، لە بۆ کانیش حەلقەی دوعاو پارانەوە بۆ شفای عەلیاغا لەو دەردە کەسکونە سازدرا، بێ فایدە بو، ناچار عەلیاغا کورە کانی خۆی ناردە ماڵی حاجی سەید عەبدوڵلاو نامەیەکی لێ نوسیبو کە لێی خۆشبێ و دوعای شفای بۆبکا، حاجی سەید عەبدوڵلا زۆریان رێز لێ دە گرێ و دوعا بۆ عەلیاغا دە کا کە خوا رزگاری بکاو لەپشت پاکەتەکەیش، ئەم شیعرە فارسیە دەنوسێ:

بمثل تخم قَطُنا است دل درویشان

تا صحیح است دوا ور شکنی سم باشد

ئەم چریکە هەم جەنابی دوکتور هاشم شیرازی ئەو جوامێرە نەتەوە ویستە دڵسۆزە عەجیبەو هەم جەنابی دوکتور (سیّد عبیدالله ایوبیان مەرکەزی برەک) بۆیان گێراومەتەوە، بەتایبەت دوکتور ئەیوبیان ئەو(مُحَقِّق)دڵسۆزە فەرهەنگ پەروەرە چەندین جار قسەی لەوە کردوەو ئەوشیعرەی خوێندۆتەوە. دیارە ئەمە شتێکی عادیە هەروەک حەزرەتی یوسف دڵ و دەرونی خۆی پاک و بێخەوش کردو خۆی لە گزی و فزی زلیخا لادا یاهەروەک ابن سیرین-ی کورد خۆی لە تێکەڵ بون لەژنە گزیکارەکە رزگارکرد، خودایش روحمی بە هەردوکیان کرد، یوسفی گەیاندە پلەی بەرزی پاشایەتی میصرو مەقامی نبووەت و ابن سیرینیشی گەیاندە ئەو پلە لەواتاکردنی خەوندا کە لەدنیا دەنگیداوەتەوە، سلطان العرفا حاج سەید عبداللە گەیلانی

Dr.Saleh Ebrahimi



زادەش هەروا بو، کەوتبوە بەر لوتفی خوای تەعالا.

ئەبێ بزانین پیاوانی خوا لەنێو یەکدا بۆیەک چاک‌و دڵ پاک‌بون‌و خۆیینی‌و بەد بینی لەنێویاندا کەمتر بوەو زیاتر بیریان لای خوا بوە بۆ وێنە مەشهورە کە حەزرەتی سەید تاهای ئەوەڵ لە نەهری حەزی لە راو بوەو ئەم قسە دەگاتە حەزرەتی سراجەدین شێخ عوسمانی تەوێڵە (قُدِّسَ سِرُّهُم) نامەیەک لە سەید تاها دەنوسێ‌و لەزیمنیشدا ئەم شیعرەی بۆ دەنوسێ:

شـــنیدەام کـــه سگـــانرا قـلادەمی‌بندی

چرا بـەگـردن عثمـان نـمی‌نهی رسـنی

ئەم شیعرە جەنابی عبّاس حەقیقی لە بۆکان بەدەس‌و خەتی خۆی بۆمنی نوسیبەوە کە لە ۹ گولانی ساڵی ۱۳٦۸ی هەتاوی لە بۆکان لە ماڵی جەنابی حاجی ئیمام خەلیفەمەلا ئەحمەد -ی وەحیدی بوین‌و قسەی خۆش‌و یادی خواناسانی کورد ئەکرا.



سالنامەی نـور دانش سـال ۱۳۴۹ی هەتـاوی پـــەری ۷۸ و ۷۹ چـاپی تـاران بـەرانـبەری ۷۱-۱۹۷۰ زاینی و ۱۳۸۹ی مانگی.

محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

۲ رێـبەندان -ی ۱۳٦۵ هەتـاوی‌و ۲۱ ژوئیە ۱۹۸۸ زاینی تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



# قوتبولعارفین

## حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین «قُدِّسَ سِرُّهُ»

کاتێ مرۆڤێکی گەورە دەناسین کە لە ژیانیا سەرکەو توانە ژیاوە، رۆحی ئەو لە دە رونمانا شۆێن دائەنێو لە گەڵ ئەو دەژین و ژیانێکی سەر لەنوێمان پێ ئەبەخشێ «شاندل دەفتەرە سەوزەکان» عارفو خواناسی رەببانی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین «قُدِّسَ سِرُّهُ» نە وەک ئیمام موحەمەدی غەزالی و محی‌الدین عەرەبی، وەیان تەنانەت وەکو تاج‌العارفین ئەبو الوفای کورد، عارفێکی گەورەی مسوڵمانەو بەس کە تەنیاو تەنیا لە حالاتی عیرفانی بیر بکاتەوە و بە پێگەیشتویی تاکی یا خاوێن کردنەوەی نەفس و دەرون پاکی خۆی و چەن کەسێکی وەکو خۆی قنیات بکا ئیتر لەبەرەو پێش بردنی کۆڕو کۆمەڵو چاک کردنی کۆمەڵ غافل بمێنێ، وەلە زوڵم و زۆری حوکومەتی عوسمانیو قاجار، وەلە هێرشی دوژمنانی ئیسلام، ملهوڕی حکومەت و چەوساندنەوەی گەل، خەبەردار نەبێ، و نەوەک ئەبو موسلیم یا سەلاحەدین ئەیوبی، وەکە سایەتی گەلێکی وەکو ئەوانە کە لە مێژوی ئیسلامدا، تەنیا پیاوی شمشێرو دەسەڵات وسەرداری خەبات و دیفاع بن، کە تەنیا رێگای گۆڕانی بیروباوەر، پێوەندی کۆمەڵایەتیو پەروەردە کردنی مرۆڤ بە داسەپاندنی زۆرە ملێ و دەسەڵات پەیدا کردن بەسەر دژو دوژمن بزانێ، وە نەوەک ئەو زانایانە، کەوادەزانن وەزعی کۆمەڵی ئیسلامی هەر جۆر بێ، دەتوانن بە گوێرەی تەفسیرێکی زانستی ئەمرۆ، وە تەئویلاتی زانستی و مەنتیقی

Dr.Saleh Ebrahimi



سەدەی بیستەم، لە بیروراکانی ئیسلامی وە لە ئایاتی قورئانیو لێکۆڵینەوەوپەرەدار بونی زانایانە، وە ورد بونەوەی فەیلەسوفانە، ئیسلام زیندو بکەنەوە.

حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین عارفو خوا ناس دەڵێ: ئەگەر زەمانە لە-گەڵ تۆ نە سازێ تو بەرەنگاری زەمانە بە! زەمانە یانی: چارەنوسی مرۆڤ، ژیانی مرۆڤ، مرۆڤ بۆ خۆی شەپۆلە، ژیانی لە ئاڵو گۆڕدایە، بە واتایێ تر ژیانی ئینسان هەر بە واتای گۆڕانە ئاڵو گۆڕە، بزوتنەوە و بەرەو پێش چونە.

دروست عارفێکی گەورە، بە رۆحێکی خاوێنو بێخەوش وە لە هەمان کاتا زاتێکە، کە بۆ زانست و پێشکەوتنی تەکنیک و ئاوەزی بەرەی مرۆڤ، گەورەیی و رێز دائەنێ، حەزرەتی شێخ لە تێ روانینی خۆی بۆ ئەم جیهانە بەلازم دەزانێ نە ک بەو مانایە کە هاوڕێیە، لە گەڵ ئەوینو هەستو ئیلهام وەئەم دو ئامانجە لە رێبازی بە کەماڵ گەیشتنی رۆحی مرۆڤدا پێکەوە بە هاورێ دەزانن.

حەزرەتی شێخ زاتێک بوە، کە لەو پەری وریایی و زانیاریو کارزانی سەر دەمی خۆی بو.هەر بەم بۆنەوە برێک ئەویان تەنیا بە کەسایەتیەکی سیاسی و بە رێبەرێکی ئازادیخوازی نەتەوایەتی ودژی ملهور ودژی زوڵم ودژی چەوسانەوە لە سەدەی بیستەم ئەزانن،نە ک عارفو خوا ناسێک. حەزرەتی شێخ لە سەیرو سلوکی عیرفانی خۆی لە گەڵ قورئان، بەم بنەرەتە واتا: گەیشتۆتە ئەسالەتی کردە وەو بەرپرسیار بون لەمرۆڤدا واتە دژ بەو شتە جولاوەتەوە،کە ئۆمانیستە کان یا ئیگزیستانسیالستە کانو رادیکالیستە کان،تێ دە کۆشن بۆ بە پوچ زانینی ئایین و مەزهەب وئینکاری خودا تا مرۆڤ بەو رێگایەدا ببەن.

شێخدڵێ: مرۆڤ تەنیا بە ئەویندار بون بەخوا یا بە چلە کێشانو خاوێن کردنەوەی دەرون یا بە تەزکیەی نەفسو بێخەوش راگرتنی گیان و لەش بە جێگایە ک ناگا، چونکا مرۆڤ بە کۆمەڵ و ژیان و مادەوە، بەستراوە، وە ناتوانێ بە تەنیایی خۆی رزگار بکا،هەرتاکێکی مرۆڤ لە گەڵ کاروانی کۆمەڵدا، رێ دەپێوێ ورێگا دەبڕێ وەناتوانێ رێگای خۆی لە خەڵک جیا بکاتەوە.

حەزرەتی شێخ توانیویەتی بە گوێرەی تەواوی ئەو زانستانە کەبەپێی فەرهەنگی دەوڵەمەنی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیسلام پێی گەیشتوە، خۆی باربێنێ، وەئەمە گەورەترین سەرکەوتنە وەگەورەترین مەزنایەتی ئەو بوە لەسەدەی بیستەم لە کۆمەڵی ئێمەدا، ئەو زاتە، گەلو نەتەوەی چەوساوەی خۆی باش ناسیوە کە دەڵێ:

«کُرد سه حرف است جمع این همین = کاف کمال و راء رشد و دال دین. واتا: کورد ئەم سێ دروشمەیە: «کاف» بە واتای کە ماڵە، «راء» بە واتای روشدو پێگەیشتنە «دال» بە واتـای ئەقیدەو ئیدۆلۆژی و دینە» لام وایە هیچ رابەرێک واجوان نەتەوەی خۆی تاریف نەکردوە.

وە بۆ پارێزگاری کردن لەو راستە قینەیە و پـارێزگاری کـردن لە ستەم لێ چـووانو چەوساوان هەروەکو شەهیدانی رێگای حەق و ئازادی رۆڵە ئازاو نەبەزەکانی خۆی یـانی: حەزرەتی شێخ عبد القادر ناودار بە غەوثی ثانیو سەید محەمەدی، کردە قۆچی قوربانیو شەهیدی رێگای حەقو ئازادی وبە خوێنی پاکو زولاڵی خۆیو رۆڵەکانی، داری ئازادیو ئیسلامی ئاو داوە ئەو خوێنانە، حەرەکەتو راپەرینی لە شادەمارەکانی نەتەوەکەیدا، هێنایە جۆش وهێشتا ئەم راپەرینە بەردەوامەو نەوەستاوە، تا رزگار بون درێژەی ئەبێ.

ناڵێم ئەو زاتە کاملی کامیلە، نا ناڵێم ئەو زاتە کەسایەتیکی سومبلی سومبلە، نا ئەو زاتە کە سایەتێکە، لە دوای تیا چونی کە سایەتی یەکی موسڵمانی تەواو، وەتیا چونی کە سایەتی کامیلی ئیسلامی، دوبارە لە سەتەی بیستەمدا بوژاوەتەوە، وەئەم بوژانەوە سەرەتای کارە، کە ئێمە بـە ناوی روناک بیرانی کورد،گەورەترینی بەرپرسیمان لە ساز دانی خۆماندا و هەروا لە ساز دانی کۆڕو کۆمەڵدا گرتۆتە ئەستۆو ئەبێ هەست بەم بەرپرسیاری یە بکەین.

بۆ یەکەمجار ئەو بو کە تۆمی ئەم راپەرینەی چاند و ئەم میوە شیرینە لەهەمان کاتی تاڵیدا، یەک سەر مەشقە وبۆ ئێمە زۆر دڵ بزوێنو دڵ لاوین وهۆی گەشە وراپەرینە ئێمە بەنـاوی خەڵکی خۆرهەڵات وبەناوی کوردو نیشتە جێبون لەم نوختە لەم زەوی یە و بە ناوی وابەستە بەم مێژوەو بە ناوی مرۆڤێک لە بەرانبەری سروشت و خۆرسکداو بەناوی مرۆڤێک لەبەرانبەر دوژمنان، بە تایبەت دژو دوژمناتی ئیسلام و قورئان و کوردو کوردستان لەو زاتـە گـەورە دەرسو پەند وەربگرینو راپەڕین تا سەرکەوین.

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕستە گەلێ هەن کە بەوێنەی دروشم ناویان دەرکردوەو بەناوی شا بەیتی قدسیدەو قسە ناودارن بنوارنە ئەم ئایەتە شەریفە: «فَبَشِّرْ عِبادِ الذِینَ یَسْتمعونَ القولَ فَیَتَّبِعونَ اَحْسَنَهُ ـ سورەی زمر ئایەتی ١٧» کە ئەم ئایەتە ئازادیخوازی مُسولْمانان وهەلْ بژاردنی ئەوانە لە مەسائیلی جیا جیا بەچاکی نیشان ئەدا، ئەوانەی حەق خوازن وتینوی قسەی چاکن کە لە نێوان چاکدا چاکتر و باشتر هەلْ دەبژێرن بە کورتی: ئەوانەی کە داخوازی باشترو بەرزو تەڕز ترن.

بیر لەم شا بەیت و قسە بەرزەی حەزرەتی شێخ شاهی شەمزین بکەنەوە:

حەزرەتی شێخ کە ٢٢٢ کەس لە سەرداران‌و سەرۆك هۆزە کـانی کـوردەواری وەك هەمزاغای مەنگورو عەلیاغای بدلیسی وخەلیفە سەلیم‌و... لەخزمەتا بو: لە فتوایەکدا فەرموی:

کەس ماف‌و حەقی ئەوەی بۆنیە دەس بۆ مالْ‌و دارایی و ناموسی برا ئەرمەنی و مەسیحی‌و نەستوریە کان درێژ بکا، چونکا ئەوانە ئەگەر مسولمانیش نەبن وەکو ئێمە ئینسانن و لە ئینسان بونا وەکو ئێمە مافی بەرانبەرو حەقی ژیان وژین یان بۆ هەیە وەهەروا خوا لە سورەی ئیسرا ئایەتی ٧٠ فەرمویەتی: (وَلَقَدْ کَرَّمْنا بَنِی آدَم...) مافی کەرامەت و مافی ئـازادی مـەعقول بـۆ هـەمو مرۆڤێکە خواتەنانەت مافی کەرامەتی ئێکتیسـابی بە مرۆڤ داوە کە فەرمویەتی: یا اَیُّها النّاسُ اِنّا خَلَقْناکُمْ مِنْ ذَکَرٍ وَاُنْثیٰ وَجَعَلْناکُمْ شُعُوباً و قبائِلَ لِتعارَفُوا اِنَّ اَکْرَمَکُمْ عِندَاللّٰهِ اَتْقیٰکُمْ «حجرات ١٣» ئەم کەرامەتە دووەمە کەرامەتی بایەخی و نرخاندنە کە خوا لەم ئایەتەدا فەرمویەتی؛ کە وابو مافی ژیان مافی کەرامەت‌و مافی ئازادی مەعقول بۆ هەمو کەسە وە ئێمە کە پـەیرەوی قورئـان‌و موسولْمانین بە پیێ قورئان دەبێ لە ئیسـلام‌و موسولْمانان و چەساوان و ستەم لێکراوان وکورد دیفاع بکەین‌و دەسی حاکمانی تورکی ستەمکاری عوسمانی‌و ڕیشەی زولْم وزالْمـان لەبـن دەربێنین نەك خۆمان ستەم بکەین وهۆی بەد ناوی بۆ خۆمان بەدی بێنین. دیارە ئەگەر مرۆڤ ئاوابیربکاتەوە گورگ‌و مەر پێکەوە ئاو دە خۆنەوە[1].

---

١ ـ ئەم مەبەستەلە روناکی ئورگانی حزب‌الله شۆرشگێری کورد ژمارە ٢ سالْی یەکەم ١٩٩٢/٤/١٧ زاینی بەقەلەمی (شەپۆل) چاپ کراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# شێعر

ئەی خوداوەندا تو عیززومەن تە شائی بێ ژومار
چۆن بەدەستی خۆتە دەستوری لەیل و نەهار
مە تلەعی نەجمی مەقامی خانەدانی نەهریە
واله ئەوجی بورجی هەفتوم پەرتەوی پەروەردگار
سێبەری لوتفی خودان و گەوهەری بە حری کەرەم
لۆلوئی نەسلی «محمّد(ص)» ئەشرە فووالا تەبار
گەردەپرسی جێی تەمەسوک خانەقا زۆرن وەلێ
جێی بە قانین، بێ بەقا بە غەیری شەمزین هۆشدار
بێرە سەر جادەی شەریعەت'لا، لە سەر جادەی درۆ
من سیراتە لموستەقیمت پێ بڵێم: ئەی بەختیار
عورو وە تولوثقا، ئەوان، حەبلولمەتین جێی ئیعتسام
ریشتەی شاهانی شەمزین بێ شکە جێی ئیفتیخار
یەک بە یەک تائیتقرازی عالەم ئەو بەهرەی هەیە
بێ تەفاوەت، ذو سەعادەت،ئەمجەدوخاوەن تەبار
شەمعی جەمعی میللەت وزوئی چرای دینی نەبی
پەیڕەوی ڕێی حەق بەسیدق و راستی فەرمانگوزار
ئافتابی فەوقی خەلقی شوعلەوەر، بۆخاس و عام
دەستگیری کە وتووان و پشتیوانی کردگار
شارەزای، نوری هیدایەت لابەری کوفرو زەلال
راگری ڕێگەی حەقیقەت رادەری هەر عەیب و عار

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرقی شە مشێری، وجودی جە وهـەری، تیێغی دەبان
حەیدە رئاسا، حاجی سەیید، بوعەدو، وەک زولفەقـار
رۆژی هەی هـات وتـە کـاپۆ، شێری، مـەیدانـی، خـودا
دافیعی ئـەندامـی دوژمـن، سـەر بـڕی زیـمی و کوفـار
ئەفزە لولئە سمایە عـەبدولاّ بـە ئـیسمی ئـەو بـووە
ئیسمەن و جیسمەن موزافی حەق بە رەحمی گردگار
تـە کـیـە گـاهو مـەنزلّ و شـام و سـەحەر، کـەھفی گـەدا
ئـاستانەی، دەرگـی پـاکـی مـەئمەنی ئـەھلی فـەرار
زەرەێ شـوعلەی شەفـافی شـە وکـەتی شـە مس وقـەمەر
رەشـحەی بـەحری مەعـانی ئـە وعـلومی ئەسناعەشەر
حـاتەمی خـاتەم لە خـەیزەر خـاتەمی شـازادە گـان
وەک‌سولەیمـانە نگـینی گـەرهەیێ بـۆ ئیقتیدار
عـیلم وحـیلمی بـێ حیسـابە حـەدّی مـەعلومەی نـییە
بەحری بێ پـەی کـێ‌دەزانـێ پـڕلە دوڕی شـاهوار
دەرسی تەهزیب ومـە واهـیب جـەدّی ئـەوتەقریری کـرد
ئـایەت وئەحکـامی شـەرعی جـەدی کـردی ئیتیشـار
بەندی دین و باغی ئیمان جەدی ئەوتەعمیری کرد
زولّـمەتوو بـوتلانی‌لادا حـەق بـەوی بـوئوستوار
جـادوڕێ دە ربـێ‌لە دورجـی گـەنجی مـەحزی لایـەزال
یـاسە دەف بـێ‌تو لە بـەحری مـەعریفەت لەیـل و نەھـار
چـۆن بـەشەر دەم لێ ئـەدا بـۆعە دّی ئەوسـافی ئـەوی
شـێتە هـەر کـەس لێـوبزێوێ یـا قـەڵەم خۆخـاتە کـار


Dr.Saleh Ebrahimi



یـــا ئـــیلاهی حـــاجی ســـەید زڵـــی ژیـــنی عـــالەمە
تـــا ئـــەبەد دڵشـــاد و ســـالم، بـــێ بـــەلاو و بـــەرقەرار

من کـە شـەخسێکم غـەریقی نـەهری جـورمم نەهری‌یـان
گـــۆشەیی چـــاوت لەمـــن بـــێ بـــۆدە لیـــل و ئیعتیبـــار

(شـــەپۆلا) دەس هـــەڵینەرو کـــە دەرکـــی ئـــاسمان
بـــێژە رەببـی تـــۆ کـــەریمی‌و مـــن فـــەقیرو بوردبـــار[1]




۱ ـ لە ۱۳۳۷/۷/۳ هەتاوی ئەم شیعرانەم لەپەسەندی ساداتی کرامی نەهری شاهانی شەمزین«قدس‌سرهم» داناوە (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



# ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیللا نەهری شاهی شەمزین

شێخ کە لە جەنگی ساڵی ١٨٧٧/٧٨ی زایینی و ڕێکەوتی ٥٧و ١٢٥٦ی هەتاوی نێوان تورکی عوسمانی و ڕوسی تەزاری بەشدا بوو، حەزرەتی شێخ لە بایەزید، ڕوسی تێ‌شکاندو لە هەمان کاتدا دەی‌ویست بیرو ڕای دەوڵەتی بەریتانیا بۆ لای خۆی ڕابکێشێ تا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەر بە خۆی کوردستان یارمەتی بدرێ.

لەم لاشەوە کە لە ساڵی ١٢١٥ی هەتاوی و ١٨٣٦ی زایینی شا محەمەدی قاجار باوکی ناسرەدین شای قاجار ٥ ئاوەدانی لە هەرێمی مەرگەوەر بە حەزرەتی سەیید تاهای باوکی شێخ عوبەیدیللادا بوو،تا خەرجی تەکیەو خانەقای بکا، ناسرەدین شای قاجار خەریک بوو لێی بستێنێتەوە.

شێخ کە بۆ ئازادی کوردستان لەگەڵ شەریفی مەکەو خدیوی میسر قسەی کردبوو، هەروەها پیاویشی ناردبووە لای کونسولی ڕوس لە ئەرزەروم و شاری وان. وە هەندێ چەک و چۆلیشی بە دەست هێنا بوو، بۆ ئەوەی بەری زوڵم و دەس‌درێژی ناسرەدین شای قاجاری ئێران بگرێ، هەمزاغای مەنگور و شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆی دەنێرێتە، مەرگەوەر، محەمەد ئاغای مامەش و بیوک خانی سەرۆکی قەرەپاپاخەکانی سندوس، دەچنە نێو لەشکری شێخ و یارمەتی ئەو. ڕۆژی ٢٨ی سپتامبری ١٨٨٠و ١٢٥٩/٧/٦ی هەتاوی حاکمی سابلاغ کە بەوە دەزانێ لە ترسا بەرەو میاندواو ڕادەکاو هەڵدێ، ئیتر لەشکری کورد، بەرابەری شێخ بێ هیچ کەندو کۆسپێک دێنە شاری مەهابادی(سابڵاغ) موکری‌و لە لایەن شێخ عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی خانباباخان کوڕی مەجید خان دەکرێتە حاکمی مەهاباد. ئەوسا «میری بەگ بەردەسور» خاڵی شێخ بە دوسەت سوارەوە بەرەو میاندواو دەهاژۆن، کە خاڵی شێخ بە دەستی سەلیمخان چاردوڵی (چارداورو) لە شەڕدا دەکوژرێ، شێخ بە لەشکرێ زۆرەوە لە مەنگوڕ، مامەش، پیران، گەورک، زەرزا، ڕەمەک، فیزوڵلا بەگی، دێبوکری و بەگزادەکانەوە بە نۆ هەزار سوار و هەشت هەزار پیادەو دە هەزار کەسی دیکە کە لەگەڵ سپای شێخ کەوتبوون، هەڵی کوتیە، سەر میاندواو. لە ڕۆژی ٢ ئوکتۆبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٧/١٠ی هەتاوی میانداوی گرتە دەست.

بۆ ڕۆژی ١٠ی ئوکتوبر و ١٢٥٩/٧/١٨ بەرەو بناو ئاژۆتن، لەو سەردەمەی دا کە هەمزاغاو شێخ عەبدولقادر کە میاندواو، مەلکەندی (مەلیکانی ئەمڕۆ)ی گرتبوو، لە بیر گرتنی بناو، تەوریز دا بوون، حەزرەتی شێخ عوبەیدیللا بەرەیەکی تازەی لە ڕۆژاوای دەریاچەی ورمێ کردبۆوە، وە بۆ کردنەوەی ئەم بەرە تازە لە ١٣ی ئوکتۆبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٧/٢١ شێخ یەکێ لە خەلیفەکانی خۆی بەناوی شێخ محەمەد سەعید لەگەڵ چوار هەزار تفەنگ بە دەست لە برادۆستەوە دەنێرێتە ورمێ.

شێخ محەمەد سەعید لە قەڵای سمایل ئاغادا (گوندێ لە گوندەکانی نازلویی ورمێ لە ١٨ کیلۆمیتری ڕۆژاوای ورمێ کە بەناوی باپیرەی سمکۆی مەزن ناونراوە)، لەشکر دادەمەزرێنێ، خودی شێخ لە ٢٠ ی ئوکتۆبری ١٨٨٠ بە سێ هەزار سوارو و پیادەوە لە هۆزی هەرکی، زەرزاو دەشتەبیل لە مەرگەوەرەوە دێتە باراندوز و لەوێوە بۆ ئاوایی سێرۆ، لەوێشەوە بۆ (سن سرکیس) و لە باشوری ورمێ لەشکر دادەمەزرێنێ، شێخ محەمەد سەعیدیش لە قەڵای سمایل ئاغاوە دێ و بە لەشکری شێخەوە دەلکێ و بە مجۆرە حەوت هەزار کەس دەوری ورمێ دەگرن. شێخ داوا لە خەلکی ورمێ دەکا بێ شەڕ خۆ بدەن بەدەستەوە. بەلام خەلک فێل دەکەن و لەو ماوەی چەند ڕۆژەداکە شێخ فرسەتی پێ دابوون، دەنێرن تا ئیقبال دەولە بێتەوە شار، ئەویش بەرەو ورمێ دەگەڕێتەوە، لەم لاشەوە شێخ محەمەد سدیق (شێخ پوشو) بە دە هەزار سوارەوە دەنێرێتە سەر ڕێگای ئیقبال دەولەو ڕەزا بەگیش دەنێرێ تا ورمێ بگرێ. شێخ پوشو لە گوندی (گسجین یەکێ لە گوندەکانی ڕەوزەچای ورمێ، چاوەڕوانی ئیقبال دەولە دەبێ. بەلام ئیقبال دەولە کە دەزانێ سەر ڕێگایان لێ گرتووە، ڕێگا خوار دەکاتەوەو لە شوێنێ دیکەوە خۆ دەگەینێتە شاری ورمێ. لە ٢٣ی ئوکتۆبری ١٨٨٠ کە دەچێتەوە شار، خەلک خر دەکاتەوەو سەنگەر بەندی دەکاو ٥ کەس لە ئاخوند و ریش سپی شار و کونسولی ئینگلیس دەنێرێتە لای شێخ تا ٢ ڕۆژی دیکەیان دەرەتان پێ بدا. بەلام شێخ کە لە فڕو فێلیان گەیی بوو، مۆلەتی پێ نەدان، لە دەمەو ڕۆژا وا هێرشی کردە سەر شاری ورمێ. جا دوای شەڕ و شۆڕی زیاد، لە ڕۆژی ٤ی نوامبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٨/١٣ شێخ هەوالی پێ گەیی کە تەیمور پاشاخانی ماکۆ (مادکۆ) بە شەشهەزار کەسەوە گەیشتۆتە قوشچی کە لەوێشەوە بۆ شاری ورمێ، شێخ بۆ ئەوەی بەری تەیمور

Dr.Saleh Ebrahimi



پاشاخان بگرێ، بەرەو قەڵای سمایلاغا لەشکری ئاژۆت و شەڕێ زۆر باشی کرد و باری سی وشتری قورخانە لە تەیمور پاشاخان گرت و لە پڕ هەواڵی پێ گەیی کە ئیعتیمادودەولە بە شەشهەزار پیادەو دو هەزار سوارەوە لە سەرەتای نوامبر لە تەوریزەوە بۆ ورمێ و پێنسەد سواریش لە بناوەوە بەرەو سابلاغ دێن، هەروەها لە تەوریزەوە پێنسەد سواری شاسەوەن بۆ یارمەتی سپای قاجار هاتون و لەسەر ڕێگا هەرکەسیان گیر کەوتبوو، کوشتبوویان و ماڵی خەڵکیان تاڵان کردبوو و گوندەکانیان ئاگر دابوو و ماڵی خەڵکی بێ کەسیان وێران کردبوو، لە ئاکاما شێخ عەبدولقادرو هەمزاغا لە ڕاست ئەو دڕندەو وەحشیانەدا بەناچار بەرەو شاری شنۆ دەگەڕێنەوە. لەشکری قاجار لە سابلاغ (حاجی سەدر دەولە) دەکەنە حاکمی سابلاغ. قوریانسەشەلەی ئەرمەنی کە لە سابلاغ بووەو زمانی فەرانسەشی زانیوە و ڕۆژانە هەواڵی شەڕی بۆ ناسرەدین شای قاجار نووسیوەو نووسراوەکانی بە وێنەی پەراویلکەیەک لە نێو دوتۆی کتێبی داروسەڵتەنەی تەوریز چاپ بووە، بێ پەردە باسی دڕندەیی و بێ ڕەحمی سپای قاجار دەکا، کە چەند نامرۆڤانە پەلاماری ماڵ و ناموسی خەڵکی مەزلوم و بێ تاوان و بێ دەسەڵاتی کوردی موکری دەدەن و گوندەکان و ماڵی خەڵکی موسڵمان وێران دەکەن و ئاگر لە ماڵی کوردان بەردەدەن و تاڵانیان دەکەن و خەڵک دەکوژن وکوردی بێ دەرەتان ئاوارەی هەندەران دەکەن، هەروەک ئەمڕۆکە لە ١٩٨۴ەوە تا ئێستاو پێش لەم سەردەمە لە ئێران و عێراق و تورکیەو سوریە دەستیان داوەتە کوردە قڕان و دەرکردنی کورد و کوشت و بڕین و گوند سوتاندن و تاڵان کردنی کوردان، وە کەسیش لە سەریان وە جواب نایێ و قسەی دابین کردنی مافی مرۆڤیش بێ کەڵکەو تورکیەو حوکومەتە زالمەکان:گوێی پێ نادەن، مەگەر خوا خۆی یارمەتیمان بداو لە دەست زالمان رزگارمان بکاو ئازاد بین. کورد خۆیشی دەمی ناوەتە نێو خوێنی خۆی و بێگانە پەرەستی دەکا، لەوەتی لە بیرمان دێ، هەروا بووە و هەروا دەبێ. داوامان لە خوایە خۆی هۆی رزگاریمان بۆ ساز بدا، دیارەسازیشی دەدا، نێزیکە باغی ئاواتی کوردیش بێتە بەر. ئێمە بە پێی قورئان و سوونەتی تاریخی تێبینیمان کردووە کە کورد دەولەتی سەر بە خۆی دەبێ، لەم چەند ساڵەدا.

با بگەڕێنەوە سەر خەت، حاجی سەدرودەولە حاکمی شاری سابلاغ (مەهاباد)ی موکری، دەڵێ: مەگەر فەرمانی شای قاجارە کە ئەم کوردە بێ دەرەتانە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاوا ماڵی تالاّن بکرێ و بکوژرێ و دێهاتەکەی بسوتێنرێ و خەڵکەکەی ئاوارەی هەندەران بکرێ. من کە ئێستا بە نێو حاکمی سابلاغم، تەنانەت یەک گیان لەبەری تێدا نەماوە، کەسی تێدا نەماوە، خانوەکانی هەموو لارو خاوەو بووەتە کەلاوا، ئیتر من بەسەر کێ دا حوکومەت بکەم، دوێنێ هەندێ لە فەرماندەکان دەستیان بۆ لای چەند گوند درێژ دەکرد، لە نێو ئاگر و چرە دوکەڵ دا، دەسوتا، دەیانوت: ئـەمە چراخانی و شایی و لۆغانەی شاو حوکومەتی قاجارە، منیش لە شەرمان غەرقی ئارەق ببووم. ئێران کە زانی حاجی سەدر دەولە، دڵ نەرمە لایان بـردو حـەسەن عەلیخان ئەمیر نیزامی گەروسیان لە جێ دانا. وەک دەڵێن: کورد کورد دەکوژێ، ئەم کوردە زاڵمە دەستی دایە کوژتنی هەمزاغاو ئاغاکان بە وێنەی خەیانەت و سوێندی بە درۆخواردن بۆیان. حەزرەتی شێخ عوبەیدیللاّ شاهی شەمزین مەلیک غـازی چەند جار هێرشی کردە سـەر هـێزی تـەیمور پـاشاخان، بـەلاّم چـون لەم لاوە سابلاغی لە دەستا نەمابوو و هێزی ئەوانیش زۆرتر بوون، ناچار شێخ لەشکری خۆی لە رۆژی هەینی ١٢ نوامبری ١٨٨٠ و ١٢٥٩/٨/٢٩ بەرەو کوردستانی ژێر دەستی تورکیە کێشایەوە. جا لەشکری ئێران ئەوەندەی دیکە کەوتنە راوە روتـی خەڵکی کورد و ئاوارە کردنی ئەوان. دوای هەشت مانگ لە ٢٩ی ژوئەنی ١٨٨١ی زایینی عەلائودەولە ئەمیر نیزام لە تەورێزەوە هاتە هەرێمی کوردەواری و لە لای لاجان چاوی بە محەمەداغای مامەش کەوت و دوای خۆش و بێش کردن، تەواوی ئەو هەرێمەی دایە دەست محەمەداغای مامەش و دەستوری بـە مـحەمەداغـادا زیندە یا بە مردویی هەمزاغای مەنگوڕی بۆ بگرێ و خۆیشی لە ١٥ی ژوئیە چووە شاری ورمێ.

ئەمیر نیزامی گەروسیش کە حاکمی سابلاغ (مەهاباد)ی موکری بوو، هـەی چاوە چاوی بوو کە بە هەر فڕو فێڵ و کەڵەکێک بۆیی بوز بخوا، هەمزاغا لە نـێو بەرێ.

ئەمیر نیزام گەروسی کە لە ١٢٩٧ی مانگی بووە حاکمی سابلاغ(شـاهیندژ) سایەنقەلا:ئەوکان) کە لە دوایی دا ورمێ و خۆیشی پـێوە لکـێندرا. ئـەمیر نـیزام گەروسی کە دەیزانی هەمزاغا نێوانی لەگەڵ قاسمی قازی زۆر خۆشە، بۆ فریودان بە قاسمی قازی وت: لە هەمزاغا زوڵم کراوە تۆ برۆ بـەڵکو ئـاشتی بکـەیتەوەوبە خەتی خۆیشی بۆی نوسیبوو کە بیکاتە حاکمی سـابلاغ، هـەمزاغـا لە وەلاّمـدا

Dr.Saleh Ebrahimi



وتبوی چون کورده، ده‌کرێ باوه‌ڕی پێ بکه‌م، به‌لاّم ده‌بێ پشتی قورئانم بۆ موّر بکا. ئه‌میر نیزامیش له‌پشی قورئان بوّی ده‌نوسێ: (تا روّحی من له‌م دنیا بێ و زیندو بم له‌گه‌ڵ توّم و ده‌تپارێزم، ئه‌گه‌ر پێویستیش بێ، خوّم فیدات ده‌که‌م، موّری کردو بوّی نارد. سواره برازای هه‌مزاغا ده‌ڵێ: قوربان باوه‌ڕ مه‌که، ئه‌میر نیزام باوکی خوّی کوشتوه، بوّ باوه‌ڕ نابێ. هه‌مزاغا ده‌ڵێ وا دیاره ده‌ترسی، سواره‌ش ده‌ڵێ دیاره منت به‌گه‌نج و ترسه‌نوّک دێته به‌رچاو، ئه‌وا منیش له‌گه‌ڵت دێم، ئه‌گه‌ر بشکوژرێم. قورئان ماچ ده‌که‌ن، به‌ره‌و سابلاغ ده‌ڕوّن و له پشت کێوی علیاباد (له باشوری روّژاوای پاده‌گانی ئێستای مه‌هاباد راده‌وه‌ستن و له‌گه‌ڵ چه‌ند سوار به‌ره‌و باغی شێخ له باشوری مه‌هاباد که ئێستا تیا چووه، وه له چوار رێگای مه‌وله‌وی تا پشت مه‌یدانی حه‌یوانی ئه‌مڕوّی شار، دێنه‌خوارێ و ده‌چنه باغی شێخ و له دوره‌وه چادرو سه‌ربازی حوکومه‌ت ده‌بینن. سواره ده‌ڵێ: قوربان با نه‌چین، به‌لکو حاکم خوّی بێ و لێره قسه‌ی خوّمان بکه‌ین، هه‌مزاغا ده‌ڵێ له سه‌ربازی برسی و سیس و پیسی مرده‌لوّخه‌ی ئه‌وان بترسین، رکێف له ئه‌سپ ئه‌داو یه‌کسه‌ر ده‌چێته نێو باغی شێخ و داده‌به‌زێ. حاکم ده‌ستور ده‌دا هه‌ر کاتێ دوای چاک و خوّشی له‌گه‌ڵ هه‌مزاغاو هاوڕێکانی له‌و چادره‌وه چومه چادره‌که‌ی دیکه، که ژێر زه‌وی‌یه‌کم لێ هه‌لکه‌ندووه، ئێوه بێ به‌زه‌یی‌یانه ده‌ستڕێژ له هه‌مزاغاو هاوڕێکانی بکه‌ن و بیان کوژن، حاکم له‌کاتی خوّیدا به فێڵ ده‌ڕواو ده‌چێته ئه‌و ژێر زه‌وی‌یه‌و له نێو چالدا خوّی حه‌شار ده‌دا، سه‌ره‌نجام هه‌مزاغاو هاوڕێکانی به‌و فێڵه داوه که بوّیان نابونه‌وه شه‌هید ده‌کرێن وسه‌ری هه‌مزاغا به دیاری بوّ شا ده‌نێرێته تاران، دوای ساڵێک حاج سه‌ییاح دێته سابلاغو ده‌چێته سه‌ر قه‌بری هه‌مزاغا، ئه‌م سه‌فه‌ره له ژوئیه‌ی ۱۸۸۲ روی داوه‌و هه‌مزاغا له سپتامبری ۱۸۸۱ی زایینی و شه‌والی ۱۲۹۸ی مانگی و خه‌رمانانی ۱۲۶۰ی هه‌تاوی ۲۴۹۳ی کوردی شه‌هید کراوه، هه‌روه‌ک ده‌ڵێن: جلک و لیباسه‌کانی هه‌مزاغا له گوندی بستام به‌گ هێمان راگیر دراوه.

دوای گوژرانی هه‌مزاغا، حه‌زره‌تی شێخ عوبه‌یدیلا نه‌هری زوّر کوّشا تا جارێکی دیکه به دژی ئێران و شای قاجار ئاگری راپه‌ڕین هه‌لاّیسێنێته‌وه، شای قاجار به پشتیوانی روس و ئینگلیس، زوّریان بوّ ده‌وله‌تی عوسمانیی هێنا، تا شێخیان گرت و له جولای ۱۸۸۲ له ئه‌سته‌نبول شێخیان خسته زیندان، هه‌رچه‌ند

شێخ خۆی لە زیندان رزگار کردو خۆی گەیاندەوە کوردستان، بەلاّم دووبـارە لە ئاخری ئوکتوبری ١٨٨٢ دا گـیراو بـرا مـوسڵ و لە ئـاخری ١٨٨٣ دا نـاردیانە ئیسکەندەرون و لەوێشەوە بۆ بیروت و لەوێشەوە بۆ شاری مەکەو شاری تایف، لە سالّی ١٨٨٣ وەفاتی کرد.

مارتین وان برۆنس لە پەڕەی ٣٢٢٨ کتێبی نەخشی (شێخ، ئاغاو دەولّەت لە ژیانی کۆمەلاّیەتی و رامیاری خەلّکی کـوردستان چـاپی ١٩٧٨ز - هـولەند) لە بابەت راپەڕینی شێخ عوبەیدیلا ئاوا دەنوسی: لە سـالّی ١٨٨٠ ی زایـنی شـێخ عوبەیدللا رابەرایەتی راپەڕینێکی پەرەداری بۆ کوردان لە کوردستانی نـاوەندی داگرتبووە ئەستۆ، ئەم راپەڕینە لەسەرەتاوە دژی حوکومەتی ئێران و لە دواییدا بوو بە هۆ بۆ دامەزراندنی حوکومەتێکی کوردی سەر بە خۆ، کە پاتەختەکەی موسڵ بێ، باری ئەو دەمەی نێو گەلانیش وابوو کە سازدانی حوکومەتێکی کوردی سەر بە خۆ ئەشێ و شیاوە.

لە شەڕی سالّی ١٨٧٨و ١٨٧٧ داکە تورکی عوسمانی بە دەس روسەوە گیری خوارد بوو، کز و لاواز ببوو، وای پێ باشبوو کە دەولّەتێکی کورد پێک بێ تـا لە نێوان هەرێمی نفوزی ئینگلیس و عوسمانی دا ببێتە سپەرو قەلغان و هەروەها ببێتە پشتیوانی تورکی عوسمانی، لە شەڕو ئاژاوەی روسیەوە دارو دەستەی مەسیحی شای عوسمانی بپارێزن،لە ئـاسیادا. زۆربـەی مـەسیحی یەکـان لەو سـەردەمەدا هاتبوونە کوردستان.

لە حەکاری دا شێخ عوبەیدیلا و مارشەمعون (رابەری نەستوری یەکان) جۆرێ حوکومەتی هاوبەشیان سازدا بوو کە لە دەسەلاّتی تورکی عوسمانی دوور بوون. جا دوای ئەوەی مـەلّبەندی دیـفاعی بـەریتانیاو عـوسمانی دیـاری کـرا. شـێخ عوبەیدیلا زۆر تێکۆشا تا بەلّکو بە پشتیوانی بـەریتانیا دەولـەتێکی کـوردی بـە رابەرایەتی خۆی بەدیبهێنێ، بۆ ئەم کارەش مارشەمعون وکەشەکانی ئەرمەنی و میسیونرەکـانی ئـەمریکایی کـە لە ورمـێ بـوون، کـردبووە واسـیتە. ئـەو زولـم وزۆرویژیەی کـە لەو زەمـانەوە لە کـوردان دەکـراو دەکـرێ، مـیسیۆنێرەکـانی ئەمریکایی جوان و زۆر بە باشی تێ گەیشتبوون و دەیانزانی، بەڕاستی ئـێران و عوسمانی زۆر بێرەحمانە لەگەلّ کورد دەجولێنەوەو زولّمیان لە کورد کردووەو کورد بـێرەحمانە ئـازار دەدەن و دەیـانکوژن. شـێخ لەوزەمـانەدا زۆر ژیـرانـە

Dr.Saleh Ebrahimi



راپەڕیوەو زانیویەتی، چون هەستێ و دانیشێ. جا هەر لەبەر ئەو زیرەکی یە بوو کە لە بەرا پەلاماری ئێرانی داوە، چۆنکە قاجاری ئێران کزتر بوو، تا شایەد سەرنجی عوسمانیش بۆ لای خۆی رابکێشێ و هۆی سەرکەوت و دامەزراندنی حوکومەتی کوردی بەدەست بێنێ.

لە مانگی ئوکتۆبری ١٨٨٠ حەزرەتی شێخ پیاوی چەکداری خۆی ناردە نێو برا نەستوری یەکان کە بۆ جەنگی حەکاری ئامادە بوون، لە ڕێگای کوردستانی ئێرانیشەوە، نوێنەرانی هۆزە کوردەکان: (مامەش، مەنگوڕ، زەرزا، گەورک، بانە، هەرکی و بەگزادەو... زۆر بە پەلەو بە لەز لکان بە راپەڕینێ شێخەوە، پازدە هەزار جەنگاوەری کوردی چەکدار و بە هێز لە ژێر فەرمانی شێخ عەبدولقادر ناودار بەغەوسی سانی، شاری سابلاغیان گرت، حەزرەتی شێخیش بە هەشت هەزار کەسەوە دەورەی ورمێ یان گرت.

بەلام بە جاسوسی کردنی روسیە بە دژی راپەڕینی کوردو کلک تێوەردان بە سودی ناسرەدین شای قاجاری ئێران، وەکەلک وەرگرتن لە شێوەی پێشو، روس و ئێران و تورکی عوسمانی کوردیان بە دژی راپەڕین هانداو ئەو سێیانەش خۆیان لە کورد مەلاز داو سەرەنجام کورد و راپەڕینیان لە نێو برد.

محەمەد شای قاجار کە خەجیجەخانم خوشکی یەحیاخان جەهریق دێنێ و مارەی دەکا، لەم ژنە کوڕدە کوڕێکی دەبێ لە سالی ١٢٥٥ی مانگی و ناوی دەنێ عەبباس میرزا کە بە مولک ئارا ناودارە، خانداتی خەجیجە خانم مەنسوب و مریدی حەزرەتی سەیید تاها، خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری نەخشبەندی بووە، ئەم خانمە شوێنی لەسەر محەمەد شا داناوەو ئەمیش ئیرادەتی بە حەزرەتی سەیید تاهای نەهری شاهی شەمزین پەیدا کردووە و بە کردەوەش لە خزمەت مالە نەهری دا بووە. جا کاتێ حەزرەتی سەیید تاها وەفات دەکاو حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا دەبێتە جێ نشینی باوکی، ناسرەدین شا کە ٨ سال لە مولک ئارا گەورەتر بووە و مەهد عولیای دایکی کە رقیان لە خەجیجە خانم و مولک ئارا بووە، هەم دەیانویست زەربە لە مولک ئارا بدەن وهەم مولک و مالی شێخ عوبەیدیلا داگیر بکەن، بە تایبەت دوای مردنی شا محەمەدی قاجار، جا ئەوە بوو لە کاتی شەڕ، کە شێخ دەی ویست تەوریز بگرێ و کاتێکیش تەورێزی بگرتایە، کاری ناسرەدین شا تەواو دەبوو، ئەوە بوو شێخ نامەیەک بە دو پیاوی خۆیدا بە

ناوی (عەبدورەحیم برا گەورەو حوسێن قولی کە هەر دو برا بوون) بۆ مولک‌ئارا دەنوسێ و بانگی دەکا تا بچێتە لای شێخ و شێخ بەڵێنی پێ دابوو بیکاتە شای ئێران، بەڵام مولک‌ئارا لە ترسا، نە تەنیا نەچو بۆ لای شێخ، بەلکو عەینی نامەکەی دا بە ناسرەدین شا، ئەو دو پیاوەیان کوشت و مولک‌ئارایشیان لە مزگێنی ئەو خزمەتە کردە حاکمی قەزوێن و ئەنگوستیلەیەکی ئەلماسیشیان خەلات کرد.

لە نامەی ناسرەدین شای قاجار کە بۆ میرزا حوسین‌خان سپەهسالار (مشیرالدوله)ی نوسیوە، دەڵێ: ئیقبال دەولە حاکمی ورمێ بێحاڵە و ورمێ داوەتە دەس برازاکەی کە ئەویش مەنسوبی شێخ عوبەیدیللای نەهری شاهی شەمزینە و مەلبەندی شنۆ، مەرگەوەر، تەرگەوەر، سوماو برادۆستو... داوە بە کوڕی شێخ (سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی). تۆ بڕۆ بەلکو کارێ بکەی، ئەمیش بە دژی کورد دەست بە کار بوو.

کتێبی لورد جرج.ن. کێرزەن تەرجەمەی وەحید مازندەرانی دەنوسێ: شێخ عوبەیدیللا کە بە وێنەی شا رەفتاری دەکرد و رۆژانە ٥٠٠ تا ١٠٠٠ کەسی نان دەداو لە بیری دامەزراندنی کوردستانێکی سەر بە خۆ بوو کە خۆی رابەرایەتی راپەڕینی بە ئەستۆ گرتبوو، لە ١٨٧٨ راپەڕینێکی پڕ هەیبەت و شکۆی رێک‌خست، بەڵام کەم دەوام بوو. هەروا دەنوسێ: تاران وەلەرزە کەوتبوو لە ترسی راپەڕینی کورد، وە زۆر نیزیک بوو تەورێز بگرن، بەڵام دوکتور کاکوان لەسەرانی کۆڕی مەزهەبی ئەمریکا نەی‌هێشت شێخ ورمێ بگرێ و لەم لاشەوە حوکومەتی ئێران لە دەولەتی روسیە بە دژی کورد سودی وەرگرت و پەنای بردە بەر ئینگلیس و دەولەتی تورکی عوسمانی. وە کوردەکەش خۆی بێ بەرنامە بوو، ئەوە بوو سەر نەکەوت، ئەم کتێبە راپەڕینی شێخی لەبارەی رامیاری‌یەوە زۆر بە گرینگ داناوە، بەڵام لە بابەت تەرح و بەرنامەوە بە کزی زانیوە.

لە کتێبی سەر زەوی زەردەشت، نوسراوی عەلی دیهقان دا، دەڵێ: کوردی ئێران و عوسمانی باوەڕیان وا بوو کە شێخ عوبەیدیللا کوڕی سەیید تاها لە خواوە ئیلهامی بۆ دێ و ئولی‌ئەمرەو واجبە ئیتاعەی بکرێ و بێ سێ و دو فەرمانی ئەویان دەبرد بەڕێوە. حەزرەتی سەیید تاها نەهری شاهی شەمزین کە لە نەهری لە ناوچیای شەمزین دادەنیشت، محەمەدشای قاجار بۆ خۆش خزمەتی پێنج گوندی لە مەلبەندی مەرگەوەر پێ بەخشیبوو، تا ئەویش لە دژایەتی تورکی عوسمانی

پشتیوانی لەم بکا. ئەم کتێبە دەنوسێ: راپەڕینی شێخ عوبەیدیلا زۆر گرینگ بووە، تەنانەت راپەڕینی سمکۆی مەزن و راپەڕینەکانی دیکەی کوردستان بەلای ئەمەوە لە راپەڕینی شێخ سەرچاوەیان گرتووە. هەروا دەڵێ لە ساڵی ١٢٩٧ مانگی شازادە ئەحمەد میرزا کیشکچی باشی کە حاکمی سابلاغ (مەهاباد) بوو، زۆر بێحاڵ و ریشوە خۆر بوو. هەموو رۆژێ سەرانی کوردی دەگرت و داوای پولی لێدەکرن، لە (فیەزوللابەگ و میناغای کوڕی قادراغا و هەمزاغای مەنگوڕ)ەوە بیگرە تا بازاڕی و جوتیار و مەڕو ماڵاتدار.ئەم کتێبە تەنانەت دەنوسێ: هەرچەندە محەمەداغـای سەرۆکی ئیلی مامەش و بیوک خان سەرۆکی ئیلی قەرەپەپاخ لە سابلاغ دەچنە لای حاکمی سابلاغ و پێی دەڵێن: تۆ ئیجازە بدەو سەرانی هۆزی موکری و شنۆو ورمێ و ئەم ناوە ناوە کۆ بکەوە با تا شێخ زۆری هێز نەگرتووە،تێکی بشکێنین و ئاوای خاکی کوردستانی بن دەستی تورکی عـوسمانی بکـەین، بـەلام شـازادە ئەحمەد میرزا کیشکچی باشی لە بیری پوڵ و خۆش رابواردندا بووە و گوێی بەوان نەداوەو لە ئاکاما ئەو دوانە بۆ پاراستنی ماڵ و ژیانی خۆیان بە ناچار بە راپەڕینی شێخەوە دەلکێن، لە ئاکاما شێخ دەستوری دا بڕۆن سابلاغ بگرن و زۆر بە ئاسانی سابلاغیان گرت و میاندواوشیان لە رۆژی ٢٦ شەوالی ١٢٩٧ی مانگی گـرت و کاتێ لەشکری شێخ رو بە بناو دەڕوا، سەرانی قەرەپەپاخ و مامەش و گۆلاوییاغا و دیبوکری بە خەیانەت پشت لە راپەڕین دەکەن و بە هێزی دوژمن بە بناوە دەلکێن، لە ئاکامدا دەبێتە هۆ بۆ ئەوەی شێخ عەبدولقادر پاشەکشە بکات، تەنانەت دەنوسێ: محەمەداغای مامەش بە چوار سەد سوارەوە دەچێتە ورمـێ و یـارمەتی ئیقبال دەولە. لەم لایەشەوە هاتنی تەیمورپاشاخان حاکمی ماکۆ بە لەشکرێ زۆرەوە بۆ ورمێ و هەروا بێ سەرو بەڕی لەشکری کوردو شـڕە خـۆری و کـوشت وبـڕینی خەلکی میاندواو، بەو جۆرە بووە هۆی ئەوە خەلکی ورمـێ و بـناو، مـەراغـەو شوێنەکانی دیکە لە ترسان زیاتر خۆ قایم کەن و لە راست هێزی کورد راوەستن، ئەمانە گشتی بوونە هۆی تێشکانی هێزی راپەڕینی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین و هاتنەوەی هێزی قاجار بۆ سابلاغ و بۆ مەلبەندە کوردنشینەکان و قات و قڕی و ئاوارە بوونی کوردو تالان و بڕۆوکوشت و بڕینی کورد،بە دەستی قاجار و قـاجاریان و کـوشتنی هـەمزاغـایش بـە دەستی ئـەمیر نـیزامـی گـەروسی و قەلپبوونەوەی راپەڕینی کوردو کوردستان.

لە کتێبی: «گزیدەی اسناد سیاسی ایران و عثمانی، جلد٣ واحد نشر اسناد - دفتر مطالعات سیاسی و بین‌المللی تهرن ١٣٧٠، لە فصل ٥ مسئلهٔ شیخ عبیدالله» دێنیتە گۆڕ و تەواوی ئەو نامانەی لە نێوان ئێران و عوسمانیدا، لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئێران و عوسمانی و وەزارەتی دەرەوەی ئەودا لە بابەت راپەڕینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلاوەیە، نوسراوەو پڕە لە قسەی ناخۆش بە کورد و بە حەزرەتی شێخ، لەپەڕەی ٧٤٧ دا ئەمەیشی نوسیوە کە کورد و هۆزی شکاک، ئەوەندەیان باوەڕ و ئەقیدە بە حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا هەیە، هەمیشەیا شێخ یا شێخیانە، وە لە تەنگانەدا هاواری لێدەکەن تا تەنگانەیان لەسەر لابات. ناسرەدین شا تەنانەت وێنەو عەکسی شێخ عوبەیدیلای لە وەزیری خاریجەو بالوێزی خۆی لە ئەستەمبول داوا کردووە کە ئەم نامە لە پەڕەی ٧٠٢ ئەم کتێبە چاپ کراوە، وا دیارە حەزرەتی شێخ وێنەی لە ئەستەمبول هەڵگیراوە. بەڵام وێنەی شێخ چاپ نەکراوە، کەچی وێنەیەکی زۆریان لەم کتێبەدا لە چاپ داوە، لەم کتێبانەش بۆ ئەم نووسینە کەڵک وەرگیراوە:

شۆڕشی شێخ عوبەیدیلا، عەلی ئەفشار کە لە نێو تاریخی ئەفشاردا لە چاپ دراوە. نوسراوەکانی قوریانسەشەلە کە لە سابلاغ نیشتەجێ بووەو هەواڵی رۆژانەی شەڕی بۆ دەوڵەتی ئێران دەنوسی و زمانی فەرانسەشی زانیوەو نوسراوەکانی قوریانسەشەلە لە نێو دوو تۆکتێبی دارسەڵتەنەی تەورێز چاپ بووە. شەرحی حالی عەبباس میرزا: مولک ئارا بە قەڵەمی خۆی و تێکۆشانی عبدالحسین نەوایی، چاپی ١٣٦١ی هەتاوی. کتێبی مارتین وان برونسن، چاپی بابەک، تاران. ج ١ کتێبی ئێران و قەزیەی ئێران لورد.ن. جرج کرزن تەرجەمەی وەحید مازندەرانی چاپی ١٣٦٢ی هەتاوی. نگاهی بە تاریخ مهاباد، نوسراوی کاک سەیید محەمەد سەمەدی کە بە ئەمانەت و بۆ پیاچونەوە دابوی بە شاعیر و نوسەری ڕێزدار کاک حەسەن سەلاح سۆران و ئەمیش لوتفی کرد تا من بۆ راپەڕینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین کەڵکی لێ وەربگرم و زۆرم کەڵک لێوەرگرت، خوا هەردوکیان بپارێزێ بۆ خزمەت کردن بە فەرهەنگ و نوسین لەبارەی کوردەوارییەوە.

مەلیک غازی شێخ عوبەیدللای نەهری شاهی شەمزین لە ساڵی ١٢٤٣ی مانگی لە دایک بووەو لە ١٣٤٦ی مانگی دوای حەج کردن لە تایەفی حیجاز

Dr.Saleh Ebrahimi



وەفاتی کردووەو نێژراوە، هەر وەکو حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) ئـەمین حوزوری ئەو زاتە بە شیعر فەرمویەتی:

شـــادان رحـمت آمـده سـالار اولیـا　　سـلطان العـارفین عـبیدالله از خـدا
در مسجد الحرام بمکه وفات یـافت　　جـان گشت بـاز کـنگره جـنةالعـلیٰ
ذی الحجة الحرام ز بعد از وفای حج　　شادان رحمت شد تاریخش از (بها)

شێخ خۆی فەرمویەتی (گشت تـاریخ ولادم الغـریب ۱۲۴۳) و لە ۱۲۹۴ی مانگی لەگەڵ روسی تەزاری جـەنگیوە. □ بـەهاخەلیفە مـەلا مـحەمەد بـاپیری (شەپۆل) لە ۲۷ ربیع الاول، سـاڵی ۱۲۶۰ لە دایک بـووەو لە ۲۷ ی رەمـەزانـی ۱۳۴۳ی مانگی لە شاری مەهاباد وەفاتی کردووەو لە نێو خزنی شێخ مـەحمود نەهری شەمزینی نێژراوەو ئێستا کەوتۆتە شەرقی - خ - دەنگ و رەنگی مەهاباد لە کوچەی فێرگەی ئیبنی سیناو ئارامگەکەی سەنگ چینەو زیارەتگەی مـریدان و پـەیرەوانـیەتی. بـڕوانـنە رۆژنـامەی کـوردستان، تـاریخی مـەشاهیری کـورد، نووسراوی بابەمەردوخ شێوا، جەلدی ۲، چاپی ۱۳۶۶، پەڕە ۲۲۲و تاریخ فرهنگ و ادب موکریان، بۆکان، ج یەکەم، پەڕەی ۳۹۵ تا ۳۹۳ چاپی ۱۳۶۴ی هەتاوی، نووسراوی ئیبراهیم ئەفخەمی، وە کۆواری گـرشەی کـوردستان، ژمـارەی ۴و ۵ جۆزەردان و پوشپەڕی ۱۳۶۰ی هەتاوی و ۱۹۸۱ زاینی، ساڵی دووەم، پـەڕەی ۳۲و ۳۸. ژمارەی یەکەمی گرشەی کوردستان لە مارسی ۱۹۸۱ لە تـاران چـاپ کراوە. کتێبی ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی، چاپی ۱۳۶۴، پەڕەی ۶۰۶ تا ۶۸۶. □ مەولانا خـالید نـەخشبەندی شـارەزوری، نـوسخەی نـابیغەو نوسخەی جامیعە، بە پێی ئەم شیعرە:

بـهر تـاریخ وفـات از قـلم　　خالد فی الجنة جلَّ زد رقم

لە ۱۱۹۳-۱۲۴۲ی مانگی لە دایک بووەو وەفاتی کردووە. □ حـەزرەتی سـەیید تاهای باوکی شێخ عوبەیدللاّ لە ۱۲۰۲ی مانگی لە خـومارۆ لە دایک بـووەو لە ۱۲۶۹ لە نەهرێ وەفاتی کردووەو نێژراوەو ۷۱ ساڵ ژیاوە، بە پێی ئەم شیعرانە:

والد مـــاجد خـــمارو مـــولدش　　نهریه هم مسکـن و هـم مـدفنش
شـــد بـــطفرای الهـی در بـهشت　　هم قضا آن نقطه تاریخش نوشت
بـــــود ســـــید نـــام طـــه والدم　　.........................

سەرچاوە دیوانی خەتی شێخ عوبەیدللاّی نەهری و حاشیەی خەتی پـەڕەی

Dr.Saleh Ebrahimi


۳۳۸ و ئەنیسکولوپیدای ئیسلامی ج ۴، پەڕەی ۳۰۴ تحفه ناصری در تاریخ‌و جغرافیای کردستان، تألیف میرزا شکر الله سنندجی فخر الکتاب با حواشی و تحقیقات دوکتور حشمةالله طبیبی کوردی کرماشان، مامۆستای زانکۆی عولومی ئیجتیماعی تاران. (شەپۆل).

□ لە ۷ مارسی ۱۹۱۸ی زایینی لە بەر گرانی و قات‌و قڕی خەڵکی کرماشان دەستیان کردووە بە تالانکردنی موغازەو دوکانی شاری. لە ۲۹ مارسی ۱۹۱۸ لە سوێنگەی جەنگەوە، نەخۆشی تیفوس لە هەرێمی کوردستانی سەر بە ئێران پەرەی گرت و بووە هۆی قڕ تێکەوتنی خەڵکی کوردی مەزلوم. لە ۸ ژانویەی ۱۹۱۸ ویلسۆن سەرکۆماری ئەمریکا گەلاڵەی ۱۴ مادەیی خۆی لە بابەت ئاشتی بردە کۆنگرەی ئەمریکا.

سەرچاوە:

رۆژنامەی ئێران، پەڕەی ۷ سێ‌شەمە ۳۱ خەرمانانی ۱۳۷۷ و ۲۲ سپتامبری ۱۹۹۸ و ۱ ج ۱۴۱۹/۲ی مانگی و ۳۱ی خەرمانانی ۲۶۱۰ی کوردی.

□ خانەدانی شەمزینان لە بەگزادەکانی عەبباسین کە لە لایەن (شێخ شمس‌الدین)ەوە دانراوە، جا دوای ئەو سەییدانی نەیری، نەهری یا شەمزینان هێزی زۆریان بە دەست هێنا، ساداتی نەهری دەچنەوە سەر سەیید عەبدولعەزیز کوڕی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی (۱۰۷۸ـ۱۱۶۶) کوردی گەیلانی لای کرماشان، کە ئارامگەی لە بەغدایە، سەیید عەبدولعەزیز لە عەقرە، وە سەیید ئەبوبەکر کوڕی عەبدولعەزیز دەچێتە شەمزینان‌و لە گوندی ستونی جێگای مالەباوانی نیشتەجێ دەبێ. لە کوڕانی ئەم شێخ سەیید ئەبوبەکرە. شێخ حەیدەرو چەند بەرەی دوای ئەمیش لەم گوندە رای دەبوێرن، لە پاشان لە زەمانی مەلا هەجیجی زارۆکانی ئەم خانەدانە، دەچنە هەمارۆ یا خومارۆ، وە تا رۆژگاری مەلا صالح لەوێ ماونەتەوە، مەلا صالح دو کوڕی بە نێوی بسەیید عەبدوڵلاو سەیید ئەحمەد هەبووە.

سەیید عەبدوڵلا لە عیرفاندا بووە خەلیفەو جێ‌نشینی مەولانا خالید نەخشبەندی شارەزوری، نوسخەی جامیعەو نوسخەی نابیغە (۱۱۹۳ـ۱۱۴۲). جا لە دواییدا سەیید عەبدوڵلا چۆتە نەهری، نایری، وە کوڕەکانیشی بۆ وێنە حەزرەتی سەیید تاها پیری شەمزین و خەلیفەی مەولانا خالید هەر لە نەهری

Dr.Saleh Ebrahimi



ماونەتەوە - ئەنیسکولۆپیدای ئیسلامی، جەلدی ۴ پەڕەی ۴۰۶ و پەڕەی ۴۴۲و ۴۴۳کتێبی کورد و کوردستان و. نیکتین، تەرجمە بە فارسی محەمەد قازی.

□ دوکتۆر بلەچ شێرکۆ دەنوسێ: شێخ عوبەیدیلا لە بن فەرمانی تورکی عوسمانیدا، سەربەخۆیی گشت کوردستانی داوا دەکرد. پەڕەی ۴۸ نامیلکەی دوکتۆری بلەچ شێرکۆ.

□ خەلکی شەمزینان هەمویان مریدو مەنسوبی شێخ و خەلکێکی زۆر ئازا، شەڕوان و نەبەز بون، هەروەکو شاسیلاوی کێو و چیا رفێنِ هوروژمیان بردە سەر ورمێ، موکوریان و سابلاغ (مەهاباد) و لە تەشرینی سالی ۱۸۸۰ سەر زەوی موکوریان کە هەموکوردو سونتی مەزهەب و مریدو مەنسوبی شێخیش بون، گرت. ئەمە بووە هۆی ترسی خەلکی بناو، مەراغەو تەورێز و خەریک بون، خۆ بدەن بە دەستەوە. بەلام بەداخەوە حوکومەتی مەسکەو، بە خەیانەت کردن بە نەتەوەی کورد بە نێو پاراستنی سنوری خۆی، سپایێ زۆری هێنایە سنورو لای ماکۆ (مادکێو - مادکۆ) و ئەو نێزیکانە، هەروا ناردی‌یە لای تورکی عوسمانیش تا بەری هێزی شێخ بگرن، جا شێخ کەوتە بن تەوژمی روسی تەزاری و تورکی عوسمانی و حوکومەتی تورکی قاجاری ئێران، تورکی عوسمانی شێخی گرت و لە تایەفی حیجاز دەست بەسەری کرد، تا لە ۱۸۸۳ هەر لەوێ وەفاتی کرد. دوکتۆر بلەچ شێرکۆ دەلێ: لە مەدینە وەفاتی کردووە.

□ جان: (گیان) پۆلا عەلی حاکمی کلس کە میرات بو بۆ خانەدانی جان پۆلا، دوای ئەوەی میر حوسەین برا گەورەکەی حاکمی میراتی کلس نەیویست بچێتە شەڕی ئێران، دوای تێشکانی تەورێز، چۆن ماندوببو لە شەڕ.

## زندگی

زندگی چیست خون دل خوردن    پشت دیـــــوار آرزو مــــردن

**شیخ سعید ابوالخیر فرمود:**

زندگی در صدف خویش گهر ساختن است
در شـــعله فـرورفتن و نگـداختـن است
معجز زنده دلان خواب پریشانی نیست
در همین خاک جهانی دیگری ساختن است

Dr.Saleh Ebrahimi



# ڕاپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیلا لە پلەو پایەییکی بەرزدا، خۆی نیشانەی زیاتر ئاگاداربوونی نەتەوەی کوردە لە مەیدانی کورد بوونو نەتەوایەتی و کوردایەتی دا، دیارە بەر لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیلاش هاوبیری و هاوکاری کۆمەڵایەتی لە نێو نەتەوەی کورد دا هەر هەبووە، بەڵام قسە ڕاستەوخۆکانی حەزرەتی شێخ کە دەیفەرمو: دەیەوێ کوردستانێکی سەر بە خۆ دامەزرێنێ و پێتەختیشی موسڵ بێ، ئەوی لە حوکومەتی بەر لە خۆی یانی کەسانێ وەک ئەمیر بەدرخان پاشای بۆتان (Bohtan) کە لە دەیەکانی ١٨٢٠ تا ١٨٤٠ بەسەر مەلبەندێکدا، بە پان و بەرینی باشوری خۆر هەڵاتی تورکیاو باکوری عێراق: (کوردستانی سەر بە تورکیاو کوردستانی سەر بە عێراق) فەرمانڕەوایی دەکرد. هەر لەگەڵ ئەو مەلبەندانە کە لە دوایی‌دا کەوتە بن فەرمانی شێخ عوبەیدیلا زۆری جیاوازی هەبوو[1].

ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیلا، وە (مجمع اتفاق: نیشتگەی یەکبوونی نەتەوەی کورد - The Kundish League) کە نیشانەی ڕابەرایەتی شێخە لە گرینگترین پلەی ڕابەرانی نەتەوەی کورددا کە بەداخەوە بە وەفات کردنی ئەو زاتە لە ساڵی ١٨٨٣ لە تایەفی حیجاز دوایی پێ هات.

سەرهەڵدانی شێخ عوبەیدیلا لە ئاخرو ئۆخری دەیەی ١٨٧٠ نیشانەی نەخشێ بەرچاوە کە ئەو لە کوردستاندا ئەنجامی داوە. ڕاپەڕینی ئەو زاتە لە لایەکی دیکەیشەوە زۆر گرینگ بووە، نیشانەی سەر هەڵدانی هێزێکی ڕامیاری تازەو نوێ بوو کە دەیویست کورد یەک بخاو ڕای پەڕێنێ. وە ئەم ڕاپەڕینە نەخشێ زۆر گرینگی بوو، لە پەرەدان بە ناسیۆنالیسمی کوردو ڕاپەڕینی ڕامیاری و ڕێکی و پێکیو تەکوزی سەر بە خۆ خوازانەی نەتەوەی کورد -١- لەو شوێنەی کە حوکومەتی شێخ عوبەیدیلا دارای ئامانجگەلێ نەتەوەیی بوو، وە حوکومەتی بەدرخان پاشا ئەوانەی نەبوو.

---

١- جا هەر لەبەر ئەوەیە کورد ساڵی ١٨٨٠ی زایینی و ١٢٩٧ی مانگی و ١٢٥٩ی هەتاوی و ٢٤٩٢ی کوردی بە ساڵی شێخی ناو دەبەن. (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



باش وایە بە هەندێ لەو جیاوازی‌یانەی وا لە نێوانیاندایە ئاماژە بکرێ:

١ـ لە هەمووان گرینگتر ناو و نیشانی ئەو دو کەسایەتییەن، عوبەیدیلا شێخ و پیری دەستگیر بووە، وە ئەمە خۆی ئەرک و ئەسپاردەی ئەو لە پلەی رابەری رێبازی نەخشی دا باش نیشان دەدا ـ٢ـ عوبەیدیلا لە پلەی شێخی تەنانەت لە مەلبەندێک کە لە بن فەرمانی سەرۆک هۆزەکانیشدا بوون، بە دەستەلات بوو، باری لەباری شێخ عوبەیدیلا لە پلەی شێخایەتی دا دەرەتانی پێ دەدا تا بێژەو واژەو قسەگەلێ ئایینی پـڕوتەژی لە رەمـزو راز و بـەلێنی مـەسیحایی لە ئـامانجگەلی نـەتەوایـەتی‌دا بگونجێنێ و بیان خونجێنێ، وە بە نەتەوەی کوردی رابگەیێنێ ـ٣ـ ئەمە شتێک بوو کە لە ئەمیر بەدرخان بەگ کە تاکێ بوو نارۆحانی نەدەوەشاوە، باوەکو رابەر یـا میری تاقمێ زۆر لە یەکیەتی هۆزەواری بوو. هەندێ لە مرۆڤە نیشتمانی‌یەکانی کورد، لەسەر ئەم بیرو باوەڕەن کە دوای تێ‌شکانی تورکی عوسمانی لە ١٩٣٩ی زایینی، بە دەستی ئیبراهیم پاشا، کوڕی محەمەد عەلی پاشای میسر، بـەدرخـان پاشا کەوتە بیری دامەزراندنی کوردستانێکی سەر بە خۆ. بەلام شتێ کە پێشینەی مێژویی ئەم بیرو باوەڕەمان بۆ دەر بخا، بە دەستەوە نیە.

٣ـ شتێ کە بەدرخان بەگ دەیویست (خودموختارێکی زیـاتر بـوو) کـە لە بـن چاوەدێری و حوکمی دەوڵەتی عوسمانی دا بێ ـ٤ـ دوریش نـیە بـە هـێزبوونی بەدرخان بەگ و جەنگەکانی ئەو لەگەڵ مەسیحیانی نەستوری دا لە سـاڵەکـانی ١٨٤٣ و ١٨٤٦ دا تورکی عوسمانی وادار کرد بێ تا زیاتر لە جاران دەست لە کارو باری کوردستان وەر بدا. ئەوەیش بوبێتە هۆ تا کـورد بـەری ئـەو جـۆرە دەست درێژی‌یە بگرن، گرینگترین جـیایی و جـیاوازی نـێوان مـەبەست و تـێ‌ڕوانـی نیشتمانی‌و نەتەوەیی شێخ عوبەیدیلای نەهری و بەدرخان پاشا کە بـە شـێوەی سوننەتی بیری دەکردەوەو مەبەستی (خودموختاری) بوو، هەدەفێ بوو کە شێخ زۆر بە راشکاوی رای‌دەگەیاند، وە ئەوەیش دامەزراندنی کوردستانی سەر بە خۆ بوو، شێخ لە ژوئییەی ١٨٨٠ ئەم نامەی بۆ کلیتۆن (Cavton) جێ‌نشینی کۆنسولی ئینگلیس لە (باش قەلا) نووسی:

نەتەوەی کورد نەتەوەیەکە جیا، رێباز و مەزهەبیشیان لەگەڵ هی دیکە (یانی تورک و عەرەب و فارس) جیایە، داب و دەستور و رێ و شوێنیشیان جیایە... (ئەو دو نەتەوە: فارس و تورک) لە نێو هەمو نەتەوەکاندا بە خراپە و فیتنە و فـەساد و

دەست درێژکاری ناودارن، سەرۆک و حاکمانی کوردو کوردستان چ ئەوانەی وا لە بن دەست فارسان و چ ئەوانەی لە بن فەرمانی تورکی عوسمانی دان و چ ئەو مەسیحیانەی وا لە کوردەواریدا نیشتەجێن، هەموو یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە ئەم دو دەولەتە ئیتر ناتوانن بەو شێوە خۆ بەسەر کورد و کوردستاندا داسەپێنن و ئەبێ کارێ بکرێ تا دەولەتە ئوروپایەکان لەم بارە نالەبارە بگەن، وەبیر لە کاروباری ئێمەی کورد بکەنەوە، ئێمە دەمانەوێ کارو باری خۆمان بەدەست خۆمان بێ، دەنا هەمو خەلکی کوردەواری خۆیان بە زۆر کارو باری کوردستان دەگرنە دەست، چونکە ئیتر خەلک ناتوانن لەوە زیاتر زولمو زۆروێژی و ملهوڕی ئەم دوو حوکومەتە: قاجار و تورکی عوسمانی قەبول بکەن -٥- بێجگە لە قسەکانی شێخ کە ئارەزوی دەرونی ئەو بۆ سەربە خۆیی کوردستان بەیان دەکا، کۆنسولی بەریتانیایش لەو مەلبەندەدا لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە شێخ «بۆ یەکبوونی هەموو نەتەوەی کورد، لە نیشتمانێکی سەر بە خۆدا بەرابەرایەتی خۆی نەخشەیێ چڕو پڕی هەبوو...» وادی جوێدە (Wadie jwaideh) ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیلا بە ڕاپەڕینێکی نوێ لە رابەرایەتی لە نێو کورد دادەنێ: «شێخ یەکەمین، وە هەروا دەگونجێ گەورەترین رابەری دینی و دنیایی کوردستان بێ» -٦- هەر ئەم شێخ بوونەی کەسایەتی و نفوز و شکۆ و قەدر و ڕێز و حورمەتی زۆری بەو داوە، چونکە شێخ بون لە نێو بەرەی موسلمانان دا ئاوەها ڕێز و نفوزێ بە مرۆڤ دەدا، یەک شێخ کاتێ بەو پلە گەیشت لە پلەی رابەری کردن، ڕێنوێنی و ئیرشادی خەلک، وە بە نێو عەبدی خوا خۆی لە خەلکی دیکە باشتر نیشان دەدا، یەک شێخ سەرەڕای ڤیداسەت و خوو ئەخلاق و ئاکاری بەرزو تەرز ئەبو بە لێهاتویی و کەسایەتی خۆی، وەک مورشید و پیرێکی دەست گیر، دەستی خەلک بگرێ و گیرو گرفتی مەعنەوی و ئەنبوژەنی، وە لە کێشمەکێش، وە کەندو کۆسپ لە زولم و زۆر رزگاریان بکاو بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی ژیان لە هەر بارو بابەتێکەوە یارو یاوەری خەلک بێ، ناودار بوون، ڕێزدار بوونی شێخ لە بابەت باو باپیرانیەوە، ژیری، زیرەکی، وشیاری، وە نفوزی مەعنەوی یەوە شێخی بردبووە دوندی بەرزی و ڕێز و حورمەت و قسەرەوا بوونەوە، بەتایبەت کە شێخ عوبەیدیلای نەهری بە

Dr.Saleh Ebrahimi



چەند پشت دەچێتەوە سەر حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی[1]، پیری دەستگیری ناوداری کورد کە لە سەتەی سیانزدەهەمدا دەژیا.

بە تایبەت نەخشی شێخ لە پلەو پایەی پیری دەستگیردا کە بووەتە هۆی قەدرو حورمەت و دەسەلات و نفوزی ئەو، زۆرێ لە مریدانی بە تایبەت نەخوێندەوارەکانیان وایان لێ دێ کە شێخ بە رزگاریدەری خۆیان بزانن و چاوەڕوان دەبن کە شێخ لە ژیاندا لە هەر بارو بابەتێکەوە یارمەتی یان بداو فریایان بکەوێ، بە تایبەت لە کاتی لێقەومان و کەندو کۆسپ و قاتی و قڕی و هەژاری و نەداری و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و شەڕو شۆڕدا، ئەو چاوەڕوانیانەیان لە پیری دەستگیری خۆیان زیاتر و زیاتر دەبێ. پڕ هێز بوونی دەسەڵاتی مەلیک غازی، شێخ عوبەیدیلای نەهری لە ئاخری دەیەکانی ۱۸۷۰ بە دەست هاتووە. راپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانیش لە سەرەتای دەیەکانی ۱۹۲۰ لە بارو دۆخێکی وا دا روی داوە کە شێخ لە ڕێگای کەشف و کەرامەتەوە دەتوانێ موعجیزەو کشگێری بکا، وە دوای مردنی شێخیش ئەو کەرامەتە هەر بەردەوامە، ئەو جۆرە بیرو باوەڕانە بووەتە هۆ بۆ ئەوە گڵکۆی شێخ دوای وەفاتیش زیارەتگە بێ و خەڵک بچن زیارەتی بکەن و بۆ نیازی دڵ چل دانەیشی لەسەر بگرنەوە، شێخەکان هەروا کاروباری وەکو پزیشکی داو دەرمان کردن، رەوان پزیشکی، کارو باری ماف و حوقوقزانی، دیفاع لە ماف خوراوان، کارو باری شەرعی و دینی و تەریقەت و شەریعەت و حەقیقەت و ئیمامەت و دوعانووسی و پاڕانەوە لای خوا بۆ مریدان و مەنسوبان و موسڵمانانیان بە ئەستۆ بووە.

شێخ یا خاندانی شێخ لە ڕێگای پشتیوانی کردن و دیفاع لە مەزڵومان و ستەم لێکراوان و چینی چەوساوەی جوتێرو وەرزێر، دەبێ خۆ بباتە نێو دڵ و دەرونی ئەوانەو لە و ڕێگایەوە خۆشیرین و خۆشەویست بکاو هێز و وزە پەیدا بکا و بێتە سەر دارو سەروەر، ئەمە تەنیا ڕێگایەک بووە بۆ دەسەلات بە دەست هێنان بۆ شێخان.

---

۱- شێخ عەبدولقادر محیەدین بن ئەبی سالح خەڵکی گیلانی لای کرماشان - وەکوردەو لە (۴۷۱ـ۵۶۰) مانگی لە دایک بووەو وەفاتی کردووەو کوردە، بڕوانە پەڕەی ۶۰۵ ئێرانشار بەرگی یەکەم چاپی ساڵی ۱۳۴۲ی هەتاوی و ۱۹۶۳ی زایینی چاپخانەی دانیشگا، نەشریەی ژمارەی ۲۲ کومیسیونی میللی یۆنسکۆ لە ئێراندا - میرانی سۆران، نووسراوی حوسەین حوزنی موکریانی - پەڕەی ۴۴۲ و ۴۴۳ کوردو کوردستان. وەنیکیتین. (شەپۆل)

مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین لەو ڕێگایەوە هێز و دەسەلاتێ زۆری بە دەستهێناکە زۆرێ لە سەرۆک هۆزەکانی نێو کوردەواری چ لە ڕێگای ژن و ژن خوازی یا مریدی بوون، پەیرەوی یان لێدەکردو لە خزمەتی دا بوون و گوێ بە فەرمانی ئەو بوون. -٧- هەندێ لە گەورەترین سەرۆک هۆزەکانی سەردەمی خۆی، بە حەزرەتی شێخ ناویان دەبردو قسەیان لەگەڵ دەکردو تاقمێ زۆریش ئەویان بە (واجب الاطاعەو بە اولی الامر) دەزانی[1]. یەک شێخ لە ڕێگای ژن هێنان لە کچانی بنەماڵە پڕ هێز و ناودارەکانی سەرۆکە کوردەکان لە گوندەکان هێزو دەسەلاتی خۆیان زیادو زیاتر دەکرد. دیارە ژن هێنانی شێخ لەو بنەماڵانە کاتێ ئەنجام دەدرا کە شێخ داراو ساماندار بیوو. چون بە دەست هێنانی دارایی و پوڵ و دراو بۆ شێخ لەباری ئابوورییەوە زۆر پێداویست بوو، چونکە شێخ دەبێ خەرجی خانەقا و میوانداری بە جوانی بەڕێوە بباو هەمیشە سفرەو نان و خوانی رازاوە بوایێ و بی توانیایێ دڵی مرید و مەنسوب و میوان و گەل و گێلانی بە دلخواز را بگرتبایێ و لەو ڕێگاوە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشایێ و هەمیشە دەورو بەری لە خەڵک هەر جمەی بهاتبایێ و پێوەندیان بە شێخەوە پتەو بکردایێ.

شێخەکان سەرەڕای ئەو دارایی و دراوەی کە مریدان و مەنسوبان بە دیاری بۆیان دەبردن یا لە ڕێگای ژن هێنانەوە بۆیان دەهات، لە سامانی مولکو مالی مەوقوفەی مزگەوت و تەکیەو خانەقا و فێرگە و شتی وایش کە خۆیان بە سەریاندا رادەگەیشتن کەڵکیان لەوانەش وەردەگرت، قانونی زەوی و زار کە لە لایەن تورکی عوسمانی لە ساڵی ١٨٥٨ دانرا خۆی بووە هۆی زیادبوونی سامان و دارایی شێخەکان کە موچەو مەزرا و زەوییەکی زۆریان لە دەست دابوو -٨- ئاغاکان: «زەوی دارە گەورەکان» وە سەرۆکەکانی هۆزەواری نێو کوردەواری، کار بە دەستانی دەوڵەت، بازرگانەکانی ساماندار، وە شێخەکان لە بەر پلەو پایەیەک کە دوای پرش و بلاوبوونی میرنشینەکانی کوردەواری لە ساڵەکانی ١٨٣٠و ١٨٤٠ لە

---

١- جا هەر لەبەر ئەوەیە کە هەستیاری کورد مام هەژاری موکریانی دەڵێ:

کە سەردەستەی هەموو مەستانە خالید    ئەمامی باقی کوردستانە خالید

بە عەبدوڵلاهو تاها پیری شەمزین    لە داوای دیندا نەماندوبون، نەشەمزین

شەمی دڵ بون و زەینی مەحفەلی دین    ئەی وەتەن هەر شاد بی تۆو دو کوڕت دین

سیلسیلەی نەخشبەندی، پەڕەی ٣١ تا ٤٠ چاپی ١٣٦٩ - انتشارات صلاح الدین ایوبی لە شاری ورمێ. (شەپۆل)

خاکی کوردستان بە دەستیان هێنا بوو، کەڵکێ زۆریان لە قانوی ئاوو خاکی ئەوێ وەرگرت، بەخشینی خاک و ئاو بە شێخەکان و سەرۆک هۆزەکان، دوا بە دوای ساڵی ١٨٥٨ بە مەبەستی رامیاری بوو، تا لەو رێگایەوە بتوانن هێزی خۆیان کۆ بکەنەوەو دەوڵەتی تورکی وەسمانی خۆی قەوی و پتەو بکا، لە ئاناتۆلی خۆرهەڵاتی و ئێراق، هەروایش بوو، لە نیو سەتەی ئاخری سەتەی نۆزدەهەم کەڵکی لێوەرگرت.

داپلۆسین و لە نێو بردنی میرنشینە نیوە سەر بەخۆکانی نێوکوردەواری بە هۆی تورکی عوسمانی، بە تایبەت لە خولی پاشایی مەحمودی دووەم (١٨٠٨-١٨٣٩ز) رێگای بۆ سەر هەڵدان و راپەرینی جەزرەتی مەلیک غازی: شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین بە نێوی رابەری نیشتمانی نەتەوەی کورد، خۆشکرد. بە لە نێوچوونی میرە کوردەکان ئالۆزی و بێ سەرو بەری گەیشتە رادەیەک، وردە خاوەن مولکەکان کە لە دەست ئەمیرە خاوەن دەسەڵاتەکان ئازاد ببوون، لە نێو خۆیاندا کردبوویانە قەرەپشی و کێشمەکێش، دەوڵەتی تورکی عوسمانی لەو نێوەدا هیچی لە دەست نەدەهات و دەست بە ئەژنۆ بوو، وە لە ئاناتۆلی غەربی و سەرزەوی‌یەکانی ئوروپایی و عەرەبی توشی کەندو کۆسپ و قورتێ زل هاتبوو سەری لێشیوا بوو، فشارو زۆرهێنانی رۆژ بە رۆژی وڵاتەکانی ئوروپایی، هەستی بە بۆشایی‌یەک دەکرد کە بە تیاچونی میرە کوردەکان، وە نەبوونیان لە شانۆی رامیاریدا بە جۆرێ کە تورکی عوسمانی کزو کەنەفت و کەلەلاخستبوو، جا لەبەر ئەوە باری رامیاری و سیاسی‌و ئایینی و مەزهەبی هەر دوو پێکەوە بوونە هۆ بۆ بە هێز بوونی شێخەکان، وە گیرهێنانی دەسەڵات. وادی جویدە(Wadie Jwaiden) دەڵێ: «سەرهەڵدان و راپەرینی شێخەکان بە نێوی رابەری نیشتمانی لە کوردەواریدا تەنیا لەبەر رێزدار بونێک نەبوو کە بە هۆی پلەی پیری دەستگیر بوون، خۆیان لەوەکەڵکیان وەرگرتبێ، بەڵکو بەم واتایەشە کە دوای بنە بڕ بوونی ئەمیرە گەورەکانی کورد، لە کەسایەتی‌یە غەیرە ناڕۆحانی‌یەکان کەسێ نەبوو کە لە نێو خەڵک دا رێز و نفوزی کافی هەبێ. ئەوە کە وا سەهل و ئاسان نەتەوەی کورد، رابەری شێخەکانیان وەرگرت خۆی نیشانەی ئەوەیش بوو کە نەتەوەی کورد بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی‌یەک کە لە نەبوونی ئەمیرە گەورەکانی کورد هەستیان پێ دەکرد -٩- زۆر بە خۆشی و شادی‌یەوە رابەری شێخیان وەرگرت و

چونە پێشوازی ئەو پێشەوا ژیرو پیرە دەستگیرە. نەبوونی کەسایەتێکی گەورە لە روانگای نەتەوەی کورد، بێگومان شتێ سەیر و ناژیرانە دەی‌نواند.

تێ‌روانین لەباری کۆمەڵ ناسیشەوە، خۆی دەبێتە هۆی نەتیژە گرتنێک کە لەت و پەت بوونی ئەمیرنشینە گەورەکان، کە بوونە وردە خاوەن مولک و موچەو مەزرای وردە پردە، ئەمەیش خۆی بووە هۆی رێگا خۆش کردن بۆ ئەوەی شێخ عوبەیدیلا مەلیک غازی، دەسەلات و حوکومەت بگرێتە دەست.

هەروەک وان برۆئین سێن (Van Bruine ssen) دەڵێ: بۆ ماوەی کەمتر یا زیاتر لە سی ساڵ دوای تیاچوونی ئەماراتی کورد (١٨٤٧-١٨٨٠) نەتەوەی کورد چ لە نێو سنوری تورکی عوسمانی یا لە نێو خۆیاندا کەمتر لە یەکتر نێزیک دەبوونەوە، کەمتر توانیان بەرەو دامەزراندنی حوکومەتی تایبەت بە نەتەوەی کورد برۆنە پێشەوە، بە باوەڕی ئەو هەڵوەشاندنەوەی ئەمیر نشینەکان بە واتای حوکومەتی راستەوخۆ زیاتر نەبوو، وە لە بابەت پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی بۆ دامەزراندنی حوکومەتێکی بیلقوە هنگاوێ بەرەو دوا بوو، «مەبەستی ئەو لە حوکومەتی راستەوخۆ بەشداری کردنی زیاتری خەڵکە لە حوکومەتدا» ئارەزو بە حوکومەتی قەبیلەیی بە هێزتر لەوە بوو کە ئاوەها شتێک بێنێتە گۆڕ. بەلام بە بڕوای من هەر ئەم نەبوونی حوکومەتی راستەوخۆیە، لە لایەن ئەمیرەکان و دوا بە دوای تێکچوونی ئەمارەتەکان، بوونە هۆ تا راپەڕینی سەر بە خۆخوازانەی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری کە ببووە هۆی راکێشانی ئەو خەڵکەی وا باوەڕی بە رێبازی (تەریقەت) هەبوو، تێ بگاو پێ بگاو-١٠- بە راپەڕینی شێخەوە بلکێ. دەوڵەتی تورکی عوسمانی لە تەواوی سەتەی نۆزدەهەم دا سیاست و رامیارییێکی رەچاو کرد بوو کە باری نادینی‌یەکەی رۆژ بۆ رۆژ لە زیادی بوو. وە ئەو سیاسەتەش جێ‌نشینەکەی یانی کۆماری تورکیایش لە تەواوی سەتەی بیستەم دا پێیدا رۆیی، بێجگە لە نۆزدە بیست ساڵێک کە مەحمودی دووم (٨٧٦-١٩٠٩) رچاوی کردبوو، جا هەر ئەو سیاسەتە بوو کە ئەو جۆرە ناسیونالیسمە بوو کە مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا رابەرایەتی دەکرد، وە ئەم تایبەتی‌یە لە شێخ عوبەیدیلاوە تا شێخ سەعیدی پیران[1] بەردەوام و بە دەسەلات بوو، ئەوانیش

---

١- مێژو چوار پلەی بۆ راپەڕین و بزاوتنی کورد تێو بردوە:

Dr.Saleh Ebrahimi



پەروەردەیان کردو پیان گەیاند. هەرچەندە داپلۆسین و لە نێو بردنی ئەمیر نشینەکان عاقیبەت وە نەتیژەی ئەو بوو کە رچەی بۆ سەرهەڵدان و راپەڕین و رابەرایەتی رامیاری بۆ شێخەکان خۆش کرد، بەڵام هەموو ئەوانە لە سوێنگەی جەنگی روس و تورکی عوسمانی (١٨٧٧ـ١٨٨٨) بوو، کە هاتنە نێو نێوانو شێخ عوبەیدیلای بزاوت تا بەرنامەی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بە راشکاوی رابگەینێ. شەر، ماڵوێرانی، قات و قڕی، ترس و هەڵات هەڵات، نەخۆشی، ناخۆشی، دەستدرێژی، رێ گری، چەتەیی، بێ نان و ئاوی، دەر بەدەری و ئاوارەیی ساز دابوو، خەڵک و کوردی نیشتەجێی وڵاتی رۆژهەڵاتی ئیمپەراتوری توشی کەند و کۆسب و هەژاری و نەداری و نەخۆشی و ئاوارەیی کرد، وە هەزاران گیرو گرفتی تری توش خەڵک کردبوو. شتێ کە بووە هۆ کە مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا لە راگەیاندنی سەر بە خۆیی کوردستان لەز و تاڵوکە بکا، پەیمانی (بێرلەن) بوو کە لە ١٣ی ژانویەی ١٨٧٨ دوا بە دوای جەنگی روس و عوسمانی مۆر کرا. مادەی ١٦ی ئەو پەیمانە دەی وت کە بابی عالی بەڵێن دەدا «ئیسلاحاتێک بە پێی هەل و مەرجی مەحەلل لە وڵاتی ئەرمەنی نیشن دا ئەنجام بدرێ و ئەرمەنی یەکان لە راست چرکەسی و کوردەکاندا بپارێزرێن و لە ئەمان دا رابگیردرێن.» -١١- قەراریش وابوو هێزەکانی ئوروپایی لە جێ بەجێ کردنی ئەوانە چاوەدێری لەسەر بکەن. جووەیدە (Jwiden) دەڵێ: «مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری لە ترسی ئەوەی مەبادا ئەرمەنی باڵ بەسەر کوردستان دابکێشێ، تێکۆشا تا نەتەوەی کورد یەک بخاو یەکیەتی لە نێویاندا ساز بدا.» -١٢- لە ئاناتۆلی خۆرهەڵاتی دا بە گەرمە قسەیان لەوە دەکرد کە هەر کاتێ حوکومەت و وڵاتێکی ئەرمەنی دامەزرێ ئەو دەوڵەتە، هەر لەو مەڵبەندە یا داگری بەشێ لەو مەڵبەندە دەبێ، کە حوکومەتی وڵاتی نەتەوەی کورد لەوێدا دادەمەزرێ. دەڵێن:

---

١ـ راپەڕین لە بن فەرمانی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین و مجمع اتفاق کورد» The Kundish league نیشنگەی یەکبونی نەتەوەی کورد کە نیشاندەری سەرهەڵدانی شێخە لە پلەی رابەری نەتەوەی کورد کە بە وەفات کردی ئەو زاتە لە ١٨٨٣ ز لە تایەفی حیجاز دوایی پێ هات.

٢ـ نەخشی سوارەی حەمیدیە کە کوردی چەکداربون لە دامەزراندی یەوە تا ساڵی ١٨٩١ ز و دەس پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی.

٣ـ روداوەکانی جەنگی یەکەمی تا پەیمانی سێوێر (١٠ ئوتی ١٩٢٠ز).

٤ـ شوێن دانانی جەنگی یەکەمی لەسەر راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران. پەرەی ١٩ کتێبی راپەڕینی شێخ سەعید تەرجەمەی برایمخانی یونسی، چاپی ١٣٧٧.

Dr.Saleh Ebrahimi



مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا کاتێ لە واتای مادە - ١٦ - ئاگادار بوو، فەرموی: «چ دەبیسم؟ یانی ئەرمەنی یەکان دەیانەوێ ولاتێ، وە دەولەتێ سەربەخۆ لە (وان) دامەزرێنن و نەستوری یەکان ئالای ئینگلیس بچەقێنن و خۆیان بە تەبەعەی ئینگلیس بژمێرن! من قەت ئیجازە بە شتێ وا نادەم، هەرچەند مەجبور بم کچان و ژنان چەکدار بکەم[1] -١٣-لەوکاتە بە دواوە شێخ عوبەیدیلا زۆر بە توندی لێبڕا کە نەیەڵێ حوکومەتی ئەرمەنی دامەزرێندرێ، بەلکو خۆی دەولەتێکی کوردی ساز بدا، ئەوە کە وتبووی: ژنان چەکدار دەکا، نیشانەی سوربوونی ئەو بو، بۆ سەر بە خۆی نەتەوەی کورد، وە هەر ئەویش بوو رابەری بەڕاستی نەتەوەی کورد، لەو سەردەمەدا-چونی کۆنسۆلی بەریتانیا بۆ کوردستان کە دەبوو «کونوانسیونی یەکیەتی بەرگری» لە چوارەمی ژوئنی ١٨٧٨ بۆ ئەنجام دانی ئیسلاحات، چاوە دیری بکا. ترسی کوردی لەو بارو باتەوە زیاتر کرد، دیارە ئەو ترسەش بێ جێ نەبووە، هاو رۆژگاران، وە لە راستیدا خودی کونسولەکان باوەڕیان وابوو کە ئەو کارە «سەرەتای دەورانی بن دەستی ئاسیای گچکە ئەبێ.» کونسولەکان بۆ مەسیحیانی بن زوڵم و ستەمی خۆرهەلاتی تورکیا «وەک چرای هەویا بوون، دلیان خۆشبوو کە دادگەری لەوێدا بهێننە دی. -١٤- جا هەر لەبەر ئەمە بووە کە حاجی قادری کۆیی فەرمویەتی:

خاکی جزیرو بۆتانان، یەعنی ولاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان[2]

مەلێک غازی شێخ عوبەیدیلا بۆ دیفاع و بەرگری کردن لەوکارانە کە لەوانە بوو سەربەخۆیی بۆ ئەرمەنی و نەستوری یەکان دابین بکەن، دەستی دایە یەک ئیستیراتیژی پێچیدەو حیساو کراو کە بووە هۆی دانانی «نیشتگەی یەکیەتی نەتەوەی کورد» کە لە راستیدا یەکەمین یەکیەتی کورد بوو. جووەیدە Jwaiden باوەڕی وایە کە یەکێ لە هۆی سەرکەوتنی ئەو «نیشتگە» تەمەن کورتە، ئەوە بو کە لەبەر راوەستانی لە راست ئیسلاحاتێ کە سەر زەوی یەکی زۆرتر لە کیس عوسمانی بچێ. دەولەتی عوسمانی پشتیوانی لەوەکرد، لە ئیسلاحاتی بەرو دا بە

---

١- (ژن و کچی کورد لە کاتی تەنگانە داشان بە شانی پیاوی کورد بۆ دیفاع لە خۆیان چەکیان هەلگرتووە.)
٢- دیوانی حاجی قادر، پەڕەی ٨٥ چاپی ١٩٨٦.

Dr.Saleh Ebrahimi



درێژایی سەتەی نۆزدەهەم زۆریّ لە هێز و دەسەلاتی عوسمانی لە بالکان لە دەستی چوو بوو، هەروەک پەیمانی بێرلەن، وە کونوانسیونی قبرس نیشانی دەدا، لە میسر یشدا کاریّ وا هاتبووە پێشەوە، ئەرمەنی یەکان باوەڕیان وابوو کە ئامانجی «نیشتگەی یەکیەتی نەتەوەی کورد» ئەمە بوو کە هێنانە پێشەوەی مەسەلەی کورد، مەسەلەی ئەرمەنستان لە برەو بخەن و بیّ نمودی بکەن. -١٥- تەنانەت راپەڕینێک کە لە سالی ١٨٧٩ بە دژی دەولەت روی دا، نەبووە مانیع تا دەولەتی عوسمانی لە تێکۆشانی شێخ عوبەیدیلاو «نیشتگەی یەکیەتی نەتەوەی کورد». چـونکە شـێخ عوبەیدیلاو هێزە چەکدارەکانی کە لە «جیهادی» عوسمانی بە دژی روس نەخشیّ وا بەرچاویان نەبوو، کەچی چەکی مارتینی کە دەولەتی عوسمانی بۆ جـیهاد لە تەک روسا بەوانی دابوو، هێمان لە شانیاندا بوو. عوسمانی یەکان لایـان وابـوو، جارێکی دیکەش ئەتوانن لە کورد بە تەواوی کەلک وەربگرن.

لە سالی ١٨٨٠ مەلێک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری بۆ پەرەدان بە مەودای فەرمانڕەوایی خۆی بە گژ حوکومەتی قاجار دا چو لە ئێران، کە ئەو مەلبەنەیش کە شـێخ پـەلاماری دان هـەموو کـوردنشین بـوون. کـە شـێخ گـرتی، هـەرچـەندە عوسانی یەکان بە روالەت لە «نیشتگەی یەکیەتی نەتەوەی کورد The kundish league» پشتیوانی یان دەکرد، دوریش نەبوو کە شێخ دەیویست کاتیّ لە کوردستانی بەشی ئێران ریشە داکوتیّ، ئەو جار روو بکاتە کوردستانی بەشی تورکی عوسمانی. بەلام بە هۆی خەیانەتی روس بە کورد و شەڕەخۆری خەلکی رەمەکی کورد، وە بـیّ مەیلی بەریتانیا سەبارەت بە کوردستانی سەربەخۆوە هەروا ناکۆکی سەرۆک هۆزە کوردەکان و خۆفرۆشی قاسمی قازی وگولاوی ئاغای دیبوکری و هەندیّ لە ئاغاو مالیکەکانی کوردەواری، باوەکو سابلاغ (مەهاباد)یشیان گرتبوو، حوکومەتیشیان دامەزراند، بەلام خۆیان پیّ رانەگیراو ناچار بەرەو نێو چـیا گـەڕانـەوەو لەوێش تورکی عوسمانی بە دژی راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری وەستا. ئەویش دەگونجیّ لەبەر ئەم دو بەلگە بووبیّ:

١- تورکی عوسمانی لەو بارەوە لە لایەن هەمو ئوروپایانەوە زۆری بۆ هات.

٢- تورک تیّ گەیی کە پشتیوانی کردن لە ناسیونالیسمی کورد ئەبێتە هۆی ئەوەی نەتەوەی کوردیان لە دەس دەربچیّ. تورکی عوسمانی شێخ عوبەیدیلایان بە دیلی گرت و لە ژوئیەی ١٨٨١ بردیانە شاری ئەستەمبول، مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا

Dr.Saleh Ebrahimi



پاش ماوەیەک خۆی لە دەست تورکی عوسمانی رزگار کرد و خۆی گەیاندەوە نێو چیاو نەهری، ئەو شارەی کە لەوێ لە دایک ببوو. بەلام هێزە ئوروپایەکان کە هەروا لە کارو ئاکاری شێخ کە سەبارەت بە نەستوری یەکان کردبووی تورە و جنگز و قەلس بوون، زۆریان بۆ بابی عالی هێنا تا هێزێک بنێریتە شەڕ کردن لەگەڵ ئەو. لە ئاکامدا شێخیان بە دیل گرت و دووریان خستەوە بۆ حیجاز و لە تایف لە ساڵی ١٨٨٣ی زایینی وەفاتی کرد. -١۶- ڕاپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین لە ئێران بۆ یەکیەتی کورد و ساز دانی کوردستانی سەر بە خۆ باری نێو گەلانی بە مەسەلەی کورد دا کە زل هێزەکانی ئەو رۆژەگارە، روی خۆشیان بە نەتەوەی کورد و ڕاپەڕینەکەی نیشان نەدا، لە دوایشدا لەو بارو بابەتەوە کۆششێکی زۆر کرا، هێمان زل هێزەکان بەڵێنی پشتیوانی کردنیان بە نەتەوەی کورد نەدا. روسیە نەیدەویست ئەو مەڵبەندانەی وا بە پێی پەیمانی بێرلەن لە خۆرهەلاتی تورکیا بە دەستی هێنا بوو، مەڵبەندێ زۆر پەرەدار لەو خاک و ئاوە کە کوردنشین بوون، هەروا بە فیرۆ لە دەستی بدا. (مەبەست بەشی کوردنشینی لاچین، گولبجار، ئاخکەندی، قورن و قەرەباغ و بەشێ لە ئەرمەنستان، ئازەربایجان و ئوزبەکستان و ئێرەوان و ... کە پڕ و تەژی بوون لە کورد)، بە تایبەت روسیە نەیدەویست ولات و دەولەتێکی کوردی بەو شێوەو لەسەر رچەو رێبازی نەخشبەندی لە جیرانەتی سنورەکانی قەوقاز دامەزرێ و ساز بدرێ. روسیە لە دەیەکانی ١٨٣٠ دا لەگەڵ ڕاپەڕینی (شێخ شامیل) توشی کەندوکۆسپێکی زل ببوو و زۆر بە زەحمەتێ زۆر ئەوی لە نێو بردبوو. بەریتانیاش لەو رووەوە دەویست لەو سوێنگەوە نەکەڵ و مەرجێ پێش بێ کە ئێران لە روس نێزیک‌تر بکاتەوە. ئەوە خۆی سیاسەتی ئیستیعماری ئەوی لە ئاسیای باشوری خوراوا دا زیاتر دەخستە پێچەڵە پوچەوە. تەنیا هێزێ زل کە لەو نێوەدا بە رواڵەت دەیویست لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدیلای نەهری پشتیوانی بکا ئیمپراتوری تورکی عوسمانی بوو کە دەیویست لە «نیشتگەی یەکیەتی نەتەوەی کورد» لە راست ئیسلاحات لە راستیدا بە دژی هێزی ئوروپایی، بە تایبەت روسیەو بەریتانیا کەلک وەربگرێ، هەروا دەیویست بە یارمەتی نەتەوەی کورد، ڕاپەڕینی سەر بە خۆ ویستانەی ئەرمەنی یەکان لە برەو بخاو بێ‌نمودی بکا.

هەروا دەبێ بزانین دوریش نەبووە کە دەوڵەتی عوسمانی ویستبێتی تا لەو

Dr.Saleh Ebrahimi



ریگایەوە مەلبەندە سوونی‌نشینەکانی کوردستانی بەشی ئیران، وە هەروەها هەریمە ئازەری زوانەکانی بەشی ئیران بخاتە بن چرنوکی تیژی خوی و ئەو زەرەرو زیانانەی وا لە ئورپا توشی ببوو قەرەبوویان بکاتەوە.

بە دوایی پی هاتنی پلەی یەکەمی[1] راپەرینی نەتەوەی کورد، هەروەک لە پەیمانی بیرلەن بە ئاشکرا قسەی لیکرا بوو دوپاتەشی لەسەر کرابوو، هەمو هیزە ئوروپایەکان بە تیکرا دژی راپەرینی سەر بە خو خوازانەی نەتەوەی کورد بوون. سەرەرای ئەوانەش هەروەکو رابوردو بەریتانیای گەورەو روسیەی تەزاری لە دژایەتی کردن لەگەل ئەو راپەرینە بەلگەی تایەت بە خویان هەبوو. تەنیا ئیمپراتوری تورکی عوسمانی بو کە بە روالەت دەیویست لە راپەرینی سەر بە خو خوازانەی نەتەوەی کورد کومەگ بکاو بەلگەیشی بو تاشی بوو، بەلام ئەویش لە راستیدا نەی‌دەویست نیشتمان وە دەولەتی سەر بە خوی کوردی بەدی بی و ساز بدری.

میژو دەلی: دامەزراندنی حەمیدیە: (سوارەی چەک بە دەستی کورد کە پلەی دوەمی ناسیونالیسمی کوردی نیشان داوە) دوای ناکامی راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری، عەبدولحەمید ویستویەتی بە خەیال هوزە کوردەکان لە خوی نیزیک بکاتەوەو حەمیدیە لە ۱۸۹۱ دامەزرا. ۱ـ بو بەدەست هینانی ئیقتیداری مەرکەزی. ۲ـ بەدی‌هینانی تەعادولی کومەلایەتی و سیاسی لە کوردستاندا. ۳ـ کەلک وەرگرتن لە هیزی هوزەواری کورد بە دژی ئەرمەنی و نفوزی بەریتانیا لە ئاناتولی خورهەلاتی دا کە بەداخەوە هەر ئەوە بووە هوی دژ و دوژمنی کردن لە نیوان عەلەوی و هەرمکەکان و هوزی خالد بەگ جەبران، چون جەبرانەکان لە ۱۸۹۴ ئیبراهیم تەلو Talu یان کوشت کە ئەو قەتلە قەت لە بیر هوزی هەرمکەکان و بنەمالەی تەلو نەدەچووە، وە دوای ۱۲ سال دژ و دوژمنی دیسان زەینەل کوری ئیبراهیم تەلو بە دەستی خالد بەگ جەبران کوژراو هەر ئەوانە بوونە هوی دو دەستەکی کورد لە راپەرینی شیخ سەعیدی پیراندا، - بە دەستوری سولتان حەمیدی ۲ کە ۱۳ سال بو حوکومەتی دەکرد، کورد کوردی دەکوشت.[2]

---

۱- راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین.
۲- نوسەری کتیبی ئاغا، شیخ و دەولەت state) Auha, Shaikh and state) بە واتای دەولەت، نیشتمان، نەتەوە، حوکومەت. جا کە ولی دەتوانری بە: ئاغا، شیخ و حوکومەتیش واتا بکری - پەرەی ۱۸۳ کتیبی راپەرینی شیخ سەعیدی

Dr.Saleh Ebrahimi



وان بروئێن سێن دەنووسی: هیچ یەکێک لە رابەرانی جەدیدی کوردی، تێروانی شێخ عوبەیدیلای نەهری‌یان نەبوو. ئەم قسەش راستە، چونکە راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری تەمەرکوزی رابەری سیاسی و ئایینی و مەزهەبی لە زاتێکدا کە خودی شێخ بوو کۆکردبۆوە[1].

راپەڕینی هێرشی شێخ عوبەیدیلا بۆ گرتنی کوردستانی بن دەستی قاجاری ئێران، دور نەبوو هێزەکانی ولاتە ئوروپایی وە هەروا روسیەی تەزاری وادار بە دەست تێوەردان لەو مەڵبەندانە دا نەکا، وە ئەوە شتێ نەبوو کە عەبدولحەمیدی دوەم لەو سەردەمەدا داخوازی ئەوە بێ. ئەمە راستە کە راپەڕینی ساڵی ١٩٢٥یش لە کوردستانی بن دەستی تورکی عوسمانی بە رابەری شێخێک روی دا، بەلام ئەم راپەڕینە زۆر لەوەی کە شێخ عوبەیدیلا ئارەزوی بوو، یا داخوازی ئەوە بوو، وە بە بیر و رای نەتەوەییش تێکەلاو بووە، وە نەتەوە ویستانیش پشتیوانیان لێ دەکرد. بەر تەسکە ترە، مەودای نێوان راپەڕینی شێخ عوبەیدیلای نەهری و راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران دەورانی دەسەلاتی رابەرانی غەیرە مەزهەبی بوو، وە کەوتبووە نێوان پەردەیەکی پێداویست لە هەل و مەرجی هەڵدان وپەرەگرتنی ناسیونالیسمی نەتەوەی کورد. لە کوردستاندا شێخەکان لە نێو زۆربەی هۆزە کوردەکان مریدو مەنسوبیان هەبووە، بۆ وێنە شێخ عوبەیدیلاو شێخ سەعید هەر دوکیان مریدو مەنسوبیان لە کورمانج و زازادا[2] هەبووە، بە تایبەت ماڵە ساداتی کیرامی نەهری شاهانی شەمزین لە نێو کوردی ئێرانیشدا مرید و مەنسوبیان زۆر بوە، وە بۆ راپەڕین بۆکوردایەتی، وە دوی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری کەوتبوون.

□ کوردە خوێندەوارەکانی گەورە گەورەکانی کورد: ئەمین عەلی بەدرخان، شێخ عەبدولقادر ناودار بەغەوسێنی کوڕی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری، ژەنرال محەمەد شەریف پاشا، موشیر زولکیفل پاشاو... (جمعیت ترقی و تعالی کورد kurt terraki ve teavun cemiyeti یان دامەزراند، هەروەها شاخەی

---

١- (پەڕەی ٣٥و ٣٦ کتێبی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران. تەرجەمە بە فارسی ئیبراهیم خان یونسی، چاپی تاران ١٣٧٧ نوسراوی رابێرت ئۆلسۆن - شێخ سەعید کوری مەحمود کوری شێخ عەلی پاڵۆ، هنیس بو. (شەپۆل)

٢- زازا یا کوردی هەرێمی دەرسیم لە کوردستان کە زاراوەی زازا کە وەکو زاراوەی گۆرانە قسە دەکەن، زازا بە دونبولی یا دملیش ناو دەبرێن، زازایەکان بالابەرزو تێسک نەستورن، زاراوەی زازا داگری واژەی خەلکی سبورک، بجق، چرمق Germuq پاڵو Paluیە.

فەرهەنگیشیان پێک هێنا بە ناوی (جمعیت نشر معارف کرد) کـە Kurt Nesn maarif کۆوارێکیان بەناوی کوردستان بڵاو دەکردەوە کە ئیدامەی هەر ئەو کۆوارە بو کە (میقداد میدحەت بەدرخان لە ساڵی ۱۳۳۵ی مـانگی لە ۱۵ زیـقەعیدە لە قاهیرەی میسر بلاوی دەکردەوە[۱].

ئەو جەمعیەتە هەروا فێرگەیێ کیشیان بۆ کورد لە ئەستەمبوڵ دانا. لە ۱۹۰۸ سی هەزار زانین خوازی لێی بووە. یەک لەو زانین خوازانـە سـەعید کـورد: سـەعید نورسی Nursi بووە کە لە دوایی دا بووە ئەو عەللامە گەورە کە ئـێستا خـەڵکی موسڵمان لە ئەندۆنوزی‌یەوە بیگرە تاگشت وڵاتە موسڵمان‌نشینەکان و کوردستان شانازی بە زانین و فێرگەی ئەو دەکەن، ئـێستا فـێرگەی عـەللامەنورسی بـووەتە نوێنەری فەلسەفەی نورچولوگ.[۲]

□ دوا بەدوای مۆر کردنی پەیمانی تەرکی دژایەتی کردن لە نێوان موتەفیقین و عوسمانلی دا لە ۳۱ی ئوکتوبری ۱۹۱۸ جەمعییەتی تەرەقی و تـەعالی کـورد لە ۱۹۱۸ لە بن ناوی جەمعییەتی تەعالی کوردستان سەر لە نوێ بوژایەوە، ئەم کۆڕە بە راوەژوی پێشوی خۆی هەندێ لە ئەندامانی هۆزەواری لە خۆیدا جێ کردبۆوە. وان برون سین Van Bruine Ssen پێرستێ لە ئەندامانی کۆڕی داوە بە دەستەوە کە خۆی نیشانەی رێبازی ناسیونالیسمی کورد دوای جەنگی یەکەمی نێو گەلانی

۱-ژمارەی ۱ لە کۆواری کوردستان ۱۵ زیقەعیدەی ۱۳۳۵ مانگی و ژمارە دووەم لە ۳۰ی زیقەعیدەی ۱۳۳۵. وە ژمارەی ۳ی لە ۱۵ زیحەجەی ۱۳۳۵. و ژمارەی ۴ لە ۳۰ زیحەجەی ۱۳۳۵، وەژمارەی ۵ لە ۱۵ موحەرەمی ۱۳۳۶. و ژمارەی ۶ لە ۳۰ موحەرەمی ۱۳۳۶ وەژمارەی ۷ لە ۱۵ سەفەری ۱۳۳۶. وەژمارەی ۸ لە ۳۰ سەفەری ۱۳۳۶. ژمارەی ۹ لە ۱۵ رەبیعی یەکەمی ۱۳۳۶. ژمارەی ۱۰ لە ۳۰ رەبیعی یەکەمی ۱۳۳۶. وە ژمارەی ۱۱ لە ۱۵ رەبیعی دووەمی ۱۳۳۶. ئەم ۱۱ ژمارە لە میسر لە قاهیرە چاپ کراوەو بە جەریدەی کوردستان ناو براوەو لەسەرەوە ناوی بەدرخانی لێ نەنوسراوە، بەڵام لە ژمـارەی ۱۷و ۱۸ نـاوی بـەدرخـان پـاشا. پاشازادە: عەبدورەحمان بەگ نوسراوە. دوکتور کەماڵ فوئاد نوسیویەتی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە ۳۰ی زیقەعیدەی ۱۳۱۵ وە ئۆی نیسانی ۱۳۱۴ی رۆمی وە ۲۲ نیسانی ۱۸۹۸ی ز- لە قاهیرە چاپ کراوەو تا ژمارەی ۵ لە لایەن ئەوەی بەدرخان پاشا یانی میقداد میدحەت بەگ - ەوە دەرچووە. دەتوانین بڵێین رۆژی چوارشەمەی مانگی گوڵان و رێکەوتی ۲۴ی ئاوریلی ۱۹۹۸ یەکـەمین ساڵرۆژی بڵاو بوونەوەی رۆژنامەی کوردی‌یە لە قاهیرە کە لەناوەها رۆژێکدا لە ۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸ی زایینی دا میقداد میدحەت بەگ بەدرخان رایبارو بیرەوەرو وێژەوەری زانای کورد بۆ یەکەمجار ئەو کارە فەرهەنگی‌یەی ئەنجام داوە، وە تا ۳۱ ژمارە بەمجۆرە بڵاو کراوەتەوەو ئاخرین ژمارە یانی ۳۱ی لە ۱۴ی ئاوریلی لە ۱۹۰۲ لە ژنێو لە چاپ دراوە. وە کۆواری گرشەی کوردستان بە زمانی کوردی لە تاران تا ۹ ژمارەی بەسەر نوسەری و بەرپرسی محەمەد ساڵح ئیبراهیمی محەمەدی (شەپۆل) بە ئیجازەی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئێران چاپ کراوەو یەکەم ژمارەی لە مـانگی مـارسی ۱۹۸۱ی زایینی لە تاران لە چاپ دراوەو بڵاو کراوەتەوە.

۲- وان بروئین سێن، ئاغا، شێخ و دەوڵەت پەڕەی ۳۴۰ تا ۳۳۸ (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



بە باشی دەنوێنێ و زۆر گرینگیشە، هەیئەت سەرۆکی کۆڕ ئەمانە بوون: سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی کوڕی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین (قدس سرهم العزیز) سەرۆکی کۆڕ، ژەنرال فوئاد پاشا خەڵکی سولەیمانی یارمەتی‌دەری یەکەمی سەرۆک، حەمید پاشا ژەنرالی نیشتەماڵ دەبیری گشتی کۆڕ، وە سەیید عەبدوڵلا «سلطان العرفا» کوڕی سەیید عەبدولقادرو نەوەی شێخ عوبەیدیلای نەهری خەزینەدار. - کۆمەیتەی نیزامیش ئەمانە بوون: سەرهەنگ خالد بەگ لە دەرسیم سەرۆکی پۆلیسی ئەستەمبول، محەمەد عەلی بەدرخان، سەرهەنگی نیشتەماڵ، محەمەد ئەمین بەگ سەرهەنگ دوی نیشتەماڵ، خەڵکی سولەیمانی، لە خاوەن پلە ئایینی یەکانیش: خواجە عەلی ئەفەندی و شەفیق ئەفەندی لە ئەرواس Ervas و بلیند پایەکانی دیکەیش بابان‌زادە شوکری بەگ، سکرتێری رۆژنامەی تەرجەمان، بابان زادە فوئاد بەگ، فەتحوڵلا بازرگان،شوکری محەمەد ئوستادی پزیشکی، وە عالیشان بەگ لە هەرێمی کۆچگێری دەرسیم بوون. کە عالیشان لە ١٩٢٠ راپەڕینێکی بە دژی تورکی عوسمانی ساز دا. جەمعییەتی هیوای کوردیش دوبارە بوژایەوە. لە دوایشدا لەگەڵ یەکێ لەو تاقمانەی سەر بە (جەمعییەتی تەعالی کورد)و پێکهاتوو لە تاکی لاوی توندرۆکان یەکیان گرت و حیزبێکیان بەناوی (تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی کورد) ساز دا. بە قسەی وان برۆن سێن ئەم جیابوونەوە کاتێ بە دیهات کە سەیید عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدیلا (یا بەڵکو بەدرخانەکان) رای‌گەیاند کە مەبەستم دامەزراندنی کوردستانی سەر بە خۆ نییە، بەڵکو بیچمێکی بەرتەسک لە (خودموختاری)یە، زۆرێ لە بەدرخانی‌یەکان لکان بە ناسیونالیستەکانی گەنج و لاو، لەوە دەچێ لەبەر ئەوەی (جامیعەی کورد)ی ئەستەمبوڵ لە (جەمعیەتی کۆمەڵایەتی کورد) پشیتوانی کردبوو، زۆر کارا بووە. ئەندامانی ئەم جەمعییەتە لە سازدانی (جەمعییەتی ئازادی)یش دا زۆر شوێنی هەبووە. ئەم جەمعییەتە لە دواییدا بووەتە جەمعییەتی سەربەخۆی کورد[1]. هەر ئەم (جەمعییەتی ئازادی)یە

---

١- وان برۆین سێن، ئاغا، شێخ و دەوڵەت ئەم پێرستەی هەیە (پەڕەی ۴۴۶ یادداشتی ژمارەی ٣٢و ٣۴) نوسراوی زیبار سیلوپی بە تێوی دۆزاکوردستان پەڕەی ۵٢و ۵۴من ئەو کتێبەم دەست نەکەوت،سیلوپی تێوی نهێنی قادر بەگ جەمیل پاشا -بەکە یەکێ لە ئەندامانی بەرچاوی (جەمعییەتی تەعالی کورد)ی دیار بەکر - ە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



بوو کە نەخشێ زۆر بەرچاوی لە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیراندا هەبوو.[١]

□ گیرو گرفتی کورد، بە دوای پەیمانی موتارەکەی مەدرەس (٣١ی ئۆکتوبری ١٩١٨) تـا پـەیمانی سـێوێر (١٠ی ئـوتی ١٩٢٠) مەسەلەی هەڵبژاردنی خودموختاری یا سەربەخۆی کوردستان بوو. مووافەقەتنامەی ٢٠ی نـوامـبری ١٩١٩ شەریف پاشا و بوغاس نۆبار کوردیان لە حاند ئەم مەسەلە داناکە بیرو رای خۆیان دەبڕن، لە ژانۆیەی ١٩١٩ ئەندامـانی کـومیتەی ئـیتحادو تـەرەقی کـە لە خارپوت بون دەیان وت: ئەبێ لە کونفەڕانسی ئاشتی (ورسای) داوای سەر بـە خۆیی کوردستان بکەین و رابەریشیان عەلی ئیحسان پاشا فـەرماندەی پـێشوی سپای شەشمی عوسمانی بوو، کە خۆی یەکێ لە نوێنەرانی عوسمانی بووە کـە پەیمانی تەرکی شەڕی مۆر کردبوو. بەریتانیا یەقینی بوو کە عەلی ئیحسان پاشا موافیقی کوردستانی سەر بە خۆ نیە.[٢]. لە ٧ نوامبری ١٩١٨ بەریتانیا مـوسڵی داگیر کردبوو و تورکیش لە تەوسیعەخوازی بەریتانیا و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بە خۆی ئەرمەنی دەترساو بە رواڵەت لە خودموختاری کورد پشتیوانـی دەکـرد. هەندێ کوردی وەک ئەمین بەدرخان داوای جیایی بوونیان دەکردو سولتانیشیان بە نێوی خەلیفە دەناسی، بەدرخان دەیویست ئوسولێک بـۆ دابـین کـردنی مـافی چارەنووسی پرێزێدێنت وێلسۆن لە بابەت کوردستان لەبەر چاو بگیردرێ. سەیید عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدیلای نەهری لە فەوریەو مارسی ١٩٢٠دا چەندین جار لە رۆژنامەکان دا رای گەیاند بوو خودموختاری بـۆ کـوردستان دەوێ و لە تەلاشی شەریف پاشا لە (ورسای) پشتیوانی دەکا، ئەمین بەدرخان و روناکبیرانی (جەمعییەتی تەعالی کورد) بە هۆی ئەو قسانەوە شێخ عەبدولقادریان لە سەرۆکی جەمعییەت لابرد. دژایەتی ئەمین بەدرخان و سەیید عەبدولقادر، ئـەوە بـوو کـە سەیید عەبدولقادر خـودموختاری کـوردستانی یـەکپارچـەی دەویست نـەک کوردستانی تیکە تیکە، کە موسڵ لە ٧ی نوامبری ١٩١٨ کەوتبووە دەست بەریتانیا،

---

١- شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٨٦٥ی زایینی لە پالۆ لە دایک بووەو لە ١٥ی ئاوریل بە دیل گیراوە، لە ٢٩ ژوئنی ١٩٢٥ بە دەستی تورکی لائیک لە دار دراوەو هەروا شێخ عەبدولقادر ناودار بە غەوسی ساتی لە ٢٧ مەهی ١٩٢٥، وە سەیید محەممەدی کوڕی شێخ عەبدولقادر و چوار گەورە کوردی دیکەو ٢٦ کەس لە یاوانی شێخ سەعید و زیاتر لە هەزاران کوردی دیکەیان کوشت و زیاتر لە ٣٠ هەزار کوردیان بە ژن و زارۆکەوە ئاوارە کرد و لە رێگا لەسەرمان رەق هەڵاتن و بە سەدان خوێندەوارو روناکبیری کوردیان خستە تێو تەلیس و زارکیان بەست و خستیانە تێو گۆماولو خنکان، وەشیریتیان دەخستە سیرەتی پیاوی کوردو حوکمیان لە ژنانی کورد دەکرد تا رای بکێشن تا دەپسا. (شەپۆل)

٢- پەرەی ٨٤ی کتێبی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران.

Dr.Saleh Ebrahimi



تا بەڵکو بە یارمەتی ئینگلیس هەل و مەرجێ بە دەست بێ و کوردستان بێتەوە یەک وە کوردستانی سەربە خۆ بۆ نەتەوەی کورد بەدی بێ.(1)

رابێرت ئۆلسۆن لە کوردستانی ۱۹۲۵ راپەڕینی شێخ سەعیدی پیراندا دەنوسێ: (مەسخەرەیە لە پەیمانی سێوێردا داوای کوردستانی سەر بە خۆ کراوە، نەک کوردستانی یەکپارچە، بەشێکی گەورەی کوردستان بە هی عێراق یا جێگای دیکە دانراوەو موسڵ... لە بن دەست ئینگلیس و بەشێ زۆریش لە بن دەست فەرانسە دایە (سوریە). مەبەستی نیشتمان ویستانێ کە بۆ کوردستانی یەکپارچە دەکۆشان وای بەسەر هات کە پشتیوانی خۆیان لەو تاقمە بیڕن کە کوردستانی سەر بە خۆیان دەویست، تەنانەت بە نێوی بەشێ لە تورکیا بوون. وە دەیانویست بەریتانیا یارمەتیان بدا کە بە مۆرکردنی پەیمانی سێوێر و داگیر کردنی عێراق و نفوزێ کە لە ئێراندا هەیبوو زۆر روونا ک بوو کە کوردستانی یەکپارچە لە گۆڕ دا نیە. بەمجۆرە ئەو نیشتمان ویستانەی داخوازی کوردستانی سەر بە خۆ بوون ناچار بوون سەر بە خۆیی لە تورکیا بخوازن، بەڵام دوای ئوتی ۱۹۲۰ روون بووەوە کە لە تەک بزوتنەوەیەکی بە هێزی ناسیونالیسمی تورک روبەرو دەبن. لە ئوتی ۱۹۲۰ تا نێوەڕاستی ۱۹۲۱ قسە ئەمە بوو کە بەریتانیا تا چ رادەیەک لە بزوتنەوەی سەر بەخۆ خوازانەی نەتەوەی کورد لە تورکیا دا پشتیوانی دەکا، راستیەکەیشی ئەوە بوو کە بەریتانیا مەیلی نەبوو تا لە بزووتنەوەی سەر بە خۆیی کورد لە راست هێزی سەر هەڵداوی ناسیونالیسمی تورک پشتیوانی بکا. بەڵام سیاسەتی بەریتانیا تا نێوەڕاستی ۱۹۲۱ ئەوە بوو تا کارێ بکا کە کوردەکان وا بیر بکەنەوە کە بەریتانیا لە تێکۆشانیان پشتیوانی دەکا، چونکە لەم دەورەیەدا بەریتانیا لەم کۆششانە لە تورکیادا پشتیوانی دەکرد، بەو بڕوایە کە کوردستان نابێتە وڵاتێکی سەربەخۆ. بە کورتی بێژین: کوردەنیشتمان ویستەکان کە لەسەر ئەوە سوور بوون تا کوردستانی یەکپارچە لە رێگای خودموختاریەوە بەدی بێنن لە تەک سیاسەتی بەریتانیا دا رو بە رو بوون کە لە خودموختاری لە چوارچیوەی عێراق دا پشتیوانی دەکرد. نەک لە

1- کوچەرا بزوتنەوەی نەتەوەی کورد پەڕەی ۳۴ تا ۳۲ و هوروونیس، دیپلماسی لە رۆژهەڵاتی نێزیک و ناوەڕاستا، جەلدی ۲ پەڕەی ۸۱ ـ ۸۷ داگری نوسخەیێ لە مەتنی پەیمانی سیویر. مادەی ۶۲، ۶۳و ۶۴ بەشی سێوەم لە بابەت کوردستانەوەیەو مادەی ۶۴ دەڵێ: نەتەوەی کورد، دەتوانن یەک ساڵ بە دوا (لە پاییزی ساڵی ۱۹۲۱) داوای سەربەخۆیی کوردو کوردستان بکەن (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستانی یەکپارچە.[۱]

□ تا ساڵی ۱۹۰۸ کە بیرو باوەڕی نـاسیونالیسمی کـوردی بـاشتر و زۆرتـر دەڵیبوە نێو دڵ و دەرونی کورد و چبوە نێو تـەریقەت و خـانەقا، شـێخەکـانیش پشتیوانی بوون، ئەوە بوو حەزرەتی شێخ عەبدوسەلام بارزانی و شێخ محەمەد، دهۆک چەند مادەیان لە تورکە لاوەکان داواکرد بوو بەمجۆرە: ۱ـ دامەزرانی دام و دەزگای ئیداری لە ۵ فەرمانداری دا لە کوردستان. ۲ـ زمانی کوردی بەناوی زمانی فێرکردن و بارهێنان لە مەڵبەندە کوردنشینەکان بە رەسـمی بـناسرێ. ۳ـ دانـانی فەرمانداران، بەخشداران، سەرۆکی یانەکان، هەروەها باقی خاوەن پلەو پایەکان لە کورد زمانان بێ. ۴ـ بەڕێوە بردنی قانون و دادگەری بە پێ حوکمی شەریعەت بێ. ۵ـ دانانی قازی و داوەر و موفتی لە پەیرەوانی شافیعی مەزهەب بێ. ۶ـ وەرگرتنی ماڵیات بە پێ حوکمی شەریعەت بێ. ۷ـ ماڵیاتێ کە بۆ تەرخـان بـوون لە کـاری بەدەنی وەردەگیردرا، هەروەها وەربگیردرێ، بەو مەرجەی بـۆ راگـرتن و پـینەو پەڕۆی رێگاکان لەو ۵ فەرمانداریە کوردنشینە خەرج بکرێ.

وادی جووەیدە (Wadie Jwaideh) دەڵێ: ژمارەی ۱،۲،۳و۷ نـیشاندەری هەستی ناسیۆنالیستی کوردییە، ژمارەی ۴و ۵ و ۶یش راگەیێنەری بیرو باوەڕی مەزهەبییە. بەلام ژمارەی ۵ زەریف و باریک بینی شێخەکان نیشان دەدا، چونکە دانانی قازی و داوەر و موفتی لە پەیرەوانی مەزهەبی شافیعی کە زۆربەی نەتەوەی کورد لە پەیرەوانی ئەوەن و تـورکی عـوسمانی پـەیرەوی حـەنەفین بـە واتـای دامەزراندنی تەشکیلاتی دینی و نەتەوەیی بووە.[۲]

□ بە قسەی شەریف فورات خالد بەگ دوای پەیمانی سێوێر لە هاوین و پاییزی ساڵی ۱۹۲۰ لەگەڵ جواتا Ciwata جەمعییەتی تەعالی کورد و سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی لە هاتوچوو و پێکەوە قسە کردن بوون، ئـەمە نـیشانەی ئەوەیە لە نێوان جەمعییەتی تەعالی کورد، وە کوردەکانی ئەستەمبوڵ زیاتر لەوەی وا بە بیردا هاتووە، پێکەوە وتوێژیان هەبووەو پێکەوە بوون، لەوەش دەچێ ئەوهاو کاریە بەر لە دامەزراندنی (جواتا) «جەمعییەتی سەر بە خۆیی کورد یا ئازادی»یش

۱- پەرەی ۵۱ تا ۴۹ کتێبی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران. (شەپۆل)

۲- پەرەی ۴۱تا ۴۰ کتێبی راپەڕینی شێخ سەعید تەرجەمەی برایمخانی یونسی.

لە نێواندا هەبووە. ئەم «جواتا» لە ١٩٢١ لە ئەرزەرۆم بەو نێوە ناو براوە (Ciwata K(H)weseriya kuud) لە گشت کۆی پایزی سالی ١٩٢٠ خالد بەگ جەبران لە هۆزی هەرێمی وارتۆ بولانک ملازگرد، هنیس، قەرەلیوا، سولحان،چاپاک چۆر دیدەنی کردووەو ئەو هۆزانەی سازمان داوە، ئەوانە شوێنگە لێ بوون کە لە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران دا بەشداری‌یان کرد.

نوری دەرسیمی نوێنەری کارای شاخەی جەمعییەتی تەعالی کورد، وە مستەفا پاشا کۆچگیری دوای مۆرکردنی پەیمانی موتارەکەی (مەدرەس) چونە ئەستەمبوڵ و لای سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی، دیتیان ئەوە «خودموختاری خوازە»و ئەمانیش دژی ئەوە بوون، لە ئۆکتۆبری ١٩٢٠ دەرسیمی لە ئەستەمبوڵەوە چووە «عیمرانە» گەورەترین شاری هەرێمی کۆچگیری و شاخەی جەمعییەتی تەعالی کوردی لەوێ ساز دا. لەم لاشەوە مستەفا کە مالی لائیک دەی‌گوت: سەیید عەبدولقادر دارەدەستی فەرید پاشایە لە ئەستەمبوڵ و نۆکەری بەریتانیایە.

□ کوردەکان لە ویلیام چارلیز، نوئل Edward William Charles یەکێ لە کاربەدەستانی ئاگاداری بەریتانیا لەسەر ریگای خۆی کە بە کوردستان دا هاتووە، کوردەکان هەم لەو هەم لە هاورێکانی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخان زۆر بە گەرمی چونەتە پێشوازی و میوان داریان لێکردون، هاوریکانیش ئەمانە بوون: سەیید موعین زاوای سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی، کوڕی ئەمین عەلی بەدرخان و سەیید ئیبراهیم لە گەورە پیاوانی دەرسیم، پشتیوانی کردنی بەدرخانی‌یەکان و بە تایبەت پشتیوانی کردنی سەیید عەبدولقادر لە مەئموری‌یەتی (نوئیل) نیشانەی پێوەندێکە،کە لە نێوان راپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانو لە نێوان بەدرخانیان و بەریتانیادا هەبووە. بەداخەوە مەئموری‌یەتی نوئیل نەبووە هۆ بۆ سازدانی سازمانێ وەکو «کونفیدراسیونی باشووری کوردستان» کە نوئیل لە ١٩١٩ بە سەرۆکی مەلیک مەحمود بەرزنجی لە سولەیمانی و هەولێر و رەوەندز (رەواندز) سازی دابوو.

سەیید عەبدولقادر کوڕی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین بە بەریتانیای راگەیاند کە دەبێ بۆ دامەزراندنی ولات و دەولەتی کوردی کە حایل بێ لە راست هەرەشەی بلشوی‌کەکان، زۆر بەلەز هەنگاوێ بنێ و

Dr.Saleh Ebrahimi



بەڵێنیشی بە بەریتانیا داکە تەواوی کوردستانی بەشی باکوری رۆژهەڵاتی، بۆ وێنە سمایل ئاغای سمکۆ[۱] لە ئێران بۆ پشتیوانی کردن لە راپەرینی خـۆی بـە دژی تورکان راپەرینێ.

عەلیرەزا کوڕی شێخ سەعیدی پیران کە بیست مێگەلە مەڕی لە شاری حەلەب فرۆشتبو تا خەرجی راپەرینی بکا، وە هەروەها دەچێتە ئەستەمبوڵ بۆ مەشوەرەت کردن لەگەڵ «جەمعیەتی تەعالی کوردستان» و سەیید عەبدولقادر، هـەرچـەند سەیید عەبدولقادر ئەندامی (ئازادی) نەبوو، هەروا لەگەڵ گەورە پیاوانی کورد و تورکی دژی مستەفا کەماڵی لائیک تەگبیر و مەشوەرەتی کرد. سەیید تاها کوڕی شێخ محەمەد سەدیق و نەوەی شێخ عوبەیدیلا بە راشکاوێ پشتیوانی لە راپەڕین و ئازادی کردووە. راولێنسۆن Rawlinson یەکێ لە مەئمورانی ئاگاری و سیاسی بەریتانیا بو؛ لە خۆرهەڵاتی نێوەراستاراولێنسۆن[۲] وتبوی: کوردەکان قادر بە هاو کاری یەکتر نین[۳].

دیارە نەیروی هەوایی شەڕکەری (شـەڕوان) بـریتانایش دژی دامـەزرانـدنی حوکومەتی کوردی بوو.[۴]

رابەرانی هۆزە کوردەکان لە ۱۵ی نوامبری ساڵی ۱۹۲۰ کە لە چەمشکەزەک Cimskilik کۆبونەوەیەک پێکدێنن، وە ئەم مەبەستانە لە دەوڵەتی مستەفا کەماڵ دەخوازن، وە پێی رادەگەیێنن کە تا ۲۴ی نوامبر وەڵامیان بداتەوە:

۱ـ حوکومەتی ئانکارا بڵێ بزانین بەڵێنی خودموختاری کە حوکومەتی سوڵتان لە ئەستەمبوڵ داوی‌یە بە رەسمی دەیناسێ یا خەیر.

۲ـ ئانکارا بیرو باوەڕی خۆی لە بابەت یانەی ئیدارەی کوردستانی خودموختار بۆ رابەرانی دەرسیم کە ئەم ئاگاداری‌نامەیان بۆ نوسیوە رابگەیێنن.

۳ـ هەمو زیندانیانی کورد لە زیندەکانی ئەلعەزیز، مەلاتیە، سیواس و ئەرزەنجان

---

۱- سمکۆی مەزن بەرابەری کوردی ئێران دوای لاچونی کابینەی سەیید زیا لە مانگی گوڵانی ۱۲۹۹ی هەتاوی و رێکـەوتی ۱۹۲۱ دەستی بە راپەرین کرد.

۲ـ لە ۱۹۱۸ تا ۱۹۲۲ وە لە ئۆکتۆبری ۱۹۱۹ تا نوامبری ۱۹۲۱ لەتورکیا بووەو لە ۱۹۲۱ لە زیندانی تورک ئازاد دەکرێ،

۳- هەروەکو جەلال تالەبانی نـایەوێ یا نـاتوانێ لەگـەل حـوکومەتی ئێستای هـەولێر بـە سەرۆکی کاک مەسعود بارزانی بسازێ. (شەپۆل)

۴- پەرەی ۹۳ کتێبی راپەرینی شێخ سەعید.

بێ سێ و دو ئازاد بکرێن.

٤- مەئمورانی تورک لەو شوێنانەی وا زۆربەیان کوردن بڕۆنە دەرێ.

٥- هێزە نیزامی یەکانی شەڕکەر کە بۆ کۆچگیری بەڕێ کراون بگەڕێنەوە بۆ دواوە.

هەر کاتێ دەچمە پەرلانـە خەفەتمە؛ کە تەمەنمان چەن کورتە؛ بۆکە لَک وەرگرتن لەو سفرە رەنگینە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



## راپەڕینی سەیید عەبدوڵلا گەیلانی زادە (سلطان العرفا)

لە روانگای تورکی عوسمانلی یەوە راپەڕینی (حاجی) سەیید عەبدوڵلا «سولتانولعورەفا» یەکێک بووە لە گرینگترین شۆرش و راپەڕینەکانی کورد[1].

راپەڕینی (حاجی) سەیید عەبدوڵلا لە مەڵبەندی وان، بتلیس، حەکاری روی داوەو راست لە حاند هێرشی دڕندانەی تورک راوەستاوەو بە جەنگی چریکی و پارتی‌زانی هێرشی تورکی توند بەرپەرچ داوەتەوە، لە واتادا ئەم راپەڕینە بانگەواز و مزگێنیدەری راپەڕینەکانی دوا رۆژی نێو کوردەواری بوو، باوەکو بەداخەوە هیچ هۆزێ لە کوردەکانی عێراق نەلکان بە راپەڕینەوە، تەنانەت ئەو کاتەی کە حاجی سەیید عەبدوڵلا گەیلانی زادە لە هۆزە کوردەکانی سەر بە عێراقی داوا کرد تا بە راپەڕینەکەی ئەوەوە بلکێن، نەلکان و ملیان بادا، لەگەڵ ئەوەشدا راپەڕینی ئەو چەندین هەیف بەردەوام بوو، دەوڵەتی ئێران تەنانەت سەربازە (گریلا) تورکەکانی عوسمانی کە لە ترسی هێزی پێشمەرگەی راپەڕینی سەیید رایان دەکرد و پەنایان دەبردە بەر هۆزە کوردەکانی سەر بە ئێران، دەیان ناردنەوە بۆ لای دەوڵەتی تورک. راپەڕین و خۆ راگری سەیید عەبدوڵلا گەیلانی‌زادە بە تایبەت لە شەمزینان دا زۆر چڕو پڕو سەخت و خۆراگرانە بوو، لەم مەڵبەندەدا زیاتر لە ۲۰۰ سەربازی تورک کوژران. یارمەتی دانی کوردەکانی هۆزی گراوێ و سارافان بووە هۆی ئەوە کە لە کوشت و بڕی هێزی راپەڕین بە دەستی تورکی دڕندە کەم ببێتەوە. دیارە بەو جۆرەی چادرنشینانی کورد یارمەتیان بە هێزی راپەڕین دەدا بە تورکانیان ئاوەها کۆمەگ نەدەکرد، هێزی راپەڕین و شۆرشە چکۆلەکان و سوور بوون لەسەر راپەڕین و خۆراگرتن، دام و دەزگای ئاگاداری فەرانسەی هێنا سەر ئەو باوەڕە کە راپەڕین و شۆڕشی مانگەکانی ئوت، سپتامبر زۆر بە جیدی‌تر لە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران بزانێ، فەرانسەوی‌یەکان لایان وابوو کە ئەمجارە ئینگلیسیەکان

---

۱- سەیید عەبدوڵلا کوڕی سەیید عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، مەلیک غازی کوڕی حەزرەتی سەیید تاهای نەهری شاهی شەمزین ـە.

سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسی سانی لە ۲۷ مەهی ساڵی ۱۹۲۷ی زایینی بە دەستی مستەفا کەماڵی تورکی عوسمانلی لائیک لەگەڵ کورەکەی: سەیید محەمەدو هەندێ لە یارانی وەک حاجی ئیهدا (Hace Ahta)، پالولو کویر سادی (Palulukorsaki)، بیتلیسی کەماڵ فەوزی و خواجە عەسکەری لە دار دران.

یارمەتی بە کورد ئەدەن و کۆمەگیانن.[١]

لە ١٦ی دسامبر سەیید عەبدوللا کە لە ترسی هێرشی درندانەی تورک لە شەمزینان چووبوە دەرێ چاوی بە سەرهێنەری دابز Sir henru Dobbs کومەیسێری بەرزی بریتانیا لە عێراق کەوتبوو و وتوویژیشی لەگەڵ کردبوو. سەیید عەبدوللا بۆ خۆی و بە ٧٠٠ کەسێ کە لەگەڵ ئەودا چووبوونە عێراق داوای پەنابەری کردبوو، دابز وتبوی بەو مەرجەی جارێکی دیکە هێرش نەکاتەوە بۆ سەر تورکیا، داوخوازەکەی جێ بەجێ دەکا. دابز لە درێژەی قسەکانی خۆیدا رایگەیاندبوو: «کە ئەگەر تورکەکان لە بابەت سنورو کەوشەنی تورکیاو عێراق نەچێتە بن لێبڕانی جامیعەی میلەل، وە بۆگەیشتن بە مەبەستی خۆی شەڕ و شۆڕ دەست پێ بکاتەوە، ئەو دەم ئەگونجێ بریتانای گەورە بە میللیەکان و بە نیشتمانییەکانی کورد کۆمەگ بکا.»[٢]

ئەم قسە کە دابز بە حاجی سەیید عەبدوللای گەیلانیزادەی وتووە، خۆی نیشانەی دواهێنان بووە بە راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران،لە ١٦ سپتامبی ١٩٢٧ لەسەر ئەو بڕواو باوەڕە بووە،کە تورکیا لێبڕانی بەرواری ٢٩ی ئوکتوبر و ١٦ی دیسامبری ١٩٢٤ی جامیعەی میلەل لە بابەت سنوری نێوان تورکیاو عێراقەوە قەبول دەکا.[٣]

دوا بە دوای مۆرکردنی پەیمانی تەرکی دژایەتی کردن لە نێوان موتتەفێقین و عوسمانلی دا لە ٣١ی ئوکتۆبری ١٩١٨ جەمعییەتی تەرەقی و تەعالی کورد لە ١٩١٨ لە بن ناوی جەمعییەتی تەعالی کوردستان سەر لە نوێ بوژایەوە، ئەم کۆڕە بەراوەژوی پێشوی خۆی هەندێ لە ئەندامانی هۆزەواری لە خۆیدا جێ کردەوە، وان برۆئێن سێن، پێرستێ لە ئەندامانی کۆڕی داوە بە دەستەوە کە خۆی نیشانەی رێبازی ناسیونالیسمی کوردە، کە دوای جەنگی یەکەمی نێو گەلانی کوردایەتی دەنوێنێ و گرینگیشە، هەیئەت سەرۆکی کۆڕ بریتی بوون لە سەیید عەبدولقادر

١- ٥/ ٧٣٠ فەرماندەیی، ژمارە ٥٠٣ـ ٢٠ سپتامبری ١٩٢١، کاکس بە چرچیل، پەرەی ٣٠٠ی کتێبی راپەڕینی شێخ سەعید پیران چاپی ١٣٧٧ تاران نیگاه - تەرجەمە بە فارسی بە هۆی برایمخان یونسی. (شەپۆل)

٢- پەرەی ٢٠٠ کتێبی راپەڕینی شێخ سەعید پیران، سەرچاوەی ژمارە ٢٠/٥٠٣ی سپتامبری ١٩٢١، کاکس بە چرچیل.

٣- پەرەی ١٨٥و ١٨٦ی کتێبی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران نوسراوی رابێرت نولسۆن - تەرجەمەی برایمخان یونسی، چاپی نیگا، تاران، سالی ١٣٧٧ی هەتاوی.

Dr.Saleh Ebrahimi



کوڕی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین، سەرۆکـی کـوڕ، ژەنرال فوئاد پاشا خەلکی سولەیمانی یارمەتی‌دەری یەکەمی سەرۆکەحەمید پاشا ژەنــراڵی نــیشتەماڵ، دەبــیرگشتی کـوڕ، وە سـەید عـەبدوللا کـوڕی سـەید عەبدولقادرو نەوەی شێخ عوبەیدیلای نەهری خەزینەدار.(١)

ناسیۆنالیسمی کوردی، ژێر نووسی ژمارەکان: ١ـباشترین پیاچوونەوەیەک کە لەسەر حوکومەتی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین کراوە هی وادی جووەیدە-یە کە بە نێوی «ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد: مەبادی و هەڵدانی ئەوە» نووسراوە، پەڕەی ٢٨٩ تا ٢١٢ - ئەوە یەکەم نوسراوێکە کە لەو ڕاپەڕینە، بەتایبەتی لە نیشتمانی‌یەکانی‌یەوە دەکۆڵێتەوە. هەروا بڕوانـنە نـوسراوەی جـان جۆزێف، بەناوی نەستوری و دراوسێ کانی: کۆڵینەوە لە نفوزی غـەرب لەسـەر پێوەندی ئەوانە، پەڕەی ١٠٧ تـا ١١٣ جـۆزێف بـە ڕوالـەت لە نـوسراوەکـانی جووەیدە کەلکی وەرنەگرتووە، چونکە نێوی نووسراوەی جوویدە لە هی جۆزێف دا نەهاتووە، هەرچەند لە کتێب نـاسی ئـەو کـەلکی وەرگـرتووە، پـەڕەی ٢٦٤، نوسراوەی مارتین وان بروئێن سێن بە نـێوی ئـاغا، شـێخ و دەوڵـەت لە بـابەت سازمانی کۆمەلایەتی، سیاسی و رامیاری و نەتەوەی کوردستان، وە نـوسراوەی جووەیدە لە بابەت مێژووی کۆمەلایەتی، سیاسی و نەتەوەی کورد لە سەتەکانی نێوەراستا، باشترین سەرچاوەن لەم بارو بابەتەوە. هەرچەندە لە نـووسراوەکـانی جووەیدە، زیاتر لە چەند لاپەڕە بە ڕاپەڕینی مەلیک غـازی شـێخ عـوبەیدیلای نەهری تایبەت نەکراوە، هەوالێ کەمن (رابـێرت ئـولسۆن) لە ڕاپـەڕینی مـەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نوسیومە لە روی نوسراوەی وادی جووەیدەیە. بۆ زانینی حوکومەتی بەدرخان پاشایش بڕوانە نوسراوەی جووەیدە لە بن ناوی «ڕاپەڕینی نەتەوەی کورد» پەڕەی ١٧٦ـ٢١٢ـ٢٠٠. ـ٢ـ بۆ ئەوەی باش بزانن تا چ رادەیەک تەریقەتی مەزهەبی لە کوردستان دا شوێنی هەبووە بڕوانە نوسراوەی وان بـروێن سێن، بە نێوی ئاغا، شێخ و دەوڵەت، پەڕەی ٢٤٩ـ٣٣٩، وە نوسراوەی (پـترس ئەبونە) لە بن نێوی «نەخشبەندی‌یە لەسەر زەوی‌یەکـانی تـورکی عـوسمانی لە سەرەتای سەتەی نۆزدەهەم». هەروا بلاۆکی جیهانی ئیسلام ٤ـ١ـ٢٢/١(١٩٨٤):

١- ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، پەڕەی ٤٦و ٤٧.

Dr.Saleh Ebrahimi



۳۵ـ۱، وە نووسراوی حەمید ئەلگای لە بن نێوی «رێبازی نەخشبەندیی - لێکۆڵینەوەی مێژو و گرینگی ئەو» لە کۆواری لێکۆڵینەوەی ئیسلامی، ژمارەی ۴۴(۱۹۷۷): ۱۲۴ـ۱۵۲، وە نوسراوی ئالبێرت هورانی بەنوی «شێخ خالد و رێبازی نەخشبەندی» لە کۆواری فەلسەفەو سونەتی سەرەتای ئیسلام بە تێکۆشانی ئالبێرت هورانی. اس.ام. استرن، وە ویون براون پەرەی ۸۹ـ۱۰۴ بۆ کۆلینەوەی چرو پرتری بزوتنەوەی نەخشبەندیە لە جیهانی ئیسلام، بڕوانە جەماعەتی سۆفی لە دنیای عەرەب و ئیسلام، نەخشبەندیە بە تێکۆشانی ئەلەکساندر پوپوویچ، وە مارکگامبوریو، ۱۹۸۹ چاپی ۱۹۸۹.

۳ـ وان برۆئێن سێن: ئاغا، شێخ و دەوڵەت، پەرەی ۲۲۵.

۴ـ جووەیدە «بزوتنەوەی نەتەوەی کورد» پەرەی ۲۰۲ بەدرخان پاشا میراتێ دیکەی لە خۆی بەجێ هێشت. قاوەکە بەدرخان پاشا نەوەد زارۆک و منداڵی بووە کە ژمارەیێ لەوانە لەم میراتە ئیلهامیان وەرگرتووەو بوونەتە کوردێ نیشتمان ویست، بڕوانە نوسراوی کریس کوچرا لە بن نێوی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، پەرەی ۲۰ـ۵ ئارشاک سفراستیان، کوردەکان و کوردستان پەرەی ۶۲ـ۶۳ کە هەواڵی ۱۱ ژوئیەی ۱۸۹۱ کلیتۆن یارمەتیدەری کۆنسوڵگیراویەتەوە - پەرەی ۷ (تورکی ژمارەی ۵، ۱۸۸۱) جۆزێف، نەستوریەکان و دراوسێکانیان، پەرەی ۱۰۹، ۱۱۰ داگری نامەیەکە، هۆی راپەڕینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری بووە لە ئێران (ئوکتۆبری ۱۸۸۰) دەگێڕێتەوە. لەم نامەدا شێخ عوبەیدیلا جەمعییەتی کورد بە ۵۰۰۰۰۰ خانوادە دادەنێ.

جا ئەگەر هەر خانوادەیێ ۵کەس بێ ئەم جەمعییەتە دەکاتە ۲۵۰۰۰۰۰ کەس، جۆزێف ئەسنادی پارلمانی ژمارەی ۱۰۰ (۱۸۸۱) وە فەرمانی 2551 ژمارەی ۴۷.

۶ـ جووەیدە (بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد)، پەرەی ۲۲۵ـ۲۱۵.

۷ـ هەر ئەوە، پەرەی ۱۳۳ بۆ شتێ سەرنج راکێش لە بابەت هەندێ شێخی کوردەوە لە دەیەکانی ۱۹۷۰ بڕوانە ئاغا، شێخ و دەوڵەوت، وان برۆئێن سێن پەرەی ۲۹۶ ـ ۳۳۲ هەروا بڕوانە نوسراوەی تری ئەم نوسەرە بە نێوی لە حوکومەتی تورکی عوسمانییەوە تا جیایی خوازی: سەرزەوییەکای مەزهەبی و نەتەوەیی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە سالنامەی مێژویی و کۆمەلایەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



خۆرهەڵاتی نێزیک و نێوەڕاست بە هاوکاری یوخن بلاشکەو مارتین وان برۆئین سێن، پەڕەی ١٤٨-١٥١.

٨ـ هەر ئەوە پەڕەی ٢٢٩-٣٣٣ شێخ تەنیا یەکێ لەو تاقمانە بوون کە لە قانونی سەرزەوی بەرواری ١٨٥٨ی عوسمانی سودیان وەرگرتووە: ئاغاکان، بازرگانەداراکان و مەئمورانی محەللیش کەلکیان لەوە وەرگرتبوو. بۆ ئاگاداری زیاتر بڕوانە نوسراوەی ئالبێرتێن جووەیدە لە بن ناوی «میدحەت پاشاو نیزامی زەوی عێراقی خوارو» کۆواری کاروباری خۆرهەڵاتی نیوەڕاست، بە هاوکاری ئالبێرت هورانی، پەڕەی ١٠٦-١٣٦ ئەم نوسراوە یەکێ لە باشترین لێکۆڵینەوەیەکە لەبابەت شوێن دانانی قانونی زەوی لە عێراقی خوارو نووسراوە، وە نیشان دەدا کە ئیسلاحاتی میدحەت پاشا لە عێراق لە ١٨٦٩ تا ١٨٨١ زیانی لە جوتیارانی هۆزەواری داوە، لەبەر بێ ئەزمونی و نەزان کاری جوتیار، وەریشوەخواردن، قەت باڵەی «تاپۆ»لە نێو بردنی هۆزەواری و سەنەدی زەوی دان بۆ نیشتەجێ کردن لە باتی کۆچەری» زەوی بە سەرۆکی هۆز، وە سەرۆک هۆزی دانیشتوی شارەکان یا بە بازرگانان درا. لە عێراق ئیسلاحاتی میدحەت پاشا بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یەکیەتی هۆزەواری. هەرچەندە باری عێراقی خوارو لەتەک باری کوردستان جیا بو، ئیسلاحاتی زەوی لە بەشی خوارووی عێراق و لە کوردستاندا شوێنگەلێ وەک یەکجۆری بوو، وە بووە هۆی کەمبوونەوەی هێزی یەکیەتی هۆزوارێ و لە نێو چونی میرەگەورەکان و دەرەبەگەکان کە لە راستی دا فەرمانرەوای کێو و کەژو چیاو دەشتێ پەرەداربون بۆ مەڕو ماڵات لەوەڕاندن. ئەمە خۆی بووە هۆی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی شێخەکان بە تایبەت زاتێ وەکو حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای نەهری. دابەش کردنی زەوی خۆی بووە هۆ بۆ ئەوە ئینگلیسەکانیش لەسیاسەتی خۆی کەڵک وەربگرێ و هەندێ لە سەرۆکەکان بکاتە پاڵەپشت بۆ کارو باری ئیستعماری خۆی.[1]

٩ـ جووەیدە «بزوتنەوەی نەتەوەی کورد، پەڕە ٢١٢.

١٠ـ وان برۆئین سێن: ئاغا، شێخ و دەوڵەت، پەڕەی ٢٢٨-٢٢٩.

١١ـ بۆ بەدەستهێنانی پەیمانی بیرلەن بە تەواوی بڕوانە نووسراوی جی.سی.

١- بڕوانە نووسراوەی ئالبێرت جووەیدە بە ناوی میدحەت پاشا، پەڕەی ٢١٢.

Dr.Saleh Ebrahimi



هوروتیس به نێوی دیپلۆماس له خۆرهه‌ڵاتی نێوه‌راست. هه‌واڵی: موسته‌نه‌دی: ١٥٣٥ - ١٩١٤،١،١،په‌ڕه‌ی ١٨٩-١٩١ هه‌روا بڕوانه نوسراوی ئیدوارد هیرتسلت به نێوی نه‌خشه‌ی ئوروپا له‌سه‌ر په‌یمان، جه‌لدی ٤، ١٨٧٥ تا ١٨٩١ په‌ڕه‌ی ٢٧٥٩-٢٧٩٩ (ماده‌ی ٦١ له په‌ڕه‌ی ٢٧٩٦) نوسراوی هیرتسلیت که دارای نه‌خشه‌یشه.

١٢- جووه‌یده «بزوتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌ی کورد» په‌ڕه‌ی ٢٣١ ماده‌ی ١٦ په‌یمانی سان ئیستیفانۆ که له‌وه ده‌چو روسیه پشتیوانی ئه‌رمه‌نستان بێ. به‌ڵام دوای په‌یمانی بێرله‌ن که بووه جێگری په‌یمانی سان‌ئیستیفانۆ ئیتر روسیه ده‌ستی له پشتیوانی ئه‌رمه‌نی هه‌ڵگرت، ئیتر ئه‌بو ولاته ئوروپایه‌کان،تورکی عوسمانی وادار به‌وه بکه‌ن.
ریچارد.جی. هووانسیان به نێو ئه‌رمه‌نستان له رێی سه‌ر به خۆی دا ١٩١٨ نوسیویه‌تی په‌ڕه‌ی ٢٦ که په‌یمانی بیرله‌ن هه‌روا مه‌سه‌له‌ی ناودار به «مه‌سه‌له‌ی ئه‌رمه‌نستان بگاته پله‌ی نێو نه‌ته‌وه‌یی دیپلوماسی». هه‌ر ئه‌و ده‌مه ماده‌ی ١٦ په‌یمانی بیرله‌ن ناسیونالیسمی کوردی بزاوت، دیار بوو، بۆ حاڵی وڵاتی ئه‌رمه‌نی زیاناوی بوو، بۆ گیرهێنانی ده‌قی ته‌واوی په‌یمانی ئیستیفانۆ بڕوانه نوسراوی هیرتسلیت به نێوی نه‌خشه‌ی ئوروپا جه‌لدی ٤، په‌ڕه‌ی ٢٦٧٢-٢٦٩٦ (ماده‌ی ١٦ په‌ڕه‌ی ٢٦٨٦).

١٣- جووه‌یده (بزوتنی نه‌ته‌وه‌ی کورد، په‌ڕه‌ی **٢٣٣** نه‌قڵی قسه‌کانی کلیتۆن یارمه‌تی ده‌ری کونسول به تواتر، به‌رواری ١١ ژوئیه‌ی ١٨٨٠ (تورکیا ژماره‌ی ٥، ١٨٨١) په‌ڕه‌ی ٧.



وێنه‌ی جه‌نابی سه‌ید فاروق گه‌یلانی‌زاده له گه‌ڵ (شه‌پۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



## تەقویمی روداوی ناوچەی مەهاباد

لە شاری مەهاباد و دەوروبـەری لە پـەنای تـەقویمی رەسـمی، تـەقویمێکی خۆماڵی و ناوچەییش هەیە، یانی هێندێک روداو،وەک (مبداء تاریخ/ یـا مـادە تاریخ) چاو لێدەکرێن و بەرەیەک ئەو روداوانە بە نـوختە گـۆڕانـێکی مـێژویی دەناسن، بەڵام ئەو چەشنە تاریخانە تەنیا لە سێ بەرە (نەسل) دا خۆ رادەگرن و خەڵکی پێدەزانێ،کە تاریخی ئەو روداوانە چ زەمانێک بووە، دوای ئـەو سـێ (٣) بەرەیە مێژوی روداوەکان فەرامۆش دەبن. لێرەدا ئاماژە بە هێندێک لەو روداوانە دەکەم کە زۆرتر لە نێو خەڵکی مەهابادو دەوروبـەری مـەشهورن. لە لای راست تاریخی روداوەکە بە ساڵی زایینی /کۆچی مانگی/ کۆچی هەتاوی نوسراوە، لە لای چەپ نێوی مەحەللی (ناوچەیی) روداوەکە هاتووە،لە ئاخریش دابە تەرتیبی ژمارە شەرحی زیاتری روداوەکان دێن. سپاس بۆکاک ئەحمەد بەحری کە ئەوکارە پێشنیاری وی بوو.

| ساڵی زایینی | ساڵی مانگی | ساڵی هەتاوی | نێوی روداو لە ناوچەی مەهاباد |
|---|---|---|---|
| ١-١٧٨١- | ١١٩٥- | ١١٦٠ | ساڵی باپیر ئاغای |
| ٢-١٨٤٠- | ١٢٥٦- | ١٢١٩ | ساڵی کوژرانی هەباساغای |
| ٣-١٨٨٠- | ١٢٩٧- | ١٢٥٩ | ساڵی شێخی |
| ٤-١٨٨١- | ١٢٩٨- | ١٢٦٠ | ساڵی هەمزاغای |
| ٥-١٨٩٠- | ١٣٠٨- | ١٢٦٩ | ساڵی کچە هەرمەنی/ساڵی فاتمە خانم |
| ٦-١٩٠٤- | ١٣٢٢- | ١٢٨٣ | ساڵی حەمە گڕوێ و مەلا وسووی |
| ٧-١٩٠٧- | ١٣٢٥- | ١٢٨٦ | ساڵی فەریقی |
| ٨-١٩١٥- | ١٣٣٣- | ١٢٩٤ | ساڵی عوروسی هەوەڵێ |
| ٩-١٩١٩- | ١٣٣٧- | ١٢٩٨ | ساڵی قاتی |
| ١٠-١٩٢٠- | ١٣٣٩- | ١٢٩٩ | ساڵی جیلۆی |
| ١١-١٩٢١- | ١٣٤٠- | ١٣٠٠ | ساڵی خالە قوربانی |
| ١٢-١٩٢٢- | ١٣٤٠- | ١٣٠٠ | ساڵی شکاکی |
| ١٣-١٩٢٨- | ١٣٤٦- | ١٣٠٧ | ساڵی مەلا خەلیلی |
| ١٤-١٩٣٥- | ١٣٥٤- | ١٣١٤ | ساڵی داعبا قرانێ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥-١٩٣٦- | ١٣٥٤- | ١٣١٥ | رۆژی حەوتی ١٣١٥_سالی سێلاوێ |
| ١٦-١٩٤١- | ١٣٦٠- | ١٣٢٠ | سالی تەیارەرەشە/سالی عوروسی دوایە |
| ١٧-١٩٤٦- | ١٣٦٤- | ١٣٢٤ | سالی دێموکراتی /دەوری دێموکراتی |
| ١٨-١٩٤٧- | ١٣٦٦- | ١٣٢٦ | سالی هەلات هەلاتێ |
| ١٩-١٩٤٩- | ١٣٦٨- | ١٣٢٨ | سالی گرانێ |
| ٢٠-١٩٥١- | ١٣٧٠- | ١٣٣٠ | سالی کۆپینی |
| ٢١-١٩٥٣- | ١٣٧٢- | ١٣٣٢ | سالی موسەدیقی /دەوری موسەدیقی |

## پەراوێزەکان بە تەرتیبی ژمارە:

١) سالی باپیر ئاغای، سالی کوژرانی باپیرئاغای گەورەیە لە شاری مەراغە بە نەخشەی ئەحمەدخان موقەددەم مەراغەیی.

٢) سالی هەباساغای، سالی کوژرانی هەباساغای دیبۆکری؛بە دەستووری عەبدوللاخانی موکری‌یە.

٣) سالی شێخی، سالی هاتنی شێخ عوبەیدیلای شەمزینی‌یە کە لە زۆربەی کتێبەکاندا باسی هاتووە.

٤)سالی هەمزاغای، سالی کوژرانی هەمزاغای مەنگوڕە بە نەخشەی میرزا حەسەن عەلیخان (ئەمیر نیزامی گەروسی) یانی کورد کوردی کوشتووە. (شەپۆل).

٥) سالی کچە هەرمەنی یا سالی فاتمە خاتم، موسلمان بوونی کچە ئینگلیزی‌یەکی مەسیحی و شووکردنی بە عەزیزبەگ نێوێک کە لە کتێبی «روزنامەی خاطرات اعتماد السلطنە» دا بە تەواوی شەرحی مەسەلەکە هاتووە.

٦) حەمە گڕوێ و مەلاوسوو دو نەفەر هونەرمەندو مۆسیقاژەن بوون کە حاکمی وەختی مەهاباد تەماح دەناموسیان دەکاو ئەوانیش لەسەر دیفاع لە ناموسیان کارەساتێکی گەورە دەخولقێنن کە شەرحی کارەساتەکە لەکتێبی «نگاهی بە تاریخ مهاباد» دا بە تەواوی هاتووە.

٧) لە جەرەیانی شەڕی یەکەمی جیهانی دا شاری مەهاباد (کە ئەو کات نێوی سابلاغ بوو) چەند جار لە بەینی قوشونی روس و عوسمانی دا دەس بە دەست

Dr.Saleh Ebrahimi



بوو، جارێکیان،کە لەشکری عوسمانی‌یەکان شاریان گرتەوە، گەورەی لەشکر نێوی «فەریق پاشا» بوو،بەو دەلیلە بەو ساڵە دەڵێن: ساڵی فەریقی. شاعیری گەورە مەلا ساڵح حەریق بۆ روداوی فەریق ماددە تاریخی نوسیوە، ئەویش ئەوەیە: «سابلاغ گیرا» کە دەبێتە ساڵی ۱۳۲۵ی قەمەری.

۸) ساڵی عورووسی هەوەڵێ: دەبێتە ساڵی شەڕی یەکەمی جیهانی کە (۱۹۱۸-۱۹۱۴ی زایینی) بووە.

۹) ساڵی قاتی: دوای تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی بووەو پیرەپیاوانی ناوچە تاڵترین بیرەوەری‌یان لەو کارەساتە هەیە. لێرەدا دەمەوێ تەوزیحێکی زیاتر بدەم.کتێبێک هەیە بەو نێوە: سراج الطالبین. تالیف: ابی‌بکر المشهور به کچک ملا الاربلی. طبع: الشیخ محمد جمیل الاربلی - فی مطبعة مکتب صنایع الکرکوک - ۱۳۳۲ قمری - ۲۸۲صفحه). ئەو کەسانەی دەیانەوێ مەلا ئەبووبەکر ئەفەندی هەولێری مەشهوور بە مەلا کچکە باشتر بناسن دەتوانن سەیری ئەو سەرچاوانە کەن.

۱ـ علماءنا فی خدمة العلم والدین. تألیف: عبدالکریم محمد المدرس. دارالحریة للطباعه - بغداد ۱۹۸۳ لاپەڕەکانی ۳۴ تا ۳۶.

۲ـ تاریخ مشاهیر کرد. تألیف: بابا مردوخ روحانی (شیوا) - چاپ سروش - تهران ۱۳۶۶ جلدی دووەم، لاپەڕەی ۲۴۶.

۳ـ دانشمندان کرد در خدمت علم و دین (تەرجەمەی علماءنا...). مترجم: احمد حواری نسب - چاپ انتشارات اطلاعات ۱۳۶۶ تهران - لاپەڕەی ۳۱.

ئەو کتێبە ئی خودا لێخۆشبوو میرزا وەهاب پەروێزی باوکی مەرحووم حاجی کەریم کەریمی‌یە،کە هەر ئێستا لە لای کوڕی گەورەی حاجی کەریم، بە نێوی کاک سمایل کەریمی مامۆستای مەدرەسەکانی مەهاباد مەحفووزە. بە رەحمەت بێ میرزا وەهابی پەروێزی لە لاپەڕە سپی‌یەکانی ئاخری ئەو کتێبە بەعزە شتێکی بە خەتی خۆی نووسیوە، وەک: تاریخی لە دایک بوون و وەفاتی شێخی تەوێڵە، تاریخی ژنهێنان و مێرکردنی ئەولادەکانی و ... دوو سێ لاپەڕەشی تەرخان کردووە بۆ ئەو شتانەی کە لە ساڵی قاتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچەی مەهاباد بە چاوی خۆی دیتویەتی. لێرەدا دەقی یادداشتەکانی بە بێ دەست تێوەردان، هەر بە فارسی دەنوسمەوە:

Dr.Saleh Ebrahimi



«تاریخ آمدن قشون روس به قتل و غارت و سوخت ۱۴ ربیع الاول ۱۳۳۴، رفتن روس در ۲۸ ربیع الثانی ۱۳۳۴ خداوند تلافی مسلمان و مظلوم از این کافر بستاند.»

تاریخ گرانی و قحطی که در ساوجبلاغ بعد از رفتن روسهای ملعون بی انصاف روی داد تا درجه‌ای بود در ماه ربیع الثانی ۱۳۳۴ ظهور. آرد پوط (۱۶ کیلوگرم) آن پنج تومان بود کم کم از ۶ الی ۷ تومان که پوط ده تومان شد در زمستان ۱۳۳۴ به درجه‌ای رسید به چشم خودم دیدم آرد پوط ۱۵ تومان شد. نان یک عدد هیجده قران الی دو تومان فروختند، نعوذ بالله از فقراو بینوایان چه روزگار گذشت. بعضیها فرزند دلبند خود کباب می‌کردند و بعضی کس‌ها گوشت سگ و گربه و الاغ می‌خوردند، والله به حق خدا به چشم خود دیده شد گوشت سگ را ریزه ریزه کرده بودندو می‌خوردند. در کوچه‌و محله‌ها فقرا مثل خاکستر از گرسنگی مرده بودند، تعداد انسانهای مرده روزی به یکصد و پنج نفر رسید، در کفن کردن و قبر گذاشتن آنها مردم عاجز شدند، خندق برای آنها کشیده مثل ... سرهم ریخته...

فی الجمله تخم مرغ دانه‌ای چهار عباسی بود، طاقت از مردم نماند، برخی اشخاص زن و بچه‌هایشان را می‌فروختند به یک نان و کسانی که‌عزت‌دار بودند بعد از تمامی مال و آذوقه درِ خانه به روی خود بسته می‌مردند. مختصر مسلمان نشنود کافر نبیند، با قلم و کاغذ شرح زیان تمام نمی‌شود، کاسبی نیست شده تمام مردم خانه‌نشین بودند. خدایا به فریاد رس و رحمی نما به حق محمد و آله. قیمت بعضی از مایحتاج: آرد گندم پوط ۱۵ تومان، آرد جو پوط ۱۲ تومان، روغن سیه (دو کیلوگرم) ۳ تومان، برنج صدری سیه ۳ تومان، برنج گرده سیه ۱۲ قران، قند هر تبریزی (۳کیلوگرم) ۱۴ تومان، کشمش شیره پوط ۶ تومان، ذرع چیت ۴ الی ۶ قران، اقل الحقیر و هاب ولد حاجی محمد پرویزی.

در گوشه‌ای نوشته شده: آمدن شکاک یوم جمعه ۵ صفر ۱۳۴۰ قمری.

قسمت مربوط به رفتن روسها تاریخ ۲۸ ربیع الثانی ۱۳۳۴ عدد سال ۱۳۳۶ هم خوانده می‌شود، برایم مشخص نشد کدامیک درست است، بعضی از قسمتهای نوشته به زحمت خوانده می‌شود.

۱۰) سالێ جیلوی: دوای کوژرانی مارشیمون به دەستوری سمایل ئاغای شکاک

(سمکۆ) پەیڕەوەکانی لە ناوچەی ورمێ و خۆیە و سەڵماس کوشتارێکی زۆریان بە تۆڵەی مارشیمون لە خەڵک کرد، دوایە وردە وردە بڵاوبوونەوەو بە مـەنتەقەی مەهاباد داهاتن و ڕۆیشتن بۆ لای هەمەدان. بە ساڵی هاتنی ئەو ئەفرادە دەڵێن ساڵی جیلوی.

١١)ساڵی هاتنی خاڵە قوربانی (خالۆ قوربان هـەرسینی)یـەو کـوژرانـی وی لە نێزیک گوندی ئیندرقاشی مەهاباد بە دەست سوارەی حەمەدی گوڵاوی ئـاغای مەنگوڕ.

١٢) ساڵی هاتنی سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) بۆ مەهاباد و شەڕی وی لەگەڵ هەنگی ژاندارمیری مەهابادو تاڵانکرانی خەڵکی شار بـە دەسـتی سـوارەکـانی شکاک.[1]

١٣) ساڵی هەستانی مەلا خـەلیلی گـۆرعومەری دژی لیـباسی مـتحد الشـکلی ڕەزاشا.

١٤) ساڵی داعبا قڕانێ، زستانی زۆر ساردی ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی‌یە کە «سیف القضات» باسی لێکردووە:

تاریخ: هەزار و سێسەد و چاردە - بیستی فەروەردین دادو بێدادە.

بڕوانە لاپەڕەکانی ٥٣و ٥٤ دیوانی «سیف القضات» ئامادەکراوی ئەحمەد قازی.

١٥) ساڵی سێلاوێ، ڕۆژی جومعە ١٣١٥/٥/٩ی هەتاوی سێلاوێک لە مەهاباد هاتووە کە زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی لە خەڵک و لە شـار داوە. کـۆمەڵناسی ناودار مەلا مارف بە شیعر دەڵێ: (لە تاریخی هەزار و سێسەد و سێ، پەنجی شەمسی دا

بە ڕۆژی جومعە دەوازدەی جیمی‌یەک نۆیێ ماهی مورددادا)

١٦) ساڵی تەیارە ڕەشە یا ساڵی عورو سی دوایە (شەڕی دووهەمی جـیهانی).

بڕوانە پێشەکی مامۆستا هێمن لەسەر تاریک و ڕوون.

١٧) ساڵی دێموکراتێ یا دەوری دێموکراتی: ساڵەکانی بەینی ١٣٢١تا ١٣٢٥ی هەتاوی.

١٨) دوای ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی کە حکومەتی وەخت بەزمی بە خەڵک دەگرت و

---

١- دەبێ بزانین سمکۆی مەزن لە گوڵانی ساڵی ١٩٢١ی زاینی بۆ ئازادی کورد و کوردستان دەستی داوەتە چەک، بەڵام لە ١٩٢٢ بەرەو موکریان هاتووە. (شەپۆل)

عالەمی زیندانی دەکردو... زۆربەی لاوەکان مەجبوور بە هەلاّتن بۆ هەندەران بو. ئەو ساڵە، ساڵی هەلاّت هەلاّتێیە.

١٩) ساڵی گرانی: زستانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە ناوچەی مەهاباد زستانێکی بێ غایەت ساردو پڕ بەفر و سەرما بووە، تەئیسری ئەو زستانە باعیس دەبێ کە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی گرانی یەکی عەجایب رو لە وڵات بکا. بۆ ئاگاداربونی زیاتر بڕوانە لاپەڕەکانی ٣٢و ٣٣ی پێشەکی مامۆستا هێمن لەسەرکتێبی: تاریک و رون.

٢٠) ئەو ساڵەی کە بۆ یەکەم جار لە ناوچەدا پێداویستی وەک شەکر، قەند، رەژی و ... بە کۆپین دەدرێ بە خەلک.

٢١) ساڵی سەرۆک وەزیری دوکتۆر موحەمەد موسەدیق و روداوەکانی دەوری وی.

٢٢) ئەو رۆژگیرانەی کە پیرەپیاوانی تەمەن نێزیک ١٠٠ ساڵ یا زیاتر باسی لێدەکەن و دەڵێن دە نوێژی نیوەڕۆ دنیا وەها تاریک بوو کە عاسمان پڕ بوو لە ئەستێرەو خەلک لێبڕان کە چرا هەڵبکەن. بە حیسابێک کە زۆر ورد و دەقیق نیە دەبێ بڵێم ئەو رۆژگیرانە دەبێ بەینی ١٠٠ تا ١١٠ ساڵ لەوە پێش روی دابێ.

رەنگ بێ بەعزە سەرچاوەیەک یا بەعزە تەقویمێکی قەدیمی ئەو روداوەیان نوسیبێ و بکرێ تاریخی دەقیقی بدۆزرێتەوە.

سەرچاوەی تەتبیقی تاریخەکان:

١ـ تقویم و تقویم نگاری در تاریخ تألیف: دکتر ابوالفضل نبئی. انتشارات استان قدس رضوی ـ مهرماه ١٣٦٥.

٢ـ تقویم‌های اسلامی و مسیحی. ترجمهٔ فریدون بدره‌ای ـ انتشارات قلم ـ ١٣٥٩ تهران.

٣ـ نەقڵ لە کۆواری سروەی ژمارەی ١٤٣ پەڕەی ٢٦ تا ٢٨ چاپی ژوئینی ١٩٩٨ و ١٣ گولانی ١٣٧٧ بە قەڵەمی بەڕێز سەید محەمەد صەمەدی ـ مەهاباد.(شەپۆل) •

Dr.Saleh Ebrahimi



## حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین

حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا خۆشەویستی هەمو کوردێک بـو بـە تـایبەت لە نـاو مـریدو مەنسوبەکانی خویدا زۆر خۆشەویست بو، رابەری فێرگەو رێبازی نەخشی بو، بە خەباتگێرو کۆڵنەدرو ئازا ناودار بو بەتایبەت لە نیوەی دوەمی سەتەی نۆزدەهەم دا زۆر گوڵی کردبو.

حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین زۆریش داراو دەوڵەمەند بو، زۆری گرینگی بە بازرگانی ئەداو زۆر یارمەتی بەکوردان ئەدا لە بابەت پوڵو دراو و شتیواوە، لەو رێگایشەوە خۆی برد بوە ناو دڵو دەرونی خەڵکی کوردەواریو بیرو راو رامیاری خۆی بە بەڵگەی دینی دەرازانەوەو لە رقو قینی کوردان سەبارەت بە کار بە دەستانی تورکی عوثمانی کەڵکی وەر دەگرت، یارانی شیخ لە تەکیەکۆ دەبونەوەو شێخیش لە رێگای دینیو لە ریگای خەلیفەکانی کە لە کوردستاندا خەریکی پەرەدان بەرێبازی دینی و فێرکردنی فێرگەی نەخشی بـون، زیـاتر خوشەویستی پەیا ئەکرد[١].

حەزرەتی شیخ دوای ئەوەی زۆر بەی شارەکانی کوردستانی ئێرانی گرت وەکو خـوٚ، سەڵماس، میاندواو، مەڵکەندی، بناو، عەجەب شێر، سابلاغ (مەهاباد) ورمێ، شنۆ، هەر وەکو کونسولی روس (کریبل)، لە کانونی ١ سالی ١٨٧٩ زاینیدا نوسیویەتی: شـێخ دەیویست کوردستانی گەورەی سەر بەخو دامەزرێنیو موصڵ بکاتە پێتەختی.[٢]

1 - بروانە وتاری نیکتین Nikitine, Les Kurdes, Etude sociologique et historique, Paris, 1956

٢ ـ ئارشیوی سیاسەتی دەرەوەی روسیە مهمة فی فارس ١٨٧٧ ـ ١٨٦٩ زاینی لاپەرەی ۴

Dr.Saleh Ebrahimi



حەزرەتی شێخ زیاتر ئەیویست پاڵ بدا بە روسیەوە نەك بە بەریتانیاوە چونکا لای وابو پال دان بەشێرەوە، باشترە تا پاڵ دان بەمام رێوی‌یەوە[١].

شێخ زۆرجار هەوڵی‌دا تا بەڵکو روسیە وادار بکا تا یارمەتی راپەڕینی شێخ بدا، بۆ نمونە دو جاریش (یوسف ئاغای) ناردە لای کامسارەکانی روس لە (وان) و لە ئەرزەروم‌دا[٢].

حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی‌شەمزین زۆری گرینگی بە راپەڕینی کوردان ئەدا، لە تورکیاو ئیراندا، لە یەك دەم‌وکات‌دا، هەم ئەو راپەڕینەی رابەری دەکرد و هەم کارێکی وای دەکرد ئەرمەن‌و ئاسورو عەرەبیش بەدژی تورکان راپەڕێنێ، جا لە بەر ئەمە لەگەڵ مارشەمعون رابەری ئاسوری‌یەکان هەروا لە گەڵ شەریفی مەکەو خدیوی میصردا پێوەندی گرێ‌دا[٣]

عەرەبەکان لە ولاّتی بەغا، بەسەر پەرستی فەرحان پاشا پشتیوانیان لە راپەرینی شێخ عوبەیدیلا دەکرد بەتایبەت دوای گرتنی موصڵ لە لایەن کوردەکانەوە، شێخ عەبدولقادر، کورە چکۆلەی شێخ لەگەڵ هەمزاغای مەنگور دوشاری عیمادی‌یەو موصڵ‌وهەروا مەلبەندی مەنگورو مامەشیان لە ئێراندا گرت لەم‌لایشەوە شێخ عوبەیدیلا شاهی‌شەمزین لەگەڵ هێزی خۆیدا ناوەندی ئیداری (وان)ی گرتبوە دەس، حەزرەتی شێخ زۆر رۆشن‌بیرو دوربین‌و رامیارو بە شەخصیەت بو، جا هەر لە بەر ئەمە ئەکۆشا تا بەڵکو دەوڵەتەکانی ئوروپایی لە راپەرینی کورد پشتیوانی بکەن‌و لەم بارو بابەتەوە زۆر تێکوشا. جا ئەوە بو تورك‌و ئینگلیس لەرز گشت گیان‌و لەشی داگرتن و سەروان (کرفدر و کاهن فورز ـی ئینگلیسی) لەساڵی ١٨٧٩ زاینی بۆ کۆڵینەوە لەو راپەرینەی شێخ بە کوردستانی باکوریدا: خۆرهەلاّتی

---

١ ـ ئارشیوی سیاسەتی دەرەوەی روسیە مهمة فی فارس ١٨٧٧ ـ ١٨٦٩ زاینی لاپەرەی ۴

٢ ـ ئارشیوی جەنگی، مێژوی حوکومەتی ناوەندی لاپەرەی ٥بە نەقڵ لە بەشی انتفاضة الاکراد .

٣ ـ ئارشیوی رامیاری دەرەوەی روس لە سەفارەتی خۆی لە قوستەنتەنی‌یە لاپەرەی ٥۴

۴ ـ ئارشیوی رامیاری روس، لە سەفارەت لە قوستەنتەنیەو .ن.ا.خەلفین ـ راپەرین لە رێگای کوردستان‌دا لاپەرەی ١١٨

Dr.Saleh Ebrahimi



تورکیادا گەران، چونە سامسون، ئەماسیو، سیواس، ئەرزەنجان، موش، بیدلیس و (وان) و لە مەلاز غیرەت و ئەرزە رۆمەوە گەرانەوە.

لە ساڵەکانی ۱۸۷۹ زاینی لەکاتی ڕاپەڕینی شێخدا هەمو کوردستان بە تایبەت باکوری خۆرهەڵاتی (وان) بە دژی تورکان زۆر بەقینەوە هەستا بونە سەر پێ، بە تایبەت هۆزی حەیدەرانلی گەورە[1] بەڵام بە داخەوە زستانهات و بارو دوخی هوزی گەورەی حەیدەرانلی ئاڵۆز بو و لە لایەکی ترەوە، لەشکری تورکی عوثمانی بە سەر فەرماندەیی سامح پاشا نەوەی دەرویش پاشا لە پایزی ۱۸۷۹زاینی دەوری (وان)ی داو دو تۆپی بەریتانیا پشیان پێ بو سەرەرای ئەوانەش لەشکری تورکان لە لای وانەوە گەیشتنە لای هەکاری، ئەرزەروم، ئەرزنجان، موصڵ، دیابەکر، وان، تا ڕێگاکان لە کوردان بیەستن، ئاسوریەکان بە کونسولی ئینگلیسیان راگەیاند کەناوی (کلیتون)بو، لەم هەل و مەرجەدا کوردان ناتوانن خۆ بگەیننە شێخی شۆرشگێڕ، چونکا زۆربەی ڕێگاکانیان لێ گیراوە، لەو سەردەمەیدا، لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دوەمەوە، بەحری بەگ کە یەکێ لە کورەکانی بەدرخانی ناودار بو ناردی یە، لای شێخ عوبەیدیلا بۆوتو ویژکردنو زۆریشی دیاری بۆ شێخ ناردبو، وەکو (شیرو میدالی شانازی) و تەنانەت رای گەیاندبو، ئەگەر شێخ واز لەو ڕاپەڕینە بینێ مانگانەیەکی زۆری بۆ دەبڕێتەوە بۆ خەرجی خانە قاو مریدو مەنسوبەکانی[2].

بەڵام شێخ وەڵامی نەدانەوە لە سەرەتای مانگی ئاب ـی ساڵی ۱۸۷۹ز ـ کوردەکانی غیراکلی ماڵیاتیان نەبو بیدەن بە پیاوی فەرمانداری تورکیا ئەوە بو ۴۰۰ کەسی ناردە سەر کوردکان و بووە شەڕ و لە ئاکامدا تورکەکان ژمارەیەکی زۆریان لە کوردەبێچەکەکان کوشت و

1 - V. Veliaminof-Zernof, Scheref-Nameh ou histoire des Kurdes par Scheref, Prince de Bidlis, t. 11 SPB, 1862,p. 34.

2 - V-B, Nikitine, Les Kurdes, (ئارشیوی جەنگی ـ مێژویی حوکومەتی ناوەندی racontes par eux-memes- sociologique" L' Asie Francaise", Paris, 1925, N.231, PP, 148 - 157

Dr.Saleh Ebrahimi



٤٠ کەسیشیان لە کوردە بی‌دەسەلاّتەکان بەدیل گرت‌و بردیانن و شرت‌و گومیان کردن.

شێخ خۆی ئامادەی دیفاع لەو کوردە هەژارانە کرد وبەهەمو سەرۆک هۆزە کوردەکانی راگەیاند، ئامادەی هێرش بن بەتایبەت هێرش بۆ سەر عیمادی‌یە.

حاکمی موصلّ ٢٠٠ سەربازی بۆ ماڵیات وەرگرتن ناردە باڵەک (یابالّەکایەتی) و شیخیش سەید عەبدولقادر ـی کوری خۆیی بە لەشکرێکی کەم ناردە یارمەتی ئەو کوردانە. بەداخەوە لە بەر تورکان خۆیان نەگرت، لە هەمان کاتدا، حاکمی باشقەلاّن ناردی‌یە سەر شێخ هەم ماڵیات بداو هەم لە حوکومەت ئیتاعەت بکا، بەلاّم شێخ پیاوی تورکانی گرت‌و رای‌گەیاند، تا ئەو ٤٠ کوردە ئازاد نەکرێن ئەمانە ئازاد ناکرێن‌والی (وان)پیاوی ناردەلای شێخ تامەبەستە کە باشتر رون بکرێتەوە. شێخ لە یاد داشتێکدا، رای‌گەیاند کە تورکان شت‌ومەکێکی زۆریان لە گوندەکانی کوردنشینی مەڵبەندی عیمادی‌یە رفاندوەو خەڵکیان تالاّن‌و گوندێ زۆریان وێران کردوەو خەڵکەکەیان کوشتوەو ناموسیان بردون عەبدولقادری کورم راسپاردوە تا بۆ بەرژەوەندی هەر دولا بکۆشێ[١].

ئەبێ بزانین سەربازانی تورک حەزیان نەدەکرد لەگەڵ لەشکری شیخدا شەر بکەن، چونکا شێخیان بە شەریف و موقەدەس وبەرحەق دەزانی.

ئاسوری‌یەکان لەو دەمەدا دەسیان کردە یارمەتی دانی کوردان (کلیتون) لە ٦ی ئەیلولی ١٨٧٩زاینی ترسی لێ نشت‌و هەواڵی بە (ترویر) فەرماندەی گشتی‌دا، کە مارشەمعون‌و ژمارەیێ‌زۆرلە سەرانی مەسیحی لە شاری (وان) دا پێوەندی‌یان لەگەڵ کوردانی شۆرشگێر گرتوەو ئاسوری‌یەکان بەدژی ئەمریکایەکان وەستاون‌و لە هەمان کات‌دا بەدژی ئینگلیسیشن.

بەئاشکرا مارشەمعون یارمەتی هێزی شێخ ئەدا ئەمەش لە بەر ئەوەیە شێخ زۆر پیاوانە لەگەڵ ئاسۆریاندا، دەبزوتەوە. زۆرجاران دەنگی کوردەکانی داوەو لە سەر ئاسۆریان بە جواب هاتووەو ئەگەر مەرو مالاّتیان برابێ، بۆی ئەستەندونەتەوە.

---

١ ـ ئارشیوی رامیاری دەرەوەی روسیە، کارلایل ماک کوان.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەم بارودۆخەی ئاسوریان لە بابەت کوردانەوە بۆتە هۆی پەریشانی نۆینەرانی ئینگلیس لە تورکیاو لە ئێراندا و نیگەرانی ئەوە بونکە ئاسوریانی کۆیستان لە ئاخریدا بە تەواوی بلکێن بە کوردە شۆڕشگێڕەکانەوە و چەك لە تورکان دامالن.

(ئەبوت) ئاسوری‌یەکانی دنە ئەدا کە ئێوە لە سایەی بەریتانیاوە ئەپشکون و باش وایە، یارمەتی بابی عالی بدەن، بۆ لە ناو بردنی کوردان[1].

لەکاتی ئاژاوەی تورکان لە ناوچەی هەکاریدا شیخ بانگەوازی لە کوردانی ئێرانکرد، تابێن بە کۆمەگیانەوە ئەوە بو هۆزی شکاك لەشکرێ زۆریان نارده یارمەتیٚ هێزی شیخ.

ئەڵێن (ترویر) بە مەترسی کوردانی زانیبو ئەوە بو سامح پاشای تیٚ گەیاند، کە نابیٚ ئەم ڕاپەڕینە، بە کەم بزانن‌و خۆیشی یارمەتی تورکانی ئەدا، بۆ تیٚشکاندنی کوردان، سامح پاشا ویستی چاوی بەشێخ بکەویٚ بۆ چارە سەری کار، بەلاّم شێخ دەیزانی درو دەکەن ڕێگای پیٚ نەدا. دیارە شیخ تاکتیکی بەکار دەبردنەی‌ئەویست بە توندی لەگەڵ لەشکری تورکان ڕو بەڕو بیٚ‌بە تایبەت زستان، هێزی لە کوردستان چنیبوشێخ دەکوشا، تا زیاتر کوردەکانی تر لەگەڵ ئەم کوردە شۆڕشگێڕانە یەك بخا.

لەو ناوەدا کە منالاّنی کورد لە فێرگەکانی ئەرمەنی‌دا خەریکی خوێندن‌بون تورکیا بە فروفێڵی ئوروپایەکان دەسیان کردە چاوورا داخستن: بەڵیٚ ئەرمەنیەکان، ئەیانەویٚ، لەم ڕێگایەوە منالاّنی کورد بکەنە مەسیحی‌و لەسەر ڕێبازی ئیسلامیان لابەن، بەم جۆرە تورك توانی کوردەکان بە دژی ئەرمەنی‌یەکان تیژبکاو لە ئاکامدا بیانکا بەگژ ئەرمەنی‌یەکاندا ئەم کارە شەیتانیەش گرتی. ئەم چاوو ڕاوە لە ڕۆژنامەی عوثمانلی تورکی بلاّو دەکرایە وەکە لە قوستەنتەنیە دەر ئەچو، ئەیانوت ئەمە کاری بولغارستانە[2].

---

١ ـ ئارشیوی دەرەوەی روس بعثة فی‌بلاد الفرس ١٨٧٧ـ١٨٩٦زاینی " The tale of suto and tato" Kurdish text with translation and notes, " Bulletin of the school of orient and Afric. studies" vol. III, pt I, 1923, pp. 69-106

٢ ـ جەریدەی مشاك ژمارەی ١١٦ سالی ١٨٨٠زاینی

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆژنامەی (وەخت) و (حەقیقەت) لەنوسراوەکانی خۆیاندا دیفاعیان لەکوردی هەزار دەکرد کە وەحشیانە بەدەسی ئەرمەنییەکان ئەکوژران (ترویر) زۆر بە ئاشکرا بۆ (عوشین) بالۆیزی ئینگلیسی نوسی: کە لە یەکیەتی کوردان دەترسێ و، هەروا نەزانی حوکومەتی تورکیش، لەوەدایە کە لەو یەکیەتی یە پشتیوانی ئەکا بە خەیاڵ بۆ بە شەردانیان لەگەڵ ئاسوری و ئەرمەنیدا و تەنانەت ئەمە لە پارلمانی بەریتانیادا قسەی لێکرا. سیاسەتی تورکی وەسمانیش دژایەتی ساز کردن بۆ لە نێوان هۆزە کوردەکانداو لەلایەکی تریشەوە بە شەردانی کورد و ئەرمەن و ئاسوری بو، جا ئەوە بو هەمیشە بە سەر ئاژاوەکەدا سواربو.

بیرورای گشتی ئەرمەنییەکان: تورکیایان، ئەدایە، بەرهێرش کە کوردیان بە دژی ئەرمەنی یەک ختسوە بەلاّم لە راستیدا ئەیانەوێ بەم شێوە کورد کز بکەن و لە دوایدا بۆ هەمیشە سەری کورد پانبکەنەوە[1].

زۆر سەرچاوە هەیە، کەقسە لەبرایەتی و دۆستی نێوان کوردو ئەرمەن دەکا، بۆ وێنە ئەرمەنی یەکان هەمیشە کۆشاون پێکەوە، لەگەڵ کوردان یەکیەتێک بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ تورکی وەسمانیدا، پێک بهێنن و هەمیشە کۆشاون ئەو پێوەندیە سازبدرێ، بۆ وێنە جەریدەی (ئەرفیلیان مامول) ئەرمەنی زمان نوسیویەتی: ئێمە ئەبێ لە باری سیاسی و فەرهەنگی یەوە لەگەڵ کوردان دۆستی دامەزرێنین و هەروا لە ساڵی ١٨٦٠ز کۆڕێ لە ئەرمەنیان کە لە سەرویانەوە، دو نوسەری ناوداری ئەرمەنی: (غاریفین سفادجیانوم، مومدجیان) کۆڕێکیان بە ناوی (جەمعیەتی فەرهەنگی خۆرهەلاّتی) دامەرزاندو مەبەستی بنەرەتیشیان ئەوە بو، لە ناو کوردان فێرکردن و خوێندن بلاّو بکەنەوەو لەم ڕێگایەوە پێوەندی و دۆستی نێوان کورد و ئەرمەنی بتەو بکەن.

ڕاپەڕینی کوردان بە رابەری شێخ عوبەیدیلای غازی لە ئێران لە ساڵی ١٨٨٠ زاینی. لە سەرەتای تەموزی ١٨٨٠ز پارێزگەری ورمێ زۆری بۆ شێخ عەبدولقادر کوڕی، شێخ

١ ـ ب.ی. ئەفریانۆف: کوردان لەجەنگی روس بەدژی پارس و تورکیا لەنێوان سەدەی ٩ و ١٠ لاپەرەی ١٩٥

عوبەیدیلای نەهری شەمزینان هێناکە ماڵیاتی مەڵبەندی سۆماو برادوست و شنۆو لاجانی بۆ کۆ بکاتەوەو بیدا بە ئوستانداری ورمێ.

تورکانی تورکیایش هەمیشە لەم فرو فێڵە شەیتانی یە، کەڵکی وەرگرتوە، کە کورد بە کورد بەقر بدا بۆ وێنە سوڵتان حەمید ـ ی دوەم قاو دائەخا، کە ئەیەوێ وڵاتیکی کوردی، پێک بێنێ لە (ئەرزەرومو (وان)و دیار بەکرو موصڵ) بە زۆڵی (عەبدوڵا پاشا) کە لە کوردەکانی سولەیمانی و سەر بە سوڵتان حەمیدبو، لەسەر ئەوچەن پارێزگەی دانا، چونکا ئەو دەیزانی لە نێوان عەبدوڵا پاشاو حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا غازی دژایەتی هەیەو لە لایەکی تریشەوە کردبویە هەڵاو هوریا کە عەبدوڵا پاشا بە لەشکری خۆیەوە چۆتە جەنگی کوردە شۆڕشگێرەکان، مەبەستی ئەوە بووە، کە لەم ڕێگایەوە ڕاپەڕینی ئازادیخوازی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا(قدس سره) کزو لاواز بکا[١].

شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین لە پەیامێکدا، کە بۆ سەرانی هۆزە کوردەکانی نوسیبو رای گەیاندوە، کە ئەبێ دۆستی ئەرمەنی یەکان لە بەر چاو بگرن، چونکا من زیاتر بروام بە دۆستی و راستی ئەرمەنی یەکان هەیە، نەک بە تورکی تورکیا و قاجاری ئێران، ئەبێ لەگەڵ ئەرمەنی یەکان یەک بین و نەیەڵین دوژمنان دژی بخاتە نێومان.

لەمانگی کانونی ٢ ساڵی ١٨٨١زاینی زیاتر لە ٥٠٠٠ عەرەب لە وڵاتی بەغداوە هاتبونە یارمەتی شێخ، هەر وەها کۆرێ زۆر لە ئاسوریانیش لەو سەر دەمەدا لکان بە هێزی شێخەوە[٢].

حەزرەتی شێخ زۆر کۆشا تا ئاسوری یەکانیش بکێشێتە ناو ڕاپەڕینی ئازادیخوازی. لەسەرەتای ١٨٨١ز شێخ، مەطران ئاسوری نارده (کوجانیس)ی نێزیکی شەمزینان بۆ لای (مارشەمعون) کە لەوێ دەژیا تا بلکێ بە شۆڕشەوە، هەر وەکو جەریدەی (مشاک)ی ئەرمەنی زمان نوسیویەتی مارشەمعون بەڵێنی دابو کە لە ڕاپەڕینی حەزرەتی شێخ بەدژی شای ئێران بە

١ ـ جەریدەی رەسمی ١٨٨٠ز ژمارەی ٢٦٢. قەفقاس ١٨٨٠ ژماری ٢١٦ "Correspondence respecting the Kurdish invasion of persia. Turkey, N,5 (1881)", P.49.

٢ ـ ئەرشیوی دەرەوەی روسیە، بالویزخانە لە قوستەنتەنیە ١٨٨١ز و قەفقاز ١٨٨٠ز ژمارەی ٣٤٢

Dr.Saleh Ebrahimi



تەواوی هێزەوە پشتیوانی لە ڕاپەڕینی شیخ بکا[1].

حەزرەتی شێخ بۆ تەنظیماتی گرینگی: پێشمەرگەو فێربون بە فنونی جەنگی زۆری گرینگی دائەنا، جا هەر لە بەر ئەوە/ ٢٦ کەس لە ئەفسەرانی بازنشەستەی تورکیای، بانگ کردبوە لای خۆیو مانگانە ٢ لیرەی تورکی پێ ئەدان تا پێشمەرگە بۆ جەنگ بارێنن.

حوکومەتی تورکیا کە زۆری بۆ هاتبو، ناچار پیاوی نارده لای شێخ بۆ وتووێژ، لەم لاشەوە لە شکرێ زۆری ناردبوە مەڵبەندی هەکاری، تا بەخەیاڵ بە بۆنەیو تووێژ کردنەوە شێخ بغافڵێنێو بەهەر کارێ کە بۆی بکرێ شێخ کز بکا، بەڵام شێخ فەرموی ئەگەر تورکیا ڕاست، دەکا ئەبێ، دەس لە هێرش بۆ سەر هەکاری هەڵ بگرێو بۆ وتووێژیش ئەبێ نوێنەری دەوڵەتەکانی ئوروپایی حازربن، حەزرەتی شێخ بەم دوپێشنیارە، ئەیویست سەر بە خۆیی کوردان نەک هەر لە ڕێگای شەر بەڵکو لە ڕێگای وتووێژی بەراستی دابین بکا[2].

لە ئاکامدا شێخ لە مانگی رەبیعی ١ دا بۆ وتووێژ کردن چووە لای سوڵتان لە بابی عالی، شیخ چووە ئەستەنبوڵ و پێشمەرگەی شەرەف هاورێی شێخبون، کاتێ حەزرەتی شێخ وارید بو سوڵتان حەمید ـی دوەم لە گەڵ کۆڕێ لە پیاوانی دەربار بۆڕێز گرتن، لە حەزرەتی شێخ، چونە پێشوازی شێخ و شەقامەکان، تەژیو پڕ بون لە خەڵک حەشیمەت هەر جمەی دەهاتو بۆڕێز دانان لە تەشریف بردنی شێخ چەن گوللە تۆپیان تەقاند[3]. بەڵام تورکان شێخیان دەس بەسەر کرد.

حەزرەتی شێخ لە بیری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کورد وازی نەهێناو بە نهێنی لە گەڵ شێخ عەبدولقادر ـی کوڕیدا پێوەندی دەگرت، تا سەرەنجام لە کاتی جێژنی رەمەزان لە

١ ـ مشاک ١٨٨٦ ژمارەی ٤٦ "Correspondence respecting the Kurdish invasion of persia. Turkey, N,5 (1881)", P.47. Ibid p.49

٢ ـ ئەرشیوی رامیاری دەرەوەی روسیە، ئەرشیوی سەرەکی ١٨٨٠ز و ١٨٨٢ز

3 - "Correspondence respecting the Kurdish invasion of persia. Turkey, N,5 (1881)", P.77.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاخری حوزەیران ـی ١٨٨٢ز خۆی بەرەو کوردستان دەرباز کردو خوا بۆی رێک خست لە دەریاوە بە سواری کەشتی‌یەکی فەرانسەوی شەریکەی (باک) خۆی گەیاندە (بوتی)و لەویشەوە، تەشریفی بردەوە کوردستان[١].

شیخ عەبدولقادر لەگەڵ کۆڕێ زور لە پێشمەرگەی چەکدارو چەشیمەتێکی زۆر بە رەو پیری شیخ چونو زۆر بەڕێز و حورمەت چونەپێشوازی،حەزرەتی شێخ لە سەر بانگ هیشتنی (ئەرشمند ریت ئوهاینس کارچونی چووە کلیسای ئەرمەنی‌یەکان کە لە باکوری (فارفولومیا) لە مەڵبەندی (وان) بو[٢].

حەزرەتی شیخیش لە کلیسادا سپاسی لە پێشوازکاران کردو رای گەیاند رۆژگارێکی دورو درێژە لە نێوان کوردو ئەرمەن‌دا دۆستی و راستی هەیەو باو باپیرانمان پێکەوە بە دۆستی ژیاونو لەو کوردانەی وا لەگەڵ شێخدا بون داوای لێکردن ئەبێ گەلی ئەرمەن بەبرای خۆتان بزانن‌و نابێ بێڵین کەسێ ئازار بەوان بگەینێ، هەرکەس ئازار بە ئەرمەنێک بگەینێ وەکو ئەوەیە ئیهانەتی بە من کردبێ[٣].

**بەڵام تورکی وەسمانی هەمو دوکانو بازاری شاری بدلیس یان ئاگرداو وێرانیان کردن** بەسەر یەکدا، بە تایبەت دوکانەکانی ئەرمەنی‌یەکانی ئاگرداو روخاندیانو نایان بە سەر کوردەکاندا بۆ ئەوە نێوانی کوردو ئەرمەنی تێک بدەن، چونکا لە دۆستی کورد **و ئەرمەنی زۆر دەترسان.**

بە هەزاران کوردی چەکدار و بێچەک لە هاتنەوەی شێخ پێشوازی‌یان کردو بەدەیان کیلومیتر رێگایان بڕی، تاگەیشتنە زیارەتی شێخ.

هەرچەن شێخ نەی‌دەویست شەر روبدا، بەڵام تورکی عوسمانی زۆر لە شێخ دەترسا، ئەوە

١ ـ ئەرشیوی رامیاری دەرەوەی روسیە، ئارشیوی سەرەکی ١ـ٩ـ١٨٨٢ زاینی و ١٨٨٣بەشی هەشت جوزوی ٥٤ وەرقەی ١٣

٢ ـ مشاک ١٨٨٢ ژمارەی ١٦٣

٣ ـ مشاک ١٨٨٢ ژمارەی ٢٢٩

Dr.Saleh Ebrahimi



بو بەهانەیان، پیّگرت، بوّ ئەوەی نەتوانیّ کوردەکان یەک بخاو هەمویان بە دژی تورک و قاجاری ئیّران دوبارە راپەرینیّ و شیخیش چبوە قەلاّی (ئەورامار) تا بتوانیّ لە راست هیّرشی تورکان خوّ را بگریّ، بەلاّم تورکان دەوری قەلاّیان دا، شیّخ بوّ ئەوەی خوّین لە کەپوّی کەس نەییّ فەرموی؛خوّم دەچمە موصلّو تورکان موافقەتیان کرد. بەلاّم شیخ عەجەلەی نەبو، بوّ روّیشتن موسا **پاشا**-ی تورک بوّ ماوەی ١٨ روّژ قەلاّی بە توّپ کوتاو خەلکیّ زوّریان کوشتو قەلاّیان ویّران کرد، بە جوّریّکی وا ئوروپایەکان لە روّژنامەکانی خوّیاندا باسی ئەم **کوشتارەیان بە عەمەلیّکی وەحشیانەی تورکانە داناوە**[١].

شیّخ بە پیّنجهزار پیّشمەرگەی چەکدارەوە بەرەو هەکاری تەشریفی برد و زوّر بەی سەرانی هوّزە کوردەکان چونە پیّشوازی شیّخ، دەسەلاّتدارانی قاجاری ئیّران لە ترسا بە ناو سنورەکانیان بەست، ئەمیر نظامی گەروس خوّی گەیاندە سەلماس و هەرەشەیان لە خەلّک دەکرد کە نەچنە ناو سپای پیّشمەرگەی شیّخ[٢]

مەبەستی شیّخ لابردنی ستەم و زوّر وّیژی تورکی تورکیا و شای قاجار و دامەزراندنی کوردستان-ی گەورەو سەر بەخوّ بو[٣].

ناصرەدین قاجار شای ئیّران لەترسا دوبارە دیوارەکانی دەورەی شاری ورمیّیان پینەو پەروّ و دروست کردەوە[٤].

هەر لەو دەمەدا هیّزیّکی زوّری، تورکی عوثمانی خوّی گەیاندە (وان) هەر وەکو ۴ تیبو ١۴ توّپیش لە ئەرزە روّمو ئەرزەنجانەوە گەیشتە (وان) و لە پاشان ١٠ تیپیتری تورکیا بەرابەری (موسا پاشا کوندوخوف) خوّی خزاندە هەکاریو زوّر وەحشیانە دەسیان کرد بە کوشت و بڕی کوردی بیّ چەکو لەسەر ریّگا هەمو مالّە کوردیّکیان تالاّن دەکردو ژنو

---

١ ـ مشاک ١٨٨٢ ژمارەی ٢۴۴

٢ـ مشاک ١٨٨٢ز ژمارەی ١٩٦

٣ ـ بەرکولّی صەلاح بەدرەدین لاپەرە ـ ٦ ـ لەسەر نوسراوەی دوکتور جەلیلی جەلیل بە عەرەبی

۴ ـ ئەرشیوی رامیاری دەرەوەی روسیە، ئارشیوی سەرەکی ١٨٨٢ ـ ١٨٨٣ز) نەقلّ لە کتیّی ـ جەلیلی جەلیل

Dr.Saleh Ebrahimi



منداڵو پیرە پیاو و پیرە ژنانیان دە کوشت، چون لەشکری تورک ئازو خەی نەبو، ئەبو بە تاڵانو برۆ، خۆی بە خێو بکا[1].

لە قەڵای (ئورامار) کە شێخ گیرا شێخ محەمەد صدیق، کوڕی گەورەی شێخیان بە گرێو بردە ئەستەنبوڵ و شێخ ـی مەزنیش لەگەڵ شێخ عەبدولقادر ـی کوری چکۆڵەی خۆیدا گیرا کە لە راستیدا، لە ناو کورداندا، زۆر رێزو خۆشەویستی پەیا کرد بوو لە بان میلشیای کوردیەوە بو، شێخ عەبدولقادر قەت دیانی نەدەنا، بە تورکانداو بە رەسمی نەیدەناسین.

بەڵێ؛ هەم قاجاری یە کانی ئیرانو هەم تورکی وەثمانی لە سەر نەمانی کورد پێکەوە گرێویان بەستبو جا ئەوەیە کە سیف القضات دەڵێ:

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێنو دەچینو، بۆمە نەیێ قەت خودانو خێو؟
فیکری لە حالّی خۆ کەنو بگرین بە حالّی خۆ
هەر بێ سەریو عەداوەتی خۆتانە دێنە رێو
چون دوژمنن دەگەڵ یەکو نینانە یەکیەتی
راتان دە دەن بە جارێ لە هەورازی بۆ نیشێو
ژێر دەستییو ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لە بۆمە هێندە بژین بێ نیشانو نیو
مەعمونی هەر موعامەلە مەحکومی هەرکەسێک
شاهان بە مەحوی شێخانی ئێمە دەبەستن گرێو گرێو

چەن شیعری دیکەش لە بابەت شێخانی نەهری شەمزینان لە سیف القضات(علیه الرحمه) دەماو دەم دە گێرنەوە کەبەداخەوە لە دیوانە کەیدا لە چاپ نەدراوە. هەر جۆر یێ سیف القضاتی رەحمەتی لەوشیعرانەدا ئیشارە بە شێخانی نەهری دە کا کە قاجارو تورکی عوثمانی لە سەر

١ ـ جەریدەی رەسمی ١٨٨٢ ژمارەی ٢٣٩ـ دیوانی سیف القضات گردەوە کۆیی قازی ئەحمەد چاپی ــ یەکەم ١٣٦١ هـ .تاران.

Dr.Saleh Ebrahimi



نەمانی ئەوان گریۆیان پێکەوە گرێ داوە و ئێمەیان بێ خودانو خێو کردوەو ئەمەش هەمو لەبەرکوردخۆ خۆری کوردانیوەکو تەیمور پاشای جەلالیو ئەمیر نظام گەروسو قاسم ـی قاضیو گولاوی ئاغایوەتەمیشو کوردەنەزانو خۆ خۆرەکانەوە بووە.

ئەوەیە هۆزانو موتەفەکیر و حەکیمو حەماسە بێژی گەورەی کورد ئەحمەد ـی خانی فەرمویەتی:

ئـــەف رۆمو عـــەجەم بـــو وان حەصـــارن
کرمـــانج هـــەمی لچـــار کەنـــارن
هـــەر دو تەرەفـــان قـــەبیل ـی کرمـــانج
بـــۆ تـــیری قەضـــا کـــربنە ئـــارمانج
گۆیـــا کـــۆ لســـەر حـــەدّان کـــلیدن
هـــەر طـــائفە ســـەدّەکـــن ســـەدیدن
جـــا مـــێریو هـــیمەتو سەخـــاوەت
مـــێرینیو عـــیزّەتو جـــەلادەت
ئـــەو خـــەتم ژ بـــۆ قـــەبیلی ئـــەکـــراد
وان دانـــە بـــە شـــیرو هـــیمەتو داد
هـــندی ژ شوجـــاعەتی غـــەیورن
ئـــەو چـــەند ژ مـــینەتی نـــفورن
ئـــەف غـــیرەتو ئـــەف عـــولوی هـــیمّەت
بـــو مـــانع حـــەمل بـــار ـی مـــینەت
لەو پـــێکەفە هـــەمیشە بـــێ تفـــاقن
دائـــیم لە تـــەمەرودو شقـــاقن
گـــەر دی هەبویـــا مـــە ئیتیفـــاقەک
فـــێکرا بکـــرا مـــە ئینقیـــادەک

Dr.Saleh Ebrahimi



رۆم‌و عەرەب‌و عەجەم تەمامی
هەمیان ژ مەرا دەکر غولامی
تەکمیل دەکر مە دین‌و دەولەت
تەحصیل دەکر مە عیلم‌و حیکمەت

بەڵێ لە دەما دەمی راپەرینی بەرێ‌و جێی فێرگەی مرۆفانی‌و رێبانس (:بوژانەوەی هونەرو زانست...) لە ئوروپا و پەرەساندنی ئیستیعماری مەمالکی غەرب‌و توندو تیژی‌و وەحشی‌گەری تورکی عوثمانی‌و قاجاری ئێران‌و صەفەوی لە بابەت کوردانەوە، میلیەتی کوردی شکڵ‌و رەنگی خەباتی تەدافوعی‌و موقاوەمەتی گرتە ئەستۆ.

هۆزانفانانی دڵسۆزو بەشەرەفی وەکو ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی ئەمیرولئومەرای کوردستان پێوەندی خۆی لەگەڵ صەفەوی دا بڕی‌و بەناوی خۆرانان دەسی دایە نوسینی مێژوی کوردو کوردستان و ئوستاد و حەکیمی گەورەی بایەزید شێخ ئەحمەد-ی خانی بە هەڵبەستنی شیعرو حەماسەی مێژویی‌و رئالیستی (مەم‌وزین) بەزمانی کوردی لە سەرەتای سەتەی ۱۷زاینی زاڵمان‌و زۆر وێژانی رۆم‌و عەرەب‌و عەجەم ئەداتە بەر توانج‌و تەشەرو لە هەمان کاتداگازندەوگلەیی لە هاو نیشتمانانی خۆی دەکاو دەفەرمێ:

کوردیش کە بیایە یەکدڵ و دەست
دەستیان دەکەوت ژیانی سەر بەست
پەیدا دەبو باوو گەورەیی‌و ژین
ناومان دەر ئەکرد بەبیرو زانین
جیاواز دبوو گفتی پاک‌و ناپاک
پر نرخ‌و بەرێز دەبوو شتی چاک

چریکەو حەماسەی خانی لە راستیدا یەکێکە لەگەورە ترین سەر چاوەی گۆڕانی فیکری‌و فەلسەفەی راپەرینی کوردی. هەر وەکو خوا دەفەرمێ: **(إِنَّ اللّٰهَ لاٰ يُغَيِّرُ مٰا بِقَوْمٍ حَتّٰى يُغَيِّرُوا مٰا بِأَنْفُسِهِمْ - سورەی رەعد ئایەتی ۱۱)**.

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردان خۆیان گۆڕی و راپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا غازی شاهی شەمزین، قارەمانی کەبیرو خودانی کوردستانو خێوی دڵو دەرونی کوردان، لە کردەوەدا تەجرەبەی راپەرینو ئینقیلابی رەسەنی نەتەوەیی بو لەسەر بنەرەتی نیازگەلی کۆمەڵایەتی کوردەواریو ئارەزوی میللیو تەجرەبەی راپەرینی نەتەوەییو چریکەو حەماسەی مەموزین وشەرەفنامە بو، ئەم راپەرینە گەورە کە هەمو کوردستانی تەنیبۆوە لە راستیدا یەکەمو گەورە ترین راپەرینی کوردی بو کە زۆربەی زۆری پادشایانو میر میرانی ناوچەکانی هەمو کوردستان و هەمو چینەکانی میللەتی کوردی پێوە لکا بو، لە سەرەتای راپەریندا سەرانسەری کوردستانی گەورەی فەتح کرد.

راپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین بابی عالی ئەستەنبوڵو دارولخیلافەی قاجاری تارانی لەرزاند کە سوارەی کورد گەیشتبونە دەروازەکانی تەوریزو ئەرزەرۆمو راپەرین خەریک بو بەنەتیژە بگا بەڵام یەکیەتی ناپیرۆزی قاجاریەو تورکی عوثمانیو دەس تیۆەردانی دەوڵەتە ئیستیعمار گەرەکان بەرگری لە سەر کەوتنی گەورەی راپەرینی کوردی کرد[1]

☐ تورکانی عوثمانی بەر ئاوەژوی قەراردادێ کە لەگەڵ حەزرەتی شێخ دا مۆریان کردبو، شێخیان لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و ژمارەیەک لە سەرانی کوردییان شار بەدەر کردو ناردنیانە تایف نێزکی مەکەو میوەی ئەو راپەرینە ئەمانەبون:

١-پێک هێنانی جەمعیەتو ئەحزابی رامیاری عەلەنیو نهێنی.

٢-یەکیەتی کوردو ئەرمەنیو پێک هێنانی بەرەی یەکیەتی کوری (خۆیی بون) و داشناک.

---

١ ـ بروانە ریسالەی فەلسەفەی ـ ئینقیلابی کوردی دوکتور عوبەیدیلا ئەیوبیان مەرکەزی برەک ١٣٥٨/٢/٢١ هەتاوی ئەبی بزانین: دوکتور عوبەیدیلا ئەیوبیان مەرکەزی لەبن سەر نیزەی رەشەکوژەکانی ریژیمی پاشایەتیدا شتی نوسیوە دیارە غیرتو هونەریش لیرەدایە بنوارنە نەشریەی ژمارەی ١ دانشگای ئیسفەهان سالی ١و بەرکولی دیوانی مەموزینو خەجو سیامەند کە لەتەوریز لەچاپدراون کەلەو سەر دەماندا روژنامەی ئیرادەی ئازربایجانو حەسەنقولی ناوێک هێرشییان کردۆتە سەر نوسەری ئەو بەرکولانە

Dr.Saleh Ebrahimi



٣- پێک هێنانی دەو لەتگەل و حوکومەتگەلو فەرمان رەوایی سەر بەخۆی رامیاری کوردی.

٤- ناردنی نوێنەرانی کورد بە ئیتیفاقی نوێنەرانی ئەرمەنی بۆ ئوروپا بۆ مورا جەعە بە مەقاماتی ناو گەلانی بۆ دانانی دەولەتی کوردستانو ئەرمەنستان.

٥- پێک هێنانی بلاوکردنەوەی (رۆژنامەو گۆفار) بە زمانی کوردیو بەدی هێنانی ناوەندی فێرکردنو بارهێنان بە زمانی کوردی.

٦- دامەزراندنی کۆرو کۆمەلەی رامیاری کوردی بەشێوەی نوێو ئوروپایی.

٧- ناردنی خوێندەوارانی کورد بۆ ئوروپا بۆ فێربونی زانستو تکنیک.

٨- دامەزاندنی کۆمەلەی رامیاری لە شارە کانی: دیار بەکر، جزیر، سولەیمانی، وان، موصل، سابلاغ (مەهاباد) بۆکان و... کوردستان.

٩- دامەزراندنی دەولەتی کوردستان بە ریاسەتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر ناودار بە (غەوثی‌ثانی) کوری حەزرەتی شێخ عەبەیدیلا غازی شاهی شەمزینان کە بەداخەوە تورکی عوثمانی بەفروفێل حەزرەتی شێخ عەبدولقادرو سەید محەمەدی‌کوری‌لە گەل دوکتور فوئادو شێخ سەعید -ی پیرانو خالد بەگی جەبرانو هەمو شۆرشگێرانو یارانی‌تری راپەرینی کورد گیرانو شەهید کران (رضي الله عنهم اجمعين) دیارە راپەرینی گەورەی شێخ عوثمانو شێخ سەلامی بارزانیو هەر وەهاراپەرینی شێخ گولبابای غەوثابادو سەیفەدین خان سەدارو حوکومەتی بەدرخان پاشا لە شازادە کانی جزیرو بۆتان و حوکومەتی هەلوی ئارارات ژەنرال ئیحسان نوری پاشا و راپەرینی شێخ ئەحمەد و ژەنرال مستەفا بارزانی پێشەوای هەرە گەورەو نەمرو بەقەدرو گرانی کوردو قیامی شێخ سەعید و دوەلەتی پادشاهی کوردستان بە ریاسەتی سەید شێخ مەحمودی نەمر بەرزنجی مەلیکی کوردستان و فەرمانرەوای کوللکی کوردستان بەریاسەتی سەید طەئال -ی گەیلانی - شەمزینان لە رەواندز، هەمو لەو راپەرینە گەورەی شێخ عوبەیدیلای غازی شاهی شەمزین سەر چاوەی‌گرتووە، تا دە گاتە سەر کۆماری کوردستانی مەهاباد (شەهیدی نیشتمانی‌پێشەوا قاضی محەمەدو راپەرینی ئازادیخوازی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێشەوای گەورەو گرانو قارەمانی گەورەو نەمرو خەباتگێڕی نەتەوەی کورد، ژەنرال مستەفا بارزانی خودانی بارزانو کوردستانی گەورە (علیهم‌الرحمه) هەمو دەزانن حەزرەتی سەید طەی دوەم لەگەڵ سمکۆی مەزن کە کردستانی گەورەی پێکڤ هێنا بو یەکی گرت[1].

شیعر

کــە تــاها پــێشەوایێکی گــەلی دلسۆزو ئارامــە

کە قورئانی موبارەکڤ، وەکڤ چراغی رۆژی ئاکامە

شــەرعی مومتەفــایی چــاترین رێبــازو بەرنــامە

لە قەرنی بیستەما رەونەق شکێنی سەتحی دنیایە

نوکتەی وردو جوان:

دەڵێن: فیرمەنی سەرۆکی بەشی رامیاری وەزارەتی دەرەوەی ئەلمانی نازی لە راپورتێکی نهێنی زۆر گرینگی خۆیدا کە رۆژی دومی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤١زاینی نوسیویەتیو دەڵێ: ئەگەر لەترسی راپەرینی نەتەوەی کورد نەبوایێ حوکومەتی تورکیا ئەهاتە پاڵ ئەلمان لە شەردا[2].

هەمزاغای مەنگور ئەو سەردارە گەورە دوای بەشداربون، لەکۆنگرەی شەمزینان کەزیاتر لە٢٢٢ کەس لەسەرانی کورد لەوا بەشدار بون، خۆی ئامادە کرد بو راپەرینێک لە ئێرانداو زۆربەی سەرۆکڤ هۆزەکانی بۆ ئەو راپەرینە بەشدارکرد ئەو بریارو بەڵێنانەیوا لەو کۆنگرەیەدا قسەی لێ‌کرابو لەلایەن زۆربەی کوردەکانی ئێران بەدڵو داو پەسەند کرا.

١ ـ ژەنرال ئیحسان نوری پاشا هەڵۆی ئارارات لە ساڵی ١٩٧٥ زاینی لە تاران وەفاتی کردوەو لە تاران لە بەهەشتی‌زارا نێژ راوە
قاضی مونعیمی رەحمەتیش لە ٢٢ رەمەزانی ١٣١٩ کۆچی هەتاوی بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە.

٢ ـ نامەی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی بەنەقڵ لەمێژو، نوسراوی کە ماڵ مەزهەر چاپی بەغدا ساڵی١٩٨٣زاینی لاپەرەی ٢١٨ـ لەنامەی دوکتورای سەید عەزیز گەیلانی‌زادە زۆر نوکتەوردی‌وا جوانو نەزانزاو هەیە (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



ـ هوّزی هەمزاغای مەنگور لە هوّزی بلّباسن و لە ناو سنوری تورکیەو عیّراق و ئیّران دەژین، وەکو سەربەخوّ ژیاون. زستانانە دەچونە بەشی گەرمیانی تورکیەو هاوینانەش دەگرانەوە بوّ نیّو کیّوە بژوّینەکانی ئیّران: کیّلەشین و لاجان. هەمزاغا لەکاتی جەنگی روس و تورکیە بەفەرمانی حاکمی بەغا گیراو بەندکراو لە بەغاوە بردیانە ئەستەنبولّ، دوای رابوردنی چەن سالّ بەسەر جەنگدا هەمزاغا ئازاد کرا کە لە بەغا دانیشیّ و لەویّوە خوّی گەیاندەوە ئیّران و کرایەوە بەسەروّکی هوّزی خوّی[1].

کوّنسولی روس لەهەمان سالّدا لە تەوریّز رای گەیاندوە کە کورد لەلایەن حوکومەتی قاجارەوە توشی کەندو کوّسپ ئەکران و ئەکوژران، ئەوانیش ناچار بوّ دیفاع لەمالّ و گیان و ناموسی خوّیان بەرقەوە ئەیان روانییە قاجار و لەهەل دەگەران کە توّلّەی خوّیان بکەنەوە، ئەوکونسولە لەدوایدا رادەگەینیّ: کە کوردەکان رویان دەکردە شیّخ عبیداللّٰەو هەروەکو پیری تەریقەت و ناجی هوّزەکەیان بوّ شیّخیان ئەروانی و هەمو لەدەوری شیّخ کوببونەوە[2].

ستەمکردنی حاکمی سابلاغ(مەهاباد)بووە هوّی ئەوە هەمزاغا راپەریّ و هوّزی خوّی یەکبخا، هەمزاغا بوّ یارمەتی وەرگرتن چووە خزمەتی حەزرەتی شیّخ عبیداللّٰە نەهری، حەزرەتی شیّخ لەمانگی (ئاب: ئوت آگست یا اغسطس) هەزار کوردی چەکداری لەهیّزی خوّی بوّ یارمەتیدان بەمەنگور بەسەروّکایەتی شیّخ عبدالقادری کوری لەگەلّ هەمزاغا بەریّ کرد.

لەنیّو ئەوهیّزەدا کەلەسنوری ئیّران تیّپەرین کوردی بارزانیان لەگەلّ بو، کە شیّخ عبیداللّٰەیان زوّر خوّش دەویست و لەریّگا هوّزی چەکداریان لەگەلّ کەوت[3]

١ ـ مشاک ١٨٨٠زاینی ژمارەی ٢٠٣

٢ ـ ئارشیوی رامیاری دەرەوەیی سوفیت کە لەولاّتی ئیرانەوە، لەویّدا لەسالآنی ١٨٧٧و ١٨٦٩زاینی کوکراوەتەوەو کراوەتە ئارشیو ئازوخەی فەرهەنگی و میّژویی

٣ ـ حەمزە عبداللّٰە، شوّرشی بازان، سلیمانی ١٩٥٩زاینی لاپەرەی ١٢و١٣

Dr.Saleh Ebrahimi



بەپیێ ڕێبازیێ کە بۆ لەشکری یەکەم کە بەسەرۆکایەتی شێخ‌عبدالقادرو هەمزاغا لە بەرچاو گیردرابو دەبو سابلاغ‌و تەوێز بگرن. بەلاّم لەشکری دوەم کە لەهۆزی میرغافر بەسەرۆکایەتی شێخ محمدصدیق کوڕە گەورەی شێخ پێک‌هاتبو، ڕویان کردە ورمیێ‌و هێزی سێوەم کە بەسەرۆکایەتی خەلیفە محمدسعید پێک هاتبو، ئەسپاردەی بو، کە لای خۆرئاوای ورمیێ‌و شارەکانی خۆو سەلماس بگریێ. حەزرەتی شێخ خۆی رابەری ئەم دوهێزەی گرتبووە ئەستۆ[١]

هێزو لەشکری شێخ عبدالقادرو هەمزاغای مەنگور (بلباس)بیێ دەردەسەر گەیشتنە مەلبەندی میرغافر بیێ ئەوەی توشی تەقەیەک بێن لە گەلّ هێزی ئێرانی کە لەسەر سنور (خەریکی سنورەوانی بون) کاتیێ چونە ئەو ناوە محمدئاغای (مامەش) سەرۆک هۆزی ئەو ناوە بە ٦٠٠ چەکدارەوە. هاتە ناوهێزی شێخ عبدالقادرو هەمزاغاوە، شۆڕشگێڕان بەرەو کێلەشین کشان‌و لەو دەمەشدا چارسەت پیاوی‌تر لە گەلیان کەوت.

دەولّەتی کوردی بەریاسەتی سمکۆی مەزن یەکەم ڕۆژنامەی (کورد)ی زمانی حالّی دەولّەتی کوردی لەورمیێ دەرکرد. ئەمەیش کلیشەو باسی ئەو ڕۆژنامەیە: کەلە گرشەی کوردستان لاپەرەی ١١ ژمارەی ٩ ڕەشەمە (نۆسان)ی ١٣٦٠ هەتاوی و ١٩٨١ زاینی سالّی



١ ـ ک.ب کامسارەکان (دخول الشیخ عبیداللّٰه...) لاپەرەی ٤٠

Dr.Saleh Ebrahimi



دوەم بلاّو کراوەتەوە، ئەم گرشەی کوردستانە لە لایەن (شەپوّل)ەوە ئیدارە کراوە. و یەکەم ژمارەی لە ١٩٨١/٣/١ی‌زاینی لەتاران چاپکراوەو تا ٩ژمارەی لیّ بلاّوکراوەتەوە.

**نەتیژە:** ١ـ هوّی تیّشکانی بزوتنەوەو راپەرینی شیّخ لە سالّی ١٨٨٠ زاینی‌دا بەر لە هەموشتیّک کزو لاواز بونی تەنظیمات بوو هەر وەها دژو دوژمنایەتی هوّزەکانی کوردەواری بو لە ناویەکتردا، شیّخیش هەر لەوکاتەی‌وا زوّر قەوی بو نەی توانی چارەی ئەو دەردانە بکا.

٢ـزوّربەی هوّزەکان‌و سەروّک هوّزەکانی کورد بونە هوّی تیّکدانی، ئەو یەکیەتی‌یەی وا شیّخ لە سەرەتاوە بەدی هیّنابو.

٣ـ بیّ بەرنامەبون و تیّ‌نەگەیشتنی هوّزەکانی کورد لەو راپەرینە، کە بنەرەتیّکی هەبیّ بوّ راپەرینەکە.

۴ـحوکومەتی تورکیاو قاجار بە ئاسانی ئەیان توانی دژایەتی بخەنەناو سەروّک هوّزەکانی کورد.

۵ـ تیّکچونی یەکیەتی لە نیّوان کوردو ئەرمەنی‌و ئاسوریدا.

٦ـبارو دوّخی رامیاری روس‌و ئینگلیس سەبارەت بە راپەرینی کوردان باش نەبو، چونکا زوّربەی ئاسوری‌و ئەرمەنی‌یەکان بە دود لّی‌یەوە ئەیان روانیە راپەرینی کوردان چونکا دژو دوژمنی کوردو ئەرمەن بەدیینی لەنیّوان ئەو دو نەتەوە هەژارەدا بەدی هیّنابو.

٧ـ حوکومەتی تورکی عوسمانی‌و قاجاریش خوّیان لە تەمالّدا بو نەیان دەهیّشت ئەوانە یەک بگرن و دوّست بن‌و پەیمانی دوّستی یان هەبیّ.

٨ـ راپەرینی حەزرەتی شیّخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین نەگەیشتبوە ئەورادەیەکە دەولّەتە ئوروپایەکان یارمەتی بدەن، ئینگلیس یارمەتی بە یەکیەتی حوکومەتی تورکی عوثمانی ئەدالە راست کوردانداا ئەکوّشا هەر جوّر بووە راپەرینی کوردان دامرکیّنیّتەوە، چونکا بە رژەوەندی

Dr.Saleh Ebrahimi



بەریتانیا لە تورکیاو ئێراندا زۆر تربو ئەوە بو نەی دەهێشت کوردەکان یەک بگرن لە ئێران‌و تورکیادا، بەڵکو تورکیاو ئێرانی بەدژی کورد یەک خست و روسیەی تەزاریش لە سەر ئێران و تورکی عوثمانی بووبەدژی کوردان‌کاری دەکرد[١].

## راپەرینی عوثمان بەگ‌و حوسین بەگ.

راپەرینی ئەو چوتە برایە لە ساڵی ١٨٧٨ زاینی لە جزیر - روی داو ئەو دوبراکوری بەدرخانی پاشای ناودارن‌کە لە پایزی ١٨٧٨ز وان، موش‌و جزیز و بدلیس، بۆتان‌و هەکاری، جوڵەمێرگ‌و زاخۆ و عیمادیەو ماردین‌و نەصیبەین‌یان بە ئاسانی گرت‌و ئازوخەیێ زۆریان بۆ خۆیان داخست‌و هەر وەکو دوکتور بلەچ شێرکو مێژونوسی ناوداری کورد ئەنوسیێ: عوثمان بەگ خۆی کردە ئەمیری جـزیرو فەرمـانیدا لە مزگەوتـان خـوتبە بـە نـاوی ئـەو بخوێندرێ. بەڵام حوکومەتی تورکی عوثمـانی لە سـیرت‌و دیـار بـە کـرو ئەرزەنجـان‌و ئەرزەرۆمەوەو لە شوێنەکانی ترەوە هێرشی کردە سەر ئەو دوبرایە لە جزیر دوای یەک دو شەر کە تورکان شکان - سەر ئەنجام لە هەمو لایەکەوە هێرشی تورکان زۆری بۆ ئەو دوبرایە هێناو ئەوانیش رویان کردە چیاو چرەکان‌و ئیتر تورکی وەسمـانی کـاریکی لە دەس نەدەهـات‌و ترسی لی نیشت کە نەبادا کوردەکانی تریش راپەرن‌و بەوانەوە بلکێن، ئەوە بو بە فرو فێڵ سوڵتان رای گەیاند کە ئەمەوێ و توێژی‌یان لەگەڵدا بکەم و حوکومەتیان بە رەسمی بناسم‌و بۆ فریو دان هەمو خاوخێزانی بەدرخان پاشا کە لە زینداندا بون ئازادی کردن و ئەو دوبرایەش فریویان خواردو هاتن لە گەڵ نوێنەری سوڵتان کەوتنە وتـوێژو لەپـرا حـوسین بەگیان گرت‌و بردیانە ئەستەمبوڵ‌و لە ئاکامدا ئەو دو برایەش لە ناو چون‌و ئەو راپەرینەش کوژایەوە. بەڵام ئەمە سەر چاوە یەک بو، بو راپەرینی ١٨٨٧ و ١٨٨٠ زاینی[٢].

---

١ ـ مشاک ١٨٨٠ ژمارەی ١٩٠ و ئەنفولوسکی ١٨٨٠ ژمارە ٤۴ لاپەرەی ٧٢٠ بە نەقڵ لە کتیبی دوکتور جەلیلی جەلیل

٢ ـ محەمەد ئەمین زەکی مێژوی کورد و کوردستان لاپەرە ٢٥٤ و شاکر خەصباک: کورد و مەسەی کورد لاپەرەی ٤٧ (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



## دڵەتەپە لەناوەندی حەکاریدا

کوردەکان دوای بزوتنەوەی بۆتان و جزیرە[1] مەلبەندی حەکاری لەناوچیا بەرزوچڕەکانی کوردستاندا لەنێوان سنوری تورکیەو ئێراندایە.

لەودەمەدا ڕاپەرینی کورد بەدژی تورکانی تورکیەو قاجار چووە ناوپلەیەکی تایبەت ورۆڵەکانی سولالەی نەخشبەندی، نەخشیێ زۆر گرینگیان، هەبو، بۆڕا پەراندنی خەڵک.

هەر مزگەوت و تەکیەو خانە قایەک پێگەو بنکەیەک بو، بۆ دنەدانی موسڵمانان بەدژی تورکی تورکیا وبەتێکرا هەمو مسوڵمانە کوردەکان وهۆزەکانی ترکەخۆیان بەپەیرەوی ڕچەی نەخشی و قادری و مەولەوی دەزانی لەو ڕاپەرینە مەزنەدا بەشدارییان کرد.

ئەو کۆڕو کۆمەڵەدینی یانە، وەها یارمەتی یەکترینیان ئەدا وەک یەک بنەماڵەیان لێهاتبو[2].

بەشایەدی زانایەکی ئەمریکای هاوخول (برناردلویس) نەخشبەندییەکان وەکو براپشتیان دابو بەیەکەوە، بۆ ملەبەملانێ کردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تورکی تورکیەی ستەمکاردا.

# حەزرەتی سەیدطە شاهی شەمزین (قُدِّسَ سِرُّهُ)

حەزرەتی سەیدطە نەهری شاهی شەمزین یەکێ لە خەلیفە بەناوبانگەکانی حەزرەتی مەولانا خالد شارەزوری نەخشبەندییە حەزرەتی سەید طە باوکی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نەهری

١ ـ مەبەست جریزەی عبدالعزیزی کوڕی عومەری کوردی ـ بەردەقیتییە: (بەرقعید:) مەبەست کوڕیعومەر ـیبن‌خطاب خەلیفەی دوەمنیە. هەروەکو کوری خەلەکان نوسیویەتی بروانەباسی کورانی ئەسیری جەزەری لەوەفەیاتدا

٢ ـ مستەفاکەماڵ ـ ڕێگای تورکیەی تازە، جوزوی ١ موسکۆ ١٩٢٢ لاپەرەی ٢٨٨

Dr.Saleh Ebrahimi



غازی‌یە (قَدَّسَ اللّٰهُ اَسْرَارَهُمُ الْعِلِّیَه).

حەزرەتی سەید طە نەهری شوێنیێ زۆری بووە لە سەر (شامحمد) قاجار، جاهەر لەم سۆینگەوە (شامحمد) بوتە مریدو تۆبە کاری‌و لەبەر سەیید طەی دانەواندوە یا لەخۆشەویستیدا مانگانە لە (بیت‌المال) پێنسەت تمەنی دراو بۆ بریوەتەوە بۆ خەرجی خانەقاو میوانداری‌و دە گوندیشی لەگوندەکانی مەرگەوەر داوەتی‌و پیێ بەخشیوە. (شامحمد) قاجار لە ١٢٢٢ کۆچی مانگیدا لە دایک بووە.

یەکێ لە ژنەکانی ئەوکە دایکی عەباس میرزا مولک ئارا بووە مریدو تۆبەکاری حەزرەتی سەیدطە نەهری بووەو زوری ریز بو حەزرەتی سەید طەو بنەماڵەی نەهری شاهی شەمزین داناوەو بۆ خزمەت کردن بەو ماڵە کوشاوە.

دایکی مولک‌ئارا ناوی خەجیجە خانم‌وخوشکی‌یەحیا خانی چهریق بوە کە خۆیان داوەتە پاڵ عەباسیان کە گۆیا عەرەبی عەباسین.

نەنانەت موحەمەد شا لە ئاخری سەڵتەنەتی خویدا ویستویەتی ناصرەدین میرزا لە وەلیعەهدی بخاو عەباس میرزا مولک ئارا بکاتە جی‌نشینی خوی کە ئەمیش مریدی حەزرەتی سەید طەبووە و بی ئەو قامکی نەدە کرد بەئاوا، بەڵام مەرگ موڵەتی نەداو ناصرەدین میرزا بە فرو فێڵی دەرباریان کرا بەشاو بە قانە قدیلەی (مەهدعولیا)ی دایکی خەریک بو عەباس میرزا بکوژی، عەباس میرزا کە زۆر حەزرەتی سەید طەی خۆش دەویست‌و مریدی‌بو، لە ساڵەکانی ١٢٧٢ کوچی مانگی بەدوا کە حەزرەتی سەید طە نەهری وەفاتی کرد بوو حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نەهری غازی شاهی شەمزین ببووە جی‌نشینی حەزرەتی سەید طەی باوکی، عەباس میرزا مولک ئاراکە لەو ئافرەتە کوردە بوو لە دایکەوە دەچوە سەر کوردەکانی چهریق کە لەبنەرەتا شازادە بون بووە مریدی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلاو پەیرەوی لە دەستوراتی شیخ عوبەیدیلا غازی دە کردو پیوەندی نیزیکی لەگەڵدا پەیا کرد.

جا دوای ئەوە عەباس میرزا ماوەیەک ئاوارەی هەندەران بو حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نامەیەکی بو دەنوسی‌و بە دو پیاوی خویدا بویی دەنیری‌و بانگی دەکا بچێتە (سابلاغ) مەهاباد

Dr.Saleh Ebrahimi



موکری تا بە جەنگ کردن و پشتیوانی حەزرەتی شیخ سەلتەنەت بەدەس بهینی، پیاوەکانی شیخ یەکیکیان ناوی عبدالرحیم و پیربوەو ئەوی تریان ناوی حوسین قولی بووە.

بەلاّم عەباس میرزا مولّک ئارا لەترسا نامە کە ئەنیرێتە لای ناصرە دین میرزا:(شا) ئەمیش ئاشتی ئەکاتەوەو ئەی‌کاتە حاکمی قەزوین و پیاوەکانی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلاش دەگرن و دەیان‌کوژن.

ئەلین: هەمزە میرزا حەشمةالدولە کە لەلایەن ناصرەدین شاوە لەشکری بردە سەر شیخ عوبەیدیلا لە کاتی لەشکرکیشی لە سالی۱۲۹۷ی مانگی لە (سایەن قەلاّ)ی هەوشار دەمریّ و حاجی میرزا حوسێن خانی سپەهسالار و حەسەنعەلیخانی ئەمیر نظامی گەروس بونە مەئمور بۆ لەشکرکێشی بۆسەر حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا غازی شاهی شەمزین[۱].

حەزرەتی شیخ عوبەیدیلای شاهی شەمزین دوکوری هەبوە یەک شیخ محمدصدیق دوەمی حەزرەتی شیخ سید عبدالقادر غەوثی ثانی شەهیدی دین و ئیسلام و نیشتمان. حەزرەتی شیخ عبدالقادریش دوکوری هەبوە یەک حەزرەتی حاجی سیدعبداللّە سلطان‌العرفا کە شەپۆل‌لە برەشیعریکدا وتویەتی:

ئەفضەل الاسمایە عبداللّە باسم ئەو بووە

اسماًو جسماً مضاف حق بەرەحمی گردگار

ئەم حاجی سەید عبداللّەیەش دوکوری هەبووە ۱- دوکتور سەید عەزیز گەیلانی‌زادە(شەمزینی) ۲- مەرحومی سیدعبدالقادری ثانی کە لە روژی شەمە۱۳٦٦/۹/۷هەتاوی لە شاری ورمی وەفاتی کردو جەنازەکەیان لە دزەی مەرگەورلە ئارامگای بنەماڵەی خۆیان ناشت و ۱۳٦٦/۹/۱۱هەتاوی لەسەرە خوشیدا حەزرەتی سەید

---

۱ - سەرچاوە: مێژوی هەوشارو نەسبنامەی خولەفاو شەهریاران لاپەرەی ۳۹۳و گۆڤاری یادگار س۵ ژمارە ۱ و ۲ لاپەرەی ۳۲و ۳۳و شەرحی حالی عەباس میرزا مولّک ئارا لاپەرەی ۱۵۲و ۱۵۳و ۱۵۴چاپی سالّی ۱۳٦۱هەتاوی تاران شەپۆل

Dr.Saleh Ebrahimi





حەزرەتی سەید تاهای دوەم کە لە تاران
دەژی بەسەر بووەو لە ٥ ج - ١ - لە ساڵی ١٣٥٨ی
مانگی و ١٣١٨/٥/١ی هەتاوی وەفاتی
کردوەو لە ئیمام زادە (عبداللّه) نێژراوە

Dr.Saleh Ebrahimi



فاروق گەیلانی زادە کرایە جیٚنشینی باو با پیرانی بنەماڵەی گەورەی ساداتی کرامی نەهری. شاهانی شەمزین (قَدَّسَ اللّٰهُ اَسْرارَهُمْ الْعِلِّیه).

شیخ عبدالقادر گەیلانی زادە چەن کوری بەم ناوانە هەیە: حەزرەتی شیخ سەید فاروق گەیلانیزادە ـ سەیدطە ـ موهەندیس سەید ئیبراهیم. سەیدصالح ـ سەید مەحمود ـ سەید عبیداللّٰه ـ ئەمەش نمونەی دەس خەتی حەزرەتی مەولانا خالدە بو حەزرەتی سەید طەی گەورە.

بەرەبابی حەزرەتی سەید محەمەد صدیق، کە ئەم کورانەیبوە:

١ـ سەید تاهای ثانی ٢ـ سەید رەشید ٣ـ سەید شەمشەدین ٤ـ سەید مصلح‌الدین.

سەید تاهای ثانی ئەم کورانەی بوە:

١ـ سەید محەمەد صدیق ثانی: (پوشو) ٢ـ سەید عبیداللّٰه ثانی:(تەرو) ٣ـ سەید صالح داروجان ٤ـ سەید عزالدین:(جەیتو) ٥ـ سەید ئەحمەد ٦ـ سەید حاجی ثانی ٧ـ سەید مەزهەر:(کەوکەس).

سەید محەمەد صدیق ثانیش ئەم کورانەی بوە:

١ـ سەید کامران ٢ـ سەید خوسرەو ٣ـ سەید پەروێز.

تەروش سەید فەروخیبوە.

سەید دارو جانیش ئەم کورانەی بوە:

١ـ سەید عیمادەدین ٢ـ سەید سامی ٣ـ سەید عەگید.

جەیتوش ئەم کورانەی بوە:

١ـ سەید برزو ٢ـ سەید فەرامەرز ٣ـ سەید ئەرەس.

سەید ئەحمەدیش ئەم کورانەی بوە:

١ـ سەید تاها: (چەکو) ٢ـ سەید هوشەنگ ٣ـ سەید فەرهەنگ ٤ـ سەید سەعید

سەید حاجی ثانیش ئەم کورانەی بوە:

Dr.Saleh Ebrahimi



١-سەید ئیسماعیلی ٢- سەید عبدالناصر ٣-سەید سولەیمان موهەندیس.


**سەید کەوکەسیش ئەم کورانەی بوە:**

١-سەید نورەدین ٢-سەید غازی ٣-سەید گەیلانی ۴-سەید عبیداللّٰە.

**سەید شەمشە دینیش ئەم کورەی بوە:** ١-سەید رەشید.

**سەید مصلح‌الدینیش ئەم کورانەی بوە:**

١-سەید کاظم ژارابادی ٢-سەید ئەنوەر ٣-سەید وەحیدەدین ۴-سەید رەشید.



وێنەی دەستنووسی نامەی مەولانا بۆ سەیید طاهای نەهری
( سەیری لاپەڕە ٢٠٢ بکە )

لە کتێبخانەی نیشتمانیی بەغدادا ژمارە (١٦٥٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی دراوەتێ

Dr.Saleh Ebrahimi



# ئاخرین راپەرینی کورد

نەتەوەی کورد بەرابەری حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا مەلیك غازیشاهی شەمزین راپەری‌و ئەم راپەرینە هەردو بەشی کوردی تورکی عوسمانی‌و کوردی ئیرانی گرتەبەر.[١] لە دیسامبیری ١٨٧٢ی زاینی حوکومەتی ئیران لەکوردەکانی ورمێ، خۆ، سەلْماس، تەرگەوەرو مەرگەوەر مالْیاتی ویست، ئەوانیش بە قسەیان نەکردو رایانگەیاند کە مالْیات مافی شێخەو بەوی ئەدەین کەلە سالْی ١٨٣٦وە لەلایەن شامحەمەدی قاجارەوە بە حەزرەتی سەی تاهای باوکی شیخ عوبەیدیلا دراوە.

حەزرەتی شێخ لەسالْی ١٨٧٧ و ١٨٧٨ چووە جەنگی روس‌و هێزی پێشمەرگەی ناردە یارمەتی عوسمانی بەو هیوایەی کە تورکی عوسمانی بەدژیشای ئێران یارمەتی راپەرینی شێخ بدا، تورکی عوسمانی لە شەری روسدا نەی ئەتوانی مواجبی شەرکەرانی تورك بدا ئەوە بو دەسیان کرد بە تالاْن‌و برۆی مالْی کوردان لە دەرسیم، ماردین، هەکاری و بادینان و... شێخ بو دیفاع لەو کوردانە پیاوی ناردە ئەستەمبولْ، تا تورکان دەس لە ئازاردانی کوردان هەلْبگرن تاوانی ئەو تاوان‌و تالاْن‌و وێرانیانە بداتەوە بە کوردو لەوبابەتەوە لەگەلْ شەریفی مەککەو خدیوی میصر پێوەندی دامەزراند تا لە راپەرینی کورد پشتیوانی بکەن. هەروا پیاوی ناردە لای نوێنەرانی روس لە ئەرزەروم‌و وان تاکۆمەگ بە کورد بکەن، بەلاْم روس یارمەتی نەدان.

---

١ ـ گەورەترین رابەری روحانی کوردستان ـن.أ.خەلفین knaifin ـ لەم راپەرینەدا لە سالی ١٢٩٧ی مانگی عەبدوللای زەرزا لەخزمەت مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین‌بوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ١٨٧٩ زاینی کونسولی ئینگلیس لەوان چووە دیداری شیخ، دوای ئەو دیدارە هەندێ چەکو تەقەمەنی لە بەریتانیاوە بە جەنگ ئاوەرانی کورد لەژێر نێوی کۆمەگ بە قەحتی لیدراوان درا.[١]

حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا (١٨٨٣ - ١٨٣٠) ئینسانیکی قانیع، پارێزگار، دیندارو بە تەقوا بوو زۆری حەز لە باشبونی باری ئابوریو فەرهەنگیو ئاسودە بونی خەڵک بو، باوەری وابو تەنیا ریگای بەختەوەری، سەربەخۆیی کوردستانی گەورەیە. موسوڵمانانیش ئەو زاتەیان بە رەوانەکراوی خواو واجب‌الاطاعە دەزانی.

حەزرەتی شێخ عەبدولقادر ناودار بە «غەوثی ثانی» (قدس سرە) دوای چل ساڵ یانی لەساڵی ١٨٣٠ی زاینی بەدواکە حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری-شاهی شەمزین لە مەککە وەفاتی کرد، غەوثی ثانیو سەید تاهای نەوەی شێخ عوبەیدیلا لە سۆینگەی بەرەکەتی مەعنەوی شێخەوە نەخشێ زۆر گرینگیان لە کوردستاندا گرتە ئەستۆ.

رابەرانی تازە لەساڵی ١٩٠٨ی زاینی یەکەمین سازمانی رامیاری کوردیان دامەزراند، بێجگە لە سەید عەبدولقادر غەوثی‌ثانیو سەید تاهای کوری سەید محەمەد صدیق، ژەنرال شەریف پاشاو لوتفی‌پاشاو ئەمیر کامران عالی بەدرخان نەوەی پاتشای کوردستان و چەن کەسی تر لە پیاوانی کوردی دیاربەکر، هێمی رابەرایەتی ناسیونالیستی کوردیان سازدا و دوای ماوەیەک زلهێزەکان لە تەک ئەماندا، پێوەندیان پەیداکرد.

حەزرەتی شێخ عەبدولقادر غەوثی ثانی لە ١٩٠٨ بوتە سەرۆکی مەجلیسی سەنای عوسمانی و لە پاش ماوەیەک بۆتە سەرۆکی شورای حاکمییەت

ئەمیر عالی بەدرخان، ژەنرال شەریف پاشاو شێخ عەبدولقادر «غەوثی‌ثانی» کە سەرۆکی مەجلیسی سەنای عوسمانی بو بە کەڵک وەرگرتن لەهەل و مەرجێک کەلە (بەهاری تورکانی جەوان) لە ولات پەیدا ببو، جەمعییەتیکیان بەناوی «تەعالی و تەرەقی کوردستان» پێک هێنا (نەشریە): کۆوا رێکیان بەناوی «کورد تەعاونی و تەرەقی ـ گازتسی» بەسەردەبیری جەمیل‌بەگ بلاوکردەوە و کەوتە بەرسەنجی کوردەکانی کۆچ کردو، بۆ شاری ئەستەمبوڵ، چونکا ئەو کۆوارە لە بابەت زمانو فەرهەنگو وەحدەتی نەتەوەی کورد زۆرشتی جوانی دەنوسی.

---

١ ـ کوردەکان تەرجەمەی دوکتور یونسی چاپی تاران ١٣٧٠ی هەتاوی لاپەرەی ٦٦ و راپەرینی میللی دەس‌نوسی دوکتور یونسی لاپەرەی ٦.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەر لەو سەردەمەداله پاییزی ۱۹۰۸ کومەیتەیەك بەناوی کورد، بۆ بلاّو کردنەوەی زانین و عیلم سازد راکه شاخەیەك‌بو لەجەمعییەتی ناوبراو، هەروا فێرگەیەکیان لەگەرەکی چەنبەلی ئەستەمبولّ سازداکه هەندێ لەکورده دەرس خوێنەکان ئەمەیان دەکرد کە پێکەوە خر بیونەوە.

لە هــەموان گـرینگتر جـەمعیەتی تەعـالی کوردوستـان بـو کـە لەلایـەن عـەلامە مەلاسەعیدنورسی ئەو عارفە گەورە و لەلایەن خەلیل خەیالّی خەلّکی مۆتکیّ و هەمزەبەگی مۆکوس دامەزرا، کە داوای مەزایای ئوصولی وێلسۆنِ دەکرد، دیاری کردنی چـارەنوسی کورد ـ ی بن‌دەستی ئیمپەراتوری تورکی عوسمانی و کوردانی کۆچ کردوی ئەستەمبولّ کە ئەندامی ئەوەبون، کە سەرۆکی یەکەم کۆنگرەی ئەم کۆرە حەزرەتی شێخ عەبدولقادرگەیلانی کوڕی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین بو کە تازە لە تەبیعیدی مەککەگەرابوەوە، ئەمین عالی [1]بەدرخان کوڕی بەدرخان، ژەنرالّ فوئادپاشاکرا بە نایبی سـە رۆك و ژەنـرال حەمیدپاشاکرا بە دەبیر کوللی ئەوکۆنگرە.

لاوانی نیۆ ئەو کۆڕ و کۆنگرە سەربەخۆیی کوردستانیان دەویست.

نوکتە دوای موتارەکەی مەدرەس لەسەر بیرورای سلطان‌العرفـا حـەزرەتی حـاجی سەیدعەبدوللاگەیلانی‌زادە کوڕی غەوثی‌ثانی سازمانێك بەناوی سـەربەخۆیی کوردستـان سازدرا.[2]

بە لاّم حەزرەتی شێخ عەبدولقادرغەوثی‌ثانی دیفاعی لە خودموختـاری دەکـرد لە چوارچیوەی ئیمپەراتوری عوسمانیدا و دەیفەرمو: تورکەکان بۆ دامەزراندنی کوردستانی خودموختار موافقەتیان کردوە و ئیمە نابیّ پشت لە تورکان بکەین، دیارە ئەگەر تورك‌وەعدە بە خیلافیان کرد نەتەوەی کوردلەمافی رەوای خۆی دیفاع دەکا. بەلاّم سەرەنجام مستەفاکەمال

١ - یائەمین عەلی

٢ ـ کوردەکان لاپەرەی Istglal ikurdistan ـ ٧٧ تەرجەمەی دوکتور یونـسی ١٣٧٠ تاران ـ حاجی سەیدعەبدوللا سلطان العرفاگەیلانی‌زادە شەمزینان ریسالەیەکی بە ناوی (عەقیدائیمانی) داناوە کەباسی ئاین و ئەقیدەی ئاینی ئیسلام دەکا ـ زاری کرمانجی، زمان کوردی، ئەلف و بی کوردی چاپی ١٩٢٥ز کە ١٤ پەرەیە ـ کتیبخانەی سۆران: حەسەن صەلاح ـ چاپی ١٣٨٥. بە نەقل لە رابەر سەرچاوە ـ د ـ ئەورەحمان حاجی مارف لە بارەی زمانی کوردی یەوە چاپی ١٩٨٩ز بە غدا. (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەو مارزە ئەم شێخە گەورە و دڵپاکەی لە گەڵ سەیدمحەمەد ـ ی کوری و چەن کەس لە سەرانی کوردی وەک حەزرەتی شێخ سەعیدو خالید بەگی جەبرانی لەسێدارەدا (رضوان‌الله علیهم).[1]

لەدوای راپەرینی حەزرەتی شیخ عەبدولقادر لە تورکیا دادگایەک بە نێوی «مەحکەمەی ئیستیقلال» پێک هاتو و لەو مەحکەمەیدا حەزرەتی شیخ عەبدولقادر ناودار بە غەوثی‌ثانی و سەید محەمەد ـ ی کوری غەوثی‌ثانی و ژومارەیەکی زۆرلە کوردە هاوبیرەکانی وەک: دوکتور فوئاد و... مەحکوم و ئیعدام کران. خوالێخۆشبو مام «هێمن» بۆئەو روداوە دە ستە شێعرێکی کوتووە کە لە «نیشتمان» گەلاڕێزان ژمارەی ٢ سالی یەکەم (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێ. کاف) لە گەلاریزانی ١٣٢٢ی چاپ کراوە:

## مام هێمن

دوێشەوێ گریام هەتا رۆژ پێت بڵێم بۆچی برا
مەحکەمەی مەنحوسی ئیستیقلال وەبیرم هاتەوە
رێزیان بە ستبو لە پێش چاوی منا گشتی هەمو
ئەم شەهیدانەی کە خنکاون بە سەد ئاواتەوە
پاک بە کفنێکی لە خوێنا شەتڵو لێوێکی بە بار
پاک بەرەنگێکو قیافێکی پەڕیوو ماتەوە
هاتە گوێم لێکرادەیان کوت ئێمە کوژراین بێ‌خەتا
میللەتی کورد تابە کەنگێ تۆڵەمان ناکاتەوە؟
من لە سەر لوتکەی بڵێندی کێو لەحەق دا وادە کەم
تۆش بپارێوە جەنابی شیخ لە سەر روی تاتەوە
بەڵکو روحمێکی بکا پێمان خودا وەندی رەحیم
چی دیکە ژێر دەس نەبین دیسان وەسەرمان خاتەوە

[1] ـ شیخ عەبدولقا در (غەوثی‌ثانی) لەسەر داوا کردنی سەر بە خویی کوردستان لە ٣/٢٤ سالی ١٩٢٥ ی زاینی شەهید کرا و پیرەمێرد شاعیر و نوسەری زانای کورد لە شینی شەهید بونو لە سێدارە درانی ئەو زانە ئازاو پاکەدا فەرمویەتی:

شێخ قادر رەئیسی هەمو خانەدانی کورد　　　　میراتی جەددی کەربوبەلا بو بە ئیرسی برد.

Dr.Saleh Ebrahimi



هێمنـــا پـــێت وانـــەبێ یـــەزدانـــی بـــێ هـــاواڵ و فـــەرد
کـــەیفەری ئـــەم زوڵـــمو زۆرە، بـــێ حـــساب نـاداتـەوە[1]

بەڵام دەستەی دوەم کە سەربەخۆیی کوردستانیان دەویست مـە کـۆیە کیـان بەنـاوی «تەشکیلاتی کۆمە ڵایەتی کورد» پێک هێنا، جاهەر لەو کات وسـاتەدا حیزبێکیـان بەنـاوی «حیزبی میللەتی کورد» سازدا.

شێخ عەبدولقادر «غەوثی ثانی» کوری حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شاهی شەمزین لە ۲۷ فەوریەی ۱۹۲۰ لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی تەصویری ئەفکار بلاوکارەوەی بیروڕای حیزبی ئیتحادو تەرەقی رای‌گەیاند کە شەش حەوت ئەیالەتی کوردنشین هـەیە، حـوکومەت دەبـێ سەربەخۆیی‌یان بداتێ و ئێمە دژی تورک‌نین، داوای مافی رەوای کورد ئەکەین.

لە سەرەتای ئاوریلی ۱۹۲۰ کوردەکانی دانیشتوی قوستەنتەنیە (پێتەخت) کە زۆربەیان فەقیر و کرێکار بون‌نامەیەکی دور و درێژیان مۆر کردبوو ناردبویان بۆ شێخ عەبدولقادر و مەجلیس و رایان گەیاندبو کە پشتیوانی لە حەزرەتی شێخ دەکەین و تەنیا شێخ عەبدولقـادر نۆینەری بەراستی کوردە و شیاوی ئەوەیە کە بەناوی کورد قـەبکا.

بە ڵام بەداخەوە «جەمعیەتی کوردان» بو بەدو لەت، لەتێکیان بەنـاوی «جـەمعیەتی کۆڕی کورد» بەسەرۆکایەتی ئەمین عالی بەدرخان و مەمدوح سەلیم، لەتی دوەمیان بەناوی (کورد و کوردستان) بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر «غەوثی ثانی» بو شێخ عەبدولقـادر دوشت زۆر گرینگ و بناغەیی بو ۱ـ تەزمین وەرگرتن لەبابەت خودموختاری یا سەربەخۆیی کوردستان ۲ـ یەکیەتی کوردستان.

ئەو بەراوەژوی ئەمین عالی بەدرخان خودموختاری کوردستانێکی یـەک گـرتوی لەژێر چاوەدێری تورکی عوسمانیدا زۆر پێ باشتر بو تا سەربەخۆیی و پەرێشان و پرش و بلاوبون، شێخ عەبدولقادر باش دەیزانی تا هەل و مەرجێ تەواو لەدەستدا نەبێ داواکردنی سەربە خۆیی کوردستان زیانی لە قازانجی زیاتر دەبێ، بەڵام بەدرخانەکان بێ‌ئینساف بون و لەوە حاڵی نەبون[2].

---

۱ ـ نەقڵ لە کۆواری نیشتمان لاپەرەی ۱۴۲ و ۴۴ ژومارەی ۲ سالی یەکەم گە لاڕێزانی ۱۳۲۲ی هەتاوی ئورگانی کۆمەڵەی (ژێکاف) بنکەی چاپەمەنی ئازاد سوێد ساڵی ۲۵۹۷ی ک و ۱۹۸۵ ز ـ بە کۆڵینەوەی دوکتور جەمال نەبەز.

۲ ـ رابەرێی میللی دەستخەتی دوکتور یونسی لاپەرەی ۱۹ تا ۲۱.

شیخ عەبدولقادر لەقوستەنتەنیە داوای لە .م. دوریک M.dreodeck کرد و پێی وت «ئە گەر پاتشای ئینگلیس بیەوێ و یارمەتیمان بدا، من **سەربەخۆیی** کوردستان ڕادە گەیینم».

شێخ عەبدولقادر لەزیمنی قسە کردندا پەندێکی کوردی بۆ نوێنەری بەریتانیا لە قوستەنتەنیە، دە خوێنێتەوە و دەڵێ: «**دوژمنت ئەگەرمێرولەیەکیش بێ مادام کە دوژمن بێ، نابێ لێی غافڵ بی**».

لە ئاوریلی ١٩٢٢ کە نفوزی بەریتانیا لە کەمیدابوو فەرانسە لە گەڵ کەمالی یەکان دانفوزی زیادی کردبو شێخ عەبدولقادر «غەوثی ثانی» پوانکارەPoincare تێدە گەینێ ئە گەرفەرانسە کارێ بکاکە خودموختاری کوردستان دابین بکرێ من بەناوی سەرۆکی کوردستان ئامادەم موقاوەلە نامە مۆر بکەم کە فەرانسە بتوانێ ئەرکی خۆی لە سوریەدا بیا بەڕێوە .

بەداخەوە نوێنەرانی کوردی لایەنگرانی تورکی عوسمانی لەسەرەتاوە لەباتی ئەوە پشتیوانی لە بیروڕای شێخ عەبدولقادر بکەن توانج و تەشەریان لە شێخ ئەداو داوایان کرد لە مەجلیسی سەنای تورکیە دژی لە گەڵدا بکرێ و لە مارسی ١٩٢٠ نوێنەرانی کوردی وان، ئەرزەروم، تەرابوزان، هەکاری و بایەزید لایەحەی دژی کردنی شێخیان بە مەجلیس دا و بەدنەی تورکان لە کۆڕی درگا بە سراودا، ئەوەیان مۆر کردو کورد بووە هۆرەی خۆی.

یەکێ لەکارە شۆڕشگێرەکانی تورک لە ١٨٧٦ بەرقەرار کردنی مەشروتییەتی لیبرال بو، ئەو سەردەمە مانگی هەنگوینی کۆمەیتەی «ئیتحاد و تەرەقی» بو، بۆ هەمو ناسیونالیسمی خەڵکی تورکیە، گەورەکانی کورد، ئیجازەیان درا بگەڕێنەوە قوستەنتەنیە و سازمان و مەکۆ بنیات بنێن.

لەپاشان زۆر بەی کوردە رابەرەکان، هاتنە سەر ئەم بڕوایە کە بێ پشتیوانی حوکومەتێکی گەورە ناتوانن سەربەخۆ بن لە ئاکامدا نەجمەدین حوسین دەبیر کوللی غەربی دیموکراتی کوردستان نامەیەکی لە نوێنەری عالی بە ریتانیا بەوناوە بۆ نوسی و داوای یارمەتی کرد.

لە ١٩٠٨ ئەمین عالی بە درخان و شێخ عەبدولقادر غەوثی ثانی و شەریف پاشاو ئەحمەدلوتفی «زلفیق» پاشا جەمعییەتێکیان بەناوی (جەمعیەتی نەشریمەعارفی کوردی، دامەزراندو فێرگەیەکیشیان لە ئەستەمبوڵ Tehevevlitache لە گەرەکی (چەنبەرلی تاشی)

Dr.Saleh Ebrahimi



سازدا و لە پاییزی ۱۹۰۸ ی زاینی گۆوارێکیان بەناوی «تەعاون و تەرەقی کورد» بلاوکردەوە کە ئیسماعیل یاحەقی بابانزادە و سەعید کوردی و شێخ عەبدولقادر غەوثی ثانی و تاریان بۆ دەنوسی. مەکۆی کوردی لە بەغدا و موسڵ و دیاربەکریش سازدرا. بەلام ئەستەمبوڵ (قوستەنتەنیە) هەروا جێگای تێکۆشانی کورد بو، کە زیاتر لە ۳۰۰۰۰ (سی هەزار) کوردی تیابو.[1]

سەرداری عارفان و خواناسان و مێرخاسان و شتزانان، پێشەوای خوو ئاکار جوانان، پیرو دەستگیری شاری تەریقەت شارەزای دەستوری شەریعەت، پشتیوانی دینداران و چەوساوان، تیشکدەری ئاسۆی بێ گومانی، نمونەی یەکتاپەرستی و خواخوازان، مەولانا حەزرەتی حاجی شیخ سەید عوبەیدیلای نەهری مەلیک غازی شاهی شەمرین (قُدِسَ سِرِهُالعَزیز).

شاعر وتەنی:

بەڵگەیە بۆ رۆژی رون تیشکی هەتاو      بۆ پەسەندی گوڵ بە سەبۆنی گوڵاو

حەزرەتی مەولانا حاجی شیخ عوبەیدیلا مەلیک غازیشاهی شە مزین زاتێک بو نورانی و پاک و چاک و موبارەک و ئازا و نەبز و لەخواترس و بە تەقواو عاریف و زانا و بە مشور و زاهیدو عابد، لەسەر بەرماڵی عیبادەت دانیشتبوو جلکی فەقری خستبوە سەرشانی و تەنیا بیری لەخوا دەکردەوە و خۆی تەرخان کردبو تا خەڵک رێنۆینی بکابۆ دین و دنیا و لەو رێگایەوە بیانگە یێنێتە خوا، رێگای راست و بختەوەری و پێگەیشتن و تێگەیشتن جا ئازادی و روناکی و ئاشتی و برایەتی و یەکیەتی، بە خەڵک نیشان ئەدا.

نادر میرزای قاجار کە ئەسپاردەی بو بچێتەناوچەی موکریان تا مەسەلەی راپەرینی حەزرەتی حاجی شیخ عوبەیلای نەهری شاهی شەمزین مەلیک غازی بۆناسرەدین شای قاجار بنوسی، جائەوەیە لە کتێبی: (مێژوو جوغرافیای داروسەلتەنەی تەورێز)دا نوسیویەتی: مسوڵمانان بە تایبەت نەتەوەی کورد حەزرەتی حاجی شیخ سەید عوبەیدیلا بە (أُولُو الأمرْ) دەزانن، بە مەلیک غازی یادی ئەکەن: شیخ مورشیدێکی گەورەی دینی و رابەرێکی مەزنی جیهانی ئیسلامە، لە کوردستاندا، خاوەنی پلەو پایەی بەرز و بڵێندە و چەن خەلیفەی بەناوبانگی وەکو مەولانا حاجی مەلا (ئەورەحیم وەفایی) عەللامە و شاعیر و زانای هەیە.

---

۱ - راپەرینی میللی دەستخەتی دوکتور یونسی لاپەرەی ۲۱ تا ۳۰.

Dr.Saleh Ebrahimi



هونە:

قیبلەگاهی عاریفان کەس وەک عوبەیدیلا نەبو.

عالمێکی دیدەبێ بوّ: غەوسی بەغدایکی دی!

جانشینی حەزرەتی غەوسول خەلایق قوتبی حەق.

فەرعی تاها، نەسلی یاسین نەوبەری گەیلانیە

رەوشەنی چاوی قولوبی عاریفە، عەکسی، دلیّ

کێوی توورە، مەزهەری نورە، کلی سوبحانیە

گەرهەمو عالەم بلێن: مەجنونە، تا دەمرم دەڵێم:

هەر دو دنیا، قیمەتی، دیدارێکی، عوبەیدیلانیە.

ئەسکەندەر قوریانسە شەلەی ئەرمەنی کە لە سابلاغ (مەهاباد) بوەو زمانی فەرانسەوی زانیوەو روداوی راپەرینی حەزرەتی شیخی نوسیوەو لایەنگری ستەمکارانی قاجار بوبوە دەنوسێ:

خەڵک، حەزرەتی شێخ بەخاوەنی ماڵ و سەروگیانی خوّیان و بە (رَحْمَةً لِلْعَالَمِين)ی ئەزانن، مریدانی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا چلە ئێران، چلە ولاتی تورکیای ئوسمانی، چلە ولاتانی تری عالەمی ئیسلامی، بوّ زیارەتی حەزرەتی شیخ هەمیشە بەرێوە بون و لەرێگای زوّر دورەوە ئەچونە زیارەتی، بە یادی شێخ حالیان لێدەهات و جەزب دەبون، خەڵک هەر وەکو مەجنون بوّ زیارەتی ئەو شێخە خواناسە، گەورەیە، وێڵی ناوچیاو نەهری دەبون و ئەو سەروّکە روّحانی یەی، خوّیان ئەونە، لاپاک و بێخەوش و خودایی بو، هەر وەکو خاوەنی وەحی و ئیلهامیان، دائەناو حەزرەتی شێخیان بە (اولُوالْأَمْر و واجیب ئیتا عەیان) ئەزانی و چەند خەڵیفە و نوێنەری هەبو، کە هەمویان لە بابەت دینی پیروزی ئیسلام و رابەری و مورشید بونی، شێخ عوبەیدیلاوە، تەبلیغی دینی ئیسلامیان ئەکرد. خەڵیفەکانی شیخ هەر کامیان زانا و عالم و عاریف و خواناسێکی گەورەبون، بوّ وێنە خەلیفە محەمەد سەعید، خەلیفە سەلیم و شیخ محەمەد ئەمین و سەید کەمال و سەید تاهای دووەم، یەکێک لەوانە حاجی خەڵیفە مەلا محەمەد: (بەها) کە خەڵیفەو ئەمین حوزوری حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا مەلیک غازی شاهی شەمزین

Dr.Saleh Ebrahimi



و شێخ عەبدولقادر نەهری ناودار بە غەوسی سانی بووە،[١] زۆربەی خەڵك و نوسەران و لێکۆڵەران لە سەر ئەم بڕوایەن، ناودار بونی بنە ماڵەی گەورەی ساداتی نەهری، لە حەزرەتی سەید تاهای گەورەوە، دەسی پێ کردوەو شێخ عوبە یدیلایش ئەم مەزن بونەی لە باوکی یەوە، بە میراث پێ گەیبو، دەڵێن: حەزرەتی سەید تاها شوێنی زۆری لە سەر شامحەمەد قاجار هەبوە، خەجیجە خانمی خوشکی یەحیا خانی چهریق کە لە کوردە کانی سەلماسەو مریدی حەزرەتی سەید تاهاو دایکی عەباس میرزا موڵك ئاراو خێزانی شامحەمەد بوە. شامحەمەدیش مەنسوبی سەید تاها بوەو هەموساڵێك دیاری و دراوێکی زۆری بۆخەرجی خانە قا، بۆ حەزرەتی (سە ید تاها) ناردوە، تا شامحەمەد لە شەوالی ١٢٦٤ی کۆچی مانگی دامردو، ناسرەدین شای قاجار براگە ورەی موڵك ئارا، کە لەژنێ تر بوە لە جێی محەمەد شای باوکی دانیشت.

حەزرەتی حاجی شێخ عوبەیدیلا مەلیك غازی شاهی شەمزین نەهری (نایری) کوڕی حەزرەتی سەید: (تاها) یەولە ١٨٢٠ی زاینی لە گوندی نەهری لەناوچیا لەدایك بووەو دوای ٦٢ ساڵ ژیان و خەبات لە ڕێگای ئیسلام و دین و دابین کردنی دادگەری و یە کیەتی و برایەتی و ئازادی و ملە بە ملانێ کردن لە گەڵ تاغوتی زەمانی خۆیداو بە ڕەنگاربون لە گەڵ ملهوڕان و ستەمکاراندا، لە ساڵی ١٨٨٣ی زاینی لە تایفی مە کەو حیجاز بارگەی بەرەولای خواتێکناوەو هەرلەوێش نێژراوە و دیوانی شیعری بەزمانی فارسی بەناوی مەسنەوی هەیە، کە بەداخەوە چاپ نەبوە.

وەفایی ئەوعە للامە گەورە خواناسە، فەرمویەتی: دوای دەسنوێژ گرتن و نوستن لە خەونمدا، دیتم حەزرەتی حاجی شێخ عوبەیدیلا لە تایف وەفاتی کردوەو منیش دە گریم و

---

١ - خەلیفە (بەها) یە کێك لە خوا ناسە، زاناو بە ناو بانگە کانی ئیسلامە، کە زانایە کی ئەدیب و شاعیرو نوسەر بووە و سەفەرنامەی حەج و دیوانی شیعری هەیە، لە پەسەندی شێخدا بە زمانی فارسی شیعری وتوەو لە ٢٧ ی مانگی ڕەبیعی سالی ١٢٧١ی مانگی وریکە وتی ١٨٥٤ی زاینی لە دایك بووەو لە ٢٧ی مانگی ڕەمەزانی سالی ١٣٥٤ی مانگی و ١٩٣٦ی زاینی لە شاری مەهاباد وەفاتی کردوە و ٨٣ سال تەمەنی موبارە کی بووە و بەوەسیەتی خۆی لە نێوخزن و وارشی شێخ مەحمود - ی نەهری شەهید نێژ راوە و گلکۆکەیان ئێستالە نێزیك یانەی دەنگ و ڕەنگی شاری مەهاباد، ماوە وجێگای ڕاز و نیاز و زیارەتگەی مریدان و پەیرەوانە

Dr.Saleh Ebrahimi



دەتاڵێنم لە ناکاو بیدار بومە وە، ئەم قەسیدەم تەواوکرد، بە لاّم زاتم نەبو . وەفاتی ئەوزاتە بدرکێنم، بۆشەوی دوەم هاتە خەونم فەرموی: وەفایی هۆنە کەتم، بۆبخوێنەوەو بۆم خوێندەوەو فەرموی نیشانی خەڵکی بدە، منیش دەرم خست.

(شین گێران): ئەمەش هەندێ لەو قەسیدە کەشینی وەفایی یە، بۆوەفاتی حەزرەتی حاجی شێخ عوبەیدیلا (قُدِّسَ سِرِهُ)

دریّغا: بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و رەعناکەم
لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم
وەرەق رێزان خەزان کەوتە رەزان، وەزعی چەمەن گۆرِا
بەسەر چو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم
لە گریان ئاسمان دامانی سوربو، شینی گێراوە
مەگەر گیراوە یا مایل بە شام بو رۆژە روناکەم
ئەدیمی بەختی من رەش بو، تەرازو واترازاوە.
دەبێ مەیلی بەتایف کردبێ، تەئسیری شوعراکەم
لە من دوربوٚتەوە خورشیدی، ئەوجی، مەعریفەت شایەد
بە تیغی غەم سەری خۆم هەڵگرم، هەمرەنگی جەوزاکەم
(وەفایی) پێت بڵێم: دونیاو دینم بۆچی بەرهەم‌بو
دەڵێن: رۆیی لەسەر دونیایێ، قیبلەی دین و دنیاکەم
نیشات و عوشرەتی دونیا بەنەشئەو قووەتی چاوە
ئەمن چبکەم لەدونیایێ کە رۆیی نوری بیناکەم؟
کە دەگریم بۆجەماڵی تۆ، دیارە ئەشک و ئاهی من
لە خورشیدی دەداتن، دەم ستارەی شامی یەلداکەم
شکا پشت ودڵی من بۆ وەفاتی پیری مەیخانە.
بە چەرخێکی فەلەك وای‌کرد نەجامم ما، نە میناکەم
سەدای یاحەیی دەروێشان، نەوای، یاهویی: دڵرێشان.
لەدەوری، خانەقا دا، بو، بەئیسم و جیسمی، عەنقاکەم

لەسەر خاکی دەرت قوربان ، هەتا من بم هەتا سەربێ
ئەگەر تاجی سکەندەر بێ، سەرم ناوێ، لەسەر ناکەم
جەنازەم دی، سەری راگرت و فەرموی: گوێم لەنالەت بۆ
درێغا! جێ بەجێ بو، هاتەجێ، تەعبیری، روئیاکەم
خودا بۆخۆی دەزانێ، مەنبەعی، نوری خودایی بوی
درێغا! نەخلی ئەیمەن، مەزهەری نوری تەجەللاکەم
لەسایەی تۆ، گەلێ کەس بونە، عارف:رێی خودایان گرت
درێغا! عارفی رێگەی خوداو ئەهلی تەقواکەم
مریدانی دەری تۆم دی بە چاوی خۆم لەئینس و جان
درێغا! بۆئیمامی ئینس و جان، مەولایی ئەولاکەم
لە حەلقەی تالبان وا هەردەبارێ نور، لە تە شریفت
درێغا! بۆسەرو سەرحەلقەیی، ئەولادی تاهاکەم
بە مینهاجی، خەلیلی حەق، بە میعراجی (رسول اللة)
دەبێ هەرێتەجێ ئەمرو ئیرادەی حەق، ئەعلاکەم
ئەتۆ چوی، بۆ، جیواری حەق ئەمن مام حەبس و زیندانی
غەمی بەندیت هەبێ، ئەی سەیدو سەردارو مەولاکەم
غەریبو بێ کەس و ئاوارە کەوتوم، دورلە روحی خوم
بە دەردی بێ دەوا ماوم، رەفیقان، کوا،مەسیحاکەم؟
دایم، بێ کەس و داماوە پابەندی تەلیسمێکە
مەدەد، یا روحی، غەوسی ئەعزەم، شاهی، بوخاراکەم
بەحەقی نوری. موتڵەق، جەددی، ئەمجەد، شاهی لەولاتان
ئیمامی یەسرب و قیبلەی مەلایک، ماهی بەتحاکەم
بە روحی خواجەگانی نەقشبەندو قیبلەگاهی خۆم
غەریبو جان سپاری کەعبە، قوتبی دین و دونیاکەم
بە قووەی جازیبەی دڵتان، وەفایی، دەستودامانە
چنابێ، گەر لەسایەی ئێوە، قەتعی (ماسِوَی اللّە) کەم

Dr.Saleh Ebrahimi



# بنە ماڵەی ساداتی نەهری

بەپێی زنجیرەو خەتمێک کە لەساڵەکانی ۳۷ و ۱۳۳۹ هەتاوی لەخانەقای نەهری لەشاری مەهاباد، لە رۆژانی سێ شەمە، دوای نوێژی عەسر خوێندراوەتەوە.

حەزرەتی مەولانا خالید شارە زوری خەلیفەی حەزرەتی شاعەبدوللای دەهلەوی بوەو حەزرەتی سەید عەبدوللا پیری شەمزین یا شەمزینی خەلیفەی مەولانا خالید بونو هەروابەپێی شەجەرەنامەیەک، کە جەنابی سەید کازم ژارابادی: (گەیلانی زادە) هەیەتی حەزرەتی سەید عەبدولا پیری شەمزین کوڕێکی بوە بە ناوی سەید برایم، ئەمیش کوڕێکی بوە بە ناوی سەید ئەحمەد ئەمیش کوڕێکی بوە بە ناوی سەید تاهای ئەوەل کە خەلیفەی مەولانا خالید شارەزوری بووە و ئەمیش کوڕێکی بوە بە ناوی حەزرەتی حاجی شێخ عوبەیدیلا نەهری غازی ئەمیش دوکوڕی هەبوە یەکەم شێخ محەمەد سدیق، دوم شێخ عەبدولقادر، شێخ عەبدولقادریش دو کوڕی هەبو بە ناوی سەید عەبدوللا گەیلانی زادە ناودار بە سلطان العرفا و ئەمیش دوکوڕی بەناوی سەید محەمەد و سولتانولعورەفا: حەزرەتی حاجی سەید عەبدوللا دو کوری بەناوی عەبدولعەزیزو سەید عەبدولقادری دوەم بوە. و شێخ محەمەد سدیق ئەمیش چوار کوڕی هەبووە بە ناوی: سەید رەشیدو سەید تاهای دووەم و سەید موسلح و سەید شەمسەدین، سەید تاهای دوەم زاوای سمکۆی مەزن بوە[1].

# شێخانی شەمزین

شێخانی شەمزین یاساداتی نەهری ئەچنەوە سەرغەوسی ئەعزەم حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی بازاللە و غەوسی گەیلانیش بە ۱۴ پشت ئەچێنەوە سەر حەزرەتی ئیمام حەسەن، ساداتی نەهری لە سەر ڕچەی مەولانا خالیدی نەخشبەندیو لە دایکەوە سەیدی حوسەینیو لە باوکیشەوە سەیدی حەسەنین.

# ڕچەی قادری

تەریقەتی قادری ئە درێتە پاڵ حەزرەتی شێخ عەبدولقادر غەوسی ئەعزەم محیّدین کوڕی ساڵح خەڵکی گیلانی لای کرماشان، سەید عەبدولعەزیز، کوڕی غەوسی گەیلانی، بۆ

1 ـ حەزرەتی سەید تاهای دوەم لەتاران دەس بەسەر بووەو لە ۵ ج ۱ ساڵی ۱۳۵۸ی مانگی وریکەوتی یەکی مورداد (گەلاوێژ ـ گران)ی ساڵی ۱۳۱۸ی هەتاوی لە تاران لە روژی هەینی وەفاتی کردوەو لە ئیمامزادە، عەبدولا نێژراوەو دەوری گلکوکەی شەباک و شیش بەندە.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەرێوە بردنی، تەریقەتی قادری چۆتە عەقرە(ی تابیعی موسلّو نیزیکی رەواندز، سەید عەبدولعەزیز، لە عەقرە وەفاتی کردوەو نێژراوەو مەرقەدە کەی ئیستاش زیارەتگەیە، کوری ئەم سەید عەبدولعەزیزە، کەناوی سەید ئەبو بەکر بووە چوتە مەڵبەندی، هەرکیو لە گوندی (ستونی) دامەزراوەو دوای ئەو شێخ حەیدەری کوری وسێ چوار بەرە ، دوای ئەو هەرلەو گوندە ژیاون، لەو رۆژگارەوە تاسەردەمی مەلا حاجی ئەو بنەماڵە لەگوندی (مەلا یيان) لەبەشی خومارۆ، نیشتەجێ ئەبن چەن بەرەو نەسلّ لەوێ ماونەتەوەو رایان بواردوەو لەدوای ماوەیەك باریان، کردۆتە گوندی (کاتونەی خوارو) تارۆژگاری مەلا سالح لەوێدا بون.

## گۆرانی رێبازی قادری بە نەخشی:

لە رۆژگاری کورانی مەلا سالح بەدوا ئەم شێخانە: (ساداتی نەهری) لە تەریقەتی قادری دەس بەرداربون و بونەتە، پەیرەوی، تەریقەتی نەخشبەندی جا دامەزرانی ئەم بنەماڵە، گەورە لە نەهری (ناوەندی شەمزینان) دەسی پیّ کردوە.

## مەولانا خالێدو سەید عەبدوللاّ

وتووێژی حەزرەتی مەولانا خالێدو سەید عەبدوللاّی ئەوەلّ:

لە مێژودا نوسراوە کە مەولانا خالێد شارەزوری نەخشبەندی لە سەفەری خۆیدا بۆدێهلی لە نەهری لای داوەو چۆتە دیدەنی: (سەید عەبدوللاّ شەمزینان) کە ماموّستاو مودەریسی ئەوێ بووە. حەزرەتی سەید عەبدوللاّ، پێ دەڵێ: (بۆدەچی بۆدێهلی! ئەمە کارێکی بێهودەیە، بەلاّم دوای قسەیێ زۆر، مەولانا خالێد حەزرەتی سەید عەبدوللاّ ئیقناع ئە کا، ئەویش عەرزی مەولانا دە کا: (جا ئەگەر لات وایە پێویستە بچی، منیش لە گەڵت دێم).

لێرەدا گرێ پوچکە هەیەو سەری ماشەرە کە، لە مێژو نوسان بزرکراوە، من لام وایە مەبەستی مەولانا خالێد زۆر گرینگ بوە، بوییّوا حەزرەتی سەید عەبدوللاّ زو رازی بوە، لە گەڵی بچێتە دێهلی و دوای گەرانەوەش ئەو هەموزانا و دانایانە بونەتە مریدو پەیرو، یا خەلیفەی، دیارە مەبەستی مەولانا داین کردنی دادگەری ویە کیەتیو ئازادی و سەر بەخۆیی بۆکورد ... بووە. جا دوای ئەوەی حەزرەتی سەید عەبدوللاّی نەهری رازی بو، کە لە گەڵ مەولانا بڕواتە دیهلی، حەزرەتی مەولانا خالید لە وەلاّما، واتای ئەم هۆنەی، پیّفەرموە، کە هەستیارێکی ئێرانی وتویەتی:

Dr.Saleh Ebrahimi



اَدیبِ من جلیسِ من شُود، در حلقه رِندان    بەکوشش گر رسانم نالەی مستانەی خود را

مەولانا خالید دەچێتە دێهلیو دوای ریازەت کێشان و عیبادەت کردنێکی زۆر، دەگەڕێتەوە بۆسلێمانیو دەس دەکا بە ئیرشادی رچەی نەخشی و لە ناو خەڵکدا رێزو خۆشەویستێکی زۆرو تایبەت پەیا ئەکا، جا هەر لەبەر ئەمە دەکەوێتە بەر حەسودی حاسدان، بە تایبەت دوکەسی زۆر زاناو بەنفوز: یەک: عەللامە، مەلا محەمەد باڵەک و ئەوی دیکە عەللامە نودێی بوە، کە بە خێڵیان بە مەولانا بردوە، مەلا سەعید ناوێ کە مامۆستای واسیلی نیکیتین بووە فەرمویەتی:

«مەولانا خالید زانایەکی خووئاکار چاک و راست و دروست بو، بەلاّم دانە وتۆمێ کە لە کوردستان چەندی بەرو میوەی بۆکوردستان نەبو»[1].

**نادر میرزای قاجار**:نادر میرزا دەنوسێ: چاوم بە (حاجی سەدرە دەوڵە) حاکمی (سابلاغ) مەهابادکەوت پێم‌وت: من لایەنگری قاجارم، بەلاّم ئەم هەموە زوڵمو زۆرەی ئێوەو ئەم هەموە ریشوە خواردنە، هەڵەیە، تۆ بزانە لوتفعەلی میرزا (کێشکچی باشی) حاکمی پێشوی سابلاغ (مەهاباد) چلۆن وەکو باقی شازادە ستەمکارەکانی تری قاجار خەڵکیان ئەچەوسانەوەو بونەهۆی ئاژاوە نانەوەو ئازار دان و ماڵ وێرانی خەڵک و پیاوی وەکو فەیزوللاّ بەگی، بۆ پوڵ زنجیرو جەریمەی دەکرد، یا چلۆن قادراغاو گەورە پیاوێکیوەکوهەمزاغای ئازارداو خەڵکی مەجبور دەکرد ماڵو ژیانی بەجێ بێلێ و بەسەڵتە قەمچی بدەن بەکێوا: بۆچوا لەوخەڵکە هەژارە دەکەن، یا ئیعتماد سەلتەنە چلۆن، خەڵکی روتانەوەو بە زۆر خەڵکی ئاوارەی هەندەران کرد. سەرەنجامیش بە فروفێل و بە سوێندی درۆ ئەمیرنیزام حاکمی وەختی سابلاغ هەمزاغاو یاران و خزمو نێزیکانی هەمزاغایان بە ناحەق شەهید کرد.

## حەزرەتی حاجی سەید عەبدوللاّ نەهری

سوڵتانولعورەفا حاجی سەید عەبدوللاّ گەیلانیزادە، عالم، هۆزان عارف باللّە، شەریف، نەجیبو نورانیو مەتینو خواناسو باتەقواو زانا بو، زمانی عەرەبی، فارسی کوردی، ئینگلیسی و روسیشی ئەزانی، ریسالەیەکی بەزمانی کوردی بەناو (عەقیدا، دینێ) داناوەو لە کاتی خۆیدا لەشاری رەواندز لەچاپ دراوە، ئەم زاتە گەورەوگرانە لە(تفضل)داکە

[1] - و. نیکتین تەرجەمەی محەمەد - ی قازی.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەحیسابی ئەبجەد ئەکاتە (١٣١٠)ی مانگی لەشاری تایفی حیجاز لە ١٣٠ کیلومتری شاری مەدینە لەدایک بووەو لە ٧٧ ساڵیداله ساعەتی ٣ی نیوەشەوی شەمە سێهەمی گەلاوێژ (گران) تیری ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی و ١٥ رەبیع‌الاولی ١٣٨٧ کۆچی مانگی‌و ٢٤ ژوئینی ١٩٦٧ زاینی لەماڵی خۆیدا لەشاری (ورمێ) بەرەولای خوا بارگەی تێکناوەو لە گوندی دزەی مەرگەوەر نێژراوە.

مریدان‌و مەنسوبانی حەزرەتی شێخ، لەسەرانسەری کوردستانا بۆ ئەسپاردنی لەشی پاک‌و موتەهەری حەزرەتی شێخ کۆبونەوە.

سوڵتانولعورەفا بە سیانزە پشت ئەچێتەوە سەر حەزرەتی قوتب‌العارفین حەزرەتی شێخ عبدولقادری گەیلانی: (غەوسی ئەعزەم ـ بازاللّه) قدس اللّه اسرار هم العلّیه.

حەزرەتی غەوسی گەیلانیش بە ١٤ پشت ئەچێتەوە سەر حەزرەتی ئیمام حەسەن (ع) بنەماڵەی حەزرەتی حاجی سەید عەبدوللاّ ـ لە حەزرەتی قوتب العارفین حاجی سەید عەبدوللاّی گەورەوە لە رچەی قادری‌یەوە، ئەچنە سەر رچەو رێبازی نەخشی‌و حاجی سەید عەبدوللاّی گەورەو حەزرەتی سەید تاهای گەورە خەلیفەی حەزرەتی مەولانا خالید، شارەزوری نوسخەی نایغەی رۆژگاربون.

زانای ناودار مەلاکەریمی زاری لە تەعریف‌و شینی سوڵتانولعورەفا حەزرەتی حاجی سەید عەبدوللاگەیلانی‌زادە بە شیعر ئەڵێ.


شیعر:

سەروی جویبار، باغی حەسەنەین
سەید عەبدوللاّ حاجی (الحرمین)
(نەجم الأشراف إکرامُ السادە)
بەرەو پشت ئەتڵەس گەیلانی زادە
شەوقی حەق دنیای فرێدا پێش چاو
بۆمولکی بەقا، کەوتە رێ بەتاو
شەوی دوشەو، تیر بە ئەمری ئەحەد
تەشریف فەرمابو، بۆسەرای ئەبەد


Dr.Saleh Ebrahimi



لە (رەزائیـــیە بـــە ســـەد  رەزاوە
کـــۆچی لە دنیـــای فـــانی پێچـــاوە
بۆســـاڵی کـــۆچی دڵ، بـــە غەمنـــاکـــی
پـــر سیـــارم لێکـــرد، لە ڕوحـــی پـــاکـــی
فـــەرموی: ئـــەی زاری بـــاگـــوم نـــەبیَ‌لێت
(رضـــوان اللّـــه اکـــبر) ئـــەڵێ: پـــێت



سلطانُ العُرفا حاجی سەیدعەبدوڵاگەیلانی زادە


١٠٠
وێنەی (سلطان العرفا) حەزرەتی حاجی سەید عەبدوڵڵای بلاغی زادە

Dr.Saleh Ebrahimi



حەزرەتی سوڵتانلعورەفا حاجی. سەید عەبدوللاّ گەیلانی زادە (نەهری شەمزینان) لە ساڵی ۱۹۲۱ی زاینی لە شاری حەلەب بەریاسەتی مەجلیس و کۆنگرەی یەکیەتی کوردو ئەرمەنی (بە رەی یەکیەتی راپەرینی داشناك و خۆیبون) هەڵبژیردرا، هەروەها لەساڵی ۱۳۲۴ی کۆچی هەتاوی لە شاری تەوریز کراوەتە رەئیس و سەرۆکی کۆنگرەی هاوکاری و هاوپەیمانی و دۆستی و رامیاری و نزامی دەوڵەتی کوماری مەهاباد و کوماری ئازربایجان قسە کردن لە خەبات و تێکۆشانی پێشەوا حاجی سەید عەبدوللاّ گەیلانیزادە لەم نیو سەدەی دوایە لە کوردستاندا زۆر گرینگ و شیاوی باسە، چونکا ماڵ و مەنزڵی حەزرەتی شێخ پەناگای ئاوارەو هەژار و لێقەماوانو ستەم لێکراوان بو، ئەو زاتە گەورە، بۆلابردنی زوڵم و زۆر ویژیو دامەزراندنی دۆستی و ئاشتی لە نێو نەتەوەی کوردو ئەرمەنیو عەرەبو تورکو فارسو سەرانی هۆزەکانی کوردە واریدا، نەخشێ زۆر دیار و گرینگی هەبو، ئەوە بو لەناو دڵ و دەرونی هەمو نەتەوەو چینەکانی جیاجیا بە تایبەت لە کوردستان و ئێران و تورکیا و عێراقدا جیێ کردبوەوەو هەموکەس خۆشی دەویست و سەری تەعزیمی بۆحەزرەتی شێخ عەبدوللاّ گەیلانی زادە دەچەمانەوە، هەرئەمەش بووەهۆی ئەوە دەوڵەتی روسو ئینگلیس و تورکیا و قاجار وپەهلەوی ئەندێشی لیێ بکەن.

خواناس وزاناو هۆزانی مەزن حاجی خەڵیفە مەلا محەمەد باڵە قولو (بەها) کە مەلابرایمی کوری لە ناسنامەدا (ئیبراهیمی محەمەدی) وەرگرتوە، کەئەمین حوزوری حەزرەتی حاجی سەید شێخ عوبەیدیلای نەهری وحەزرەتی حاجی سەید شێخ عەبدولقادر گەیلانی زادەبوە. حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) برەشێعرێکی بۆ هاتنەوەی حەزرەتی حاجی سەید شێخ عەبدولقادر گەیلانیزادە، ناودار بە غەوسی سانی داناوە کە لەتایفی حیجازەوە، بۆناوچیاونەهری گەراوەتەوە، ئەبێ بزانین کەحەزرەتی شێخ عە بدولقادر گەیلانی زادە لە ۱۸۴۲ زاینی لەناوچیا لە نەهری لەدایك بوەولەساڵی ۱۹۲۵ زاینی بەدەسی مستەفا کەماڵی خوێن رێژو ستەمکاری تورکیا لەگەڵ حاجی سەید محەمەد ـ ی کوریو کۆرێ زۆر لە پیاوە گەورەو ئاینیيەکانی کوردی تورکیا شەهید کراون و ۷۸ سال تەمەنی موبارەکی بوەو حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای شاهی شەمزین مەلیک غازی نەهری (قُدِّسَ سِرَّهُ): لە ۱۸۲۰ی زاینی لەدایك بوەولە ۱۸۸۳[1] زاینی لە تایفی حیجاز وەفاتی کردوەو ٦٨ ساڵ ژاوە.

---

۱ـ حەزرەتی مەولانا خالید شارەزوری نەخشبەندی لە ۱۱۹۳ی مانگی لە دایك بوەو لە ۱۲۴۲ی مانگی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمەش ئەوبرە شێعرەی حاجی خەلیفە مەلا محەمەد (بەها) کە بۆ هاتنەوەی شێخ عەبدولقادر ناودار بەغەسی سانی داینا‌وە:

## کەلام - ی بەها

مـــوژدە بــێ ئەی بــولبولی دڵ، جــانی گوڵستــان هــاتەوە
مـوژدە بـێ پـیری موغـان، جـان بـە خشـی مەستان هـاتەوە
شـــاهی ئەقتـــاب عـــەوسی شـــەمزین شـــەمعی دیـــن
مـــەرکەزی قـــوتبی مـــەدارو سوڵتـــانی خوبـــان هـــاتەوە
جـــێ‌نشینی شـــای بوخـــارا غـــەوسی ئـــەعزەم قـوتبی دیـن
پـــێشەوای ئـــەهلی یـــەقین غـــەواســـی عیرفـــان هـــاتەوە
گـــەوهەری بـــەحری سەفـــاو مـــەعدەنی عـــیلمو وەفـــا
مـــەزهەری نـــوری تـــەجەلا، نـــوری ئیمـــان هـــاتەوە
پـــیری مەیخـــانەی تـــەریقەت ســـاقیی مەستـــانی حـــەق
رەهنەمـــای راهـــی حـــەقیقەت لوتـــفی یـــەزدان هـــاتەوە
مـــورشیدی ئـــەرشە دلەبـــۆشەرعی موتـــاعی ئـــەحمەدی
دەســـتگیری رێـــی هـــیدایـــەت ســـەدری ئەرکـــان هـــاتەوە
کـــانی ئەوســـافی کەمـــالات، دورِی دەریـــایی فـــەیزی‌نور
کـــانی ئیرشـــادی تـــەریقەت قـــوتبی دەوران هـــاتەوە
حَـــمْدُلِلّه، شُکْـــرِلِلّه وەك سولەیمـــان هـــاتەوە
غـــەوسی ســـانی، جـــێ نشـــینی شـــای نـــەخشبەند هـــاتەوە
جـــان بـــدەی بـــەو مـــوژدەگـــانی ئـــەی (بەهـــا) هێشتـــاکە مـە
هـــەردو چـــاوی بـــا لەســـەر بـــێ نـــوری چـــاوان هـــاتەوە.

شێخ عەبدوللاً مەدینەیی لە ساڵی ۱۹۲۱ زایینی ئەم برە شێعرەی خوارەوەی بەزاراوەی کرمانجی ژوورو لە شینی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی زادەی نەهری شەمزینان ناودار بە غەوسی سانی شەهیدی رێی دینو نیشتمان وقورئانو ئیسلام فەرموە:

---

وەفاتی کردوە و ۴۹ ساڵ ژیاوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



# شێعر یا شیننامە:

ئـاسمانا حـەقە بـل اللـە خـوین بگـریەن بـەر زەمـین
بـۆ قـەزایـا غـەوسی سـانی پـیری نـەهری قـوتبی دیـن
ئـەوچ سـالن ئـەوچ مـاهن ئـەوچ رۆژن بـێ حیسـاب
پـرحـەوادیس لێدەربـارن کـەس چدەوران ئـەونەدی
شـەوشی نزمـادنێ ئـاخر زەمـان رابـو لمـە
کەوکەبـا کـوردان غـوروب کرئـا بـەدەستێ مـول‌حیدین
خـەنجەرێت جـەورا دتورکـان چـونە جـەرگێ‌تە (غـەریب)[1]
تـا ئـەبەد دی هـەرب‌خوین بـیت بـۆتە مـیلاکـا پـربرین.

شێخ عەبدوللاّ مەدینەیی دۆستی بنە ماڵەی ساداتی نەهری بوە.

مامەهەژار شاعری هەرە زاناو مەزن لەبارەی مەولانا خالیدەوە ئەڵێ:

کـە سـەردستەی هـەمو مەستـانە خـالید
نـە مـامی بـاخی کوردسـتـانە خـالید
فـیدات بـم نیشتمـان بـۆ شـارەزورت
رونـاکـە شـامو ئـەستەمبۆل بـە نـورت

مەبەست لە ئەستەمبۆل شێخانی شەمزینە هەروە کودەڵێ:

بـە عـەبدوللاّو تـاها پـیری شـەمزین
لە داوای دیـن نەمـاندو بـون، نـەشەمزین
شـەمی دڵبـون و زەیـنی مـەحفەلی دیـن
وەتەن هەرشاد بیی! وا دوکورەت دیـن.[2]

---

١ - غەریب بە حیسابی ئەبجەد ئەکاتە ١٩٢٥ کەلە ١٩٢٥/٣/٢٤ ی زاینی لەسەر کوردایەتی لە سێدارە دراوە.

٢ - سیلسیلەی نەخشبەندی، دانەر: کاک رەحمانی مسباح قازی پەرەی ٣١ تا ٣٠ چاپی ١٣٦٩ ئینتیشاراتی صەلاحەدین ئەیوبی و رمێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



## نەتیژە:

ساداتی نەهری یا شێخانی شەمزین (قُدس سِرُّهُمْ العَزیزْ) بە نۆبەی خۆیان لە رێگای عەمەل بە قورئان و دەستوری ئیسلامو لەرێگای ئەم ئایەتە شەریفەوە: (الا بـذکرالله تطمئن‌القلوب) خەڵکیان بۆزیکرو یادی خوا بانگ کردوە، تاڵەم رێگایەوە دڵو دەرونیان ئارام بگرێ، یەکیەتی، برایی‌و بەرانبەری لەناو خەڵکدا پێک بێنن و لەرێگای قورئانەوە ئاشتی‌و روناکی‌و ئازادی‌و خۆشەویستی لە ناو بەرەی موسڵمانان، بە تایبەت لە نێو کورد، بەدی بهێنن.

سەرنج راکێشە ئەگەر مرۆڤ بتوانێ دڵنیایی لەدەرونی خۆیدا سازبدا، توشی نەخۆشی عەسەبی و رەوانی نابێ - موعجیزەی قورئان وکاری خواناسان‌و عورەفای کوردیش لێرەوە باشتر، دەردەکەوێ. کە چ خزمەتێکی گەورەو خودایی‌یان بە نەتەوەی کورد و بەرەی مسوڵمانان کردوە.[۱]

# هۆی راپەرینی حەزرەتی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین:

ستەم کارانێکی وەکو تورکی وەسمانی، ناڵە پێپان، مەغولەکان، صەفەوی‌یەبەفێڵەکان، قاجارەکان‌ورەزاکەچەڵ وحەمەزەرای دەرکراو، زوڵمیان لەم نەتەوە مسوڵمانە کردوە، بۆ وێنە لە مێژودا ئەگێر نەوە هەمزاغای مەنگور لەترسی گرتن و کوشت‌وکوشتاری کاربەدەستانی تورکی وەسمانی ستەمکارکە بەدرێژایی مێژو پەلاماری کوردیان داوە بۆلای هۆزو تایفەوزێدو نیشتمانی خۆی بۆئێران گەرایەوە، بەڵام چونکا لەوەدەمەدا لوتفعەلی میرزا (کێشکچی باشی) لە سابلاغ (مەهاباد) بە زۆر حوکومەتی ئەکردو هەمیشە بە زۆر ریشوەی لەخەڵکی وەرئەگرت وخۆی هەڵ دەماساندو خۆی بەسەر خەڵکدا قەف ئەکردو هەروەک باقی شازادە ستەمکارەکانی پێشوی قەجەر دەسی کرد بە زوڵم‌و روتاندنەوەی کوردو کوردەواری‌و

۱ - ژمارەی یەکەمی ئاوینە ئیسفەندی ۱۳۶۸ لاپەرەی ۱۵ تا ۱۸ و ژمارەی دوەم لاپەرەی ۴۴ تا ۴۹ پوشپەری ۱۳۶۹ی هەتاوی ئاران مەکۆی تەبلیغاتی ئیسلامی بە قەڵەمی (شەپۆل) لەچاپدراون.

Dr.Saleh Ebrahimi



گرتن‌و جەریمە کردن، فەیزوللاّ بەگی گرت و زەنجیری کردو هەزاروپێنصەت تەمەنی ئەو زەمانەی لێ سەند ئەم فەیزوللاّبەگە، هەرئەو بەگزادە کوردەیە، کەچەندین جار بیانویان پێگرتوەو تالاّنیان کردوە، هەروەها لەسەردمی: (صاحب دیوان) بیانویان پێگرت وگرتیان‌و زۆر دردندانە ئەشکەنجەیان داو چوار مانگیان گرت‌و پێنصەت تمەنیان لێ سەند، بەلیٚ بنەماڵەی قەجەرو کاربەدەستانی ئەورێژیمە، وەکوگورگی برسی‌و دەم چەور کەوتبونە ناوخەڵکی نەجیب‌و جسنی کوردو خوێنی خەڵکیان ئەمژی‌و دادرِ دادرِیان خستبوە ناوخەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاع و خەریکی راوەروت بون.

لەو سەردەمەدا (هەمزاغا وقادراغا) هەردوکیان هاوکاری (لوتفعەلی میرزا) یان ئەکرد، بۆکۆکردنەوەی ماڵیات و شەکەزەکات‌دان بەحوکەمەت (کێشکچی باشی) ویستی (قادراغا) بکاتە پێشکارو بەرپرسیاری سوروسات و ماڵیات وەرگرتن. بەلاّم لەبەر ئەوەی پێشکاری ئەبوەهوی ناکۆکی لەنێوان ئاغایان‌وبەگزادەکاندا، وبەرئاوەژوی بیروباوەری بەگزادەکان بولە لایەکی ترەوە، جا ئەوەبو (قادراغا) لەبەر چەن‌شت پێشکاربونی دایەدواوە، لوتفعەلی میرزا، ئەحمەد بەگ وەکیل رەعایای کردە پێشکاری خوّی، وەرقی لە قادرا غاهەڵگرت و قادراغاش خوّی،دزی‌یەوە،چوەوە گوندی خوّی، وەدوای ئەو، هەمزاغای مەنگوریش ویستی بگەرێتەوە گوندی خوّی، بەلاّم لوتفعەلی میرزا ویستی دەس بەسەری بکاو، هەرەشەیشی لەقادراغاکرد.

بەلاّم هەمزاغاگەرایەوە دێیەکەی خوّی ودەسی گرت بەسەری خوێدا،کەچی لوتفعەلی میرزا، چون قین‌لە دڵبو، لەمانگی رەمەزاندا بە حوکومەتی تەوزێری راگەیاند، کە ئەوانە یاغی‌بون‌ولەو سەردەمەدا (ئیمان قولی میزرا) کوری (مەلیک قاسم میرزا، لەدێی خوێەوە بوّدیدەنی (لوتفعەلی میرزا چوەسا بلاّغ (مەها باد) هەزاغای لەگەڵ لوتفعەلی میرزا ئاشت کردەوە، هێمان قسەی ئەو ئاشتی‌یە، نەگەیشتبوەدێ، لوتفعەلی میرزا دەستوری دا یەکێك لەخزمەکانی قادراغایان گرت، بەبەیانوی ئەوە ماڵیاتی کەوتوّتە دواوە، هەمزاغا ئەڵێ: خزمی قادراغایەو ئەتوانێ سوروسات و ماڵیات‌و شەکەزەکاتی خوّی بدا جاتکایەمەی گرن، ودوای چەن روّژ (عەزیرئاغای فەتاح)، کە یەکێك، لەدوّستانی نێزیکی هەمزاغابو، زیندانی کرا، بوّئەوەی جەریمەی بکەن.

لەم لاشەوە فەرمانی گرتنی هەمزاغالە تەورێزەوە هاتبو، چونکا تەورێزیش چاوی لەدم وکاوێژی لوتفعەلی میرزا بو، روّژێ لە روّژان هەمزاغا بەخەیاڵ، بوّ قەول وقەراری ماڵیات‌و سورانەو بوّتەواو کردنی کاری (عەزیر ئاغای فەتاح) لەکاتی خوّرئاوا بوندا، خوّئەکا، بە

Dr.Saleh Ebrahimi



(دارولحوکومه)داو میرزائەبولقاسم تەزکەرەنوسی دەوڵە ت، ئەبیٚ، ئیٚستا ئیٚمە لەزمانی ئەوپیاوە، بەسەر هاتەکەتان بۆ دەگیٚرینەوە:

من لەویٚ لە وەتاخی خوار، لوتفعەلی میرزا دانیشتبومو (میرزاتەقی موحەرەر)یش لەویٚو بو کە خۆی لە هەمو کاریٚک تیٚ هەڵدەقورتاندو کەوچکی ناوهەمو کاسەیەک بو، ببوە هۆی فیتنەو فەسادو ئاژاوە نانەوە. لەناکاو، دیمان هەمزاغا لەگەڵ یەکیٚک لە برازاکانی، وە نوکەریٚکو چەن قلیاندار، خۆیان کرد بە ژۆرداو دو نۆکری تریشی لە دەریٚ بون لە بابەت سورو ماڵیاتەوە لەگەڵ (میرزاتەقی) بوەدمە قاڵەیان، میرزاتەقی ماڵیاتی هەمزاغای بەدوهەزار تمەن دانا و هەمزاغایش لەوە رامدا پیٚ وت: ماڵیاتی ئەسڵی ئیٚمە هەمیشە چوارسەت تمەن بوە، میرزاتەقی بە هەمزاغای وت: ئەی بۆ پارە کە لە حوکومەتی میرزا محەمەدخاندا هەزارتمەنت ماڵیات، دا؟ هەمزاغا وتی: چوارسەت تمەن ماڵیات بوو دوسەت تمەنیشم، بەپیٚشکەش پیٚداوە، ئەگەر تۆیش بتەویٚ دوسەت تمەنت ئەدەمیٚ، تازە لەو دەمەوە کە من لەم شارەم هەر خەریکی خزمەت بە دیوان بوم زیاتر لە هەشتسەت تمەنم خەرج کردو ە. میرزاتەقی بە دژی هەمزاغا، بۆ سوک کردن وتی: چ خزمەتیٚکت بە دیوان کردوە؟ کەتۆ خاوەنو سەرۆکی هەزار بنەماڵەی، وەلەهەرخانوادە دو تمەن وەر ئەگری، ئەبیٚ نیوەی ئەم دوهەزار تمەنە، بە (لوتفعەلی میرزا) بدەی، میرزاتەقی، جوریٚک قسەی ئەکرد، بوەهۆی تورەیی و دلیٚشانی هەمزاغاو لەودەمەیدا، میرزاتەقی، هەستاو گوتی: بابرۆم ئەم قسانە بە (لوتفعەلی میزرا) بلیٚم، رویٚیو گەرایەوەو دانیشت، ئەونەی پیٚنەچو، کەفەراشباشی لوتفعەلی میرزا، لەگەڵ فەراشیٚ‌تردا کە زنجیریٚکی بەدەسەوەبو هاتو روی کردە هەمزاغا، وەپیٚ‌وت: (لوتفعەلی میرزا شازادە) ئەم زنجیرەی بۆتۆناردوە، ماچیکە. هەمزاغاکاتیٚ ئەمەی بیستنەراندیو دەسیبرد بۆخنجیٚری بەر پشتیٚنی، وە بەتورکی وەسمانی وتی: (مەن بونی قەبول ئیتمیم): من ئەمەم قەبول نییە، هەڵی کیٚشا خنجەرو روی کردە فەراشباشی و میرزاتەقی هەردو ترسان هەلاٚتنو چونەلای لوتفعەلی میرزا، کە لە نهۆمی دوەم، چاوەروانی نەتیژەی فەرمانەکەی خۆیبو، (ئەمین تەزکەرە) ئەڵیٚ: مینش خۆم بەدیوارەکەوە نوساندو لەترسا چاوم مۆڵەق وەستابو، تەماشام ئەکرد، هەمزاغا زو چراکەی کوژاندەوەو لەگەڵ برازاکەی خویٚدا لەپەنجەرەوە خویٚان دەرباز کرد.

لەوتاریکایی شەوەدا، دەنگی چەن تەقەی تفەنگ لە حەوشەوە هات، برازای هەمزاغاو قلیاندارەکەی گوللەیان لیٚ درابو، هەمزاغا بە خنجیر یەکیٚک لە نوکەرەکانی لوتفعەلی میرزای لە ئەرزداو ئەوی تریان هەلاٚت.

Dr.Saleh Ebrahimi



# هەمزاغا

هەمزاغا لەبەر ئەوەی وای دەزانی لەبەرا تەگبیریان لیّ کردوە. دەروازەی حەوشەیان لیّگرتوە، روی کردەدرگاو زو چوە دەریّ، قەرەول بەسەر نیّزەی تفەنگ روی کردە هەمزاغا، کەنەیەلّیّ دەربازیّی هەمزاغا، بەدەسیّکی سەرنیّزەی تفەنگەکەی ئەگریّ و بەدەسەکەی تری خنجیّریّکی‌وا لە سەربازەکەئەدا جیّ بەجیّ ئەی کوژێ، وەبەر لەوەی برواتەدەریّ ئـەچیّتە زیندان و عەزیز ئاغا بانگ ئەکا، بەلاّم وەک زانراوە، لەودەمەی‌دا، نۆکەرەکانی لوتفعەلی میزا عەزیز ئاغایان بریندار کردبوو بردبویانە شویّنیّکی دیکە، کاتیّ هەمزاغا وەلاّمیّکی نـەبیست، روی کردەدەروازەو بەقونداغە تفەنگی سەربازی، دای لەسەردرگاوانەکەوتخیّلّیی کردو لە گەلّ دوپیاوی خۆی دەروازەیان کردەوەوچونە دەریّ.

ئەمین تەزکەرەئەلّیّ: کاتیّ هەمزاغارویی تیرها ویشتن بیدەنگ‌بو، چومەلای لوتفعەلی میزرا دیتم یەکیّک‌لە نوکەرەکانی تفەنگیّکی (مارتینی) بەدەسەوەیەو لەسەر پلیکانەکان بۆپا راستنی شازادەراوەستاوە. کاتیّ چومە ژوریّ دیتم لوتـفعەلی مـیرزا شـازادەرەنگـی سـپی هەلّگەرابوو تفەنگیّکی مارتینی بەدەسەوەگرتوەو وەکوسەگ ئەترسیّ وئەلەزریّ وتم: گرتنی هەمزاغا وانابیّ، وتی روی فەراشباشی رەش بیّ وفەرا شباشیش لەو دەمەی‌دا لە ویّ راوەستابو کەمنی بۆگرتنی هەمزاغالە هەربارو بابەتیّکەوە دلّنیا کردبو، کەچی وایش نەبو، دەلّیّن: خەتا تالّە کەس وەئەستۆی ناگریّ، شازادە خەتاو تاوانەکەی خستەسەر شانی فەراش باشی.

لەودەمەی دا ئەحمەدبەگ، کە تفەنگیّکی مارتینی بەنەرەی شانەوە بو، هات‌ودەسی بەقـە کردو وتی: (شازادە، لەبەرت مرم من کەی بەتۆم‌وت کەهەمزاغـا ئـاوا بگـرە وقـولّ بەستیکە، ئەویش لەم کاتی شەوەدا ئاوا بیّ تەگبیرانەوبیّ وادە. پیّویست بو لەبەرا هەوالّت بەچەن کەس بدایّی تا بەروژی روناک بیگرن) لەم قسانە دەرکەوت کەلە پیّشدا زۆر بەهەلّە چبو.

لوتفعەلی میزرانەی زانیبوکەناتوانّی سوک‌و ئاسان هەمزاغا، هەروەک (فەیزوللاّبەگ) بگریّ وبالّ بەسەتە، بیخاتە زیندان.

لەبەر ئەوە زۆر بیری لەگرتنی هەمزاغا نەکردبوەوە، لای وابوە ئەمیش وەکـو (فـە یزوللاّبەگ) ئاسان خۆ ئەدا بەدەسەوە، زنجیری بۆنار دوە، مـاچی بکـا وبیکـاتە دەسـی، لەنەتیجەی بیّ فیکری و تەماعکاری توشی ئەو کەندوکۆسپە هات، دیارە مەبەستی لوتفعەلی

Dr.Saleh Ebrahimi



میرزا کەئەیویست بەشەو هەمزاغابگریّ هەروەکو هەموخەڵك لایان وابو، بۆئەوە بوە بەشەوپولیّ یادر اویکی لیّ بستیّنیّ و ئازادی بکا و کەسیش پیّ نەزانیّ.

جا دوای ئەوەی هەمزاغا لەدەروازە چوەدەریّو گەیشتە کولاٚنیّك روانی کە هیچ جۆرە تفەنگچی و قرا ولّ وجندرمەیەك نییە. لەوەی کەبەر لەدەرباز بون، لوتفعەلی میرزاونوکەرەکانی نەکوشت پەشیمان بو، بەلاٚم تازە سەر راوی لە کیس جبو.

ئەوشەوە تارۆژ هەر دەنگی بگرەو بەردەبو، شاری پرکردبو. خەڵکی دزی و دروزنی و خەیانەتی شازادەیان، بۆدەرکەوت، جا لەبەر ناچاری بەتکای یەکیّك لەمەلاکانی شار عەزیز ئاغایان ئازادکردو جەنازەی برازاو پیاوەکانی هەمزاغایان دایەوە. هەمزاغاجەنازەکانی هەڵگرت وبردییەوە بۆ دیّ، تابیان نیٚژیّ.

**هەڵە** لەم لاشەوە لوتفعەلی میزرا تیّگەیشت کەهەڵەیەکی گەورەی کردوەولە کەندو کۆسپی دوا رۆژ ئەترساو یارمەتی لەحوکومەتی ئازربایجان داوا کرد،ئەوزیّریش محەمەد حوسیّن خانی لەگەڵ بیست سواری بەختیاری و محەمەد سادق موقەدەم ئاجودان باشی و رەحیم خان چەلبیانلویی بەهەشتاد سوارنارده سابلاٚغ: (مەهاباد) فەرمان بۆقادراغاو فە یزوللاٚ بەگ‌وچەن کەسی تر درا، کەهەمو پیکەوە لەشکریّك لەژیّرچاوە دیّری شازادە ریّك بخەن بۆ گرتنی هەمزاغا.

بەلاٚم لەبەر ئەوەی جیّگای هەمزاغاو هۆزەکەی چیاوچرو هەڵەتوزەردو بەردی زۆرە نەیان توانی بەهەمزاغا بلّیٚن: (لە ل). سوارەی حوکومەت لەهەر لایەکەوە چونە شاری سابلاٚغ: (مەهاباد). بەلاٚم سوار ەکانی چەلبیانلو لەریّگا دەسیان کردبەتالاٚن و دزی و خەڵك روت کردنەوە.

**هەمزاغا** لەم لا شەوە هەمزاغا، بۆ ملە بەملانیّ کردن، کەوتە ئەو بیرە کە هۆزی پیران کە سەرۆکی ئەوان (مامەنداغا = مەمەند" بوو نیٚزیکی ناوسنوری حوکومەتی تورکی وەسمانی بو، لەگەڵ هۆزی (زودی) کە سەرۆکی ئەوان سوراغای برازای خۆی بو، یەکیان بخاو ویٚرای یەکترین لە بەرانبەری زوڵمو زۆرویٚژی قەجەردا راوەستن. بەلاٚم (کاکە للاٚغا)ی برای هەمزاغا کە دوای گەرانەوەی هەمزاغا سەرۆکایەتی هەندیّ لە هۆزەکەی لەدەس دا وکەوتە بەر فەرمانی هەمزاغا لەگەڵ هەمزاغا ریّك نە کەوت، لای وابو هەمزاغا دەرۆستی حوکومەت نایێ و هەڵدی و دوبارە سەروکایەتی هەمو هۆزی مەنگور ئەکەویٚتە بن فەرمانی (کاکە للاٚغا) خۆی.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەمزاغا لە سەردەمی زیندانی بونیدا، کە تەق‌وچەقێ زۆری دیبو و تەجرەبەو ئەزمونێ زۆر فێر ببو. **لەوە ئەگەرا پشتیوانێکی قەوی و بەهێز بۆ خۆی پەیا بکا، ئەوەبو روی کردە (پیری دستگیر، عاریف و خواناسی گەورە، حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری: نایری مەلیک غازی شاهی شەمزین).** جا لەبەر ئەمە باش‌وا یە، هەندێ لە بابەت حەزرەتی (مەولانا شێخ عوبەیدیلا)وە قسە بکەین: شێخ‌زادە (شیخ عەبدولقادر) شیخ‌زادە کە ناز ناوی (عەوتی ثانیان) پیدابو، زۆر سادە ئەژیا، سەراو پەردەی بو خۆی ساز نەدا بو، تەنیا چادر یا (دەوار)ێکی ئاسایی‌و سادە بو، ئەویش وەکو ئەوانی‌تر بێ جیاوازی‌و بێ تەجەمولات ئەژیا، بەلاّم خەڵک بە گیان ودڵ پیان خۆش‌بو خزمەتی شێخ و شێخ‌زادە، بکەن‌و وەکو چاوی خۆیان ئاگایان لەوان بوو بەدڵ، خوا خوایان بو کە شێخ یا شێخ زادە، فەرمانێکیان پێ بدا، باوەکو شێخ عەبدولقادر ئەو دەمە لاوێکی ٢٣ ساڵانە بو، بەلاّم خەڵک لە روی ئەقیدەی دینی یەوە، خۆشیان ئەویست وەدەستورەکانی ئەویان ئەبرد بەرێوە، سپەهـ سالارو فەرماندە و پێشکاری لەشکر هەمزاغا بوو سەرکردەکانی تریش: محەمەداغای مامەش‌و مامەنداغای پیران‌و سواراغای پیران‌و سواراغای سەرۆکی هۆزی زودی‌و عەو للاّخان‌و برایم‌خانی زەرزابون.

## سەردارانی کورد

هەندێ لەئاغاکان لەو سەردەمەدائەچونە دیدەنی گولاّویـاغا، تـێگەیبون رێگـادژوا روحەستەم‌و پرئازارە، کەوتنەوە، سەر هەوای ژیانی نوکەری‌و دورلە دەردی سەری، کورد ئەڵێ: **خویەک بگری بەشیری، بەری نادەی بەپیری،** فێری خزمەت کردن‌و نوکەری قەجەر ببون دەسیان پێ لە بەرما و خواردن هەڵ نەدە گیردراو وەك پیرێژنە کە، بە دەردی پارچون. باوەکو گولاّویاغا نەخۆش بو، بوەکلکە نەوتینەو ئەیەویست ئاغاکان بەدژی هەمزاغایەك بخاو نامەیەکی لەم بابەتەوە بۆخانباباخان نویسی‌و بانگی کردبوە لای خۆی، بەلاّم خانباباخان لەوە لاّمدا نوسیبوی ناتوانم بێمەلات، درەنگ‌بوەو نامەیەکم لەشێخ زادەوە بۆهاتوە تاسۆزی نیوەرو هەرجۆر بوە خۆم بگەینمە شار.

لە بابەت یەك گرتنەوە، نوسیبوت بیریم لێکردەوە. هەر ئەو رۆژەش کاغەزی شێخ عوبەیدیلا بۆ گولاّویاغا چبو، دوای هەواڵپرسی نـوسرابـو تـۆ (گولاّویـاغا) ریش‌سپی‌و قسەزانی دیبوکریانی، تۆم خۆش ئەوی. لەم هەلەدا هاتنی تۆ بۆ دیتنی من زۆر گرینگە تـا

Dr.Saleh Ebrahimi



لەبابەت کار وباری کوردو مسوڵمانانەوە بۆلابردنی گیروگرفت قسمە بکەین گولاّویاغا هەر ئەونەی زانیوە، ئەبێ نوکەرو دەستدە خۆری قەجەر بێ هەتا مردوە، پاروی بەخوێنی هاو خوێنی خۆی تەرکردوەو رەگی خۆناسینو سەربە خۆیی تێدا مردوەو هەستی بە سوکایەتی نەکردوە. ئەڵێن سوک دەردی سوک ناکێشی، مردو ئەندامی نایێشێ.

لەم ماوەشدا خانباباخان چوە شار، کردیانە حاکمی شارو دەسێ لیباسی تورمەی خەلاّتکراو ژمارەیەکی تریش لە ئاغاکان چونە زیارەتی شێخزادەو لە هەندێ تریش، دا واکرا تابینەشار، خەڵکی شار تەشریف هێنانی شێخ زادەیان بۆ شار بەنیعمەتێ گەورەی خودایی ئەزانیو لایان وابو، مایەی سەربەرزیو بوژانەوەی کوردو ئیسلامە، خەڵک بەماڵ وگیان یارمەتی پیاوەکان و لەشکری شێخیان ئەداو لایان وابو، ئەمە لە سەریان پێویستە کە بەگیان و بەماڵ هاری کاری شێخ وسپاکەی بدەنو کلیلی شاریان دابوە دەس شێخ زادە. بەهەمو گیانو دڵو دەرونیانەوە، کەوتبونە دوای شێخ بەلاّم قادراغای دۆستی هەمزاغا، نەهاتبوە باڵ لەشکری هەمزاغا، ئەیان ویستبەرەو سەقزو هەوشار برۆن، بەلاّم خەڵکی کوردنشین کە لەنێزیک مەراغا لەچەن ئاوایەکدا خەریکی ژیانو کاری جوتوگاو مەرو مالاّتداری بون، نامەیان بۆ شێخ زادە نوسی: ئەگەر نەگەنە فریامان، عەجەمی دەور وبەرمان خەریکن لەناومان ببەن. شێخزادە ناچار فەرمانیداکە سوارەکان بەرەو (مەرحەمەت ئاوا) برۆن.

# خاڵی حەزرەتی شیخ عەبدولقادر

میرەبەگی بەردەسوری خاڵی شێخ عەبدولقادر بە دوسەت کەسەوە، لە پێشەوە گەیشتنە مەرحەمەتئاوا. سەلیم خان چواردۆڵیو حەمە حوسینخان بەختیاریو سوارەی موقەدەمو عەلیخان حاکمی مەراغا بە سوارەکانی خۆیان کە لەمیاندواو دابون، لەم هەواڵە ئاگادار ئەبن ئەچن ڕێگایان پێ دەگرنو سەلیمخان و حەمە حوسێن لە حەشارگەوە تەقە لە پیاوەکانی شێخ ئەکەن چەن کەسو خاڵی شێخزادە شەهید ئەکەنو سەری ئەبڕن، بەلاّم تێ دەگەن کە ناتوانن خۆ لە بەر لەشکری بەهێزو خاوەن ئەقیدەو بەبرواو خاوەن ئیمان، رابگرن، لەترسان بۆیی تێدە قوچێنو لەو دەمەشدا چەن تۆپێک کە لەمیاندواودابو، ئەکەوێتە دەس شیخ زادە، ئەرۆن لە ڕێگا، شێخ زادە چاوی بە جەنازەی خاڵی ئەکەوێ کەوا شپرزەیان کردوە، دەستور ئەدا لە هەرکۆێ پیاوی قەجەریان گیر کەوت بەسەریا نەچن، جەلیل ئاغا برای باباخان نایبی تەویلەی

Dr.Saleh Ebrahimi



سەرکاری، کە ئەزانێ پیاوی قاجارە ستەمکارە کان، دەسیان داوەتە چە کێ بۆ کوشتنی شێخ زادەو پیاوە کانی، لەو سەری مياندواوەوە، خۆی پێدا ئەدا، زرمو کوت دایان ئەپلۆسێ و دیتەناو پیاوە کانی شێخ زادەو لە ٢٧ی شەوال سێ سەعات لەشەوی هەینو رابوردبو، کە شێخزادە شاری مياندواوی گرتەدەس، بەلاّم حەمەداغای مامەش کە چبو بەسوارەی خۆی، راێگای تەورێز بگرێو بی پارێزێ، بەدڵسوزی کاریبۆ شێخزادە نە کردبو. دیارە سوارەی مەنگور، مامەشو پیران ئەرکی خۆیان بەجێ هێنابو، بەلاّم بەداخەوە هەندێ لە یارانی ئازاو بە برواو مسوڵمانی شێخزادە شەهیدکران، لەشکر لەوێوە روی کردە مەراغاو لەسەر رێگا گوندی مەڵکەندیشیان تەسلیم کرد. میناغای کوری قادراغاو عەزیزی فەتاحیش کاری خۆیان ئە کرد.

بەلاّم بەداخەوە هەندێ نامەرد، وەکو (رەزاقولی میرزا) کوری (قاسم میرزا) بۆ بەدنیو کردنی کورد جلکی کوردییان، لەبەر خۆ کردبوو خەریکی چەتەیی و تالاّن و بڕۆ بون، وگوندە کانی میرزاعەبدوللاّ سەر ریشەدارییان، تالاّن کردو ئاگریان دا. دوای دو رۆژ هەواڵ بەشێخزادە دراکە ئیقباڵ دەوڵە بەچەن فەوج سەربازو چەن ئەرابە تۆپ خۆی گەیاندۆتە، سندوسو ئەیەوێ هێرشێ بێنێ، ناچار غەوسی سانی شێخ عەبدولقادر بەرەو سابلاّغ گەرایەوە.

## قەلاّی لاجان

غەوسی سانی حەمەداغای مامەشی بەرەو سندوس نارد، تابزانێ ئەوە راستە؟! هەروەها فەرمانی بە حەمەداغای مامەش دابو (قەلاّی لاجان) بڕۆخێنێ بانە کەوێتە دەس قاجاری ستەم کار. بە لام حەمەداغای مامەشیشن چونکا فرچکی بەنانی حەرام گرتبو، دڵی لای ستەم کاری قەجەر بو.[1]

---

١ - نوکتە: لە سالی ١٣٣٩ی خوری خوالێخوشبو مەلا کەریم مستەفاپور (شاریکەندی) کە لە ماسوێ مەلابو، هاتە مەهاباد میوانی منبو، ئەبو بچم بۆ فێرگەی (مزگەوتی سور) دەرس بەفەقیان بڵێم لەگەڵ مەلاکەریم رەحمەتیلە ماڵ دەرکەوتین فەرموی، تۆبچو دەرسەکەت بڵێوە، منیش هەندێ کاری ناو شارم هەیە، لە نێزیک سەعاتی دوانزەدا منیش دێمە مزگەوت، جا پێکەوە ئەروینەوە، لە سەعاتی ناوبراودا، جەنابی مەلاکەریم تەشریفیان پەیابو چوبنە حەوشەی مزگەوتو لە بەر، بەرۆ چکەی دیواری لای رۆژئاوای مزگەوتەکە، راوەستاین پێکەوە قسەمان ئە کرد، لە پرهەواڵیان هێنا، تیمسار هات، ماموستا حاجی مەلاحوسین مەجدی رەحمەتیو مەلا عەبدوللاّی مودەریسی و مەلاّ صالح پەپسوێو مەلا صادق و حاجی مەلا خالیدوە حیدی و مەلا شیخ عیزە دین حوسەینیو مەلاکانی تر هاتنە حەوشە بەروەپیر، تیمسار، خوالێخوشبو حاجی صالح شاتریو عەلی ئاغای قەرەنیاغا کە لەو سەردەمەدا نوێنەری مەجلیسی

Dr.Saleh Ebrahimi



هەواڵی هاتنی ئیقبال دەولە بەدرۆ دەرچو، واوە، نەهات، بەڵام ئەم هەواڵە درویّنە بووە هۆی ئەوە، کە هیّزەکەی شیّخ بۆ چون بەرەو (بناو) تاڵوکەو لەزنە کا، سەرئەنجام فـەوج لە تەوریّزەوە هاتە سەریان،محەمەداغاش چەن رۆژیّک لەو ناوەدا گیّچکە گیّچکی بوو چاوی بریبوە ئەوە، تابەڵکو لە ورمیّوە، لەشکر بیّتو نۆکەری خۆی سەبارەت بەوان دەربریّ، دوای چاوەروانیکی زۆرکە دیتی، ئەربابەکەی خەمی ۱ نەهات،ناچار دوبارەگەرایەوە بۆ ناو ئوردوی شیّخ.

لەو ماوەدا هەندیّ لە قەرەچو قەجەرو نوکەرە خویّریەکانیان بۆ شەیتانی و شۆفاری چبونە، وەتە میش گوندی گولاْو یا غای گەورە، نوکەری قەجەرەکان خەڵکیش لایان وابو حوکومەتی ستەم کاری قەجەر نە قانون و رەسمو نە یاسایەی هەیەو نە تەحقیقو لیّکۆڵینەوە لە کار دایە، وە نە دادگەریو عەداڵەت هەیە.

تەنیا بگرە و بکوژە و روتاندنەوەو تالاّن کردن و ستەمو پیّ شیّل کردنی مافی مروف یا روتاند نەوەی کزوکەساسانو بەردەس کردنی مسوڵمانان، ئەزانیّو بەس، ئەوەبو لەترس ماڵ و

شورابو، لە گەلّ چەن کەسیترلە گەلّ تیمسار وەرەهرام دابون، هەر لە حەوشەی مزگەوتی سور، دەسیان کرد بە قسە، لەو دەمەدا وەرەهرام روی کردە، عەلی ئاغا پیّ وت عەلی یاغا! گوندەکانی تۆشارەدین، فیرگەو مەدرەسەیان لیّ چابکە و ئیمەش یارمەتیت ئەدەینو موعەلیمو ماموّستات بۆ ئەنیّرین تا بە منالّی ئەو دییانە بخویّنن، باخویّندەواربن دنیا بە خویّندەواری سەر ئەکەویّ، خۆ هەر لە ناوچاوانی کورو کچی شاری نەنوسراوە، باسەوادبن، بەڵکو لە نیّو کورە گوندنشینەکاندا، میّشکی هەڵکەوتە هەبیّ، ئەگەر بخویّنن ئەبنەپیاو و نابیغەیان لیّ هەلّ بکەویّ؟ عەلی یاغا زۆر بە ئیشەرمانە لە حوزوری ئەو هەموە مەلا چاکانە شەرمی نەکرد، بەدەنگیّ، زۆر ناخۆشو ناپەسەند وتی: تیمسار تیمسار! ئەگەر کورە رەعیەت بخویّنیّ سەبەینیّ نە جوابی من ئەدانەوەو نە وەلاّمی تۆ!

ئەمە هەر ئەو قسەیە کە ئەنەوشیرەوانی ستەمکار ئیجازەی نەدا کورە رەعیەتەکە بخویّنیّ با وەکو ئەیویست کۆمەکیّ زۆر بەشەرِی ئەنەوشیرەوان بکا. ئەم عەلی یاغایە لە تۆمی ئەنەو شیروان و ئەو حەمەداغاو قەرەنی یاغای مامە شەیەکە ئیّستا دەرکراوەو لە نیشتمانی خۆی بیّ بەشە، چونکا خوا تۆلّەی ئەو رەعیەتە ستەم لیّکراوانەی لیّ ئەکاتەوە. بەراستی مەلا مارفی کۆکەیی رەحمەتی کە کۆرو کۆمەلّ ناس بو، چاک ئەو ئاغا خویّریە خویّن مژانەی ناسیبو، کە لە بابەت قەرەنی یاغای مامەشەوە فەرمویەتی (نەفسی خەبیسی ئین قەرەنی یاغای مامەش ئەست) بەلّیّ چون ئەم قەرەنیو مەرەنی یەش خوی پیسیان، بە شیری گرتوە دیارە بەپیری بۆیان تەرک ناکریّ نوکەری کردن بۆستەمکارو بیّگانە خوی بابو باپیرانیانە. سرنج راکیشە کاتیّ ئەم قسەم بوجەنابی دوکتور شیرازی گیّرایەوە، وتی لە زەمانی پیشەوا قازی محەمەد دا رۆژیّک مەلای دریکە، بە کەریماغای وت: هەواڵیّ خۆشم بۆت هەیە، مزگینم بدەییّ تاپیّت بلّیم، ئەویش وتی: ئەوا مانگاییّ زاوم پیّی دای وتی: چلونی بە خیّو کەم، ئەرابەییّ وینجەیشی لە گەل خست، مەلای در بکە، وتی: موعەلیم و فیّرکارت بودە نیّرنە فون قەلاّتکەریماغای کەریمی وتی: نەیەلّی ئەوکارە سەربگریّ ئەنا بە لیّنە کەم نابەمە سەر.

۱ - ئەم رستە دیاردی یە بە شیعری حەکیم مەولەوی کورد کە فەرمویەتی:

| | |
|---|---|
| هەرکـاتیّت زانـی چـەم دا وەهـەم دا | بـالّەخانەی چـەم دا وەروی چـەم دا |
| خاسـت فەرماوان ئەربـابە کـەی خـەم | سـاکن جـە گـۆشـەی بـالّە خانەی چـەم. |

Dr.Saleh Ebrahimi



گیانیان لەدەس زەبرو زەنگی قەجەر بە تەنگ هاتبون‌و نەیان دەزانی چیکەن و چلۆن لەدەس زوڵم و زۆرویژی حوکومەتی قەجەر، خویان رزگار بکەن!

ئەوە بو هەندێ لە پیاوەکانی هەمزاغاو شێخزادە و هەندێ کەسی بێ سەرەو بەرە، وەک شێت دەسیان ئەکرد بە تالآن‌و برۆو خەریکی شرە خواردن بون. قادراغاش بۆ ئەوەی هەردولای گرتبێ، کوری خۆی بە هەشت‌سەت سوارە و تفەنگ بەشان‌ەوە ناردبوە کۆمەگی شێخزادەو هەمزاغاو خۆی لە دور لە تەماڵ دابو، تا بزانێ چ دەقەومێ. چون گوندە کەی خۆیشی بە دەسەوە نەمابو، ناچار بە سەت نوکەرو سوار، چوە گوندی (جامەرد). ۱

ئەبێ بزانین گولاویاغا ریش سپی‌دیبوکریانەو بە رواڵەت تۆبەکارو صوفیلکەیەو دژی کارو کردەوەی هەمزاغایەو ئەو بەشێت وکوێر ئەزانی و بە هەمزە پالەوان ناوی ئەبا لە شێخ عوبەیدیلاش تورەیە، کە کوری خۆی بە مرۆڤێکی شەرانی وەک هەمزاغا سپاردوە. تەنانەت قسەی هەڵێت و پلێتیشی ئەنا پارسەنگیان. مەلا عەوللا ناویکیش کە لە گوندی گولاویاغادا مەلا بوو مەلا چاکیش بو، لە سەر قسەی گولاویاغابو کە دەسندە خۆری بو. بەڵام برایماغاو ئاغارەش برازای خۆی لە گەڵ یەکێک لە براکانی‌و چەن سوارەوتفەنگ بەشانی ناردوبوە خزمەت شێخ زادە ولەم لاشەوە گولاویاغا کاغەزیشی بۆ محەمەداغای مامەش نوسیبو، کە خەڵک بە دژی شێخ یەک بخاو فەقێ مستەفا ناویکیشی بۆ ئاگاداری ناردبوە لای سەلیم‌خانی چاردۆلی، بەم بروایە کە لەم ریگایەوە، هەمزاغا بکوژێ و پاشە کشەش بە شێخزادە بکا، بەڵام گولاویاغا مرۆڤێکی تەمەڵ وسست‌بو، زۆر بەی دەم و کات خەریکی نوێژ کردن‌بو، لەوانە نەبو بتوانێ کارێ وابکا، چونکا کاری‌واگرینگ پێویستی بە کاردانی، شارەزایی‌و زانست‌و تەگبیری گەورە هەیە.

چەندێ بەر لەوە شێخ عوبەیدیلا داوای کیژی سەرداری رەحمەتی کردبو، کەبۆ شێخ عەبدولقادری کوری خۆی مارەی ببرێ.

شێخ زادە فەرمانی دابو، کە نامەبۆ ئاغاکان بنوسن کە هەرچی زوترە بێن بۆ یارمەتی دان، نامەیەک لە لایەن خانباباخان لە ریگای ئاغا رەش‌ەوە بۆ (حەسەن بەگ کولیجەو خەلیل

---

۱ ـ نوکتە: جامەرد گوندێکە لە گوندەکانی بەهی بەشی (بوکان)ی شاری مەهاباد و کەوتوتە ۲۲ کیلومیتری خورهەلاتی بوکان و ۱۹ کیلومیتری خورهەلاتی جادە ئیسفالتەی بوکان بو میاندواو کوێستانەو موعتەدیل‌و ۸۹۴ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و سونین، ئاو لەزەرینە ئەخونەوە، بەر هەم دانەویلە، چوندەر، توتن، کار: کشت و کاڵ، مەرو ملاتداری، کاردەستی جولایی، تەون، جاجم کردن ریگاو بان: کوێرە ریگایە.

Dr.Saleh Ebrahimi



بەگ‌و محەمەد سلیم‌بەگ) هاتبو، کە هەرچی زوترە بێنە ناو لەشکری شێخ زادە بۆ یارمەتی‌دان‌و ئەو نامەی گەیاندو خۆیشی هەرچی سوارەو تفەنگ لەشانی هەبو، ناردیە ناوسپای شێخ زادە، **«میللەتی مسوڵمانی کورد، زاتەن ئازاو نەبەزو بەغیرەت‌و دیندارو خاوەن ئایین‌و خودان ئەقیدەو ئیماندارو نیشتمان ویست‌و بەبرواو بڕان» زۆریش بڕوایان بە شێخ‌و پیری تەریقەت** و ئاغاکانی خۆیان هەیەو **فەرمانی شێخ‌یان وەک فەرمانی خواو پێغەمبەر** (د ـ خ) ئەزانن‌و بە گیان‌و دڵ فەرمانیان ئەبەن بەرێوە.

هەمزاغاکە ئەو هەموە زوڵم و زۆر وێژی و راوەروت‌و ریشوە وەرگرتن‌و ملهوری‌و بێ رەحمی قەجەریەکانی دیبو، ئەی ویست بە هەر شێوەیەک، کەبۆی بوز بخواتوڵەیان لێ بستێنێتەوەو ئەو ریشوەتانەی وا خواردبویان لەگەرویان دەر بهێنێتەوەو لیان بکاتە ژەقنەموت[1] شێخ‌زادە کە زیاتر لە دەهەزار کەسی لەگەڵدا بو ئازو خەبانلێ برابوو بەر لەوە لەسابلاغەوە بەرەو (بناو) بڕۆن قاتی‌و قڕی روی تێکردن، خەڵکێ، زۆریش لە سابلاغی‌و عولەماو زانایانی ئاینی‌و قازی‌و مریدێ زۆر لەگەڵ شێخ‌زادە کەوتن‌و رویان کردە (بناو)و خەڵک ئەنباری گەنم‌و چاڵەگەنم‌و ئازوخەی خۆی ئەدانێ‌و گیاو جۆو وینجەو شتیواشیان بۆ ئەسپەکانیان ئەهێناو لەملاو لەولاش گیریان دەهێناو لە هەرلا خواردەمەنی‌و شتیان بەرەو پیر دێنان.

شازادە نادر میرزا دەنوسێ: لەو سەردەمەدا سواراغای برازای هەمزاغا سەرۆک هۆزی (زودی) لەگەڵ (حەسەناغا)ی گوندی قونقەلاً، چونە (وەتەمیش)و لە لایەن شێخ‌زادەو هەمزاغاوە را سپیردرابون، بچنە (جامەرد) هەر جۆر بوە قادراغا بنێرنە ئوردوی شێخ زادە، نەهار (فراین یان لە وەتەمیش لای گولاًویاغا خواردو دوای وتووێژ لە بابەت ئەوە کە ئەبێ هەمو یەکە بگرن‌و پشت بدەن بەپشت یەکەوە، تا ئەوانیش وەکو میللەتانی خودا پیدا و بتوانن لە سەر نیشتمانی خۆیان‌و باو باپیرانیان بە بێ زولم‌و زۆر وێژی زۆر وێژان و داگیرکار و نامۆیان بژین و سەر بەخۆبن. بەلاًم گولاًویاغاگۆچی بەشیری نۆکەری گرتبو، خوی شیری بە پیری بۆ تەرکنە ئەکرا. سواراغاو حەسەناغا، ناچار لەوە تەمیشەوە بەرەو (جامەرد)کە وتنە رێ، بەلاًم قادراغا چبوە، هەوشارو لە وێشەوە چبوە گەروس بۆلای حەسەنعەلیخان، ناچار گەرانەوە، بۆلا شێخ زادە و لەگەڵ ئوردوی شێخ زادە بەرەو (بناو) بزوتن.

---

۱ ـ لە ئەصلا ذَقِ الموتَ عەرەبی‌یە، بوتە کوردی.

Dr.Saleh Ebrahimi



**وەسمان ئاغا:** وەسمان ئاغای گەورک، کە لە سەر دەشت لە خاکی خۆی نەبزو تبو، نیوە لەشکری خۆی هەڵگرت و چوە ناو ئوردوی شێخزادە.

نو سەری ئەم راپەرینە قوریانسە شەلەی ئەمەنی، ئەنوسێ: ئێمە لەو دەمەیدا لەوە تەمیشەوە چوینە شار، کە چۆڵ بو، چەن رۆژ لەوێ ماینەوە، رۆژێ چاوم بە عەولاخان و برایمخان سەرۆک هۆزی (زەرزا) کەوت کە تائەو دەمە لەگەڵ شێخزادە بون، برایمخانم لە شارا دی، زۆری لا سەیر بو کەمنی لەو سەردەمەدا لە شاردی دلخوشیم داوە، تا لەگەڵ قەجەر ئاشتی بێتەوە بە لاَم لەوە لامد اوتی: کەسێ کە دەسی لە گیانی بەردابێ، هەرچی لەدەسی بێ ئەی کا، ئەو هەموە زوڵمو ستەمەی وا (موعین الدولە) حاکمی ورمێ ولە (کورەکەی) حاکمی شنوم دیوە چلونی لەدڵ دەرکەم، تومنتلە تەورێز، دی کە دوای لابردنی موعین دەولە، چەنم هاوارو دادکرد کە هەمو ئەیان زانی حەق بەمنە، دادیان نەپرسیم، ئەوکچانەی وا بە زۆرەملێ لە خزمو کەس و کاری منیان ئەستاند بو نەمتوانی وەریان بگرمەوە. ئەو هەموشتەی منیان بە هەشسەت تمەن برِ یەوەو ئەویشیان نەدامێ.

دڵم لە داغان کەبابە، ئەبێ تۆڵەی خۆم لە ستەمکارانی قەجەر، وەر بگرمەوە. تەنانەت لەو سەردەمەیوا شاری شنۆ بە دەس شێخەوە بو، من بە دزیەوە، خۆم گەیاندە تەورێز، کە بەڵکو لەدادم بپرسن و لەوە زیاتر ستەمم لێ نە کەن، گۆی یان بە قسەم نەدا، تەنانەت بە دزیەوە، هەواڵی هێزو دەسەڵاتی شێخم پێ راگەیاندن.

بە قسەکانم پێ ئە کەنین، ئەیان وت: شێخ کێیە! و چ ئەتوانێ بکا، کاتێ وتم: شێخ مریدو مەنسوبێ زۆری هەیەو لە کاتی پێویستا بیست هەزار کەس ئەتوانێ چەک بەدەس ئامادە بکا، لایان، وانبو، بە کورتی دڵم پڕ خوێنە، ئەبێ جەنگ بکەم هەرچی ببێ بابێ.

هەروەها نوسەری ئەم روداوە ئەنوسێ: رۆژێ یەکێ لە حاجیەکانم دی لەدەس زوڵمو زۆر وێژیو ریشوە خۆری قەجەرەکان دڵی پڕ بو لە خوێن، خوێن لە دڵی کەلاوەی ئە کرد. زۆر شتی گوت بۆ نوسین نابێ. لە دەس میرزاتەقی و شازادەی قاجار ناڵەی ئەچوە عاسمان.

## ئوردوی شێخزادە

لە چاردەی مانگی (زیقەعیدە) ئوردوی شێخزادە لە میاندواوە، بەرەو مەڵکەندی رۆیی و زیاتر لە هەزار تفەنگ بەشانی لەگەڵ بو. نان و خواردەمەنی و ئازوخە لە سابلاغەوە، بۆ

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخزادە ئەچوو بۆ بە گزاردکانیش لە گوندە کانی خۆیانەوە، شتیان بۆ ئەچو. شێخ زادە کەدیتی لەشکر زۆر و ئازوخە کەمە فەرمانی‌دا هەرچی ئازوخە لە گوندکاندا هەیەو ماوە کۆی بکەنەوەو بیبەنە سابلاغ بە هۆی (کوری فەیزوللابەگ) کە نایبالحکومەی سابلاغ بو، بە حاجی سەی ساڵەی مریدی شێخی بسپێرن، بەم جۆرە نێزیکەی حەوسەت بار گەنم و دانەو یلە، لە شار ئەنبار و ئازوخە کرا.

لەو سەردەمەی وا شێخ زادە لە مەلکەندی بو، گولاّ ویاغا دانیشتن بە تەنیالە ماڵێدا بە پاش نازانی‌و بۆ ئاژاوە نانەوە، بە دژی راپەرینی شێخ، دەس ئەکا بە یەک خستنی دیبوکریەکان‌و لە گەڵیاندا ئەکەونە تەگبیرو مەشورەت کردن. خانباباخان ئەخاتە بەرەوە بۆ ئەوەی هەمو پێکەوە بچنە لای شێخ زادەو بیانوی پێ بگرن و بڵێن: ئەوەی ئێوە لە گەڵ خەڵکی ئەکەن هەڵەو ناشەرعی‌یە. کاتێ هەمو ئەچنە چادر: (دەوار)ی شێخزادە و ئەکەونە گلەیی و بناشت گولاّویاغا ئەبینێ کە خان باباخان حەق بە شێخ زادە ئەداو لایەنی گولاّویاغا، تاوانبار ئەکاو لەو بەڵێنەی وا بە گولاّویاغای‌دا بوکە بە دژی شێخو شێخزادە قسەبکا، پەشیمانەو زۆر بە دڵ‌و داو لە ئاکاری شێخ زادە دیفاع ئەکا. شێخ زادە لە ڕێگای یەکێک لە ئاغایانی موخلیسەوە پەی بە ناپاکی و ئاژاوە نانەوی دیبوکریان ئەبا، کە بۆیێ وا یەکیان گرتوە، بە گولاّویاغا ئەڵێ: من قانونی دین لە تۆ باشتر ئەزانم، تۆلێمان مەچو سەر میمبەرو میحراب. گولاّویاغا، بە سەگی وزیرەکی خۆی ئەکاتە تۆراو، بە درۆ بەرەو ماڵی خۆی، ئەگەڕێتەوە، بەڵام دوای رۆژ ئاوا بون، ڕێگای خۆی خوار ئەکاتەوە وژن و منالّ بەجێ دێڵێ و بۆ بەجێ هێنانی نوکەری، ئەچتە بناو لای قەجەرەکان کە لەو دەمەی‌دا، بە دژی شێخزادە سەنگریان گرتبو، گولاّویاغاکە وەک نۆکەر، خوی بە بەرماو خواردنی قەجەرەکان گرتبو، ئەوخوە پیسەی پێ تەرک نەئەکرا، ئەوە بو، بۆ بەرماو خواردن گەرایەوە، سەر ئاخورەکەی جارانی‌وچوە پاشخانەی قاجارەکان‌و وەک جاران ملی لە نۆکەری نا.

بەلام چونی گولاویاغا بۆلای ئوردوی قەجەرەکان، بێ‌مەترسی نەبو، لەوانە بولە لایەن شێخ زادە و پیاوەکانی هەمزاغاوە توشی کەندو کوسپی سەخت بیی‌و ژن و منالّ‌و دارایەکەی توشی ئاژاوە بکرێن. گولاّویاغا لای قەجەرەکان خۆی شیرین کردو دەسی کرد بە ئاژاوە نانەوەو دەلّەچەگەری، بەقەجەری‌یەکانی بەڵێن داکە دیبوکوریەکان لەگەڵ من سوێند خورن کە لە گەڵ قەجەردابن، قەجەرەکانیشی فێر کرد لەو ڕێگایانەی پێویست بو، سەنگەر ساز بدەن کە

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەوان ئەوجۆرە شتانەیان نەدەزانی، گولاویاغا زۆرشتی بە قەجەر فێرکرد کە نەیان دەزانـی، چونی گولاویاغا بوە هۆی زۆرشت بۆ قەجەر. لەم ناوەشدا یەکێ لە مەنگورەکان لەگـەڵ یەکێک لە پیاوەکانی فەیزوللا بەگ لە سەر شڕە خواردنەی کەنە شەڕکە ئاوری ئەمە، بوە هۆی ئەوەکوڕانی هەمزاغا لە لایەکەوە لە گەڵ مەنگوران و لەم لاشەوە کورانی فەیزللا بەگ بە پیاوەکانیانەوە، ڕوبەڕوی یەک دەسیان دایە چەک، بەڵام شێخ زادە ئاشتی کردنەوە.

# ئەم هەوالانە

ئەم هەوالانە، ئەونەی‌تر بوە هۆی ئەوە کە گولاویاغا باشتر بتوانێ خزمەتی خۆی بە قەجەرەکان نیشان بداو ئەونەی‌تر دەسی کرد بە گێرە شێواندن.

شێخزادە لەم بێ نەزمییەدا هەواڵی پێ ئەگا شەست مەنگور کە پەنجاو پێنج کەس لەوانە پیادەو پێنج کەسیشیان سوارە بون چبونە گوندەکانی لای مەراغا بۆشڕە خواردن، لەگەڕانەوە دائەکەونە داوی لەشکرو سوارەی قەجەر و ئەکوژرێن‌و لەوانە چوار کەسیان بە پەلە پروزە خۆ رزگار ئەکەن، شێخ زادە فەرمانی بزوتنەوە بەرەو (بناو) ئەداو ئەچن لە (کە ریزە بازار کەلە (نیوفرسەخی) بناودایە دەوارو بارەگا هەڵ ئەدەن ولە سەرتەپۆلکەکانی دەوری بناو دەسەلات بەسەر بناودا پەیا ئەکەن و ئالا ئەدەنە دەس سەی کە ماڵ.

شێخ زادە بە سوارە ی خۆی‌و هەمزاغا وسوارەی مەنگور وزەرزاو زودی‌و پیران و عەزیز فەتاح و مینای قادراغاکە هەمو بەتێکرا زیاتر لە چارسەت پێنسەت سوارە و سێ‌سەت پیادە ئەبون فەرمانی‌دا لە تەپەکان بڕژێنە خوارێ و خۆ بخزیننە پشت دیواری باغەکانی بناو، لەگەڵ قەجەری ریشوە خۆروستەم‌کارو دژو دوژمنی ئیسلام و مسوڵمانان ئاوقەی یەک بون، چەن جار بەفەرمانی شێخ زادە (قەرەپشی)یەکان دەس بە خنجێر ئەچونە سەر تـەپەکـانی قەجەری دژ بە ئیسلام تا بیان‌گرن [1] محەمەد حوسێن خان سەرۆکی بەختیاری یەکان کە لەگەڵ قەجەردابوە بەرگری لەهێرشی قەرەپشی یەکان کردوەو ئەم، ئاوقە بونە دەشەوو رۆژی کێشاوە، پیاوەکانی شێخزادە بەتفەنگی مارتین‌و قاجاری ستەم کارو دژی مسوڵمانانیش بە توپ، لەو دەمانەدا شێخزادە بە دوربین ئەروانێتە تۆپی قەجەر تەماشا ئەکائەوە گولاویاغا لە سەر تۆپەکەیەو بەدەس نیشارە بۆچادرەکەی شێخزادە ئەکاوزۆر بۆ توپچی یەکەی قەجەر دێنێ کە

١ - (قەرەپشی) زاراوەیەکە لەجەنگی ئاخری روس‌و وەسمانی بە پیادەی جەنگی کوردوتراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



تۆپی تێ هەڵ بکاو لە پڕ کوللەی ئەو تۆ پەلە نیوەراستی چادر ودەوارەکەی شێخزادە ئەدرێ، دوای دەرۆژ جەنگ شێخزادە کە ئەو خەیانە تەلەگوڵاویاغا ئەبینێ ناچار بەرەو کەرێزە و مەڵکەندی ئەگەڕێتەوە. باوەکو لە مەراغەدا ئەونەی بناولە شکروکە رەستەی جەنگی نەبوە، چون شێخ زادە هەواڵی ئەمەی نەبوە، بەرەو مەراغە نەچوە، باوەکو گرتنی مەراغە زۆر ئاسان بوە. وادیارە شێخ زادە لە خەیانەتی گوڵاویا غاو ئەوان ئەندێشەی کردوە، نەوەکو لە نێوان (بناو) و مەرا غاداگیربخۆن هەر بۆیی، بەرەو مەراغە نەچوە؟! گۆیا لەم جەنگی (بناوە)دا تا سێ سەت کەسێ لە پیاوەکانی شێخ زادە شەهید ئەکرێن. دیارەگرتنی (بناو)و راونانی قاجار بەپانزدە هەزار پیاوی چەکداری شێخ زادە وهەمزاغا وەکو فولەدۆکردن وابوە، ئەگەر خەیانەتی گوڵاویاغاو دیپوکوریان نەبوایێ. چونکا بناو زیاتر لەسێ فەوجو چەن دەستە سواری تیانەبو. لەم لاشەوەکاکە للآغا برای هەمزاغاکە فرو فێڵی دیبوکرویان ئەبینێ بەبۆنەی ئەوە، بچێ لە سنور بەری هێرشی تورکانی وەسمانی بگرێ کە نتوانن هورووژم بێنن بۆ ئەوناوە ناوە، بەسوارەی مەنگورانەوەکە پیاوی خۆی بون ئەروا، بەڵام کاتێ لە ناو سنور تەماشا ئەکا لەبەر تورکی وەسمانی ناتوانێ بڕواتە بەرەوە، ناچار ئەگەڕێتەبۆ ناو گوندەکانی خۆی. لەم لاشەوە شێخ زادە دوورۆژ لە (مەڵکەندی) ئەمێنێتەوەو لەوێوە ئەچێتە چلیکو شێخ زادەو هەمزاغا، فەرمان ئەدەن سوارەکانی قەرەپەپاغو سوارەکانی مامەشو سەروکەکانیان برۆن بۆ یارمەتی شێخی گەورە، کە هاتبوە سەر ورمێو نامەشیان بۆشێخی پێبو، بەڵام محەمەداغای مامەشو قەرەپەپاخەکان لەباتی ئەوە بچنە خزمەت شێخی گەورە چونەوە سەرماڵو موڵکی خۆیان. سەلیمخان کە گوندەکانی لە سەر سنوری موکریبو، لەبەراگوندەکانی خۆی خاڵی و چوڵ کردبوو چیوە جێگای سەختو مەحکەمو خۆی لە کەمیندابوو بەسوارەی خۆیەوە لەبن کەورگو لەناو ئەشکەوت خۆی شاردبوەوە. شێخ زادە لەگەڕانەوە بۆسەر بناو لەوەدەمەیوا لەچلیکبو، فەرمانیدا پێنسەت سوار لەکورەکورەکان لە بناو یەک بخەن، بەڵام لەبەر بێ سەرەوبەرەبونی ئەوانە شێخ زادە لەگەڵ سەروکەکانی زەرزا و مەنگور وزودی و پیران، لێ ئەبرێ بەرەو (سابلاغ) مەهاباد بگەڕێتەوە تالە شێخی گەورە دەستور وەربگرێ لەو سەردەمەدا ئاغاکانی موکری لە شێخ زادە مەرە خەسی وەرئەگرن کە هەندێ هێزی ترساز بکەنو ئەوسا بگەڕێنەوە لای شێخزادە لەو سەر دەمەدا خانباباخان کە لەلایەن شێخزادەوە ـ کرابوە حاکمو فەرمانداری مەهاباد (سابلاغ) دوای دوورۆژ لەگوندی خۆیەوە ئەچێتە لای قەجەرەکان، چونکا

Dr.Saleh Ebrahimi



بیری بەرماو خوادنی کردبو، ئاغاکانی تریش چاوە روان بون، کە لە دەرفەتێکدا خۆ بگەیینە قەجەر، خۆشەنە لە مەنەکەمترنیە، چاویان لە خانباباخان کرد.

لە ٢٧ زیقەعیدە (قونسور)ی ئینگلیس لە ورمێوە چوە سابلاغ بۆلای شێخزادەو نامەو راسپاردەی شێخی گەورەی بەودا و شێخزادەش فەرمانیدا هەمزاغاو عەزیز فەتاحو میناغاو قادراغای بە سەتوپەنجا سوارەوە، لەگەڵی بچنو بەرێ بکەنو لەخاکی موکری پەراندیانەوە، تا تەپەڕەش لەگەڵی چون،[١] قونسوری ئینگلیس ئەچێتە بناو، ئاغاکانیش یەک دو رۆژ لەو ناوە ئەبن وسەرئەنجام ئەچنەوە شاری. قونسور لە بناو قەجەرو پیاوەکانی دنە ئەداو هەواڵی هێزی شیخزادەشیان بو ئەگێرنەوە.[٢]

حەسەنعەلیخان وەزیری فەواید بە فەوجی گەروسەوە لەگەڵ قادراغاکە رای کردبوە گەروس لەپێش وەزیرەوە بون. بەرەو مەزاغا دەرۆن خەڵکی مەراغاکە ڕقیان لە قادراغابو، ڕێگای شاریان پێ نەدا لە میناغای کوری دردۆنگبون، قادراغا مەجبوربو شەو لەگوندێ لای مەراغا خۆ لە تەماڵ بدا. حەسەنعەلیخان چوە مەراغاو زۆریان قەدر وریز بۆدانا، بۆ رۆژی دوایی قادراغای هەڵگرتو چونە بناو، لەشکری قەجەر لە رۆژی یەکەمی زیحەجە بەرەو چلیک بۆی کشا، بەڵام هەرچی گوڵاویاغائە کۆشیتا بە دوی شێخزادەدا بڕۆن ناوێریو گوڵاویاغا تکا ئەکا هەزار سوار لەگەڵ ئەو بخا تا خوێ بروا بەدوی شێخ زادە و هەمراغادا بەخەیال بیانکوژێ. لەچلیک دوکەس لە خزمەکانی گوڵاویاغا بە ناوی (سمایلاغا و بایزاغا) دینە لای ئیعتیمادسەڵتەنە، دنەیئەدەن تا بەدوی شێخزادە بکەون.

لەو سەردەمەدا پێنسەت سواری شاسەوەن بە سەرۆکی فەرزی خانو نەجەفقولیخان یورتچی لە تەوریزەوە سەرراست ئەچنە خاکی موکری قزلجەو چەن گوند لەگوندەکانی ئەو ناوەناوە تالان ئەکەنو ژن و منالو گەورەو چکۆلە و پیرو پاتاڵ هەمو ئەکوژن و ئەگەرینەوە.[٣]

---

١ - لە نێزیک میاندواوە، کەوتوتە چارفرسەخی بناو.

- تەپەڕەش گوندێکە لە گوندەکانی شارویران بەشی حەومەی مەهاباد کەوتوتە ٣١ کیلومیتری خۆرهەلاتی مەهاباد لە ٥ر ٥ ک باشوری جادە ئیسفاڵتەی مەهاباد بۆمیاندواوە، جەلگەیە، موعتەدیلەو ١٩٨ کەس حەشیمەتی هەیەو کوردوسونین ئاولە سیمینەرودو کانی ئەخونەوەو بەرهەم دانەویڵەو توتنو چوندەرە، کار، کشتوکاڵو مەروماڵات داری، کاردەسی: جاجمو بەرماڵ، گۆزەوی و دەسکێشو پوزەوان ورمشکەو کەژو، یاگورەویە.

ڕێگاکوێرە ڕێگایە: (چلیک) لە دیهستانی مەرحەمەتئاوایە ولە سەر میاندواوەو ٢٥ک لە میاندوار ٢٠ک لە ڕێگای ئیسفاڵتەی میاندواو بۆ مەهاباد دورە و تورکن.

٢ - قزلجە گوندێکە لە شارویران بەش حەومەی مەهابادو لە ١٣ک باشوری خۆر هەلاتی مەهابادو ١٤ک

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخزادە دوای چە ن رۆژ مانەوە لە سابلاغ بە خۆی و هەمزاغا و زەرزا بەرەو کۆنە لاجان ئە کشێن، بەلام هەندێ لە مەنگورە کان لەشار ئەمێننەوەو چەن دوکانی کوردی هەژار و بێ دەسەلات خراب ئە کەن و شتە کانیان بەتالان ئەبەن کە ئەبێتە هۆی نارازیبونی خەلك، لەم لاشەوە سوارەی قەجەر دێنە دیهاتی مەجید خان نێزیکی میاندواو، هەندێکش ئەچنە گوندی (تیکان تەپە)ی بە گزادان. نوسەری ئەم هەوالانە [١] ئەنوسێ: لەو سەردەمەدا سەرداری گەورە فەوتی کرد، ناچار لەدێهاتی مەجید خانەوە هاتینەشار وێران کە زیاتر لە پەنجا پارچە ئاوایی بون، پڕپیت و خاوەن بە رهەم و گوندی گەورە گەورە، هەمو چۆل کرابون، کاتێ لەو سەر دەمەی دا چوینە گوندی (لە جیّ) و ( قونقەلا ) کە حەبەنعەلخان بە رەسمی نایبالحوکومە بو چوە سابلاغ، خانبابا خان کوری مەجیدخان لە گەلی چو. لێرەدا حاجی سەی بایەزیدو قازیو شێخ الاسلام کە بە ترس و لەرزەوە دینە ئۆردو پشتیوانی دەر ئەبرن و حاجی سەی بایەزید لە کاتی ئاخافتن دائەلێ: من ئەو رۆژە کە تفەنگی مارتینم لەشانی هۆزەوا ریدادی وتم: رۆژە رەشیمانەو چەنجار بە قەجەریانم هەوالدا، وەلامێکم نەبیست جارێك لە تەوریزەوە پیاوهات بەلام لەبەر ریشوە وەرگرتن: نەپەرژایە چە ك وەرگرتنەوە، لە مەلبەندی موکری، گوندی لەجێ بە بیست پارچە ئاوای ترەوە. چ دیهاتی مەجیدخانو چ دیهاتی تر بە دەس (رەعیەتی روسە): بەدەس ئەرمەنیەوەیە، ئەبو لە دەس درێژی قەجەر بپارێزرێن، کوردیش خۆی لەقەرەی نەدابو. بەلام بەداخەوە لەشکری گەروس لە (لەجێ)دا دەسیان کرد بە تالانو برۆ، لەو دەمەدا چارپارچە ئاوایی ئاوەدان بوو خەلکە کەی چولیان نە کردبو، قەرە قشلاخ کە قەجەر لەونێزیکە ئۆردوی دانابو، ئیندر قاش کە حەوسەت مالو مولکی قادراغابو، دارە لە كێ کەزۆر بەی خەلکە کەی ئەرمەنی بو، قون قەلا هەمو ئەمانە، کەوتبونە، مەترسی تالانو برۆ. [٢]

---

خوزهەلاتی جادە ئیسفالتەی مەهاباد بۆ سەر دەشتە، کوێستانو موعتەدیلەو ۴۴۳ کەس حەشیمەتی هەیەو کورد و سونین.

ئاو لە کانی ئەخونەوە، بەرهەم دانە ویلە، توتن، کار، کشت و کال و مەرو مالات داری، کاردەسی جاجم، ریگا: کوێرە ریگایە.

١ - نادر میرزای قاجار

٢ - قونقەلا: لە دێهستانی شار ویرانی بەشی حەومەی مەهابادەو لە ١٢ك خوزهەلاتی مەهاباد و ٢ کیلومیتری خوزهە لاتی جادە ئیسفالتەی مەهاباد بۆ ورمێ یە، جەلگەو موعتەدیلەو ٩٩٩ کەس حەشیمەتی هەیە و کوردو سونین، لە چەمی مەهاباد ئاو ئە خونەوە، بەرهەم دانە ویلە، توتن، چوندەر، کار: کشت وکال و مەرو مالاتداری،

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیعتیماد سەلتەنەی قاجاری ستەمکارو تاغوتو زاڵم لە چلیکەوە هاتە (قەرە قشلاخ) موڵکی گوڵاویاغا، دەوارو بارەگای هەڵدا، تالاّنچیان دەس ئەکەن بە تالاّن و بڕۆی ئەو ناوەناوە، لێقەوماوە. چ گوندی ئاغا سەر بەقەجەرەکانوچ دێهاتیشار وێران، ئەونەی‌تر بەدەس قاجارەوە وێران‌تر ئەبن.

کاتێ شێخ زادە ڕوئەکاتە شاری شنۆ قەرەپەپاخەکان دێنەلای ئیعتمادسەڵتەنەی قاجار داوای یارمەتی ئەکەن، ئەویش حەوسەت سواری شاسەوەن‌یان لەگەڵ ئەخاکە ئاوقەی شێخ زادەبن، ئەڕۆن، دوای ئەوە ژمارە یەک لە قەرەپەپاخەکان ئەکوژرێن، هەر ناگەرێنەوەو بۆ شرەخواردن خۆئەکەن بەشاری شنۆدا، شنۆ تالاّن ئەکەن و خەڵکی بێ دیفاع ئەکوژن و ماڵەکان ئاگر ئەدەن و وێرانی ئەکەن.

**نادر میرزا** شازادە نادرمیرزا لە کتێبی (مێژو وجوغرافیای دارالسلطنەی تەورێز) داکە مەئموری‌یەتی هەبوە بچێتە ناوچەی موکریان و مەسەلەی ڕاپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شەمزینی، بوناصرەدین شای قاجار بنوسێ‌و لە نیزیکەوە ئەو ڕوداوە گرینگەی بۆ ئامادە بکا ئەنوسێ:

چەن ڕۆژێک بو لە گوندی دارە لەک بوین، بۆرۆژی دوەم لەگەڵ تاجرباشی روس چوینە ئوردو لەولای چۆمی جەغەتو، کە فرسەخ و نیوێک دور بو، دەوارێکی زۆر هەڵدرا بوو تەژی بون لە شرەخۆرو لە سەرەتاوە چاومان بە (حاجی صەدرە دەولە) کەوت کە حوکومەتی سابلاغ (مەهاباد) بەو بوو چوینە ژوری‌و دوای خوش‌و پێش کردن‌و برێ گەنجەفە کردن، لە بابەت ئیعتماد سەڵتەنەوە، هەڵەو زوڵم‌و زۆر کردنی ئەو قسەمان کردو کارە ناشیاوەکانی قاجارەکانمان بە درێژی‌بۆ گیرایەوە، تا بەڵکو ئەم وەکو ئیعتیمادسەڵتەنە هەڵەو زوڵم و ستەم لە خەڵک نەکا.[١]

---

کاردەسی: جاجم، کارگەی خشت پەزی، رێگا خاکی، ماشێن رەو، فێرگەو مەلاوفەقێشی هەیە.

١ - دارەلەک گوندێکە لە دێهستانی شارویران بەشی حەومەی شاری مەهاباد کەوتوتە ٥و١٦ کیلومترو نیوی خوڕ هەلاتی مەهابادو ٣ک خوڕهەلاتی جادە ئیسفاڵتەی مەهاباد بۆ ورمێ جەلگەو موعتەدیلە ..و ٩٩٩ کەس حەشیمەتی هەیەو سونی‌و کوردن. لە چۆمی مەهابادوکانی‌و چەشمەئاو دەخونەوە. بەرهەم: دانەوێڵەو توتن‌و کاڵەک‌و شوتی‌و گەنم‌و جویەکار: جوت‌و گاو کشت‌و کاڵ‌و مەروماڵاتداری یە کاردەستی: جاجم بەرە، پلاس، هوڕو جەواڵ‌و ڕەنگەو کەژوچنینە: رێگا ماشێنرەو، خاکی، فێرگەی تازەو مەلاو فەقێشی هەیە. سەدو بەربەندی دارە لەک ولەجێ لە ساڵی ١٠٨٩ی کۆچی مانگی لەلایەن بداق سوڵتانەوە ساز دراوەو هێشان ئاسەواری ماوە، بەلاّم پردی سور، ڕوخاوەو سەدی لجانی دامەزراوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



نادر میرزا دەنوسی: بە صەدرالدولەم وت: من لایەنگری قەجەرمو لام وایە ئەبێ کوردەکان تەمێ بکرێن بەلام وابە شێتانە نابێ، ئەبو، ئیعتیماد سەڵتەنە ئوردوی خۆی ڕێکو پێک بکردایەو هیچ کەس بێ دەستوری ئەو لە خۆوە بەر نەبێتە مالو ژیانی کوردی هەژارو لێقەوماو، کە بەم جۆرە لەترسی قەجەری تالان کەرو کورد کوژ، کوردی بێ دەرەتان بداتە، چیا، و ماڵو ژیانی خۆی بە چوڵی بەجێ بێڵێو خۆی سەڵتە قەمچی ڕێگای چوڵ بگرێتە بەرو ئاوارەی هەندەران بێ. ئەبو، ئاغاکان فریوبدا تا لەسەر ماڵو حاڵی خۆیان دانیشن، جابانگیان بکاتە ناو لەشکری خۆی ودڵ خۆشیان بداتەوەو ئەوسا، دەسە دەسە ئامادەی شەڕیان بکاو بیاندا بە گژ هەمراغاو شێخ زادەو میناغاو عەزیزی فەتاحو ئاغاگەورەکان، جا بیانگرنو بیانکوژنولە پاشان بەسپاوە بیان نێریتە سەر هۆزی مەنگورو زودیو پیرانو زەرزا تالە ناویان بەنو لەسەر ساجی عەلیاندابنێنو دێهاتی شێخیش کە لەخاکی ئێراندایە، لێی داگیر بکەن، جابکەنە سەر ئاغاکانو بەگزادەکان کە هەرچی لەشەر الە دێهاتی مەراغادا دەسیان کەوتوە بە زۆر لیان بستێننەوە، جا بەم جۆرە کاروباری قەجەر سەری ئەگرتو سەریش دەکەوت. جا ئاغاکانی بانگ دەکردە تەورێز یا سابلاغ لە دادگوستەری‌داکۆی دەکردنەوەو بە جەزای گوناحی خۆیانی دەگەیاند، مولکی لێ دەسەندن، پاشار بەدەری دەکردنو بەوانەشکە بە حوکومەت خزمەتیان کردبو، چاکەی لەگەڵدا ئەکردنو بەم جۆرە هەم خۆی رادەگرتو هەم زەحمەتی حوکومەتی کەم ئەکردەوەو ئەی خستە سەرشانی ئاغاکوردەکان.

بەلام ئیعتیماد سەڵتەنە رق لە دڵ بوو تەنیا لە بیری تۆڵە ئەستاندن دابو، وەک شێت لەقەی دەوەشتاندو پلاری بۆ خەڵک دەهاویشت و ئەی کوشتو ئەی بڕی و ئەی دڕیو هیچ لە بیر چاککردنی باری وڵاتدا نەبو وهەلوکێنی بە خەڵکی کوردەواری ئەکردو بە خەیاڵ دەیویست، نێوی کورد لە سەر ڕوپەری ڕۆژگار بە زمان بسڕێتەوەو هەمو گوندەکان ئاگربدا، بەر لە ئیعتیماد سەڵتەنەش زۆر کەسی تریش‌گوی وایان خواردبو، بۆیان هێق نە دەکراوە.

لە ئاکامدا کاتێ زانایان و جوتێرودێ نشین و خەڵک دیتیان کە حوکومەت ئاوا ستەمکارانە و بێ بە زەیانە خەڵک تالان ئەکەنو گوندەکانیان ئاگر ئەدەنو بە پیرو منال وژنو بێ دەسەلاتو بادەسەلات بەزەیان، نایە، ناچار ئەوانیش بۆ دیفاع لە ماڵو نیشتمانو ئاوو خاکو ناموسی خۆیان دەسیان دایە چەکو بەدژی زوڵمو زۆرو قین لە دلانی قاجار راپەرین.

حاجی صەدرە دەولە، کە گۆی بۆ ئەم قسانە شل کردبو هەناسەیەکی هەڵ کێشا،و وتی: ئێستا من کراو مەتە، حاکمی سابلاغ، بەلام سابلاغێکی چوڵو هوڵ، کە تەنیا دیوارەکانی ماوەو

Dr.Saleh Ebrahimi



چزیندەوەری‌لێ براوە، دوێنێکە، هەندێ چەتەوشڕە خوڕ بەناوی پیاوی حوکومەت کە دێهاتیان ئاگردابو، گڕی ئاگرەکەیان بە من نیشان ئەداو ئەیان وت: ئەمە چراخانی جێژنی حوکومەتی ئێوەیە.

بەلاّم من سەری خەجاڵەتیم داخستو بەو جۆرەی تۆ وتت، هەمو ئەو هەڵەو کارە هەرزانەم بۆ سپاسالار نوسیوە، باش وایە تۆیش هەرچی زوترە بچێتە تەورێزو بە زمان، هەرچی پێویستە پێ رابگەێنی، نادر میرزا ئەڵێ: ئێمەیش لەبەرا چوینەلای ئیعتیماد سەڵتەنەو لە جێگای خۆی نەبو، بەڵکو لەگەڵ وەزیر فەوائید، چبونە فراین خواردن، چوینە سەر فراین و دیتم ئیعتیماد سەڵتەنە، دانیشتوەو خەریکی بەزمەو وەک ئەمەمێش‌نەی گەزتوەو ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نەبو. **نەهارو فراینە کە، هیچ لە نەهاری ناپلیون‌نەدەچو، کە لە مەیدانی شەڕدابو**، باری **نالە باری ولاّتی موکوریانمان لە نوکەوە**، لە سیرەوە تا پیاز بۆگیرانەوە، کە **سەربازەکانت هەموگوندەکانیان ئاگرداوەو** هەرچی بوەو نەبوە بەتالاّن بردویانە، لەوە لاّمدا، وتی: بە تۆچی؟ لە ولاشەوە، وەزیر فەوائید وەلاّمی دایەوەو گوتی ئەم جۆرە ئاگردان و تالاّنو بڕۆیانە، لە جەنگی فەرانسەو پروس‌دا، روی داوە، باش نیە ئەم جۆرە گلەیی‌و بناشتانە بکرێ، ئیعتیماد دەوڵەگوتی: بە میرزا ئەبولقاسم دەستوری داوە، لە چۆمی مەجید خان ئاگای لە کوردەکان بێ، لەم جۆرە قسەو کردەوانە، جوان دەر کەوت کە هیچ یەکێ لە ئیعتیماد سەڵتەنەو وەزیر فەوائیدو صەدرە دەوڵە، نایانەوێ دڵی یەکتر بشکێنن، هەرچی بادا باد[1].

لە پاشان ئیعتیماد سەڵتەنە وتی: نامە وفەرمانێ بۆ سوڵتان بنوسە کە لە دارە لەک دایە، چون خەڵکی دارە لەک ئەرمەنین‌و ریایێ، ئازاریان نەدا. لە کاتی هاتنە دەرێدا حوکمە کەی نەداوکاتێ روانیمان گڕی ئاگر لە گوندی (لەجێ) دەڕچوەو دەت گوت: ئاعاسمان ئاگردرابو، لەو دەمەدا، (لە جێ) لەبن فەرمانی (تاجر باشی)دا بو، کاتێ نێزیک بوینەوە دیتمان هەمو خانو بەرەی گوندی لەجێ‌و عەمارەتی ئاغا، سوتاوەو داری بە سەر بەر دییەوە، نەماوەو چاڵە گەنم‌و کەل‌و پەلی ماڵ هەمو بە تالاّن براوە، بۆیی گوندە کە ئاگر دراوە، نادر میرزا ئەڵێ: نامەیەکم لەم **بابەتەوە بۆ ئیعتیماد سەڵتەنە نوسی: ئەمە یەئاکامی نامەو فەرمانت کە دەمێک لەمەو بەردات. بەلاّم تا بن‌ریشت کاری نەکردوەو زوڵم و دزی زۆرتر پەرەی سەندوە.**

هەرچی و پەرچی لەناو ئوردوی ئیعتیماد سەڵتەنەدا:

---

١ - ئەمە قسەی شازادە قاجارەکانە جابزانە خەلکی لیقە و ماوی کوردیان بەچ دە ردی بردوە (شەپۆل).

Dr.Saleh Ebrahimi



نادر میرزا دەنوسی: ئێمەلای ئیعتیماد سەڵتەنە بوین لە ناکاو یەکێک لە خانە کانی قەرە پەپاخ خۆی کرد بە ژوریٚ داو هاواری کرد: ئەمە چییە؟ خۆ ئێمە **کورد نین و کافر نین بۆ سەربازو پیاوی حوکومەت تالآنمان دەکا؟** سوارەی ئێمە لە شاری شنۆ لە راست دوژمندا وەستاوە، شەر ئەکاو چل کەسمان لیٚ کوژراوە، لەم لاشەوە تالآنمان دەکەن، خەریکە ژن و مناڵە کانیشمان بە دیل بگرن و بە یەخسیری بیان بەن.

## میناغا

لەو سەردەمەدا میناغا بە دو هەزار جەنگیەوە لە (قەلآی ئیندز قاش) دەسی کرد بە جەنگ. قادراغای باوکی میناغا کە دەسندە خۆری قەجەر بو لە دەهۆمی زیحەجەدا لە گەلٚ محەمەد صادقخان ئاجودان باشی‌دا رویکردە ئیندرقاش تابەڵکو بە لایە زۆرو بەلاکەم خوایشت، دەس بە میناغا هەڵگریٚ لە شەر، تادییە کەی لە قاروقینی قاجاری‌یە کان بپاریٚزیٚ، بەلآم هیچی بۆ نەچوە سەر. تا سەرئەنجام کاریٚ وای کرد کە میناغا لە ئیندرقاش بروا، تا گوندە کە نەدریٚتە بەر تۆپی قاجار.

**خان باباخان کوری** مەجیدخان کە بەنامەی ئیعتیماد سەڵتەنە لە ئەمانا بو، لە کاتی گەرانەوە لەیە کێک لە گوندە کانی خۆی، کە خەریکی سوروسات وەرگرتن بو، بەدەسی یە کێک لە عەسکەری **یە کانی تاران کوژرا.**

نادر میرزا ئەنوسیٚ: ئێمەیش کە بیستمان ئوردوی تاران دوای مردنی شازادە هەمزە میرزا، کەو توتەبن فەرمانی (حاجی سەهام دەوڵە) ولە ریٚگای هەو شارەوە دیٚو هەرچی وەبەری بیٚ ئاگری ئەداو تالآنی ئەکاو دەسی بگاتە هەرکەس **سەری ئەبریٚو ئەی کوژیٚ کە لە سەرەتاوە زۆربەی گوندە کانی فەیزولآبەگ-ی تالآن کردو لەناوی برد،** فەیزوللآ بەگ، بۆ ئەوەی زیاتر تالآن نەکریٚو گوندە کانی لەوە زیاتر ئاگر نەدریٚ، دو کوری خۆی بە گریٚو ناردەلای و دەهەزار تمەنی ئەو دەمەیشی بۆ (حاجی سەهام دەوڵە) نارد تا لەوەزیاتر ماڵ ویٚرانی نەکا، بەلآم ئەوە **قەبولٚ نەکراو هەمو دیٚهاتیان تالآن کردو لەدوایشدا ئاگریان‌دا، خەڵکیٚ زۆریشیان کوشت،** تەنانەت لە کاتی بەرەنگاری کردندا ژمارەیە کی زۆریشیان لە پیاوە کانی فەیزولآبەگ کوشت، (جامەرد)و پانزە گوندی مەجیدخانی تالآن کردو هەموی ئاگردا و خەڵکی کوردی هەژارو بیٚ کەسیش ئاوارەبون و پەنایان ئەبردە لیٚرەوارو ئەشکەوت و

Dr.Saleh Ebrahimi



غارو ماڵو حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت. ئێمەش ناچار بەرەو بناو کەوتینەرێ، لە چاردەی زی‌حەجەدا سپاسالاریش هاتە بناو، لە ماڵی (حاجی عەلی قاضی) دانیشت، خەڵک لە ستایشی حاجی عەلی قاضی ئەیانوت ئەگەر ئەو نەبوایێ، بناو لە کیس چبو [1].

# حاجی عەلی قاضی:

حاجی عەلی قاضی لەبابەت حاکمی سابلاغەوە وتی: کاتێ بە هەڵاتن خۆی گەیاندە بناو، قسەم لەگەڵ کردو هەڵەکانی قاجارم خستە بەرچاوی، خەتاکانی خستەپای تەورێزو پاکانەی بۆ خۆی کرد.

لەبابەت حوکومەتی تەورێزەوە گوتی: کاتێ کوردەکان لە چەلیک، دیێ ئیمامقولی میرزا بون، چەن نامەم بۆ ئەوو خاوەن پلەو پایەکانی تری‌و لاٚت نوسی، مونشی‌باشی لە لایەن موجتەهیدەوە، لەکۆبەی نامەی ئیما مقولی میرزادا بۆی نوسیبوم‌و رای گەیاند بو مەگر قادارغا و محەمەد صادقخان ئاجودان لەوێ نین بۆچ وائەترسێ، لەوە لاٚما بۆم نوسینەوە، ئەمانە دزو جەردەورێ گرو چەتەنین، من پیرم‌بەلاٚم کارکوشتەو بە ئەزمونم، ئەزانم ئەمە ئەگاتە جێگایەکی باریک، مونشی‌باشی لەوەلاٚمی مندا نوسیبوی: جەنابی موستەطاب حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا، بیری وای نییە، درەنگ لەشکریان نارد.

سەیف العلما وتی: کاتێ ئوردوی شێخزادە لە میاندواوەوە بەرەو بناو بزوت، محەمەداغای مامەش بە شێخزادەی وتبو، کە ئەبێ نامەیەك بۆ قاضی بنوسین تا بەڵکو بێ جەنگ بناو بگرین.

پیاوێکیان بەناوی سمایل ئاغای قەرەپەپاغ ناردەلام، منیش بۆ وەخت رابواردن تا بەڵکو لە تەورێزەوە کومەگ بێت تەفرەم ئەدا، تا لە لایەن **محەمەداغای مامەش، بە دزییەوە نامەیەکم بۆهات،** کە نوسیبوی لەکاتی جەنگدا، ئاڵای سەوز بەدەسەوە ئەگرین، ئاڵای **ئێمە سەوزە،** جا ئەگەر سپای ئێمەو قەرەپەپاغ لەدوای سپای شێخ زادەوە بوین، ئاوا ئێمە لە دواوەو ئێوەش لە بەرەوە، شێخ زادە و هەمزاغا و سپاکەیان، لە ناو ئەگرین‌و لە ناویان ئەبەین، بەلاٚم ئەگەر بمان خەنە بەرەوە چونکا بەدەسندە خۆرمان دەزانن، ئیتر ئێمە کارێکمان لەدەس

---

[1] - ئەمە یەکیک لەو هەوالاٚ نەیەکە ئێمەلە نیودو توّی کتیبدا لە زمانی نادر میرزاوە کە شازادە یەکی قاجارە گیرمان کەو تووە کە ئاوا بە ئاشکرا خوّی پیّ لە زولّم و زوّری قاجار دەنیّ (ئە پوّل)

Dr.Saleh Ebrahimi



نایبێ، لەو دەمەشدا (حاجی صەدرە دەوڵەو ئاقاخان سەرتیب هاتنە بناو، پێکەوە، دوای تەگبیرو مەشوەرەت کردن، وەلاّ مێکی وامان بە راسپاردەی شێخ زادە نەدایەوە، ناچاربێ هیوا یانە گەرایەوە، بۆلای شێخزادەو هەمزاغا.۱

## لەبابەت ئیعتیماد سەلتە نەوە لە بناودا

قازی بناو دەسی کرد بە ناونیتکە هەڵدانو بێنە زمیەکانی ئیمتیماد سەڵتەنەو گوتی: ئەو زەلامە، نەیدەتوانی فەرماندەیی بکا، کەس، گوی بە کلاّوی نەدەپێوا، جا ئەوە بو، ئوردوەکەی دەسیان کرد بە دزی وتالاّنو ڕەشەدزی لە بناوداو ماڵە خەڵکیان بەقورگرت، هیچیان بەدەس کەسەوە نەهێشتوگوندنشینە هەژارەکانیان لەماڵوگیانی خۆیان جا رزووەرەز کردبو. گیان هاتبوەسەر لوتیخەڵک،لەکاتی جەنگدا **(شوکری بەگ)** لە بۆکانەوە بۆ منی: (قازی بناو) نوسیبو، قورخانە لە تەوریزەوە دێ، پێویستە چەن سوار لە ئیعتیماد سەڵتەنە وەربگری، بێ نێری ئاگایان لەو قورخانە بێ، نەکا، سوارەی کورد بیگرنو ببەن (قازی عەلی بناو) دەڵێ: نامەکەم بە ئیعتیمادسەڵتەنە نیشاندا وتی: درۆیە، درۆیە، هیچ نەبێبیست سوار لەگەڵ قورخانەدایە. ئەوساد ەستوریدا (سورەی - رەحیمخانو محەمەد صادقخان ئاجودانباشی) چون قورخانە بێنن لە ڕێگای گوندی: (قەرا زیکر) موڵکی باباخان ئاغا، نایب تەویلەی سەرکاری بوو خەڵکەکەیشی ترک بون، گرتنیو هەموی تالان کردنو (حاجی عەلی عەسکەر نیویک کە پوڵ و دراو، یا سامانێکی هەبو، ئەیگرێو هەردو گونیلە دارو شەقشەقە ئەگرێو شکەنجەو ئازاری ئەداو هەستو نیستی لێ دەستێنێو لەپاشان هێنایانە لای منو دەسی کرد بە دادو فەریاد کردنو گوتی: **کوردی بلباس ئاوا** ستەمی نەکردوە کە ئەو شێعە لە شێعە زوڵم وستەم ئەکا، بەلاّم کەس نەیتوانی بەدادی (حاجی عەلی عەسکەر) بگا، تالاّنبراو ماڵ خوراو هیچیش بەمن نەبرا، دیهاتیان تالاّن ئەکرد، بە ئیعتیمادسەڵتەنەیان ئەوت، لەوەلاّما بە خەڵکی ئەوت: (بیلە بیل)وا بزانن (بلباس) تالاّنی کردون.

---

۱ - لەجێ گوندەیکە لە شارویران لای مەهابادەو کەوتۆتە ۵و ۱٦ کیلومتر ونیوی باکوری خۆرهەلاّتی مەهابادو ۵ کیلومیتری جادە ئیسفالتەی مەهاباد، بۆ ورمێ، جەلگەو موعتەدیلەو ٦١٠ کەس حەشیمەتی هەیەو کوردو سونین. لە چۆمی مەهابادوکانی ئاو دەخونەوە، بەرهەم: دانەو یلە، توتن و چوندەروگەنمو جۆ وصەیفی کاری یە. کار: کشتوکاڵو مەرو ماڵاّنداری یە، کار دەستی: حاجم، جولاّیی، دەسکێشو پوزەوانو بەرەو شتیوایە، ڕێگا، ماشێنرەوەو مزگەت و مەلاو فەقێو فێرگەی تازەشی هەیە.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەواڵ گەیی کەئوردوی شێخزادە گەرە کێکیان لە بناو گرت، لەترسان بو، بە هەڵات هەڵاتێ، لەوانە بوشار بدرێ بەدەسەوە، من (عەلی قازی بناو) خەڵکم وادار بە جەنگ و خۆرا گرتن کرد. بەلاّم سەربازانی ئیعتیماد سەڵتەنە دەسیان کرد بو، بە هەرزەگیو ڕەشەدزیو خەڵکیان بە تەنگ هێنابوو لەوانە بو بە دژی حوکومەتی قاجار ڕاپەرن.

## لەبابەت گولاّ و یاغاوە:

چەن جاروترا کە چونی گولاّویاغا بۆ لای قاجارەکان، بۆ حوکومەتی قەجەر کەڵکێ زۆر بو. نادر میرزا ئەنوسی: لە مانگی شاباندا محەمەداغای مامەش ئەچێتە (ورمێ)و بە ئیقباڵ دەوڵە ئەلێ: بەدڵو گیان ئامادەی هاوکاری وخزمەت کردن بە تۆو حوکومەتم، کە بەدژی شێخی گەورە، ڕاپەرمو ئەڵێ حوکومەتی شنۆو ئەو ناوە ناوەش بدە دەسم، چونکا نوکەرێکی دەربەسمو ئەتوانم چارسەت سواری مامەش بنێرمە ورمێ بۆ یارمەتیو پاشە کشەش بە (عەلیخان شکاک) بکەم کە بەدژی قەجەر وەستاوە.

چەن ڕۆژ دوای ئەوە محەمەداغای مامەش لەناکاو ئەبینێ ئەوا حەزرەتی شێخ عوبەیدیلاو عەوڵلاخانی زەرزا هاتنە ورمێو میوانی ئیقباڵ دەوڵەنو لەم میوانییەدا مەڵبەندی شنۆو صۆماو برادۆستو دەشتە بێلو مەرگەوەر بەئیجارە کەوتەبن فەرمانی حەزرەتی شێخی گەورەو مەزن، محەمەداغای مامەش، کاتێ ئەمەی دی، زۆر دڵتەنگوتوڕەو پرۆش بو، لەوانەبو بداتە کێووڕو بکاتە چوڵ و دەرو دەشت: جا، دەستوریدا سوارەکانی، خۆساز بکەنو گەرایەوە بۆ (لاجان) کە جێگای دانیشتنی هۆزی مامەش بو، ماوە یەک بەم جۆرە رابورد.

تاشێخی مەزن شێخ عەبدولقادری کوڕی خۆیو هەمزاغای ناردە سابلاّغ (مەهاباد)و خۆیشی هاتە سەر ورمێ.

لە حەوتەمی مانگی زیقەعیدەی سالی ١٢٩٧ی مانگی، یەکێک لە خەلیفەی حەزرەتی شێخ کە ناوی (محەمەد سەعید) بو، لە برادۆستەوە بە چارهەزار سوارەو تفەنگ لەشان، هاتە سەر ورمێو لە قەلاّی سمایل، سێ فرسەخی شار دائەبەزێو لەوێ سەنگەر ئەگرێ، ئیقباڵ دەوڵەی ستەمکاری قاجار لەگەڵ (خوسرەو خانو محەمەد ڕەزا ئاغای سەرتیپی قورخانە بەدو فەوج سەربازو دو ئەرابە تۆپ روی کردە قەلاّی (بەدربو)و دەسی کرد بە کەف چەندن، وەک لۆکی شێتی لێهاتبو، سوارەی کوردیش لە سەرەتاوە هاتە گوندی (کولان) کە ئەرمەنیو دە

Dr.Saleh Ebrahimi



پارچە ئاوایی تورک نشینی تری بێ شەر وکێشە گرتە دەس، بەڵام هەندێ کەس لە خۆوە ئەترسان وروویان کردە شار. لەو دەمەیدا ئیقبال دەولە، هێرش ئەباتە سەر کوردەکانو ئەی کاتە شەڕ تا ئیوارە، درەنگانێو لە دوای، دەس هەڵگرتن لە شەڕ ئەیەوێ بگەڕێتەوە، تۆپەکانی ئیقباڵ دەوڵەلە چۆمەڵەیەکی قولاگیردەکەن، هەرچی ئەکۆشن بۆیان دەرنایێ، ئیقباڵ دەوڵە خۆ ئەکا بە قەڵاداو تۆپەکان بە محەمەد رەزاخان ئەسپێرێ. ئەمیش، عەلی سوڵتانناوێک بە شەست کەسەوە لەلای تۆپەکە، دا ئەنێو خۆی ئەچێ بۆلای ئیقباڵ دەوڵە.

لەشکری کورمانج (کورد) کاتێ بەمە ئەزانن ئەڕژێنە سەریانو ئەو شەست سەربازە بە عەلی سوڵتانەوە ئەگرنو تۆپەکانیش ئەبەن، لەو دەمەیدا سەربازەکان هاوار ئەکەن: ئای ئەهلی قەڵاسمایل بمان گەنێ، تیا چوین! کەس بە دەنگیانەوە ناچێ، بەڵام ئیقباڵ دەوڵە قەڵا بەر ناداو هەرچی بەتیرو تۆپلە (قەڵای بەدر بو) ئەدەن، چوڵی ناکەن. هەرچەنجار لەگەڵ جارکوردەکان ئەچنە پێش.

شێخ عەلیخانی سەرتیب، کورمامێ تەیمورپاشاخان فەوجی خۆی، کە پەردەیەک بون لە نێوان شارو ئوردودا. لە کارەسات ئاگادار ئەبێو بە شەش دەسە لە فەوجی خۆی، خۆ ئەگەیێنێتە دەورە دراوانی قەڵاو بە هاتنی ئەوان خەڵکی قەڵا ئەبو ژیتەوەو گیان ئەگرێ و دەروازە ئەکاتەوەو هێرش ئەکاتە سەریانو ئەیان گرێتەوەو خۆ ئەکێشێتە ناو قەڵا.

شێخی گەورە کاتێ هەواڵی ئەم جەنگەی پێ ئەگا لە دێهاتی مەرگەوەر، گوندەکانی خۆیەوە، لە چاردەهەمی زیقەعیدە بە سێهەزار کەس سوارەوپیادە، لە عەشایەر و هۆزی هەرکیو زەرزاو دەشتە بێڵ دێتە سەر (ورمێ) لە لێوی (سیر) لە گوندی (سن سەرکیس کە لە جنوبەوە تا ورمێ نیو فرسەخ رێگایە، دەوار هەڵ ئەدا.

کێوی سیر کوێستانی میسیونێرەکانی ئەمریکائیە، کە لە داوێنەی کێوی سیر کۆشکێ بە قەڵا دروست ئەکەن.

محەمەد سەعیدلە تەشریف هێنانی حەزرەتی شێخ ئاگادار ئەبێ ولەقلای سمایل دێتە دەرێو ئەچێتە ئوردوی شێخی مەزن، هێزی جەنگ ئاوەری هەردوکیان دەگەیشتە حەوتهەزار، خەڵکی ورمێ ترسیانلێ نیشتبو، چەن رۆژ بو دوکان وبازاریان بەستبو- حەزرەتی شێخ بۆ مەشوەرت کردن بە خولەفاو ئاغایانێ کە لە خزمەتیا بون، کاغەزیکی بۆ (شێخ الاسلام) موجتەهیدی شار بەم واتایە نوسی: خۆتان ئاگاتان لە زوڵمو ستەمکاریو ریشوە خۆریو

Dr.Saleh Ebrahimi



مەردوم ئازاری قاجارەکان هەیە، ئێستا من تکاتان لێ دەکەم یارمەتیمان بدەن تا لەوە زیاتر ئەو خوێن مژە، مسوڵمان کوژانە، نەتوانن بە ملهوڕی بە سەر هەزاران و مسوڵمانانی بێ دەسەڵاتدا خۆ داسەپێنن، دیارە ئێمە بۆ یارمەتی مسوڵمانان و ستەم لێکراوان هاتوین و ئیسلام دژی ستەم کارو تاغوتە.

لەو سەردەمەدا (کولوزیل) خەڵیفەی کاتۆلیکەکان کە لە ورمێ نیشتە جێبون، بۆ پاراستنی خۆیان و ئەرمەنی یەکان، خواجە داود وەکیل و (شابەندەر قونسور)ی دەوڵەتی وەسمانی لەگەڵ (مسیو سولومان) واعیظ، ئەنێرێتە خزمەت شێخ تکای لێ بکەن تا ئەوان تەرخان بکرێن و لە هەڵاو هوریا دورەپەرێز بن و بێ وەی، شێخی مەزن دوای بەخێر هاتنیان، لەوەڵاما ئەفەرمێ: مەبەستی من بەرێوە بردنی حوکمی خواو قورئان و پێغەمبەری مەزنی ئیسلامە(د-خ) و نەمانی ستەم کارو زاڵمانەو دابین کردنی ژیانێکی ئازاد بۆ مسوڵمانی هەژارو ستەم لێکراوی ئەم ناوە ناوەو لە ریشە دەر هێنانی داری زوڵم و زۆر وێژی و چەقاندنی داری ئازادی وشادییە، چونکا خوا لە قورئانا لە سورەی بەقەرە (١٨٥) فەرمویەتی: (يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ) دینی پاک و بێخەوشی ئیسلام هەر وەکو ئینسان بە تایبەت مسوڵمانان بۆ رزگاری لەو دنیا رێنوێنی ئەکا، رێگای بەختەوەری و خێرو خۆشی لەژیان وژینی ئەم جیهانەش لە هەر بارو بابەتێکەوە نیشان ئەدا.

لەدوای ئەم قسانە، بەو پیاوانەی وا دەسەو نەزر لەخزمەت شێخی مەزندا راوەستا بون ئیشارە ئەکاو ئەفەرمێ: هەریەکا لەمانە سەردارو سەرۆک هۆزێکی گەورەن، لەدەس زوڵم و زۆر وێژی کار بەدەسانی تورکی وەسمانی وقەجەری ستەم کارو ریشوە خۆر، راپەریون و ئەیانەوێ تۆڵەی ئەو هەموە ستەمەی والیان کراوە لەو ستەمکارانەی وەسمانی و قەجەری بستێیننەوەو دیارە بۆ دیفاع لەدین و بۆ دیفاع لە ستەم لێکراوان راپەریون و بە حوکمی قورئان رەفتار ئەکەین و نامانەوێ مافی ستەم لێکراوان و خەڵکی هەژار بخەینە ژێر پێو چاومان لە زوڵم و زۆروێژی و پێشێل کردنی خەڵک نییەو نایشمانەوێ [illegible] شتیان لێ داگیر بکەین و دیارە مافی برا ئەرمەنی یەکان لە بەر چاو دەگرین ئەڵێن: لەو سەردەمانەدا وا ئەو دو کەسە لای حەزرەتی شێخ بون ئیقبال دەوڵەی قەجەر هەواڵی پێ ئەگاو رۆژی ١٨ی زیقەعیدە دێتەوە (ورمێ) فەوجەکان بە دەوری حەوشەی شاردا بەش بەش ئەکاو ئەو تۆپانەی وا لە شاردا بون ئەیانبەنە سەر بورجەکان و فەرمان ئەدا خەڵک خۆ خر بکەنەوەو خۆ چەکدار بکەن و سەنگەر بگرن و سەنگەر ساز بدەن.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە لایەکی تریشەوە بۆ فریوی شێخ بە هۆی حەکیم خاوەنی کاتولیک مونشی ئەو ئەنێریتە خزمەت شێخ تاسیّ رۆژی تریش موڵەتیان بداو لەگەڵ خەڵک تەگبیرو مەشوەرەت بۆ خۆ بەدەسەوەدان، شێخ بە پیاوەکانی کاتولیک ئەفەرمیّ: من ئەزانم ئەیانەویّ ئەم دەساودەس بکەن بۆ دەم وکات وهەل لە دەس دانی ئێمە، تا بە خەیاڵ لە تەورێزەوە یارمەتی و لەشکریان بۆ بیّ، وەکو ئەمە شێخ ئاگای لە هاتنی تەیمور پاشاخان بوە، کە بەرەو (ورمیّ) بزوتبو. کەچی موڵەتیان ئەداو پیاوەکانی (ورمیّ) ئەگەرینەوە، بو شارو قسەکانی شێخی مەزن بۆ ئیقبال دەوڵە ئەگێرنەوە.

شازادەنادر میرزا لە کتێبی (مێژو، جوغرافیای دارالسلطنەی تەورێز) کە مەئموریش بوە بچێتە موکوریان‌و هەواڵی راپەرینی شێخ عوبەیدیلا بۆ ناصرەدین شای قاجار بنوسیّ ئەنوسیّ: ئیقبالّ دەوڵەی قاجار خۆی گردو کۆ کردەوەو خەریکی جەنگ‌بو.

لە رۆژی نوزدەهەمدا حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا، شێخ سەدیق، کوری گەورەی خۆی و محەمەد سەعید خەڵیفەی خۆی بە پێنجهەزار کەسەوە ئەنێریتە لای دەروازەی عەسکەرخان کە لای خۆرئاوای شاری ورمیّ بەوسیّ رۆژبو، جەنگ‌بو لەو کاتەدا قونسوری ئینگلیس کە لە تەورێردا ئەنیشت‌و لە ورمیّ میوان بوە، ئەچێتە خزمەت شێخ‌و لەبابەت جەنگ وەستان‌و پاراستنی ئەرمەنی‌یەکانی ورمیّوە، قسەی لەگەڵ ئەکا، لەپاشان لەگەڵ (سیمون) پێشکاری شێخ دێتەوە، بەلاّم ئەیەویّ بچێتەوە لای تا پیاوی لەگەڵ بخاو رەوانەی بکەن تا جێگایەکی ئەمین، شێخی مەزنیش چەن پیاوی دیکەی لەگەڵ دەخاو ئەی نێریتە مەهاباد و کاغەزیشی بۆ ئەنوسیّ کە شێخ عەبدولقادر کوری شێخ لەوێوە بەرەو میاندواو یا تەورێز بەریّ بکا.

لەو سەردەمەدا کەشاری ورمیّ رێگاکانی لەسەر بەسرا بو، گرانی‌و قات‌و قری زۆری بۆهێنا بوو پیاوی شێخیش لەشکریان هێنایە ناو باغی دلگوشای ئیقبال دەوڵەو (باغی نەزەر) کە لە دەرەوەی شاری ورمیّ بو، ئیقبالّ دەوڵە، دەستوری‌دا باغەکەی خۆی (دلگوشا) بدەنە بەر تۆپ، بەلاّم نەی دەزانی دیواری باخی دلگوشا ئەونە قایمە بە توپی ئیقبالّ دەوڵە، ناروشی‌و کوردەکان لەمدا زۆر زالّ بون‌و سەرکەوتن، بەوان بو.

فەرماندەی تۆپچی ئەمیرنیو یارمەتی دەری توپخانە، لەگەڵ چەن کەسیّ تر لەپیاوانی قاجار کوژران. ئیقبالّ دەوڵە بە خەیالّ بۆکوشتنی کوردان فەرمانی‌دا لەشکر، چو دارو دیواری باغی دلگوشایان روخان‌و لەناویاون برد. ئەڵێن: کەری دێزە حەز لە تۆپینی خۆی‌و زیانی

Dr.Saleh Ebrahimi



**خاوەنی ئەکا.** ئیقبالُ دەوڵەی قاجار ئەم زیانەی لەباغی دلگوشادا، شێخی مەزنیش لەو دەمەدا بەلەشکرو پیاوەکانی یەوە، لەکێوی[1] سیر بون، هەر لەو سەردەمەدا، بە ئەندازەی پێنسەت بار قۆرخانە، بە فەرماندەیی (محەمەد بەگ یاورە) لەتەوریزەو هاتە شاری ورمێ، کەچی ئیقبالُ دەوڵە لەشاری ورمێدا خەریکی ئازاردانی خەڵکو ریشوە وەرگرتن بوە، لە ناکاو هەوالُ هات کە تەیمورپاشا بە شەش فەوج سەربازو دەهەزار سوارەو شەش ئەرابە تۆپ، هاتۆتە شەش فرسەخی ورمێ.

تەیمور پاشاخان لەبەر ئەوەی ئیقبالُ دەوڵەی خۆش نەدەویستو دوژمنی لەنێوان تایفەی ئەمو ئیقبالُ دەوڵەدا هەبو، لەرێگا سستی ئەکردو نەی دەویست زویێتە ورمێ تابەڵکو، کوردەکان ئیقبالُ دەوڵە تەمێ بکەنو شاربگرن، بەڵام سپەهسالار تەلگرافی بۆ تەیمور پاشاکردبو کە ئەبێ زو خۆ بگەیینێتە ورمێ، تەیمور پاشا ناچار بە قۆڵە قۆڵ هاتە ورمێ.

شێخ کە ئەم هەواڵەی پێ گەیی پێنسەت کەسی بەفەرمانەدەیی شێخ صەدیقی کوری خۆی کە بریندارەیش بو ناردە سەر رێگاو بە ئەندازەی سیبارو شتری قۆرخانەی لێ گرتنو بەمە تەیمور پاشا ترساو بێ ئەوەی بەدوای کوردەکاندابروا، لەشکرەکەی هێنایە لای باکوری شاری ورمێو دەوارو دەزگایان هەڵدا

## حەزرەتی شێخ:

شێخ کە هاواڵی پێ گەیی لە گوندی عەسکەرئاوا سەنگەر بەندی کراوەو پیاوی ستەمکارانی قەجەری تێ خزاوە فەرمانیدا هەمویان چەک کردنو سەنگەرەکانیان پێ تێکدانو خۆیشی چوە قەڵای سمایل.

تەیمور پاشاخان بە لەشکرەوە خۆی لە عەسکەرئاوا نێزیک کردەوە، بەڵام خەڵکی ئەوێ هەرشەیان لە تەیمور پاشاکرد، ئیتر ئەویش نەیوێرا بروانە پێشترو تەیمورپاشا ناچار لە کەناری ورمێ لە داوێنەی کێوی (چار)بارگە ئەخەن، شێخ کوتو پر هەڵدەکوتیتە سەر لەشکری، تەیمور پاشا، واعیظی کاتولیک کە لەودەمەیدا لە گوندی (ئالوجی) یەک فرسەخی ورمێ بوە، بە تەیمور پاشا هەوالُ ئەدا، بەڵام لە ناوەراستی جەنگدا ئەگاتێ، هەواڵیکەو واعیظە کاتۆلیکە، کەڵکی نابێو پیاوەکانی شێخ گورزی خۆیان ئەوەشێنن.

---

۱ـ ئێستا ئەو کیوە بە شیخ تەپە ناو دارە.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەرچەن لە نێوان ئوردوی شێخو ئوردوی تەیمور پاشادا چلوپێنج دەقیقە ڕێگا بوە، تەیمورپاشا نەیوێراوە هێرشی بۆ بەرێ.

لە هەشتەمی زیحەجەدا شێخ لەنێزیکی ئوردوی تەیمور پاشاخان ئەگوێزێتەوەو لەوێوە بۆ برادۆستو لەوێشەوە بۆناوچیاو نەهری ئەگەڕێتەوە سەرماڵو موڵکی خۆی.

**شازادە** نادر میرزا لە کتێبی (مێژو، وجوغرافیای دارالسلطنەی تەوریز)دا کە مەئموری یەتی هەبوە، بچێتە ناوچەی موکریانو مەسەلەی ڕاپەرینی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شەمزینی، بۆ ناصرەدین شای قاجار بنوسێو لە نێزیکەوە ئەورو داوەگرینگەی بۆ ئامادە بکا ئەنوسێ:

ئوردوی تەیمور پاشاخان کە بڕوای بەهیچ دینو ئاینێک نەبو، شێعەو سونی و مسوڵمانو فەلەوگاورو بوت پەرەستو جولەکەو زەردشتو کوردو غەیرە کوردی نەدەناسی، ئەویش وەکو حاکمەکانی تری قاجار تەنیا، لەبیری ئەوەدا بو وەکو گورگی هار پڕ بداتە ماڵو ناموسی خەڵکی هەژارو لێقەوماو، بستێنێو گیرفانی خەڵک، داتەکێنێو خۆی پێ مڕبدا، لە ڕوت کردنەوەی هیچ کەس نەدەپرینگایەوە، ژنانی خەڵکی شاری بە زۆر ڕادەکێشاو شەوانە لای خۆی ڕای دەگرتنو لەدواییدا ڕوتی ئەکردنەوەو ئەی ناردنەوە ماڵەباوانی. ئەگەر لەشار شتێکیان دەکڕی دراویان نەئەدا. ئەگەر ئەچونە چایخانەو کەبابخانە سەرەڕای ئەوەی قیمەتەکەیان نەئەدا، تەشقە لەشیان بە خاوەنەکانیان ئەکرد، هاواری خەلک ئەچوە ئاسمان وپەنایان ئەبردە بەر ئیقباڵ دەوڵەو شکاتیان ئەکرد، سەت ڕەحمەت بەکفن دزی یەکەم: (تەیمور پاشاخان) ئیقباڵ دەوڵە بەخەڵکی ئەوت: تەیمور پاشاخان دوای مردنی شوجاع دەوڵەی برام چاوە ڕوانی ڕۆژێکی ئاوابو، چونکا شوجاع دەوڵە ڕۆژێک لەلایەن دەوڵە تەوە هاتوە تائەوتەمێ بکا، ئێستانۆبە، کەوتۆتە دەس تەیمور پاشاخان کەتۆڵەی خۆی لە خەڵکی ورمێ وئێمە بستێنێتەوە، ئێستا ناتوانم بڵێم: لەل.

-کاتێ خەڵک لەماڵ وگیانی جارز ئەبێ و تەیمور پاشاخان هەست بەمە ئەکا، لەوانەیە بقەومێ وخەڵک لەداخان ڕاپەری، بەناوی هێرش بۆ سەر شێخ خۆ ئەکێشێتە تەرگەوەر وئەو یش تالاّن ئەکا.

کوردەکان وسونیەکانی ئەیالەتی ورمێ، چ ئەوانەی لەشاربون وچ گوندنشینەکان لەترسی لەشکروشڕەخۆری قاجارەکان، ماڵ ولانی خۆیان بەجێ هێشتبوو ڕویان کردبوە شاخ

Dr.Saleh Ebrahimi



وداخ‌وئاوارەی ناوچیاو سنوری تورکی وەسمانی بیون و تونی وبرسی و سەرلێشیواو، تالآن کراو لەم لاشەوە شرە خورانیّ قاجار وەکو گورگی برسی هەرچیان گیر دەکەوت ڕەپێچەکیان ئەدا وتالآنیان ئەکردن و شرەیان بەدەس کوردی نەهێشتبو، تازە دوای تالآن کردنی مـالآن خانوەکانیان ئاگر ئەدا بۆشۆێنەگومکیّ کردنی رەشەدزیەکانیان. لەوکاتەدا شێخ هیدایەت ناوێك بەشەست کوردەوە هاتە شاری ورمیّ وچوە لای (شێخ‌الاسـلامی) شـێعە. برایمخان و عەبدوللآخان زەرزاکە لەگەڵ شێخ عوبەیدیلابون ماڵ و منالّی خۆیان هەلگرتبو لە سنوری ئێران‌وتورکی وەسمانی دانیشتبون.لە دەولّەتی تورکی وەسمـانیشەوە، دەسـتور بـە فەرمانداری رەواندز ئەدریّ کە لەروێشتنی شێخ عوبەیدیلاو مریدەکانی بۆ کوردستان وخاکی وەسمانی بەرگری بکەن.

نیعمەت‌ئاغای خەڵکی کوردستانی تورکیای وەسمانی لەشێخ جیا ئەبێتەوەو ئەیەویّ بڕواتەوە سەرماڵو موڵکی خۆی‌و ناوچیا، بەلآم ژاندارمەی تورکی وەسمانی ئەی‌گرن‌و هەر لە سنور سەری ئەبڕن‌و ماڵو دراو یا ئەو شتانەی کە پیّ بوە، بەتالان ئەی‌بەن.

## خانەدانی شەمزینان:

خاندانی شەمزینی یا شەمزینان یەکێك لەبنەماڵە گەورەکانی دینی کوردستانە کە لەچار قورنەی کوردستان‌و مەڵبەندە سونی نشینەکانی تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریەو حیجاز مریدو مەنسوب‌یان هەبوەو هەیەو حەزرەتی شێخ عوبەیدلا غازی بە دوانزە پشت ئـەچێتەوە سـەر (شێخ عەبدولقادری گەیلانی: غەوثی گەیلانی) - غەوثی گەیلانیش بەچاردە پشت ئەچێتەوە سەر (حەزرەتی ئیمام حەسەن) خاندانی نەهری (شەمزینی) سالەهایە لەکوردستان نیشەجێن و موڵك و ماڵیان لەناو چیاو نەهری وشەمزینان‌و مەرگەوە روتە گەوەرو ئەوناوە ناوەدا هەیەو خەریکی خزمەت کردن بە شەریعەت‌و تەریقەتن‌و خەڵك فێر ئەکەن، خەڵك بۆ خوو ئەخلاق وئاکاریّ چاك‌و خودا پەسەندانە بار دەهێنن: یەکێك لەگەورەپیاوانی ئەم خانەدانە حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری غازی‌یە، کوڕی حەزرەتی سەید تاهای گەورەیەو بە شێخ عوبەیدیلاّی کورد شاهی‌شەمزین مەلیك ناو دارە کە لە روژگاری ناصرەدین شای قاجار رابەری شەریعەت وتەریقەتی کوردەکانی بە دەس بـوەو لەدەس زولّـم‌و زۆرویّـژی ستەمکـارانـی ریّـژیمی ناصرەدین‌شای تاغوت وسوڵتانی تورکی وەسمانی زۆرویّژ، بۆ کورت کـردنەوەی دەسـی

Dr.Saleh Ebrahimi



حاکمانی زاڵم‌و باجگیرو تالاً ن بەرانی ئەو دو شا ستەمکارە، تاغوت ئیشانە دەسی داوەتە راپەرینێکی گشتی لەسەرا نسەری کوردستاندا، دوای دەساڵ خەبات‌و تێکوشان سەرئەنجام بەفرۆفێلی روسیەی تەزاری‌و بەریتانیای فێڵباز، ئەوراپەرینە ئیسلامی‌یە رەسەنە لە ناوبراو پیاوەکانیشی بلاوکرا.

ن.آ خەلفەین: (نەفتو لائەدونە فیچ) رۆژهەلاتناسی روس لە کتێبی خویدا بەناوی خەبات لەرێی کوردستاندا، کە جەلال تەقی کردویە بە کوردی دەنوسێ[١] لە کانون یەکەم (دسامبیر) بەفران ـ دی ساڵی ١٨٧٢ زاینی حاجی یوسف‌خان حاکمی ورمێ سوارە ئەکاتە سەرکوردستان بۆ ماڵیات، کوردەکانیش ئەڵێن: ئێمە ماڵیاتی خۆمان ئەدەین بە شێخ عوبەیدیلا، بەلاّم حاجی یوسف‌خان دەستور ئەداگوندەکان تالاّن بکەن‌و ئاگریان بدەن، ئەم کارە ناشیاو ونائینسانانەی حوکومەتی ورمێ وقاجار ئەبێتە هۆی کوشت‌و برین و شێخ ناچار بۆ بەرگری گرتن لە زوڵم وزۆر وێژی رادەپەرێ‌و ئەم راپەرینەش دەساڵ بەردەوام‌بوە تا ئەوە هێزی شێخ بە فرۆفێلی سوڵتان عەبدولحەمید تورکی وەسمانی‌و ناصرەدین‌شای قاجارو داونانەوەی روسیەی تەزاری‌و بەریتانیا حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا بانگ ئەکرێتە ئەستەمبوڵ بەناوی وتوویژ وچارەسەر کردنی مەسەلەی کوردو کوردستان بەلاّم لەباتی هەموشتێک لەلایەن سوڵتان (عبدالحمیدی) خوا نەناسەوە، ئەی گرن و ئەی نێرنە مەکەو لەوێ دەس بەسەری ئەکەن، حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا شەمزینی لەساڵی ١٨٢٠ زاینی لە دایک بوەو لەشاری مەکە بار گەی بەرەلای خوا تیکناوە وهەر لەمەکەش نێژراوە.

یادگار کۆواری یادگار[٣] لە بابەت‌پیاواتی دەورەی قاجاری ستەمکارەوە ئەنوسێ. حەزرەتی شیخ عوبەیدیلای کوری حەزرەتی سەید تاهای شەمزینی کە لە سالی ١٢٩٧ کوچی مانگیدا بە دژی ستەم کاران وتاغوت وتاغوتیانی قاجار راپەری بو، جنوبی خوراوای ئازربایجان وکوردستانی کرتبوە دەس. (شەرحی حالی هەباس میرزا مەلیک ئارا پەرەی ٨٩ و٩٣).

---

١- پەرەی ١٢١

٢- چاپی ١٩٧١ز

٣- ژمارە (٦ و٧) ساڵی سیوەم (رێبەندان‌و رەشەمە ـ بەندان وپوڵان)ی ١٣٢٠ خوری و رەبیع ١ و ٢ ساڵی ١٣٦٦ کۆچی مانگی وفەوریەو مارس ١٩٤٧ زاینی و ٢٥٥٩ کوردی پەرەی ٥ تا پەرەی ٣٣

Dr.Saleh Ebrahimi



حەسەنعەلیخـــان ئـــەمیر نـیزام گـەروسی وەزیـری فـەوایـدی گشـتی بـە فـەوجی (گەروس‌وشاسەوەن)ەوە لە ۱٦ زیحەجەی سالی ۱۲۹۷ خوی گەیاندە سابلاغ (مەهاباد)ی موکری‌و بەسوێندی ناحەق وبەگزی وفیزی هەمزاغای شەهید کرد.

# حەسەنعەلیخان ئەمیرنیزام گەروسی ۱۲۳۶-۱۳۱۷ی مانگی

ئەمیرنیزام یەکێک‌لە پیاوە بەرێزو دەس وقەلەم جوان‌و خاوەن فەضل و بـەرز ودیار و ئازا وسیاسەت‌زانی رۆژگاری خوّی بوە کە لە ساڵی ۱۳۵۳ی کۆچی مانگی تا ۵ی مانگی رەمەزانی ۱۳۱۷ی مانگی کە بارگەی بەرەولای خوا تێکناوە لە ماوەی (٦۴) سـاڵ ژیانی خوێدا لە سەر کار بوە، چ لەپلەی نیزا میدا وچ لە کاری رامیاری و ئیداری، چ لە ناو وڵاتی ئێرانداوچ‌لە دەرەوەی وڵات، بەر پرسی کاروباری گرینگی ئەو سەر دەمەی ئێران بوە.

ئەمیر نیزامی گەروس‌لە بنەماڵەی قەدیمی و لە هۆزی کوردی کە بود وەندە، کە پشت لە گەڵ پشت سەرۆک هۆزوحاکمی‌و لاتی کە روس یاخێوی کاروباری گرینگتری وڵات‌بون.

لوتفعەلیخان باپیرەی پێنجەمی ئەمیر نیزام لە رۆژگاری شـا سولەیمـانی صـەفەویدا حاکمی قوم‌و خەلەجستان بوەو حوسێن عەلیخان باپیرەی چارمی ئەمیر نیزام (ئێشک ئاقاسی) نادرو حەمەدەمین خان بوەو باپیرەی سێوەمی ئەمیر نیزام لە لایەن کەریم خان زەند حاکمی کرمان بوە، با پیرەی ئەمیر نیزام (نەجەفقولیخان گەروسی) لە نێزیکانی دەزگای هەباس میرزا نایب‌سەڵتەنە بوەو حوکومەتی ئەردەوێلْ و لەدواییشداگەروس کە بەشێ لە ئازربایجان دەهاتە ژمار، بە دەس‌بو وسەرۆکی هۆز لەلایەن هەباس میرزاوە درابو بە (محەمەد صادقخان) باوکی ئەمیرنیزامی گەروس‌و محەمەد صادقخان تا مردن هەر سەرەک هۆز بو.

ئەمیر نیزام گەروس: (حەسەنعەلیخان) لە ساڵی ۱۳۲٦ کۆچی مانگی لە بیجار کرسی هەریمی گەروس لە دایک‌بوە تا ۱۸ ساڵەیی خەریکی خوێندنی دەرسی وێژاوەری‌و ئەدەبی عەرەبی وفارسی، زانستی باوی سەردەمی خـوّی بـوە و دەسـێ بـالآی لە زانسـتی ئـەدەب وفەرهەنگ‌دا پەیا کردوەو ئەشعارێ زوری لە عەرەبی و فارسی لە بەر بوەو دەس‌وقـەڵەمێ جوان‌و پرمایەی هەبوەو لە بەر ئەوەش کە باوک‌و باپیرەی ئەمیر نیزام ئەمەکیان بە سەر هەباس میرزا نایب سەڵتەنەوە هەبوە، محەمەد شا ئەوەی لەچاودا بوەو لە ساڵی ۱۲۵۳ مانگی ئەمیر

Dr.Saleh Ebrahimi



نیزامی گەروسی کردە سەرهەنگی فەوجی گەروس و لەگەڵ خۆیشیدا بردییە، جەنگی هەرات و لەگەرانەوەدا کردیە، سەرۆکی قەراولانی ئەرکی تەوریز.

لە ساڵی ١٢٥٧ی مانگی دوای ئەوەی حسەنعەلیخان ئەمیر نیزام لە زیارەتی عەتەبات گەرایەوە، محەمەد شاکردی یە، هەمە کارەی کرماشانو لە ساڵی ١٢٦٠ بانگ کرایە، تاران و ئەونەی پێ نەچو، محەمەد صادقخانی باوکی مردو حاجی میرزا ئاقاسی بەر ئاوەژوی شێوەی قەدیمە حوکومەتی گەروسی لە بنەماڵەی ئەمیر نیزام سەندو دای بە (ئیبراهیم خەلیل خان سەرتیپ، سەلماسی)و ئەمیر نیزام لەم کارە شێواو هاتەوە بیجارو خانە نشین کرا، بەڵام میرزا تەقی خان ئەمیر کەبیر پلەو پایەی بەروی دایەوە دەس ئەمیرنیزام گەروسیو حەقی بە حەقدار گەیاندەوە.

نوکتە: ئەمیرنیزام سێ مانگ بەر لە مەرگی خۆی ئەمەی نوسیوەو ئەم یاد داشتە لای (سوڵتان مەحمود کە بودوەند) کوری عەبدولحوسێن خان سالارموڵك کوری ئەمیرنیزام گەروسە، دوکتور قاسم غەنی رونوسێکی گیر خستوەو دوایی کەوتۆتە دەس خێوی گۆواری یادگارو کەڵکی لێوە رگیراوە.

ئەمیر نیزام لەو یادداشتەدا نوسیویەتی: لە کاتی رویشتنی ناصرەدینشای قاجار لە تەوریزەوە بۆ تاران وئێمەش ٥٠، ٦٠ کەس لە مامو کورمام، بۆ لابردنی ستەم لە سەر خۆمان هاتینە تاران، کاتێ ئەمیر کەبیر، چاوی بە ئێمە کەوت، منی کردە حاکمی ویلایەت و سەروك فەوج، منیش وتم: کاتێ تۆو ناصرەدینشا ئەم لوتفەتان لە گەڵ مـن کـردوە حـوکومەت بە (زین‌العابدین خانی مامم) بدە کە ئەم نانە لە کیس چوە پێکەوە بخۆین. ئەمە قەبوڵ کرا، بەڵام میرزاتەقی وتی: تۆ زۆر لە هۆزت لایەنگری ئەکەی بەڵام بترسە لە رۆژێ کە وەك سەگ قولاپەت بەرن بەدەما، میرزا تەقیخان ئەمیر کەبیر وتی: شوڵکی تەری بارهێنان بە دەس حوکومەتەو بە مامی وت: ئەبێ لە ئەمیرنیزام ئیتاعەت بکەیو مامم تامردن لەسەر بەڵێنی من بو.

ئەمیر نیزام لە ١٢٦٥ مانگیدا لە گەڵ سوڵتان مراد میرزا، حسام سەلتەنە ئەچنە مەشهەد بۆ لەناو بردنی (حەسەن خان سالار)و گرتنەوەی مەشهەد، ئەمیر نیزام لەو شەرەدا دلێریو ئازایی زۆری نواند، لە پا: شاکردیانە (سەرتیپ)و لە پاشان کرا بە مەئمور بۆ لەناو بردنی فیتنەی (مەلا محەمەد عەلی بابی) کە لە زەنجان خۆی نیشاندا بو، ئەمیر نیزام بە فەوجی گەرو سەوە، هێرشی بردە سەری کە قەلای (عەلیمەردانخان)ی کرد بوە، پەناگای بابی، ئەو قەلایەی گرتو بابی

Dr.Saleh Ebrahimi



یەکانی تارومار کرد. لە جەزای ئەم خزمەتەدا کرایە ژەنرالی ئاجودانی ناصرەدین‌شاو لە ساڵی ۱۲٦۸ی مانگی لەگەڵ ناصرەدین چوە ئیسفەهان.

لە سال ۱۲۷۱ی مانگی ئەمیر نیزام بۆ نەزم دان بە خوراسان چوە مەشهەدو لە ۱۲۷۲ی مانگیدا لەگەڵ حیسام سەڵتەنە بۆگرتنی هیرات چوە ئەویَو بە دو فەوجی گەروسەوە هێرشی بردە سەر حەوشەی هیرات‌و ئەوەڵ ئالآی ئێرانی. دوای گرتنی هیرات لە سەربانی قەلاّی هیرات چەقاندو لە ۲۵ی صەفەری ساڵی ۱۲۳۷ی مانگی حوکومەتی هیرات درادەس ئەمیر نیزامی گەروسی کورد.

سەر چارلس موری (یەک پیاوی بێگانەی ئینگلیسی) وەزیر موختاری ئینگلیس کە لە تاران بو لەگەڵ (میرزا ئاغاخان) صەدرئەعزەم نێوانی تێک چوو لە ۱۲۷۲ بە توڕەیی‌یەوە لە تاران رۆیی‌و لە پاشان لە سەر هیرات‌لە نێوان ئێران وئینگلیس بوە شەڕ، لە ۷ی رەجەبی ۱۲۷۳ی مانگی لە پاریس‌بە ناوژی گەری ناپلئونی ۳ لە نێوان ئێران و ئینگلیس‌دا پەیمانێک مۆر کراو، ئیتر حەسەنعەلیخان ئەمیر نیزام لەلایەن ئێرانەوە، چوە بەغاو (موری) ئاشت کردەوەو ناردییەوە تاران‌و لەو تاریخەوە تا ساڵی ۱۲۷۵ی مانگی بوە مەئموری کارو باری ئێران لە دەروەوەو لە ۱۲۷۵ەوە شازادە عەلیقولی میرزا ئیعتیضاد سەڵتەنە بوە صەدر ئەعزەم و کۆرێ لە شاگردانی دارولفنونی تارانی بۆ فێر بونی زانستی جیاجیا ناردە ئوروپاو ناصرەدین‌شایش حەسەنعەلیخان ئەمیر نیزامی گەروسی کردە سەفیر لەدەرباری فەرانسە و ئینگلیس، وەزیری عولوم چل‌ودو دانیش‌ئامۆزی ناردۆتە فەرانسە وکارو باری ئەوانەیان دایە دەس ئەمیر نیزام.

دوای ئەوەی ئەمیر نیزام چوە پاریس سەرهەنگی فەوجی ئەوەلی گەروسیان دایە دەس (یەحیاخان) کوڕ،ئەمیر نیزام ئەم (یەحیاخانە) لە ساڵی ۱۲۸۲ی مانگی بە نەخۆشی (وەبا)ی کرمان مردوەو (پەندنامەی یەحیەوی) ئەمیر نیزام بۆ ئەم (یەحیاخانە)دا نراوە. ئەمیر نیزام لە سەفەری ئوروپادا چوتە دەرباری لەندەن، تورین، پاریس، بێرلەن‌و بروسیل، لە مانگی موحەرەمی (۱۲۷٦ی کوچی مانگی و ۱۸۵۹ی زاینی) چوەتە دەرباری پاریس‌و بۆماوەی حەوت ساڵ لە فەرانسە سەفیر بوەو لەو ماوەدا خەریکی لێکۆڵینەوەو سەرنج‌دان بە فێرگە کانی نیزامی‌و نەخۆشخانەو کارگە کان و سەرپەرستی کردنی خوێندکارانی ئیرانی لە ئوروپا بوە، لە ساڵی ۱۲۸۲ بانگیان کردەوە، تاران‌و دوای ساڵێ، ناردیانەوە پاریس بو سەر جێگاو رێگا کەی

Dr.Saleh Ebrahimi



جارانیو لە ساڵی ۱۲۸۳ لە بەر نەخۆشی هاتەوە تارانو تا بەرواری ۱۲۸۸ بە ناوی ئەندامی (دار الشوری) دەس بە کار بوەو لە ۲۰ی موحەرەمی ۱۲۸۸ بوەسەفیر لە ئەستەمبوڵو بۆ چاردە مانگ لە ئەستەمبوڵ مایەوەو لە ساڵی ۱۲۸۹ وازی لەو کارە هێناو هاتەوە تارانو پلەی ئەمیر تومانی پێدراو بوە وەزیری فەوایدی گشتی ولەم ماوەدا دو ساڵ خەریکی خۆش کردنی رێگای مازندەران لە (لاریجان)و (ئامول) بو، تا کردنیەیە، ئەرابەرەو لە سەفەری یەکەمی ناصرەدین‌شا بو فەرەنگ ئەمیر نیزامی گەروسی کوردی لە گەڵ بو.

حەزرەتی شیخ عوبەیدیلای کوری حەزرەتی سەید تاهای شەمزینی کە لە سالی ۱۲۹۷ کوچی مانگیدا بە دژی ستەم کاران وتاغوت وتاغوتیانی قاجار راپەری بو، جنوبی خوراوای ئازربایجانو کوردستانی گرتبوە دەس.[1]

حەسەنعەلیخان ئەمیر نیزام گەروسی وەزیری فەوایدی گشتی بە فەوجی (گەروس و شاسەوەن)ەوە لە ۱٦ی زیحەجەی ساڵی ۱۲۹۷ی خۆی گەیاندە سابلاغ (مەهاباد)ی موکری.

دوای قلبەوە بونی راپەرینی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا حەسەنعەلیخان لە لایەن حاجی میرزا حوسین‌خان سپاسالار کرایە حاکمی سابلاغو سایە نقەلاو لە راستیدا حوکومەتی ئەم دو ولاتە کەوتە سەر حوکومەتی گەروس کە بە میرات بە دەس ئەمیر نیزامی گەروسی کوردەوە بو.

دوای ماوەیەکی کەم (ورمیۆ خۆ)یش کەوتە سەر گەروسو هەر لەو سەر دەمەدا بو کە ناصرەدین‌شای قاجار (شیری مورەصەعی) کردە خەلاتیو ناز ناوی سالاری لەشکریشیدا بە ئەمیر نیزام.

ئەبێ بزانین هەر ئەمیر نیزامە بوکە ویرا بوی برواتە سابلاغ. لەو سەردەمەدا کەڵ بە موێی بەند بو، دنیا بەدەس حەزرەتی شێخ بو، بەلام دوای دەس بە سەر بونی شێخ لە مە کە، هەمزاغا بە ناونجیگەری (میرزا قاسم قازی) هاتە سابلاغ، هەمزاغا زۆر بە خۆی دەپەرما، لە گەڵ براو برازایو چەن کەسێ لە پیاوەکانی خۆیدا هاتن‌بۆ دیداری (وەزیر فەواید) ئەو دوسەت سوارە چەکدارەی کە لە گەڵی دا بون، لەو تەپەی وا بە سەر سابلاغیدا ئەیروانی بە جیێ هێشتن، هەمزاغا خۆیو براو برازاکانی لە چادری: (وەزیر فەواید)دا بەزین، هەمزاغا لە سەر صەندەلی‌یەک دانیشت کە تایبەتی (وەزیر فەواید)بو، شکا هەمزاغا ئەمەی بە بەد یومن زانی لەو دەمەدا، لە هەر، لایەکەوە، دەس رێژ کرایە، سەر هەمزاغاو ئەوان و هەمو شەهید کرانو لە

۱- شەرحی حالی عەباس میرزا مولک ئا رایەرەی ۸۹و ۹۳

Dr.Saleh Ebrahimi



پیاوی وەزیر فەوایدیش، چەن کەس کوژران، ئەڵێن: باڵوێزی روسیە رەخنەی لە ئێران گرتوە، کە بۆوا بە ناپیاوانە هەمزاغاو ئەوانیان بە فێڵ رەشەکوژ کردوە. دەرباری قاجاری خوێنڕێژو ستەمکار زۆری بۆدێ، نازانێ چلون وەڵام بداتەوە.

وەزیری فەوایدی گشتی دەرباری قاجار لە وەلاما ئەڵێ: هەمزاغا خوێ فریوی خواردوە، نە ئەبووا بە قسەی (میرزا قاسم قازی) زو هەڵ خڵەتێ، دیارە قاجار نەی ئەتوانی هەمزاغا بە زیندویەتی ببینێ، بە هەر فێڵێ بوێ بکرابا، ئەیکوشت، سەر ئەنجام کورد کوردی کوشت.

## حاجی سەیاح:

نوکتە: حاجی سەیاح ئەنوسێ: وەزیری فەوایدی گشتی قورئانی بۆ هەمزاغا مۆر کرد بو کە تامن زیندوم نایەڵم مویەك لە سەرت کەم بێتەوە.

کاتێ هەمزاغا دێتە مەهاباد، هەندێ لە دۆستان و هاورێکانی بەهەمزاغا ئەڵێن: بانەچین نە بادا خە یا نەتمان پێ بکەن، هەمزاغا دڵێ: مەترسن قورئانی بۆ مۆر کردوم خەیانەتم پێ نەکا، کەچی بەو جۆرە ناپیاوانە خەیانەتی بە هەمزاغا کردو هەمزاغاو خزم و کەس و کارو پیاوەکانی شەهید کران.[١]

محەمەد یوسف هیرەوی لە کتێبی[٢] ئەنوسێ: ئەمیر نیزام کاغەز، بو هەمزاغا ئەنوسێ و بەڵێنی حوکومەتی کوردستان و سابلاغی پێ ئەدا، بەو مەرجەی بێ لەنیزیکەوە، بی بینێ وسویندیش بۆ هەمزاغا ئەخوا تامن (ئەمیر نیزام) زیندوم نایەڵم مویەك لە سەرت کەم بێتەوە.

هەمزاغاش دڵنیا ئەبێ و بەڵێنی هاتن بۆ سابلاغ ئەدا، ئەمیر نیزام بۆ رۆژی دیاری کراو، دو فەوج بۆ دەس رێژ کردنە سەر هەمزاغاو ئەوان، لە چادرەکانی لای راستە لە حەشار ئەداو دەستور ئەدا لە دەواری لای سەراپەردەی خۆی رەهەندو زاغە یەکسان بدەن و زەوی هەڵ کوڵن، ئەڵێ: هەرکاتێ هەمزاغا هات من لە چادرەکە، ئەرۆمە دەرێ، ئیوە سەراو پەردەو دەوارەکەی من تیرباران بکەن، کاتێ هەمزاغا دا ئەبەزێ، ئەمیرنیزام لە گەڵ سێ کەس لە هاورێکانی خەریکی خواردنی شیرینی وخواردنەوەی شەربەت ئەبن.

---

١ - بیرەوەری حاج سەیاح لەسەفەر بۆکوردستان و مەهاباد و ئەو ناوە ناوە
٢ - عین‌الوقایع پەرەی ٢١٢خویدا

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەمیرنیزام بە بیانوی سەرئاو چون لە چادرەکە ئەچێتە دەرێ، ئەوانەی لە بنەوە ئاگایان لەم فێڵە بوە لە گەڵ ئەوا ئەڕۆن و سێ کەس لە خزمەتکاران لەوێ ئەمێنن، ئەمیر نیزام ئەچێتە ناو زاغەو رەهەندە کەوەو ئیجازەی تەقە ئەدا، لە ناکاو دو فەوج سەرباز ئەرژێن بە سەر هەمزاغاو دوانزە هاوڕێکەی‌داو تیربارانیان ئەکەن، تا هەمزاغا،وەخۆ ئەکەوێ کار لە کار ئەترازێ‌و کوژین و هەمزاغاوهاو ریکانی تاقی دەرناجێ و سەریان ئەکەن بە نوکی سە نیزەوەو بەناوی زاڵ بون، بە سەر هەمزاغا و ئەوانەدا، ئەیان، نێرینە، تاران بۆلای ناصرە دین‌شای خوێن ڕێژو ستەم‌کاری قاجار

# حەزرەتی سەید طە (تاها)

ئەڵێن: حەزرەتی سەید تاهای باوکی شێخ عوبەیدیلای غازی شوێنی زۆر بوەلەسەر (شامحەمەد) جا هەرلەم سوێنگەوە شا بۆتە مریدی ولەبەری دانەواندوەو یالە خۆشەویستیدا مانگانە پێنسەت تمەنی دراو بۆ بڕیوەتەوە، بۆخەرجی خانەقا ومیوانداری وده‌گوندیشی لە گوندە کانی مەرگەور داوەتێ وپێ بەخشیوە.

# شیخی مەزن وشێخ عەبدولقادر

لە ساڵی ١٢٩٣ کە رۆم و روس لەجەنگابون شێخ عەبەیدیلای غازی (نەهری) بە (٣٠= سی) هەزار سوارو پیادەوەبەرەو قارس هاتوەو پاشای وەسمانی هەندێ چادر وکەرەستەی جەنگی داوە بە شێخ عوبەیدیلای غازی تابتوانێ لە گەڵ روسا جەنگ بکا. بەلام دوای هەندێ جەنگ لە گەڵ روسا بەرەو ناحیەی آلباغ کشاوەو لەوێوە بەرەو خۆ و سەڵماس و ورمێ بزوتوە.

حەزرەتی حاجی سەید شیخ عەبدول قادر گەیلانی زادە سێ ساڵ بەرلەو مێژوە ئەم حەزرەتە هاتبوەشاری (ورمێ)و ئەو ناوە ناوەو لەشاری (شنۆ)عەبدولاخان‌و برایم‌خان کە باو باپیرانیان حاکم‌و میرمیرانی (شنو)بون‌و لە رۆژگاری دەسەلاتی (ئەحمەد میرزا)دا عەزل کرابون، یەک ئەکەوێ‌و پەیمانی هاوکاری پێکەوە گرێ ئەدەن‌و بۆ یەک خستنی کوردان ئەکۆشن‌و سەرخێلی ئیلی رەوەند (فەقێ یوسف)ی خوشکەزای‌و محەمەداغای مامش‌و هەندێ سەرۆکی‌تر یەک ئەخات.

چونی هەمزاغای مەنگور لە سابلاغەوە بۆلای حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای غازی.

Dr.Saleh Ebrahimi



پانزدەساڵ بەر لەومێژوە لەساڵی ۱۲۷۸دا هەمزاغای مەنگور کە لە جەنگێکدا حەفتا کەسی لە قەرەپە پاغەکان کوشتبو، پاشاخانی برازای عەزیزخان سەرداری کولل لەلایەن حوکومەتەوە هێرشی بردەسەر هەمزاغاو ئەویش چوە ناو کوردستانی تورکیاو بوبە وەزیر جەنگی حەزرەتی شێخ عوبەیدیلای غازی لەجەنگی دژ بە کوردو کوردستاناو پیاوانە دیفاعیان کردو زۆریان بۆ دژو دوژمنان هێناو هێرشیان بردەسەر قەڵای **لاجان** کە بەدەسی عەسکەرخان سەرداری ئازربایجان، سازدرابو لەوێوە بۆ سابلاغ: (مەهاباد)و میاندواو، وبناو، و ئەو شوینانەیان لە بن‌دەس دەرهێنانەوەو خۆیان قایم کردو گەرانەوە بۆشاری (شنۆ)و لەپاشان هێرشیان بردە سەر سندوس‌و (ورمێ).

## ۱۵ زیقەعیدەی سالی ۱۲۹۷ی مانگی:

بزوتنەوەی حەزرەتی حاجی شیخ عوبەیدیلای غازی بۆ چونە ناوشاری (ورمێ) ۱۵ی مانگی زیقەعیدەی ساڵی ۱۲۹۷ی مانگیدا روی داوە.

حەزرەتی شێخ بەپێی نامەو مەشوەرەتی (شیخ محەمەد ئەمین) لە مەرگەوەروە بەرەو (ورمێ)کشاوەو لەگوندی (باراندز)دا ئوردوی خستوەو لە دواییدا هاتۆتە گوندی (سیر) یەک فرسەنگی (ورمێ)و دوانزە هەزار پێشمەرگەی لەگەڵدا بوەو شێخ محەمەدئەمین‌و خەڵیفە سەعیدیش لەگەڵ لەشکری شێخ عوبەیدیلای غازی یەکیان گرت‌و بونە (۳۰ = سی) هەزارجەنگاوەر.

## بەڵگەی مێژویی:

نوکتە: تەریقەتی قادری ئەدرێتە پاڵ (شێخ عبد القادر محی‌الدین بن ئەبی صالح) خەڵکی (گەیلان یا جیلانی کرماشان) کە لە ۴۷۱ کۆچی مانگی لە دایک بوەو لە ۵۶۰ کۆچی لە بەغا بارگەی بەرەو لای خوا تێکناوە.[1]

---

۱- پەرەی ۶۰۵ ئێرانشار بەرگی ۱ چاپی ساڵی ۱۳۴۲ هەتاویو ۱۹۶۳ زایینی، چاپخانەی دانشگا، نەشریەی ژمارە (۲۲ کومیسیون میللی یونسکۆ لە ئێراندا.
ایرانشهر جلد اول - بخش مذهب - در ص ۶۰۵ تحت عنوان سلسه‌های صوفیه گوید:...

Dr.Saleh Ebrahimi



حەرزەتی غەوس: (عبدالقادر گەیلانی) (غەوثی‌گەیلانی) دامەزرینەری تـەریقەتی قادری‌یە. کە ئێستا لە کوردەواریدا برەوێ زۆری هەیە، لەوە دەچێ لەبەر ئەوە بێ کە شـیخ عەبدولقادر گەیلانی خۆی کوردە، بۆیێ کوردان وا چونە تەسەر رچەی ئەو زاناگەورە خواناسە مەزنە.[۱]

و - قادریه: منتسب به شیخ عبدالقادر محیی‌الدین بن‌ابی صالح از اهل گیلان یا جیلان (کرماشان) متولد ۴۷۱ و متوفی سال ۵٦۰ و مدفون در بغداد، این فرقه در تمام ممالک اسلام موجود و در غالب بلاد مشرق و مغرب قبه‌های عظیم و رفیع بنام آن شیخ برپاست. مێژو زانی ناودار حوسین حوزنی لەمێژوی میرانی سوراندا شیخ عـبدالقـادری بەکورد ناو بردوە = بروانە زریزەی زیرین پەرەی ۲۵ بوسراوی (شە پوَل) چاپی ۱۳۷۲ای هەتاوی. شیخ عبدالقادر گەیلانی [ ۱۰۷۸ - ۱۱٦٦ ] بنیات نەری ریباری قادری یەلە کوردستان دا.

هدیه‌العارفین جلد ۱ ص ۵۹٦ - اسماعیل پاشا بغدادی الکیلانی -عبدالقادربن ابی صالح موسی جنگی دوست ابن‌ابی عبدالله بن یحیی الزاهدی بن‌محمد بن‌داد محیی الدین ابو محمد الجیلی اعنی الگیلانی البغدادی العارف بالله الصوفی الحنبلی ولدسنة ۴۹۱ وتوفی ٥٦١ - احدی و ستین و خمس مأة - من تصانیفه تحفة المتقین و سبیل‌العارفین: ۱- حزب الرجاء والانتهاء

۲- رسالة الغوثیه ۳- الغنیة فی‌التصوف ۴- فتوح الغیب

۵- الفیوضات الربانیة فی الاوراد القادریة ٦- الکبریت الاحمر فی الصلوه علی‌النبی (ص)

۷- مراتب الوجود ۸- معراج لطیف المعانی ۹- یواقیت الحکم و غیرذلک.

دهخدا: ۴ - ص - ل ٦-

عبدالقادر (۱ خ) جیلانی ابن ابی صالح موسی‌بن عبدالله بن‌یحیی الجیلانی ملقب به محی‌الدین. مولد و مدفن وی بغداد است.

امام سلسه قادریه و صوفیه است که اغلب در بلاد هند و ممالک عثمانی و بلاد اسلامی مذهبش رواج دارد. به گفتهٔ قاموس الاعلام و طبقات شعرانی نسبت او به حضرت حسن مجتبی می‌رسد. وی از بزرگان صوفیه و مشایخ طریقت و مؤسس مذهب قادریه است. او ابتدا نزد ابوزکریای تبریزی علوم عربیت را فرا گرفت. فقه واصول را نیز در بغداد آموخت. سپس به وعظ و تدریس پرداخت شهرتی پیدا کرد. در زمان تحصیل از دست رنج خود ارزاق می‌کرد.

فتاوی او موافق هر دو مذهب شافعی و حنبلی است. در فقه و تصوف تألیفاتی دارد؛ از جمله بشائر الخیرات

۲- دیوان اشعار

۳- الغنیة الطالبی

۴- طریق الحق

۵- الفتح الربانی و الفیض الرحمانی

٦- فتوح الغیب

۷- الفیوضات الربانیة

۸- ملفوظات قادریه

۹- ملفوظات گیلانی و جزآن

وی بسال ۴۷۰-۴۹۰ متولد و بسال ۵٦۰-۵٦۱ ه.ق به بغداد درگذشت. (از روضات الجنات ص ۴۳۲ - ریحانة الادب جلد ۳ ص ۴۹۴-

گیلان: جیلان: - (۱ - خ) معرب گیلان ولایتی است به عجم (منتهی الادب). - دهی جزء بلوک اربعه دهستان مرکزی بخش میامی شهرستان شاهرود. (فرهنگ جغرافیایی ایران جلد ۳).

جیلانی: (۱ - خ) عبدالقادر بن ابن‌صالح بن جنگی دوست رئیس طایفهٔ حنبلی و زاهد معروف. در گیلان متولد شد و به بغداد آمد. ئەم بەخشی فارسی‌یە کاک نادر کریمیان بوٚی ئامادە کردوم سپاسی دەکەم (شە پوَل).

۱- پەرەی ۴۴۲و ۴۴۳ کوردو کوردستان و. نیکتین.وە نوسراوەی م.ا. عینی‌و .ف.ژ. سیمور مونیر. بەناوی سـەید

Dr.Saleh Ebrahimi



دەرویشی کورد کە پەیرەوی تەریقەتی حەزرەتی شیخ عەبدولقادرن لە بابەت هوزەواریدا خاوەن مە کۆن.

# حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی:
# غەوثی ثانی

حەزرەتی حاجی شیخ عەبدولقادری غازی کوڕی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین لە ۱۹۰۷ زاینی لە تایفەوە گەراوەتەوە بوکوردستان‌و حیزبی تەعالی لە ۱۹۰۸ زاینی پێک هێناوەو خۆی دەبیری ئەو حیزبە بوەو لە ۱۹۱۰ زاینی ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (روژاکورد) لەقوستەنتەنی یە بلاوکردوەتەوە.

واسیلی نیکتیین: لەئاخری ۱۹۱۷ زاینی لەلایەن (جەمعییەتی ئیستیخلاسی کوردستان)ەوە نامەیەک لەحەزرەتی سەید تاها نەهری‌یەوە هات‌بۆ قونسورگەری روس لە ورمێ (و. نیکتیین لە ورمێ کارداری روس بوە) کە سەیدتاها ویستبوی لەگەڵ فەرماندەی ئەرتەشی روسدا دیدار بکا بەڵکو پێک‌بێن‌و پێکەوە بەدژی تورکانی وەسمانی بۆ ئازادی کوردستان کاربکەن. سەید تاها تازەش‌لە زیندانی روسان رای کردبو، سەید تاها کوڕی شیخ محەمەد صەدیق‌و برازای شێخ عەبدولقادری نەهری (گەیلانی‌زادە)یە، [۱] شێخ عەبدولقادریش

عەبدولقادر گەیلانی یەکێ لەقدیسینی ئیسلام ۵ - ۱۰۷٦ - ۱۱٦۸ مەسیحی پاریس ۱۹۳۸ لە دیمەنەکانی گەورەی خۆر هەلاتدا.

۱- دیاری شاعیری بەرێز کاک سەلاح سۆران

لە رونیا دور وبە ئەغیاری کە ماتو چاو بە ئەسرینم
گیرۆدەی عەشقی ئاهامو خەریکی مانەمو شینم
هەوای نەهری لە دلمایە، وەکوو روحم دەپاریزم
بە شەمزینەو شەنەکبە ندە، نەواری سەردەمی ژینم
بە پیتی (طا) و (هی) قەستەم، بە ئاهاوە دلم مەستە
لە شەمزینەو سەری هەلدا کزەی ئیلهامی ریتی دینم
لە دەنجوری ژیانم‌دا، وەکو گەوهەر گزنگ دەرژێ
لە عاسمانی شەوەزنگما، ئاهایە مانگ‌و پەروینم
لە سوێی عەشقی بە روژ و شەو لە دلما مەحشەر هەستاوە
خەلایق پاکی عاجز بون لە دەستی ئاهو نالینم

Dr.Saleh Ebrahimi



تا ١٩١٧ زاینی لە قوستەنتەنی‌یە بو، ئەمیش رای کرد بو، چبوە مە کە لای مەلیکك حوسێن کە لەساڵی ١٩٢٥ زاینی تورکی وەسمانی گرتیانو لەدیار بە کر لەداریان‌داو لەو سەر دەمەی‌دا حەزرەتی حاجی سەید عەبدوڵلای کوڕی لە موسڵ بوە، ئەم راپەرینەش کەڵکی نەبو[1].

لەم لاشەوە هەمو ئەندانامی حیزبی تەعالی: دوکتور فوئاد ئەندامی کارای کومەیتە ناوەندی، دوکتور فەوزی (سەردەبیری روژنامەی کوردی ژین) سەید:

محەمەد گەیلانی‌زادە کوری شێخ عەبدولقادر گەیلانی‌زادە بە کورتی بلیین لە ٢٧ مانگی مە سالی ١٩٢٥ زیاتر لە ٩١ کەس لە ئەندامانی حیزبی تەعالی لە دار دران و کوژران.

دوای کوژانەوەی راپەرینی شیخ عەبدولقادرو خەلیفە سەلیمو عەلیاغا لە بدلیس تورکان بێرەحمانە هەمو کەوتنە ناو کوردو هەمو فێرگە کانیان تێکداو کوشتارێ زوّریان لە کوردان کرد. ئەبیّ بلّیین لە سالآنی ١٩١٤ کە جەنگی یە کەمی نێو نەتەوەیی دەسی پێکردبو، کورد زیاتر رەنگی نەتەوەیی‌یان‌دا بە راپەرینە کەی خوّیان، بەلاّم تورکی وەسمانی هەر لەو سەردەمەشدا لەسالآنی ١٩١٤ بەدوا کوردیّ روّزی شار بەدەرکردو کوردستانی پیّچولّ کردن بەبیانوی شەڕو هێرشی‌روس.

نوکتە: سنجاق بەواتای بەشەلە سالی ١٥١٤ زاینی بەم لاوە کە لەجەنگی چالدران صەفەوی تی‌شکا، حەکیم ئیدریس بدلیسی ٨ بەشی لەهەرێمی دیار بە کر بەدەس هێنا و پەیمانی دوّستی و پیشتیوانی کردن لە نێوان: (نیوپارە) حوکومەتی وەسمانلی و بیست‌وسی (٢٣) ئەمیر نیشینی کورد موّرکرا و ١٥٠ سالّ کوردی کەم فێلّ بەسودوقازانجی تورکی وە سمانلی جەنگی کرد[1].

شاسمایلی صەفەوی دامەزرینەری زنجیرەی صەفەوی پانزە سەروّك هوّزی کوردی سونی (خوّ)یی کە چبونە دیدەنی شا، هەمویان ئە گریّ وبەندیان ئە کاو هەو اداران و لایەنگرانی خوّی لەجیگای ئەوانە داناوە[3].

فوتـایی مەکنیکم من، کە پرشنگیّ لە پوّلو بوو
لە کن تیشکی موحەبەت بووم، کە ئیستا داخو پرتینم
لە گێـژاوەی ژیـانمدا، بـە تـاهاوە دەبـەسنم پشت
سـوّرانـی دەسـتی تـاهامو، مـریدی پیری شـەمزینم

١- پەرەی ٤١٠ و.نیکتین.
٢- کتیبی (مەسەلەی کوردان لە راست تورکدا چاپی سالّی ١٩٢٨ زاینی پیرنستون پەرەی ٢٧ و ٢٨.
٣- پەرەی ٣٨٩ کورد و کوردستان . و . نیکیتین.

# مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین

ئەم راپەڕینە گرینگترین و کوردایەتی‌ترین راپەڕینی کوردە لە سەدەی نۆزدەی زایینی‌دا و ژمارێ فرە لە لێکۆڵەران، شێخ عوبەیدیلا بە یەکەمین پێشەوای نەتەوە و نیشتمان ئوگری کوردە دەزانن کە کوردایەتی کردوە و درەسی ناسیونالیسمی و کوردایەتی فێری سەرکردەکانی کورد کردوە کە ۲۲۲ کەس لە سەرانی کوردی لە نەهری کۆکردوەتەوە و ئەنجومەنی کوردی بۆکوردایەتی کردن بۆ ساز داون‌و نامەی بۆ «ویلیام ئابوت» ژەنرال کونسولی بەریتانیا لە تەورێز، نوسیوە و بەوی راگەیاندوە: «نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکە جیایە لە فارس و تورک و عەرەب و رەگەزێ تایبەت بە خۆی هەیە. مەزهەبی کورد لە مەزهەبی ئەوان جیایە و ئاداب و روسوم و خوو ئاکاریان لەوان جیایە، سەرانی کورد و حاکمانی کوردستان چ‌ئەوانەی لە بن‌دەس تورکی عوسمانی یا لە بن‌دەس حاکمانی قاجار لە ئێران‌دان، وە **هەمونیشتەجێی کوردستان بە یەک دەنگ و بە یەک قسە لە سەر ئەمەسورن کە کورد، ناتوانێ لە گەڵ ئەو دو حوکومەتە مارز و زاڵمەدا کار بکاو لەگەڵیاندا ناتوانێ بژێ.** پێویستە کارێ بکرێ کە دەوڵەتانی ئوروپا سرنجی کورد بدەن و لێی ورد بینەوە و لێی بکۆڵنەوە تاباش بزانن کە کورد، نەتەوەیە کە جیالە تورک و فارس و عەرەب و ئێمەی کورد ئەمانەوێ کاروباری کوردەواری خۆمان بە بیرو هزر و دەس و فەرمانی خۆمان هەڵی بسووڕێنین و بەدەسی خۆمان وڵاتی خۆمان ئیدارە بکەین. (بڕواننە توحفەی ناسری لە تاریخو جوغرافیا / میرزا شوکروڵڵای سنەیی، ئەفخەرولکوتتاب / بە بەرکوڵی دوکتور حەشمەتوڵڵای تەبیبی / ئەمیرکەبیر تاران / ۱۳٦۲ی هەتاوی ـ نامەی شێخ بە خەتی خۆی ئێستابەوێنەی سەنەدی تاریخی لە ئارشیوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا راگیردراوە و کوریس کۆچەرایش لە بابەت نامەی شێخەوە نوسیویەتی: لەگەڵ حوکومەتی قاجار و عوسمانیدا، ناکرێ بەمجۆرە کارێ بکرێ و ناتوانین لە گەڵیاندا بژین. پەرەی ۲۷

Dr.Saleh Ebrahimi



جونبوشی میللی کورد تەرجەمەی د ـ ئیبراهیم یونسی چاپی ۱۳۷۳ی‌تاوی بلاوکی نیگاه، تاران و هەروا کتێبی ئابی ژمارەی ۵ ساڵی ۱۸۸۱ ز ـ پەڕەی ۵۴ و ن.ئا.خەلفەین راپەرینی شێخ عوبەیدیلای بەناوی راپەرینی کوردایەتی وگەورەترین راپەرینی نەتەوە خوازی کورد، لە سەدەی ۱۹ داناوە. تەرجەمەی جەلال تەقی لە روسیەوە بۆکوردی سۆرانی (شەپۆل).

هەروا مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری مەشوەرەتی بە کورد و سەرانی دلسۆزی کورد، کردوە. لە ساڵی ۱۸۸۰ بە سپای کوردەوە لە دو قۆڵەوە هێرشی بردۆتە سەر سپای قاجار لە ئێران، بەڵام بە فێلی روس و دنەدانی ئینگلیس، تورکی عوسمانی و قاجار بە یارمەتی روسیە زۆریان بۆکوردهێنا و لە هەردو لاوە ئابلۆقەیان دا و بە ناچار سپای شێخ بەرەو ناو چیا پاشە کشەی کرد و تورکی عوسمانی بە یارمەتی روس ودنەدانی ئینگلیس شێخیان گرت و ناردیانە تایف لە حیجاز و سەرەنجام لەوێ لە ۱۸۸۳ی ز، وەفاتی کرد. (بڕوانە راپەرینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین (شەپۆل).

راپەرینی مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلا، لە روانگای مێژو، واسیلی نیکیتین کۆنسولی پێشوی روسیە لە کتێبی خۆیدا بەناوی کورد و کوردستان تەرجەمەی محەمەد ـ ی قازی پەرەی ۴۱۳ لە بابەت ئەوزاتەوە نوسیویەتی: راپەرینی شێخ عوبەیدیلا نەهری (۱۸۸۰)ی زایینی ئەم بزاوە گرینگە، کە بەر لە بزاوی تورکیەی جەوان روی داوە. ئامانجی ئەوە بوو لەخاک و نیشتمانی کوردەواریدا، کوردستانی سەر بەخۆ و ئازاد سازیدا.

ئەو راپەرین و بزاوە لە خاکی کوردستانی لکاو بە وڵاتی ئێران لە خاڵ و نوختەی هاوسنور لەگەڵ شەمزینان (ئورمیە: ورمێ، بناو، مەراغە) روی داوە و تەنانەت تەوریزیش، کەوتە بەرمەترسی، سەرەنجام کوردەکان، مەجبور بە پاشە کشە کردن کران،

Dr.Saleh Ebrahimi



بۆنێو کوردستانی لکاو بە تورکیەوە، حوکومەتی قاجار لە ئێران دەسی کرد بە قیڕەو هاوارکردن، ئاخریەکەی بە شەیتانی و شوّفاری ڕوسیەو هاوکاری هێزی شەروانی ئێران و عوسمانی، بزاوی ئازادیخوازی شێخیان، تێکشکاند، لە سەرەتاوە، شێخیان، بردە قوستەنتەیە و لەوێشەوە بۆ (تایف) مەکە تەبعیدیان کرد. پێویستە ئاماژە بەمە بکەین، ڕۆڵە نیشتمان ویستەکانی حەزرەتی سەیید شیخ عوبەیدیلا نەهری بۆ نمونە شیخ سەیید عەبدولقادر ناودار بە غەوسیسانی و سەیید تاها نەوەی شیخ عوبەیدیلا، کوری شیخ محەمەد صدیق، لە سەر ڕێبازی شیخ بۆ ئازادی کورد و کوردستان ڕوێشتن و تەنانەت سەیید شیخ عەبدولقادر و سەیید محەمەد ـ ی کوڕی لە (غەریب) کە بە حیسابی ئەبجەد، دەکاتە ١٩٢٥ کە لە ٢٤ تا ٣/٢٧ = مەهێ ساڵی ١٩٢٥ی زاینی بەدەسی گەماڵ مستەفا، ئەتاتوک لەگەڵ چەند کەسی دیکە لەیارانی، کەسانێ وەک حاجی ئیهدا، پالو لوکوبرسادی بدلیسی، کەماڵ فەوزی و خاجە عەسکەری و... لەدار، دران.

□ سەیید عەبدوللا مەدینەیی لە دۆستانی بنە ماڵەی سادانی نەهری بەشعر لەشینی سەیید شێخ عەبدولقادر ناودار بە غەوسیسانیدا فەرمویەتی:

خەنجەرێت جەورا، دە تورکان، چونە جەرگێ تە غەریب

تا ئەبەد، دی هەر، بخوین بیت بۆتە میلاکا پڕیرین.

□ سەیید تاهای دوەم کوری شیخ محەمەد صدیق لە تاران دەسبە سەربووەو لە ـ ٥ ـ ج ـ ١ ـ ساڵی ١٣٥٨ ی مانگی و ڕێکەوتی ١٣١٨/٥/١ ی هەتاوی، وەفاتی کردوە و لە ئیمامزادە عەبدوللا نێژراوە. رضوان‌الله علیهم اجمعین.

**واسیلی نیکتین لەو بارەوە ئاوای نوسیوە:**

دوای ئەوەی بزاوی تورکیەی جەوان سەرو سامانی گرت، شیخ عەبدولقادر ناودار بە غەوسیسانی کوری شیخ عوبەیدیلا، کە لە دواییدا بووە سەناتور لە مەجلیسی تورکیە، لە مەکەگەڕاوەو دەسی کرد بە ڕاپەڕین (بڕوانە کتێبی عابی بە زمانی ئینگلیسی ژمارەی

Dr.Saleh Ebrahimi



۵ سالی ۱۸۸۱ ـ ز ـ و کتێبی روسی سەرهەنگ کلما ساراکان لە بابەت ئابلۆقەی (ورمی: ئورمیە) هەروەها لەم کتێبەدا هاتووە کە شیخ عەبدولقادریش لە ۱۹۰۸ ـ ز ـ رۆژنامە یەکی بەناوی (هەتاوی کورد) بە ناوی ئۆرگانی (جەمعییەتی هاوکاری و پێشوەچون) بلاو دەکردەوە ولە سالی ۱۹۰۹ ـ ز ـ لاوانی تورک چەن ئەنجومەن و فێرگەی خوێندن بە زمانی کورد ـ یان، لە (چەمبەرلی) داخست و بەستیان. لە سالی ۱۹۱۰ ـ ز ـ دەستەیێ لە زانیخوازان و حوقوقدانان، ئەنجومەنێکیان بەناوی (هیوای کورد) دامەزراند ولە دەوری یەکتر کۆبونەوە و گۆڤارێکیان بەناوی (رۆژا کورد) بلاو دەکردەوە. نیکیتین لە بەر دەوامی قسەکانی خۆیدا، دەڵێ: من لە کلکەی سالی ۱۹۱۷ ـ ز ـ لە نوسینگەو یانەی کۆنسوڵگەری خۆم بووم لە شاری ورمێ، نامەبەرێ پەیکێ لە لایەن (جەمعییەتی نەجاتی کوردستان) ەوە، هاتمەلام و نامە یەکی لەلایەن سەید تاهاوە، دادەسم، کە لەمنی ویستبو تا دیدارێکی لەگەل فەرماندەرانی شەڕوانانی روس بۆ پێک بێنم تا پێکەوە، بسازێن و بەدژی تورکان بۆ ئازادی کوردستان بەها و کاری یەکتر دەس بەکاربن. سەید تاهاکە لە زیندانی یەخسیری روسەکان، هەلاتبو، برازای شیخ عەبدولقادر و نەوەی شیخ عوبەیدیلا بوو شیخ عەبدولقادریش تا سالی ۱۹۱۷ ـ ز ـ لە قوستەنتەنیە، مابۆوە، لە پاشان لە وێ خوێ دەرباز کردو بەرەو مەکە چووە لای مەلیک حسێن، لە سالی ۱۹۲۵ تورکان گرتیان و لە شاری دیار بەکر لە داریان داو شەهیدیان کرد.

ئیبریت ئۆلسۆن لێکۆلەری مێژوی خۆرهەلاتی نافین لە کتێبی خۆیدا (ڕاپەڕینی شیخ سەعید پیران) تەرجەمەی ئیبراهیم یونسی چاپی ۱۳۷۷ی هەتاوی تاران پەڕەی ۲۶ ـ ۲۷ ـ دەنوسێ: لە سالی ۱۸۸۰ ـ ز ـ شیخ عوبەیدیلا بۆ پەرەدان بەهەرێمی دەسەلاتی خۆی لە رێگای کوردەکانی لکاو بەولاتی ئێرانەوە، هێرشی کردە سەرکار بە دەسانی حوکومەتی قاجار لە ئێران کە کزو کەنفت بووخە لکەکەیشی شیعە مەزهەب بوون،

Dr.Saleh Ebrahimi



هەرچەند عوسمانیەکان پشتیوانیان (لە مەجمەعی ئیتفاقی کورد) دەکرد، دورنەبوو، دوای پتەو کردن و دامەزراندنی هێزی خۆی، شیخ بەهێزێ پڕوزەوە، تەپ نەداتە سەر فەرماندەران و کاربە دەسانی عوسمانی لە بەشی کوردستانی لکاو بە تورکیەوە و سەر بە خۆی کوردستان دامەزرێنێ و بە جیهانیانی رابگەرێنێ. بەلآم نەخشەکانی لە ئێرانـدا، سەری نەگرت و بە ئاواتی خۆی نەگەیشت و لە گەرانەوەیدا بۆ کوردستانی بـەشی تورکیە، عوسمانیەکان بەدژی شیخ وەستان، ئەشێ دوهۆی بۆدابنێن: ١ ـ لەبن زەختی ئوروپا بە تایبەت روسیە دژی سازدانی کوردستانی سەربەخۆبوو ـ ٢ ـ عوسمانی یەکان، تێگەییبون کە پشتیوانی کردن لە کوردایەتی و ناسیونالیسمی کوردی، ئاسان لە دەسیان دەرچێ و کوردستانی سەربەخۆ پێک بێ، بەزەریانە، جائەوەبو، شەڕوانانی عوسمانی شێخیان بە یەخسیری گرت و لە ژوئیەی ١٨٨٠ ـ ز ـ بردیانە ئەستەمبولْ، بەلآم دوای چەن مانگ لە زیندان، خۆی رزگار کردو خۆی گەیاندە نەهری شاری لەدایک بوونی خۆی ـ بەلآم دەسە لآتدارانی ئوروپا، کـە نـەیان دەویست دەولەتـی سـەر بـەخۆی کوردستان سازبدرێ و مەترسیان لە شیخ هەبو، زۆر و رەختیان خستە سەر (بابی عالی) تا شەر وانان بنێرێتە سەر شیخ، ئۆلسۆن لە پەرەی ٢٧ کتێبی خویدا (ئاوای نـووسیوە، هێرشی شیخ عوبەیدیلا بۆئێران **ڕاپەرین و بزاوی سەر بە خۆخوازانەی کوردی، کـردە مەسئەلەی نێوگەلانی** کە دەسە لآتدارانی ئەوکات، بە چاوی ناموافیق بۆیان دەروانی و پێیان خۆش نەبوو **دەولەتی سەر بە خۆی کورد، بەدی بێ،** هـەرچـەندە تـەقالایێ بـەر فراوان ئەنجام درا، بە ئاکام نەگەیشت، روسیە نەی دەویست، سەر زەویێ بـە رفـرە و فراوان کە لە ریگای پەیمانو موعاهدەی (بیرلەن) لە بەشی خۆر هەلآتـی تـورکیە کـە خاکی کوردنشین بون، لە کیسی بدا، بە تایبەت روسیە، نەی دەویست، دەولەتی کورد، بە تایبەت دەولەتی کوردستانێ شوێن وەر گرتولە رێبازی نەخشی، روسیەقەت نـەی دەویست ئاوەها دەولەتێ لە جیرانی سنوری قەوقاز بیچم بگرێ و بەدی بێ، چونکا لە

دەیەی ١٩٣٠ ـ ز ـ **بە دەس بزاوی شیخ شامیل‌گیری خواردبوو توشی کەندوکۆسپ و چەرمە سەرێ هاتبوو** بە هەزاران دەرد و رنج توانی بوویەوە و بزاوە لە نێو بەرێ. بەریتانیایش لە بەر ئەوە دژی ڕاپەڕینی شیخ عوبەیدیلا بو، **دەترسا ئەو بزاوە هەل و مەرجێ بەدی بێنێ کە ئێران لە روسیە نێزیکتر بکاتەوە**، جەرەیانێ بەو جۆرە سیاسەتی ئیستیعماری ئەوی لە ئاسیای رۆژاوادا پێچە لە پوچ‌تر دەکرد، تەنیا هێزێ گەورە کە بەروالّەت لە شیخ عوبەیدیلا پشتیوانی دەکرد، ئیمپەراتوری عوسمانی بوو، کە دەیویست لە (مەجمەعی ئیتیفاقی کورد) لە راست ئیسلاحاتی روسیەو بەریتانیا، کەلّک وەربگرێ و هەروەها، دەیویست **بە یارمەتی کورد، بزاوی سەر بەخۆخوازانەی ئەرمەنیەکان لە برەوبخا**، هەروا دوریش نەبو کە حوکومەتی عوسمانی دەیویست تا بە داگیر کردنەوەی دوبارەی ئازربایجان، ئەو زەرەرو زیانانەی کە لەلایەن ئوروپاوە، توشی بو، تۆلّەی بکاتەوە.

**دوکتور سەیید عەزیز شەمزینی** کوڕی سەیید عەبدوللاّ ئەفەندی گەیلانی‌زادە، نەوەزای شیخ عوبەیدیلا، لە کتێبی خۆیدا بەناوی (بزاوی رزگاری نیشتمانی کوردستان) بە واتایێ دیکە (ڕاپەڕینی ئازادیدەری نەتەوەیی کوردستان) لە پەرەی ٥٧ ـ ٦١ ئاوای نوسیووە:

بزاوی سالّەکانی (١٨٨٠ ـ ١٨٨١ ـ ز ـ) شیخ عوبەیدیلا نەهری گەیلانی شاهی شەمزین، فرە بەئاشکرا دیار بوکە مەبەستی شیخ لەو ڕاپەرینە، مەسئەلەی نەتەوایەتی و کوردایەتی و ئازادی و **سەر بە خۆی کورد و کوردستان بووە** و گەورەترین بزاوی ئازادی خوازی نەتەوەی کورد، بووە لە سەدەی (١٩) نۆزدەدا، شیخ عوبەیدیلا بڕوای وابو، ئەبێ لە دژ و دوژمنایەتی کورد و ئەرمەنی بەرگیری بکرێ بەری بگیردرێ چونکا دژایەتی ئەو، دونەتەوە بە قازانجی کورد، تەواو نابێ و شیخ هەمیشە، دەکۆشاتا پێوەندی **کورد و ئەرمەنی، دۆستانە، پتەوبێ**، جا هەر لەبەر ئەوەیش‌بو (سیمۆن تکوفلویج)ی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەرمەنی کردبووە، وەزیری کاروباری دەرەوەی کوردەکان، شیخ باوەڕی وا بو کە لە ڕێگای ئیسلامەوە دەکرێ تەواوی دەستە و توێژاڵی جیاجیای جامیعە و کۆمکار موتەحید بن و یەک بگرن، **لە گۆتکرەی کۆبونەوەی، نەتەوەی کورد لە نەهری کە** ٢٢٢ کەس لە سەرانی خێڵی کورد، لەوێ بوون، شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین لە فەرمودەکانی خویندا، فەرموی: (٥٥٠) ساڵ بەر لەمڕۆ، ئیمپەراتوری عوسمانی بە زوڵم و ستەم کردن دەسەڵاتی پەیداکرد و بە درێژایی ئەو ماوە لە ڕێگای ئیسلام کلا و لاریێ بووە و ئایینی خوا نەناسی گرتۆتە بەر، جاهەر لە بەر ئەوە لە ڕێبازی تاریخی خویندا کز و **کزەلۆک بووەو لە نابودی نێزیکتر بۆتەوە**، ئازیزانی من وەرن با پێکەوە لە قسەو ئەزمونی پێشینانی خۆمان، پەند و عیبرەت فێربین، ئیتر سەر بۆ زوڵم و ستەمی تورکی خوا نەناس. دانە نەوێنین، نە تەنیا کوردانی بن دەس تورکانی تورکیە بە ڵکو کوردەکانی بن دەس حاکمانی قاجاری زاڵم و مارزی ئێرانیش ئەبێ ئازاد و سەر بەخۆبین، ئەوە ویستی پێشینانی ئێمەیە کە لەبن سێبەری دیندا بۆ ئازادی و سەر بەخۆیی نەتەوە و نیشتمانی خۆمان مروێانە بکۆشین و لە قسە و پەند و ئەزمونی ئەوان، تەجرەبە فێربین، تا بەئامانجی خۆمان بگەین، ئەمرو نابێ لە حوکومەتی قاجار لە ئێران بترسین، چونکا ئەگەر ئێمە پەلاماری بدەین، ئەو ناتوانێ پترلە سەد هەزار سواری شەڕوان، ئامادە بکا، کە نیوەش لەو سوارانە لە کوردەکانی خۆمانن، کە ئەوانیش لە دەس زوڵم و ستەمی حوکومەتی زاڵم و مارزی ئێران ناڵە ناڵیانە، هەر وەکو ئاگادارن بەشێ لە سەر و سامانی کوردستان، لەبن دەسی دەسەڵاتدارانی زاڵمی ئێراندایە، **ئێمەراپەرینی ئازادیخوازی خۆمان لە بەشی کز وکەنەفت ترکە حوکومەتی زاڵمی قاجار ـ ی ئێرانە، دەس پێدەکەین، تا سەرەنجام کوردستانی بن دەس عوسمانیش رزگار و ئازاد بکەین**، ئەم حەرەکەتە، دەبێتە هۆکە بە شێ فرە لە هەرێمی کوردەواری بخەینە بن فەرمانی خۆمان و لەگەڵ خۆمانیان بخەین و شەڕوانانێ فرە، بێتە نێو هێزی پێشمەرگەی ئێمە و ئەوسا بە دەسەڵات و هێزێ

Dr.Saleh Ebrahimi



فرەتر، بچین بەگژ حوکومەتی زڵهێزی عوسمانیدا، بەڵام ئەگەر تەنیا بەچیا سخت و بەرزەکانی کوردستان دڵخۆش بکەین، لەوێ بە دەس هێنانی کەرەستەی جەنگ و ئازوخە، کەند و کۆسپمان بۆ دروس دەکا، **ئێوەش دەتوانن بیروڕای خۆتان بە ڕاشکاوی و بە ئاشکرا، دەربڕن، تا بە تەگبیر و مەشوەرەت بە ئاکام بگەین**: ئایا ئامادەن دەس بکەین بە ڕاپەرین و برۆینە پێشەوە؟ تکایە هەربیر و ڕایەکتان هەیە، بە ئاشکرا بەیانی بکەن.

دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کتێبی خوێدا (بزوتنەوەی نەتەوایەتیەکانی کورد) لە پەرەی **٣٩ - ٤٠ دا ئاوای نوسیووە، لە مانگی گەلاوێژ: مورداد**ی ١٨٧٩ - ز - شیخ عوبەیدیلا سەد و بیست و دوکەس لەسەرانی ئێلی کورد و پیاوە گەورەکانی ئایینی لە مەلبەندی شەمزینان لە نەهری کۆ کردەوە و لەو کۆڕ و کۆبونەوانەدا، لە بابەت داڕشتنی نەخشە و بەرنامەی جەنگ و بزاو، لێکۆڵینەوەیان کردو بیروڕای خەڵکی ویست تا چیکەن و لە کوێوە، دەس بدەنە ڕاپەرینی ئازادیخوازی کە ئاسانتر بە نەتیجە بگەن، هەندێ لە سەران لایان وابو، هەر لەسەرە تاوە هێرش بەرنە سەر، شەروانانی هەر دو حوکومەتی عوسمانی و قاجار، بەڵام شیخ جەنگ کردنی لەگەڵ دو حوکومەتی، وەک عوسمانی و قاجاری ئیرانی، هاو زەمان لایشی وا بووە، جەنگێ ئاوەها لەوزە بەدەرە و بەرژەوەندی کورد دابین ناکاو بڕوا هاتەسەر ئەوە لە سەرەتاوە، هێرش بەرنە سەر شەروانانی قاجار و ئەو جەنگە لە نێوەراستی ڕەزبەر (میهر)ی ١٨٨٠ - ز - لە دوقۆڵەوە، دەسی پێکرا، هێزی یەکەم بە فەرماندەیی شیخ صدیق کوڕی گەورەی شیخ عوبەیدیلا بوو، بۆ ئابلۆقەدانی شارەکانی ورمێ، سەڵماس: (زاروەند) خۆیێ و ماکۆ (مادکۆ). هێزی دوەمیش لە بن فەرمانی شیخ عەبدولقادر کوڕە چکۆڵەکەی شیخ، بوو، بە یارمەتی دوکەس لە سەرانی ئێلی کورد، بە ناوی (هەمزاغای مەنگور و فەیزوڵلا بەگی، بەگزادە، بۆ ئابلۆقەدانی شارەکانی سابلاغ: (مەهاباد)، میاندواو، مەراغە و تەوریز.

دوکتور شەرەفکەندی لە بەر دەوامی کتێبەکەیدا دەنوسێ: شیخ عەبدولقادر کوڕی

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخ عوبەیدیلا لەساڵی ١٩٠٨ -ز - ڕۆژنامە یەکی بە ناوی ئۆرگانی (جەمعییەتی تەعالیو تەرەقی کورد)، بلاو دەکردەوە. **ئەو ڕۆژنامە، یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەت بە کوردەکان بو** کە بە ڕەسمی بلاو دەکراوە. لە ڕاستیشدا تریبوێنێ بو، بۆ باس و تووێژ لە بابەت فرەیێ لە بارەی فەرهەنگ و کوردایەتی و مەبەستی نیشتمانی کوردەکان، کە هاودەنگی و هاوکاری و یەک گرتنێ فرە و پەرەداری لە نێوکورو کۆمەڵگای کوردەواریدا سازدا بەلام لە دواییدا بە بۆنەی کێشمەکێش لە نێوان بە درخانیان و سەیید تاهای نەهری کوری شیخ صدیق کوری شیخ عوبەیدیلا، دژایەتی گەیشتە ئەو شوێنەی کە شیخ عەبدولقادر بە تەواوی لە (جەمعییەت) جیا بۆوە و ڕۆژنامە تایبەتیەکەی خۆی بە ناوی **(هەتاوی کورد)** بلاو دەکردەوە. حەمە ڕەسوڵ هاوار لە کتێبەکەی خۆیدا: (سمایل ئاغای شکاک) پەرەی ١١٢ - ١١٣ ئاوای نوسیوە: **شیخ عوبەیدیلا لە ڕوی ئەو ئەزمونانەی کەلە بزاوی بەدرخان پاشا فێر ببو، فرە بە ڕچاو تێکۆشا تا دۆستی و پێوەندی نێو سەرانی کورد قەوی** و پتە و تربکا، چونکا باش تێگەیشتبو، یەکێ لە هۆی دابەش بونی کورد، ئەوەیە کە سەرانی ئیلی کورد، سەبارەت بە یەک عنادیان هەیە و پێوەندی دۆستی و پاراستنی بەر ژەوەندی **کورد وکوردستانیان لە نێواندا نیە وئەگەر هەشبێ فرە لاوازە.** جا شیخ عوبەیدیلا لە بەر ئەوە کە دەردەکەی ناسیبو، دەس بە کار بو ژمارێ فرەی لە سەرانی ئەوئیلە کوردانە، یەک خست و بەرە یەکی یەک گرتوی سازدا و لەگەل بزاوی خۆی خستن دیارە هەروەک مێژو، دەڵێ: **یەزدان شێری خزم وکەسی بە درخان پاشا، لە هەنگامەی شەڕی دەو ـری ورمێ، خەیانەتێ گەورەی بە بزاوی کورد،** کرد، کە سەرەنجام بووە هۆی تیشکانی بە درخان پاشا، هەربە و شێوە **تەیمورخان پاشاکە ڕابەری کوردەکانی جەلالی** بە ئەستۆبو، لەگەل سەربازان و شەروانانی حوکومەتی قاجاری ئێران بەگژ پێشمەرگەی بزاوی شیخ عوبەیدیلادا چوو بووە هۆی تیشکانی هێزی شیخ لە شاری ورمێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



حەمە رەسول هاوار لە کتێبەکەی خویدا چەندین نامەی تاریخی هێناوە، ئەو نامانە بە لگەی مێژویین لە بابەت ناساندنی راپەرینی شیخ **لە پێوەندی لەگەل و لآتانی** دیکەدا. بوۆینە نامەی میرزا حسێن خان سپەهسالار و نامەی تومسۆن نوێنەری ئینگلیس لە تاران بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا،گرینگتر لە هەمویان، نامەی شیخ عوبەیدیلایە، **بۆ کاپیتێن کلایتون کۆنسولی ئینگلیس**، تەواوی ئەو نامانە، نیشانەی ئەوەن کە شەرق و غەرەب، داچلەکابون و ترسیان لێ نیشتبو کە نەبادا کوردستان ئازاد و سەر بەخۆبێ - کۆنسولی روس لە تەوریز نوسیویەتی: نەتەوە و «میللەت»ی کورد، لە بەر ئەوەی لە کار و کردەوەی کار بە دەسان و **دەسەلآتدارانی ئێران بەدل و دەرون بێزار بـون و فـرە بـە دەسیانەوە توشی دەرد و رەنج و زولم و ستەم ببون و دەسەدەسە رویان دەکردە شیخ و لایان وایە شیخ ناجی و رزگاری دەریانە**، شیخ عوبەیدیلایش، هاتبووە سەر ئەو بیر و بروایە: **کورد و ئەرمەنی** کە لەو سەردەمەیدا بە (نەستوری) ناودار بون، دەبێ پێکەوە بە دژی زولم و ستەمی کار بە دەسان و شەرفرۆشانی حوکومەتی عوسمانی یەک بگرن و وێکرا بەرەنگاریان بین. جاهەر لەو سۆنگەوە بو؛ شیخ لە مارشەمعول: (مارسیمون)، سەروکی ئەرمەنی یەکانی ویست لەگەل شیخ یەک بگرن و ئەویش قسەی شیخی قەبول کرد. کاپیتێن کلایتون دەنوسێ: نەستوریانی شەمزینان لێبڕان کە یارمەتی شیخ عوبەیدیلا بدەن پەرەی ١١٧.

دوکتور سەیید عەزیز شەمزینی لە پەرەی ٦٠ - ٦١ی کتێبەکەیدا، دەنوسێ: **شەروانانی روسی تەزاری چونە یارمەتیدانی شای قاجار**، تا راپەرینی شیخ عوبەیدیلا، کار نەکاتە سەر هەرێمەکانی دیکەی کوردستان و بیری راپەرین، نە دەلێنە نیو دل و دەرونی کوردەکان لە باقی ولآتانی تر. جاهەرلە بەر ئەوە، شەرفرۆشانی روس، لە سنورەکانی ئەو ناوەناوەدا، ئامادەی شەر بون، لەو سەردەمەیداکوردستان، هەروەک، **دەربەند و بنبە سراوێک لە نێوان شەروانانی سێ ولآتی ئێران، تورکیە و روسیە، قەراری**

Dr.Saleh Ebrahimi



**گر تبوو دەورەی بە شەرفرۆشانی ئەوسێ حوکومەتە،** تەنرابو. شەرگەیشتە، ئەو پەڕی خۆی، حوکومەتی ئێران، توانی بە یارمەتی **تەیمورخان پاشا، سەرداری ماکۆ،** کە فەرماندەیی ئاغاوات و جاشەکانی ئەو ناوەی بە سوکر بوو لە ئاکامدا هێزی شێخیان وادار بە پاشەکشە، بۆ نێو چیا و چرە سەخت و بە رزەکانی نێو کوردستان کرد. ئاغای موسەوی لە کتێبەکەیدا (تاریخی ماکۆ لە پەڕەی ١٠٦ ئەوا دەنوسێ: (تەیمورخان پاشا بە تێکۆشانێ پڕفرە، لەلای خۆو سەلّما سەوە بە رەو، ورمێ بۆی ئاژۆتووە و کوردەکانیش کەجیایی کە تبووە نێوانیان، تێکیشکاندن و نەی هێشت بچنە پیشەوە، هەرئەوەش بو کە خەلّکی ناو چەکە، ناز ناوی پاشا، یان پیێ داوە.

ئیسکەندەر غوریانسە شەلە، لە کتێبەکەیدا (بە ئیهتیمای عەبدوللاّ مەردوخ) فرەتر لایەن گری لە حوکومەتی قاجاری کردوە و بە دژی شێخ عوبەیدیلا قسەی کردوە، ئەم کتێبە لە پێوەندی بۆ ناساندنی تاکە تاکی عەشایر و بەلگەی ئەو دەورانە، جێی سەرنجدانە ئەولە پەرەی ٩٧ دا ئاوا دەنوسێ: شێخ عوبەیدیلا دوای تەگبیر و مەشوەرەت کردن لەگەلّ خەلیفەکان و سەرانی ئیلی کورد نامەیەکی بۆ شیخول ئیسلام موجتەهید ـ ی شاری ورمێ نوسی: «ئەگەر خوازیاری خوێن رشتن، نین و کوشت و تالاّن و بروی خەلّک ناوێ، پیویستە شاری ورمێ بدەیتە دەس من، دلّنیاش بن بە قانون و زاکۆن کار دەکەین و ئیجازە نادەین خەلّک توشی کەندو کۆسب و دەرد و رەنج ببێ ولە مالّ و ناموس و سامانی خەلّکی پارێزگاری دەکەم، بەلاّم ئەگەر بە شێوەی ئاشتی شارنەدەیتە دەسمان دەترسم، وەک میاندواوی بە سەربێ و تاوانەکەی بکەوێتە، ئەستۆی تۆ، بەلاّم ئێمە لە هەر هەل و مەرجێکدا، ریعایەتی مەسیحیەکان لەبەر چاو دەگرین و یارمەتیان، دەدەین، هەروەها لە بارەی شێخ عەبدولقادر کە لەو سەردەمەیدا لاوێ ٢٢ سالّە بووە و لە فەرماندەیی سپای کورد، بە یارمەتی سەرانی ئێلی ناوداری کوردەکانی بن دەس قاجار = ی ئێران، تێدە کۆشا، غوریانسە شەلە لە پەڕەی ٣٨ دا ئاوای نوسیوە:

Dr.Saleh Ebrahimi



**هەمزاغای مەنگور سپەهسالار و پیشکاری کولل** بوو گەورە گەرە کان و سەرانی ئەوسپایە، بە دەس هەمزاغاوە بوو سەر کردە کانی دیکەی وەک **محەمەد اغای مامەش، مامەنداغای پیران،** سوراغای سەروکی ئێلی زودی و عەوللاخان و برایمخانی زەرزا ـ یش حوزوریان هەبوو **سەراو پەردەی شیخ زادەش بریەتی بو، لە یەک چادری** سەربازی کە ئارایش و جوانی تێدا نەبوو محەمەداغای ماش بەوی دا بوو دولبادی کوتە و... تێدا بو.

دوکتور سەیید عەزیز شەمزینی لە پەرەی ٦١ کتێبەیدا، دەنوسێ: (لە سالّی ١٨٨٠ ـ ز ـ حوکومەتی روسی تەزاری و دەولەتی ئینگلیس دوای و تووێژو تێکوشانی فرە، توانیان شیخ عوبەیدیلا کە چارەنوسی نەتەوەی کورد، لە رێگایێ دیکەوە، چارە سەربکرێ. ئەو قسەوباسانە، بونە هوکە شێخ بچێتەشاری ئەستەمبول، بەلام حوکومەتی عوسمانی، لە بابەتی دوزینەوەی چارە سەرێ بونەتەوەی کورد، شێخیان خستە زیندان شێخ دوای سالێ کە لە زیندانی عوسمانی دابو، دەرە تانێکی بو رەخسا و لە زیندان رای کرد و لە رێگای قەوقازە وە، چوە کوردستان، بەلام حوکومەتی عوسمانی بەها و کاری قاجاری ئێران ـ دوبارە شیخیان گرت و دەرەتانی دوبارە بە سیج کردنی کوردیان پێ نەداو بە روزە ملی لە گەل کورە کانی و خاوخێزانیدابردیانە حیجاز (: تایف) (عەرەبستان) و لە کوردستانیان دورخستەوە. حەزرەتی شیخ لە سالی ١٨٨٣ لەوێ وەفاتی کردوە و لە سالّی ١٨٨٣ ی زاینی، بنە مالەی شیخ عوبەیدیلا، گەرانەوە، ولات و شیخ عەبدولقادر لە رێگای رابەری کردنی (جەمعییەتی تەعالی و تەرەقی کوردستان) ئیدامەی راپەرینی شیخ عوبەیدیلای دا و سەرەنجام شیخ عەبدولقادر گیان و روحی خوی لە سەر ئازادی کورد و کوردستان دا ناو لە سالّی ١٩٢٥ ـ ز ـ بە دەسی تورکان: گەمال مستەفا پاشا لە داردرا.

کریس کوچە رانوسەر و روژنامەنوسی فەرانسەوی لە کتێبە کەیدا (راپەرین کورد)

Dr.Saleh Ebrahimi



پەرەی ۲٦ ـ ۴۴ ئاوای نوسیووە: (لە جەنگی سالّی ۱۸۷۷ ـ ۱۸۷۸ ـ ز ـ روس و عوسمانیدا شیخ عوبەیدیلا، بە فەرماندەیی دەسەییّ بچوك لە کوردان، لە شەڕدا بەشداری کردو بە دەس هێزی شەر فرۆشانی روس بە سەختی تێشکاو بە دەسی خالّی گەرایەوە سەرمالّ و ژیانی خۆی، حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا مرۆڤێکی سادە، قانیع و زەرا بە مەوجود، پارێزکار و فرە دیندارو بە تەقوا بووە، سەخت حەزی لەوە بووە کە نەتەوەی **کورد، لە ئازادی و سەر بە خوێی و شادی و بەختەوەریدا بژین،** کوردەکان شیخیان بە رەوانە کراوی خودا دەزانی و بە نوێنەری خودا تەماشایان دەکرد، ئەو مەبەستە لە قات و قری و وێرانی، بێ وێنەی، ناشی لە جەنگی روس و عوسمانی لە ویلایەتی کوردستانی بن دەس عوسمانی، فرە بە ئاشکرا دەبیندرا کە خەڵك شیخیان هەروەك رەوانە کراوی خودا تەشادە کرد. ـ شیخ عوبەیدیلا دوای نوسینی بەیانیەی خۆی، لە نێو بنیات نەران و دامەزرێنەرانی ـ ناسیونالیسمی نەتەوەی کورد، جیێ گرت.

کریس کۆچەرا هەروا لە بارەی شیخ عەبدولقادرە وە، کە سەناتۆری پارلمانی عوسمانی بووە، ئاوای نوسیوە: (شیخ عەبدولقادر لە پلەو جلکی سەناتوریدا رودە کاتە حوکومەتی عوسمانی و پێی دەڵێ (ئەمرۆ پێنج یا شەش ویلایەتی کوردنشین، هەیە، باش وایە حوکومەت، **خودموختاری بەوشۆێنانە بدا،** تا لە رێگای مرۆڤی شەریف و لە کارزانو دادگەر، باشتر بتوانن عەدالەتی کۆمەلایەتی و تەوسیعەی پەرەدارو موتەوازین، بەدی بێنن، هەروەکو رام گەیاندوە ئێمەی کورد، دژایەتێکمان لەگەلّ تورکاندا نیە، تەنانەت فرەیش پێمان خۆشە، لە دەولەتی خودموختار ـی کوردستاندا، کە خوازیاری دامەزراندی ئەوەین، تورکەکانیش بە شداریمان لەگەڵدا بکەن پەرەی ۴۲ ـ لە مانگی ئاوریلی سالّی ۹۲۰ ـ ز ـ شیخ عەبدولقادر لە ئەسنا فی کوردەکانی دانیشتوی شاری ئەستەمبوڵی ویست، کە نوێنەری تویژالی فرەپاینی کۆمکار و جامیعەی کوردی دانیشتوی پێتەخت بون کە لە (چینی ئاوکێش، بارکێش و گسکلێدەر و...) پێك

Dr.Saleh Ebrahimi



دەهاتن، نامەیەکی لەوانە بەدەس گەیشت کە رایان گەیاندبو، کە شێخ عەبدولقادر، شیاوی ئەوەیە، بە ناوی نەتەوە (میللەت)ی کورد، لەگەڵ حوکومەت دا قسەبکا و لە لایەکی دیکەیشە وە خوێندەوارو رونـاکبیرانـی کـورد، کـە لە دەوری ئـەمین عـالی بەدرخان، کۆببونەوە، شیخ عەبدولقادریان، لە سەروکی خویان لابرد و لە (جەمعییەت) کارکەنار: وە دریاننا، سەرەنجام کورد، توشی لەت لەتو جیابونەوە هات و دوسازمانی ناسیونالیسمی کورد لە شاری قوستەنتەنیە، بە دیهات و سازدراو کەوتنە گەڕ، یەک جەمعییەتی کۆمەڵاتی کورد، بە سەروکایەتی ئەمین عالی بەدرخان لەگەڵ مەمدوح سەلیم لە پلەی دەبیر کوللیدا. دوەمیان جەمعییەتی کورد و کوردستان بە سەروکایەتی شیخ عەبدولقادر، پێکهات، دژکارانی شیخ **عەبدولقادر، بە تایبەت تاکە تاکی خانەدانی بەدرخان، قەت بە ئینسافە وە لە بارەی ئەودا. داوەریان نەدەکرد و نەیان کردوە.** تەواوی دیپلۆماتەکانی خاریجی کە شیخ عەبدولقادر لەگەڵیاندا پیوەندی هەبوو بە تێکرا لەبن تەئسیری مەتانەت؛وەقارو قورسی و سەنگینی و راستی و دروستی کاروکردەوەی جەمیلی کە سایەتی ئەودا قەراریان گرتبو.

شیخ عەبدولقادر لە و تووێژکردندا لەگەڵ یەک دیپلۆماتی بە ریتانیای پێوەندیدار بە کومێساریای عالی بە ریتانیا لە قوستەنتەنیە، پەند و ئەمسالیکی کوردی بۆ دەگێڕێتەوە **(دوژمنەکەت تە نانەت مێلورە یەکیش بێ مادام دوژمنە نابێ لەوە غافل بی.)** بۆ شیخ عەبدولقادر دوشت ئەسڵی بوون، یەکەم **تەزمینگەلی پێوەندیدار بە خودموختاری** نەتەوەی کورد؛ دوەم **یەکبون و وەحدت و سەربەخۆیی کورد.** ئەوان بیروبڕوای خۆی بۆ. م. درویک یەکێ لە کومێساریای عالی بەریتانیا لە قوستەنتەیە، بە ئاشکرایی دەر دەبرێ و بەیانی دەکاوپێی دەڵێ: (ئەگەر دەوڵەتی ئەعلا حەزرەت پاشای ئینگلیس، **خوازیاری ئەوەبێ کە سەر بەخۆی کوردستان، رابگەیێنم و ئەوسا پشتیوانیمان لێ بکا،** ئەو، ئەو کارە دەکا. بەڵام لە هەل و مەرجێکی ئاوەها نادیار، هەنگاو، هەڵێنانەوە بۆ کارێ

ئاوەها پڕ گرینگ قازانجێکی بۆ کورد نابێ، ئەو لە ساڵی ١٩٢٥ لەقوستەنتەنیە، ئەستامبوڵی ئێستا لەداردرا.

صالح محەمەد ئەمین لە کتێبەکەیدا (کوردو عەجەم تاریخی سیاسی کوردەکانی ئێران) پەڕەی ١٥٥ ـ ١٥٦ نوسیویەتی: مەبەست و ئامانجی ئیستراتیژی شیخ عوبەیدیلا، **سازدانی دەوڵەتی سەر بە خوێ کوردستان بوو،** هەدەفەکانیشی بە مجۆرەی خوارەوە بوون: ١ ـ هەموو کوردێ بەبێ سەرنجدان بە تەفاوەتەکانی خانەوادە و بنە ماڵە، خانەدانی، ئێلی، هەرێمی، زاراوەیی و... لە سەر بنەرەتی، پێوەندی نیشتمانی و میللی لە دەوری یەکتر کۆ بینەوە و لە دەوری یەکتر کۆیان بکاتەوە و لە حوکومەتی عوسمانی و قاجاری ئێرانی. بە رواڵەت ئیسلامی، جیایان بکاتەوە.

٢ ـ دژو دوژمنانی کورد چ دەسەڵاتدارانی عوسمانی یا قاجاری لە خاک و نیشتمانی کورد، وەدەر بنێ.

٣ ـ هەردوبەشی کوردستانی بن دەس عوسمانی و قاجاری،زرگار و ئازاد و سەر بەخۆ بکا.

٤ ـ دەیویست: ئاسایش و باری ئابوری، فەرهەنگی، کومەڵایەتی و سیاسی و بازرگانی، خوێندن، لە هەربارو بابەتێکەوە بۆکورد و کوردستان دابین بکا.

٥ ـ پێوەندی دۆستی لە نێوان گەلانی مەسیحی، ئەرمەنی، ئاشوری، زەردەشتی هاو وڵاتی کوردەکان لە سەر بناغەی پێکەوە سازان و چاو پۆشی لە ئایین و دین و مەزهەب و رێبازگەلی جیاجیا و رێز و حورمەت گرتن لە یەکتر و پاراستنی کەرامەتی یەکتر و مرۆڤانی یەکدی، بەدی بێنێ.

٦ ـ پاراستنی هاو پێوەندی خەڵکی موسوڵمانی ئێران و عەرەبی ویلایەتی موسڵ، بەغا، حیجاز، میسر، لەبەر چاوبگرێ. بۆگەیشتن بەو ئامانجە گەورانەش لە رێ و رەسم و ئوسلوبی تێکۆشانی سیاسی و رامیاری دیپلۆماتیک و نیزامی کەڵک وەر بگرێ.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەرکینان نوسەری ئیرلەندی، زەمانێ کە لە عیراقدا تەدریسی کردوە و لەوێ کە لە گەڵ مەسئەلەی کورد ناسیاوی پەیدا کردوە، لە کتێبەکەیدا (کوردەکان و کوردستان) دا ئاوەهای نوسیووە، ساڵی ۱۸۹۲ ـ ز ـ حوکومەتی عوسمانی فێرگە، گەلێکی بە ناوی تەلقینی حوسنی وەفاداری سەبارەت بە ئیمپەراتوری عوسمانی لە نێو روڵەکانی سەرانی کورد و عەرەب و لە هەمان کاتیشدا ناسیاوکردنی ئەوان بەنەزم و نیزامی، نیرامیگەری، لە نێوسپایێ تازە دامەزراو، سازدابو و ئەو ئەزمونە فرەی پێ نە چو کە لە ساڵی ۱۸۷۸ ـ ز ـ شیخ عوبەیدیلا بۆ کۆنسولی بەریتانیا (کلایتون) ئاوەهای نوسیبو: میللەت و نەتەوەی کورد، میللەتێکە جیا، لە تورك و قاجار، مەزهەب و رێبازیشیان و ئاداب و روسومیشیان، لەوان جیایە و جیاوازی‌مان هەیە، سەرانی ئێلی‌کورد و حاکمانی نەتەوەی کورد چ ئەوانە لە بن دەس تورکاندان یا ئەوانەی لەبن دەس قاجار دان، **ناتوانن لەسەر ئەوشێوە ژیانە بە ردەوام** بمێننەوە... کوریس کۆچە را لە سەر نامەکەی شیخ عوبەیدیلا دەروا و ئاوەها دەنوسێ: «لە گەڵ ئەو دوحوکومەتە ناکرێ بە وشێوە بەردەوام بین و لە گەڵیاندا ژیانێ بەبێ وەیانە، بدەینە سەر، ئەبێ کارێ بکەین تا دەوڵەتەکانی ئوروپایی سەرنج بدە نەکارو باروکەند و کۆسبی کوردان کە بە دەس زوڵم و ستەمی ئەو دو حوکومەتە مارِز و زاڵمانەوە ناڵەیان **دەگاتە ئاسمان، ئەسڵی نامەکە بە خەتی شێخە** کەئێستا بەوێنەی بەڵگە و سەندی تاریخی، لە ئارشیوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بەریتانیا راگیردراوە و بە داخەوەگیر ئێمە نەهات نابیخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەرێز، ئەدگار ئوبالاس لە کتێبەکەیدا (بزاوی کوردەکان) تەرجەمەی ئیسماعیل فەتتاح قازی پەرەی ۹ نوسیویەتی: (**یەکەمین هەنگاوی کوردایەتی سیاسی و میللی نۆگری کوردەکان لە ساڵی** ۱۸۸۰ ـ ز ـ بە هۆی بیروڕای یەك شێخی کورد، بە ناوی شیخ عوبەیدیلای نەهری **شاهی شەمزین، ئەنجامی گرت، شیخ عوبەیدیلا**، لە ناوچەیێ لە نیشتمانی کوردستان، دەژیا، کە بە ناو بەشێ لە خاکی تورکیە، دەژمێردرا، شیخ عوبەیدیلا، لە بەرا بەیەك

Dr.Saleh Ebrahimi



ناوچەی کوردنشین بن دەس قاجاری ئیران هێرشی بردو **هەدەفی شیخ لەو ڕاپەڕین و بزاوە ئەوە بوکە بۆ نەتەوەی کورد، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی سازبدا.** ن. ئا. خەلفەین نوسەرو پروفیسوری ناوداری ڕوس، کە لە سەنەدەکانی لە ئورووپای ڕۆژاوادا، بە ناوی مەداریکی ڕەسمی لە نوسینی تاریخدا کە لکی لیوەر، دەگیر درێ، بەشێ فرەلە کتێبەکەیدا بە ناوی (خەبات لە ڕێگای کوردستان) دا، کە بە کوردی سۆرانی تەرجەمە کراوە، دەیکاتە وەقفی بارودۆخی دەورانی ڕاپەڕینی شیخ عوبەیدیلا، ئەم کتێبە بە هۆی جەلال تەقی لە زمانی ڕوسییەوە بە کوردی سۆرانی تەرجەمە کراوە، کوردستان باشوری: عیراق. ئەویش ئەم بزاوی میللی **ئوگرانەی کوردەکان، بە ناوی یەکەمین وگەورەترین ڕاپەڕین لە سەدەی ١٩ی زاینی،** دادەنێ. ـ شیخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین یەکێ لەگەورەترین عالمان و عارفانی ڕۆژگاری خۆی بووە و کتێبی مەسنەوی خۆی بە زمانی فارسی نوسیوە کە لەو سەردەمەدا یەکێ لە زمانەکانی باو بووە، لە وێژە و وێژەوانی ڕوژ هەلاتی نافین، لە ساڵەکانی (١٨٧٨ ـ ١٨٨٢ ـ ز ـ) وە بێجگە لەمە، ریسالە و نوسراوی دیکەیشی بە زمانی کوردی و عەرەبی هەیە، بۆوێنە لە چاپی سێوەمی: مەموزین دیوانی حەکیم ئەحمەدخانی، نوسراوە:

(ئەقیدائیمانێ) تە ءلیفی شیخ عوبەیدیلایە، شیخ عوبەیدیلا، کوڕی سەیید تاها ـ ی نەهری یەکێ لەناودارترین سالیکانی ڕێگای عیرفان و بەچەن پشت دەگاتە حەزرەتی غەوسی ئەعزەم: شیخ عەبدولقادر گەیلانی کوردی گەیلانی لای کرماشان، کە لە ئەعزەمیەی بەغا نێژرراوە (کتێبی ئێران شار چاپی ئێران دیانی بەوە داناوە کە ئەزاتە کورد بووەو پرزانا حسین حوزنی موکریانیش لای وایە کەئەوزاتە کوردە.) مەسنەوی شیخ عوبەیدیلا، فرەتر کە سایەتی دینی و مەزهەبی و ڕێبازی عیرفانی ئەوزاتە نیشان دەدا، شیخ بیروڕای خۆی بە وێنەی شیعری عارفانە بەیان کردوە و لەگەڵ ئەوە شدا لە بارەی باری سیاسی و کۆمەلایەتی کورد، بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد، لە دەس زوڵم و ستەمی

Dr.Saleh Ebrahimi



عوسمانی و قاجار لە کلکەی سەدەی ١٨ی زاینی بەشیعر فەرمویەتی:

کورد سەحرفند جمع آن همین — کاف کمال و راء رشد و دال دین
جوهری دارند در فضل و هنر — که ندارد هیچ اقوامی دیگر
خود شدم حاضر میان کارزار — با گروهی عَدَّ آن پنجاه هزار
متفق گر بود و بودی یک امیر — دولتی میگشت بی‌مثل و نظیر

لە بابەت عیرفانیشەوە فەرمویەتی:

از دل و دیده بباید ساخت پا — تا رسد سالک به درگاه خدا
گر خدایت چشم حق بینی دهد — کی خدا بین خویشتن بین می‌شود
ای برادر کسب عشق از صحبت است — غیر علم عشق کسب غفلت است

لێکۆڵەرو موتەرجیم و شاعیری ناوداری کورد هەژار بەشیعری کوردی فەرمویەتی:

که سەردەستەی هەمو مەستانە خالید — نە مامی باغی کوردستانە خالید
فیدات بم نیشتمان بۆ شارەزورت — کە روناکە شام و ئەستەمبوڵ بە نورت

مەبەست لە ئەستەمبوڵ شێخانی شەمزینە، هەروەک دەڵێ:

بە عەبدوللاّ و تاها پیری شەمزین
لە داوای دین نە ماندوبوون نە شەمزین
شەمی دڵ بوون و زەینی مەحفەلی دین
وە تەن هەرشادیی! تۆوو دوکورەت دین

سەرچاوە مەسنەوی شیخ عوبەیدیلا شەمزینی ١٨٨٣ ـ ١٨٧٨ ز کە چەن کس لە ساداتی نە هری لە ١٩٩٩ی زاینی موئەسەسەی زاگرۆس میدیا، گۆتۆمبێرگ سوێد مارسی ٢٠٠٠ ـ ز ـ ئەو مەسنەوی‌یان لە چاپداوە و کتێبی راپەرینی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین بە زبانی کوردی بە قەڵەمی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل) پەرەی ٤٦ تا ٦٠٦ کە قەرارە لە هەولێر وەزارەتی

Dr.Saleh Ebrahimi



(فەرهەنگ): رۆشنبیری کە ۲۰۰٦ ز ـ لە چاپی بدا.

بۆکەمێ رون کردنەوە: ئەبێ بڵێین: دوای تێشکانی ئیمپەراتوری عوسمانی لە یەکەم جەنگی جیهانیدا، مستەفا گەماڵ ئەتاتورک و هاو قەتارانی بۆگوڕوتین و تەواندان بە تورک سالاری، کە هەدەفی تور سازدان و تاوا ندنەوەی کەمە نەتەوە یەکانی ناتورکی نیشتەجیێ ئاناتوڵی، بوگە، لە بەرورپایی و ئاگاداری و تێگەیشتن و پێگەیشتنی میللی و کوردایەتی کردنی کوردەکانی بن دەس عوسمانی و تورکیە و لەبەر پڕهێزی بزاوی ئازادیخوازی کورد، تورکەکان نەیان توانی بە ئامانجی پیس و نگریسی خویان بگەن (بڕوانە:

dr. t. z. tunayatukiye desiusi partial 1859-1 Istanbul - 1951 4 Z 9 430, 1957.

هەروا بڕوانە: کتێبی کوردانی گۆڕان و مەسەلەی کورد، لە تورکیە، نوسراوی ئاکۆپف ـ هاکوپیان، تەرجەمەی سیروس ئێزەدی بلاوکی هیرمەند چاپی ۱۳۷٦ی هەتاوی ـ شوڕشی کوردەکانی تورکیە و شوێن دانانی ئەوە لە سەر پێوەندی دەرەوەی ئێران چاپی ۱۳۷۴ تاران کاوە بەبات) لەو سەردەمەی‌دا، (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) کە دامە زرێنەرانی ئەوە: **عەللامە بەدیع زەمان مەلا سەعید نۆرسی** (کە لەم سەر دەمەدا خەڵکی ئەندە نۆزی بە فقیە و فتوای فقیهی ئەوزاتە عەمل دەکەن)، خەلیل خەیال لەموتکی، هەمزە بەگ لە موکس و... بوون و زۆرینەیان لە موهاجیرانی کوردی دانیشتوی ئەستەمبول کە ئەندامی ئەو (جەمعییەتە) بوون، لە یەکەمین کۆنگرەی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) سەیید شیخ عەبدولقادر نەهری شاهی شەمزین، کە سەناتورو رەئیسی مەجلیسی سەنا و شورای عوسمانی بوو و تازە لە تەبعیدی مەکە، بۆ نیشتمان گەرا بۆوە، بۆ سەروکایەتی ئەو (جەمعییەتە) هەڵبژێر دراو ئەمین عالی بەدرخان و ژەنرال فوئاد پاشا، کرانە بریکاری سەروکی جەمعییەتی ناو براوو ژەنرال حەمید پاشاش کرا دەبیرکوللی ئەو جەمعییەتەکاروتێکۆشانی ئەو جەمعییەتە، سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و فەرهەنگی بوو دەیان **ویست مافی چارەنوسی کورد، دابین بکەن** ـ بڕوانە شیخ عەبدولقادر کوڕی مەلیک غازی شێخ عوبەیدیلا نەهری پەرەی ۷۰ و ۷۷ و ۸۵ کتیبێ کوردەکان، کەندال، عیسمەت شەریف وانلی و مستەفا نازدار، تەرجەمەی

Dr.Saleh Ebrahimi



ئیبراهیم یونسی چاپی روزبیهان ۱۳۷۰ی هەتاوی تاران. ـ ئەو جەمعییەتە خوو ڕەوشتی مام ناوەندی هەبوو لەگەڵ حیزبی حورییەت لە **سەر دابین کردنی خودموختاری کوردستان، لە چوار چێوەی** عوسمانی و تورکیە، هاو بیروراییان، سازدابو، جەمعییەتی تەعالی کوردستان، لە ئوستانەکانی: دیار بەکر: (ئامێد) بدلیس، خەرپوت، نوێنەری هەبوو بۆ سەر و سامان دان بە باری ئابوری، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتی، سەخت تێدە کۆشان، کۆمێساری عالی **بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ، لە تەلگرافێکدا،** کە بۆ نوێنەری دیپلۆماتیکی **بەریتانیا لە بەغا، لە** بەرواری ۱۸ی ئاوریلی ساڵی ۱۹۱۹ی زاینی نوسیبو، رایگەیاندبو، کە سەید شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدیلا نەهری، سەروکی جەمعییەتی تەعالی کوردستان و رەئیسی مەجلیسی سەنای عوسمانی لە لایەن کومەتیەی کوردەکانی ئەوێ، پێشنیارێکی بۆمن هێناوە **و داوای سەربە خۆیی کوردەکان و ئازادی ئەوانی کردوە** تا لەبن ستەمی لە تاقەت بەدەری، زوڵم و زۆری تورکان، رزگار بکرێن و **سەر بە خۆودەوڵەتی تایبەت بە خۆیان** بۆ دابین بکرێ (کتیبێ کوردانی گۆران سەرچاوەی بەرو) ـ لە **(شیرۆ)** نێزیکی مەلاتیە کوتگرەیێ لە سەران و نویتەرانی عەشایری کورد، سازدراوە (٦ سپتامبری ۱۹۱۹ ـ ز ـ) ئەوانەیوا لەو کۆنگرە بە شداریان کردوە، کەسانێ وەکو: بەدرخان، کامران عەلی بە درخان، جەلادەت بەدرخان، جەمیل پاشازادە، ئەکرەم بی، عەلی غالب بی والی خەرپوت، حاجی موسا مالیکی موتکین، شێخ عەبدولباقی کوفرەوی بدلیس، عومەراغا مالیکی دەرشۆ، رەسول ئاغای مشاسایی، سەعدوللا ئەفەندی نویتەری پێشوی مەجلیس، شێخ محەمەد ئەفەندی، شێخ زیائەدین ئەفەندی، نورشینی و جەماڵ چە تۆی مالیکی گرزایین و... لەو کۆنگرەدا بە تێکرای دەنگ **خەلیل رەحیم بی** کە ریش سپی و سەرکردەی ئێلی بەدرخان ـ یەکانە، بە نێوی فەرماندەرو فەرمانرەوای کوردستان هەڵیان بژاردوەو بە ناوی کومەیتەی دیفاع لە حوقوق و مافی کورد، ئوسولی ئەساسی **کوردستانی ئازادیان، راگەیاندوە** و مەفهوم و واتای ئەو ئوسول و بنەرەتیانە، بۆ سەرانی کورد، رەوانە کراوە و بەیانیش کراوە، تورکەگان رایانگەیاندبو، کە لە هاوینی ۱۹۱۹ز، سەرگورد نۆئێلی

ئینگلیسی سەفەری بۆ مەلاتیە کردوە و چوونی ئەو جێی دودڵی نیە: لەم هەل و مەرجەدا بزاوی کورد، ئەوەندە کارایی و بە کار بووە کە لە نێوگەلانی نەتەوە یە کگرتووەکانیشدا، **وەرگیراون**، قسەلە بەرەسمی ناسینی **(حوقوق و مافی میللی کورد، لە پەیمانی سێوێر**، دا هاتۆتە گۆڕ، سێوێر پەیمانێکی ئاشتی بوو کە لە هاوین. ای ئوتی سالّی ١٩٢٠ ز لە پاریس بۆ دامەزراندنی یەک حوکومەتی خودموختاری کورد، بە سەر عوسمانیدا، داسەپابوو (شۆڕشی کوردەکان کاوە بەیات و کتیبی کوردانی گۆران سەرچاوەی بەرو). لە مادە (٦٢)ی پەیمانی سێوێردا تێ بینی کرابو، کە لە خاکی بن دەس **عوسمانیدا، ویلاّتی خودگەردان کە زۆرینەیان کوردبن، بۆ کوردان سازبدرێ**، لە مادەی (٦٣)ی ئەو پەیمانەدا حوکومەتی تورکیەی موتەعەهید کرد بو کە بە پیێ بەرنامەیێ کە کومەیسیێون پێکیدێنێ، **خودگەردانی کورد، ئەبێ لە ماوەی سێ مانگدا**، جێی بە جیێ بکرێ و لە مادەی ٦٤)ی ئەو پەیمانەدا تێ بێنی کراوە کە کوردکان دە توانن، لە جامیعەی میللەل بخوازن، کە حەق و مافی ئازادی و جیابوونەوەی نەتەوەی کورد، لە تورکیە، بەوان بدرێ.

واسیلی نیکیتین لە بابەت گرینگی پەیمانی سێوێر بۆ کوردەکان دەنوسێ: هەرچەندکە پەیمانی سێوێر، تەنیا بەسەر کاغەزە وە ما، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پەیمانە لە تێگەیشتن و **پێگەیشتنی مەسەلەی کورد، چەرخانێکی فرەو پڕ گرینگ بوو**، چونکا بۆ یەکەمجار لە مێژودا مەسەلەی خودموختاری، ئەو ئوستانانەی کە زۆربەیان کوردن، لە سەنەدێکدا، کەو تۆتە بە رورد بوونەوە و سەرنجدان، لەو رۆژەوە ئێترلەگرینگی پێدانی نێوگەلانی **مەسەلە وکێشەی چارەسەری کورد، گومان و دودڵی تیانەماوە و ئەبێ چاربکرێ** بروانە: پەیمان و ئەسنادی ئاشتی سێوێر، مەسکەو ١٩٢٧ ز پەرەی ٢٤ و ٢٥ وکتێبی کوردانی گۆران پەرەی ١١٠ و ١١٤ خالید جەبرانلو کە لە ١٩ی ئوتی سالّی ١٩٢٠ـز ـبەناوی رەسمی سەرکومیسیونی موحاسەباتی شورای دادگای عالی(لە ئەرزەروم)دا هەڵبژێردرابو لە کومەتیەی نهێنی لەگەڵ جەمعیەتی تەعالی کوردستان، بۆسەر بە خۆیی کوردستان فرەسەخت دە کۆشاو نەخشەی بزاوی چەکدارانەش لەگەڵ ئەودا، بنچینەی

Dr.Saleh Ebrahimi



داریژ رابوو لەگەل **شێخ عەبدولقادر** کوری شیخ عوبەیدیلا نەهری شەمزینی و ئەو رەحمان حەقیار کە لە سەران و ئەندامانی جەمعییەتی تەعالی کوردستان بون لە شاری ئەستەمبول، پێوەندی سازدابوو بە یارمەتی ئەوان لەگەل **یوسف زیا** و هاوکارانی، **لەگەل** نوینەرانی مەجلیسی گەورەی میللی تورکیە، نێزیک ببونەوە و ببونە هاوریێ کە لە ریگای **جامیعەی میللەل بۆ ئەوەکوردستان ئازاد بکرێ**، بکۆشن، هەر لەو سەردەمەیدا خالید جە برانلو، دەسی کرد بە کۆکردنەوەی پەیامە نوسراوەکانی فەرمانرەوایانی گوندەکانی بەشی وارتو، بولانیق، مەلأزگرت، خنیس، کارلیف، سولخان و چیکجوراغا کە لەو پەیامانەدا لە جامیعەی میلل داوایان کردبو، کە بەکوردستانی بن دەسی تورکیە سەربە **خۆیی بدەن** ـ ئەو پەیامانە لە ریگای جەمعییەتی تەعالی کوردستان ـ ەوە ـ بەهۆی مستەفا **نمرودی و ژەنرال شەریف پاشای کورد بۆ جامیعەی میلەل**، رەوانە کران، کوردەکان لەریگای زانیاری، دۆستی و محەبەت و راپەرین بۆ ئازادی ئەو کاروراپەرینانەیان ئەنجام داوە، بە تایبەت کە **ژەنرال مستەفا بارزانی و زوهوری راپەرینی گەورەی بارزانی و بارزانیان** سالی ۱۹۷۰ ز چۆکی بە **بەعس‌دادا و مافی رەوای کورد، بە رەسمی ناسیندرا** و ئیترناشیێ کورد لە نێوگری، گرگرتوی نەوتی خۆیدا بسوتێ یالە نێو ناوی کوردستاندا بخنگێندرێ.) ئالەوەها هەل و مەرجێکدا، ژەنرال **شەریف پاشا** کە لە ئیمپەراتوری عوسمانیدا خاوەن پایە، وە پلەێ فرەبەرزی هەبو، لە کونفەزانسی و رسایشدا کرابووە **سەر پەرستی کۆری نوینەری کوردستان لەگەل وەزیری دەرەوەی ئێران** کەوتە و تووێژ کردن، لە بابەت سەر بە خوێی کوردستانی بن دەس عوسمانی کە ئەگەر ئێران یارمەتیان بدا ئامادەیە کەلەبن قەیمومەتی ئێران دابێ و دو یاداشتیش لە (۲۲ ی مارسی سالی ۱۹۱۹ ـ ز ـ و ۱ ی مارسی سالی ۱۹۹۰ ـ ز ـ بە ناوی نوینە رایەتی کورد، **لەگەل نەخشەی کوردستانی یەکپارچەی** بن دەس عوسمانی لە بابەت کوردانەوە، بە کونفەرانسی ئاشتی دابوو، ژەنرال شەریف پاشا هەروا لەگەل دەسەی نوینەرایەتی داشناکی ئەرمەنی یەکان، دەسی بە وتوویژ کردبوو لەگەل ئەواندا لە ۲۰ ی دیسامبری سالی ۱۹۱۹ ـ ز ـ ئاگاداری نامە یەکیان بە کۆنفەرانسی ئاشتی دابو

Dr.Saleh Ebrahimi



(بڕوانە کتێبی کوردانی گۆڕان پەڕەی ۱۰۵ و ۱۷ سەرچاوەی بەرو.)

نوکتەی سەرنج ڕاکێش ئەمەیە کە دوکتور مەحمود ئەفشار لە مانگی پوشپەری ساڵی (۱۳۰۴) هەتاوی لە بابەت بزاوی کوردەکانی عوسمانی و کەم و کوڕی موعاهدەی (ویدادیە و تەئمینیە) نوسیویەتی: ئەگەر لە بابەت بە دیهێنانی پیوەندی فەرهەنگی، ئابوری هەرێمی کوردنشین لە بەشی ئێران تێکۆشانی چالاکانە ترئەنجام بدرێ... ئەوسا بۆ ئێمە **هیچ زەرەری نابێ ئەگەر ڕۆژێ کوردستانی بن دەس عوسمانی ئازاد و سەر بە خۆبێ و لە نێوان ئێمە و حوکومەتی تورک، یەک دە و لەتی کورد ـ یها و رەگەز لەو سنورەدا** فاسیلە بێ و تارادە یەک ئێمەی ئێرانی لە مەترسی نیژادی زەرد ئاسودە و دڵنیا دەکا (بڕوانە مەجەڵەی ئایەندە ژمارەی ۱ جۆزەردانی ۱۳۰۴ ی هەتاوی پەڕەی ٦٢ و ۱۷۱ و کاوە بەیات سەرچاوەی بەرو) هەروا ئیعتیلائولمولک نە سروڵلا: (خان خەلعەتبەری) کە حوکومەتی کوردستانی بە دەس بوو لە پوشپەری ۱۳۰۴ی هەتاوی لە سنەوە، هەواڵێکی چروپری بۆ تاران، ناردبوو ئیشارەی بە تاریخ و جوغرافیای کوردستان کردبو و ڕای گەیاند بوو، کە رەگەزری کورد ئێرانی و خوێنە کەشیان خوێی ئێرانیە. ئەبێ هۆی خۆشی و بەختەوەری و ژیانی ئەوان بە چاکی دابین بکەین و لە ڕاکێشانی بیروسەرنجی کوردەکانی نێو دوروان: بەینە نەهرەین غافڵ نەبین، نامەی ڕاپۆرتی حوکومەتی کوردستان لە سنەوەنمرەی ٦٩٢، ۴ ی پوشپەری ۱۳۰۵ موئەسەسەی موتالەعات ۳۸ و ۳۵ و ۵۸ بزاوی کوردەکان. کاوە بەیات پەڕەی ٦٩.

هەرواکەسانێ دیکەی وەک نەسروڵلاخان بیهنام و میرزا عەبدولحوسین خان و **تەیمور تاش وەزیری دەرباری پەهلەوی** کە بەشێ فرەگرینگی لە سیاسەتی خاریجی ئێرانیشی بە دەس بو، باوەرو ئەقیدەیان وابو، نابێ کارێ وا بکرێ کە کوردەکان لە ئێران بڕەنجێن و سەرهەنگ ئەمین فرە باوەڕی بەوەبو کە دەبێ کوردەکان مەحەبەتیان لەگەڵدا بکرێ تا فرەتر جەلەبو جەزبی ئێران ببن. مەحەمەد عەلی فروغی، دەیوت: تۆی لەقی کوردستانی ئازاد و سەر بە خۆ، ئینگلیسیەکان لە نیوزاری کوردیاندا، تووروکاندوە و حوکومەتی تورکیان لەو بابەتەوە، خستوتە دڵەتەپە، دیارە ئێمەیش دەبێ وەکو تورکان

Dr.Saleh Ebrahimi



لەر زمان، لە سەردڵ بنیشێ، بەلاّم بە داخەوە تورکەکان، ئێمە تاوانبار دەکەن کەئێمە یارمەتی کورد، دەدەین تا**کوردستانی سەربەخۆ لە هەرێمێکی کوردەواریدا لە نێوان ئێران و تورکدا، سازبدەن** (سەرچاوەی بەرو پەرەی ۱۱٦) جاهەر لەبەر ئەوە نیگەرانن کە دەوڵەتی ئێران نایەوێ لە تەئمینی حودود، لەگەڵ تورکاندا هاوکاری بکا، دیارە مەبەستی تورکەکان لە تەئمینی حودود، ئەوە بووە تا بە یارمەتی حوکومەتی ئێران **لە دەس کوردستانی سەر بەخۆ**، رزگاری بێ (سەرچاوەی پێشو) سەرەنجام فروغی و کومێسیۆنی تەئمینی حودود، کاری خۆی بە ئەنجام گەیاندو تەنانەت لە خەرمانانی ۱۳۰۹ ی هەتاوی لە پشت سەر، لەسەر **سنوری دەسکری ئێران،کوردەکانیان دا بەر تۆپ و موسەسەل. عەلی مەنسور لە وەلاّم بە سەفارەتی کوبرای تورکیە، فرەتوندو بە ئاشکرا و تبوی،ئەگەر هێزی شەروانی** ئێران کوردی نەکوشتباو وەبەر توپ و تانگی نە دابایێ تورکەکان، بە وچەن ژمارە قوشونەکەم ولاوازەی خۆیان، قەت نەیان دەتوانی، راپەرین و بزاوی ئاگری داغ، ببەزێنن (سەرچاوەی بەرو) و لەرێبەندانی ساڵی ۱۳۱۰ی هەتا ویشدا بەرزایەکانی گرینگ و سەوقولجەیشی ئارارات لە خاکی کوردی بن دەس حوکومەتی ئێران، بە تورکان دراو لەوە بەدوا تادوابرانی سەڵتەنەتی رەزاخان، سیاسەتی خاریجی ئێران، ئابروی لە دەسدا و لە تێکۆشانی بەرچاووشیاو، ئیتر وەستا. (بڕوانە بزاوی کوردەکان کاوەبەیات و کتێبی کوردانی گۆڕان سەرچاوەی بەرو.) بەراوە ژوی بیرورای (خەلعەتبەری) کە بەجیاکردنەوەی (دیاری کردنی سنور) لە (تەئمینی سنور) باوەری هەبو، بەرداشت و باوەری فروغی بە تەواوی خەیانەتکارانەو نادروست بو (بڕوانە کتێبی کوردانی گۆڕان پەرەی ۱۷۳ و بزاوی کوردانی تورکیە کاوەبەیات سەرچاوەی بەرو) وگۆ فاری ئێرانمیهر پەرەی ۷۹ و ۸۰ میهر و ئابان و ئازەری ۱۳۸۴ ی هەتاوی بە قەڵەمی دوکتور محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)

Dr.Saleh Ebrahimi



# ویستی شێخ عوبەیدیلای نەهری شاهی شەمزین

شێخ عوبەیدیلا دەیویست چلۆن گەلانی بالکان کە لە دەیەی (١٨٧٠ - ١٨٨٠ز) بە پشتیوانی روس و دەوڵەتانی ئوروپا، توانیان دەوڵەتی نە تەوەیی خۆیان بە دەس بێن، شێخیش بە پشتیوانی هێزی چەکداری کورد و لە رێگای دیالۆگ و دیپلۆماسی و ناردنی نوێنەر، بۆلای بالوێزو نۆینەرانی ئوروپا و روس و سەرانی قاجار و عوسمانی و عەرەب و مەسیحی و ئەرمەنی و ئاسوری یەکانی کوردستان کاری وا بکا مەسەلەی کورد، بکاتە، مەسەلەیێکی نێو نەتەوایەتی و نێو دەوڵەتی و کوردایەتی کورد، بچەسپێنێ و دوڵەتی کورد، لە کوردستانی گەورەدا، دابمەزرێنێ. لە راستیشدا لە راپەرینی ١٨٨٠ز ـ دا پردی و تووێژی لەگەڵ دۆست و دوژمندا، سازداو لە شەری نێوان روس و عوسمانی (١٨٧٧ ـ ١٨٧٨ ز) بۆ ئازادی کورد و کوردستان کەڵکی وەرگرتووە.

باشە بزانین شێخ هەرچەند لە سەرەتاوە چەکی لە عوسمانی وەرگرت تا لە غەزوەی روسا بە شدار بێ.بەڵام ئەو چەك و چوڵەی بۆ ئازادی کورد و کوردستان بە کاربرد، بەڵام ئەرمەنیەکان لە شەری ١٨٧٧ و ١٨٧٨ز ـ چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی پشتیوانی لە روس دەکرد. لە رێکەوتنی (سان سیفانۆ) لە ٣/٣/١٨٧٨ ز ـ روسیە لە بەندی ٦١ رێکەوتنی بێرلین لە ١٣/٧/١٨٧٨ زاینی ئەوە، دەگونجێنێ کە تورکیا، دەبێ ریفۆرمێکی شێوە ئۆتۆنومی بۆ ئەرمەنیەکان، دابین بکا، لە ناوچەکانی ئەرمەنیەکاندا، کە زۆربەی زۆری خاکی پڕپیت و بەرەکەتی ناوچە کورد، نشینەکانی دەگرتەبەر، ئوروپا بە تایبەت ئینگلیس پشتیوانی لەوە، دەکرد وگو شاریشیان لە سەر توکیان دانابوو.

شێخ عوبەیدیلا لە نەهری ٢٢٢ کەس لە سەرانی هۆزە کوردەکان لە بەهاری ١٨٨٠ز ـ لە دەوری خۆی کۆکردەو لەو کۆنفەرانسەدا، کوردانی بۆ وەحدەت و یەکیەتی بانگ کردو پێی و تن کورد، کافەکەی، بەواتای کەماڵە، (رێ یەکەی) بەواتای روشدو تەرەقیە و (دالەکەی) بەواتا دین و مەرام و ئیدئۆلۆژیکە. یانی کورد، دارای ئەو

Dr.Saleh Ebrahimi



سیفاتا نەیەودەبێ موتەحیدو یەک بێ تا سەرکەوێ و دەوڵەتی سەر بەخۆی، تایبەت بە خۆیی هەبێ. جادوای تەگبیر و مەشوەرەتێ چروپڕ لە کۆتایی مانگی ۹ (: سپتامبر) و سەرەتای مانگی مانگی ئوکتوبری ۱۸۸۰ ز لە ۲ قوڵەوە، بەسی چل هەزار، شەڕوانو گریلای کوردەوە، رویان کردە کوردستانی بن دەس (قاجار).

**مەلیک غازی شیخ عوبەیدیلای نەهری کە دوای وەفاتی شێخ** سـالّح ـ ی مـامی لە ۱۸٦۵ ز ـ بوّتە رابەری تەریقەت و رێبازی سەیید تاهای بابی و خەڵک هەروە کو نێردراوێی ئاسمانی، باوەرو بڕوایان بەوزاتە نیشتمان ویستە هەبووە و **دەستوری ئەویان، هەروە کو، دەستوری خوا و پیغەمبەر** هەم لە باری دینی و هەم لە باری نیشتمانی و کوردایەتیەوە، وەرگرتووە و بەرێوەیان بردوە ٠

**شێخ عوبەیدیلا گەورەترینی**

ئەوزاتە مەزنە،گەورەترینی رابەری هاو چەزحی کورد، بووە لە کوردستاندا، شێخ دیتی، میران کورد بەدەسی عوسمانی و قاجار لە ناوبران و کورد لە هەمو مافێکی مرۆڤانی فەرهەنگی، ئابوری، کۆمەلایەتی و سیاسی بێ بەشکرا و وارگەو نشینگەی کورد و کوردستان وێران کراوە و جەنگی ساڵەکانی ۱۸۷۷ـ ۱۸۷۸ ز) روس و تورکی عوسمانی ئەوەندی دیکە هۆی ماڵ وێرانی و ئاوارە بونی کوردی، بە دیهێناوەو کوردیان ناهومێد و کزو کەساس کردوە، شێخ هەم لە کەسایەتی دینی و هەم کەسایەتی نیشتمانی خۆی کەڵکی وەرگرت و **بۆئازادی کورد و کوردستان راپەڕی** و لە شەڕی روس و عوسمانیشدا، ئەزمونێ فرەی بەدەس هێنابوو. کیرزن دەڵێ: شێخ عوبەیدیلا، زاتێ پیرۆز و ناودار و رابەرێکی نیشتمانی کوردە Persia and the Persian Question George Nathaniel Curzen) ترۆتێر trotter کە هاو رۆژگاری شێخ بووە دەڵێ: «پڕ نفوزترین و پڕ دەسەلاّت‌ترین و خۆشەویست ترینی کە سە، لە نێوکورد ستاندا و خەڵک بە پیرۆزتر و پاکتر و مەزنتر لە سولّتانی عوسمانی دەزان. نامەی ئارشیوی

Dr.Saleh Ebrahimi



ژمارەی ۲۲ لە ترۆتیر بۆ گۆشێن ۲۰ تەشرینی ۱ (: گەلاوێژو ئوکتوبر) سالّی ۱۹۸۰ ز ترابۆزۆن. ئێس. جی ویلسۆن لە پەسنی شێخ دا، دەلّێ: خەلّکی کوردستان لە دەوری شێخ کۆبونەتەوە و فرە بە پیرۆزتر و مەزنتر لە سولّتانی عوسمانی و شەریفی مەککەی دەزانن، نەک تەنیا وەکو را بەرێک، بەلّکو هەروەکو پێغەمبەرێ کە لەلای خواوە هاتووە، باوەر و ئیمانیان پێیەتی (بروانە روێرت سپێر Robertspiey) دوکتور کۆچەرا کە چۆتەمالّی شێخ لە نەهری و شێخی ناسیوە، دەلّێ: «شێخ خۆی لە پلەی ئەوستێ کەسەو بەرابەرێ مەزن و مەلیکی کورد، دەزانێ و هەروایشە. (نامەی کۆچەرا بۆ میسیۆنێرەکان ۱ /۶/ ۱۸۸۰ ز).

ویلسون دەلّێ «شێخ لە جلک و بەرگ و خۆراکدا **فرە سادە و بێ گەردە و قانون ناس و داوەرو قازی یە و بێ لایەن و دادگەرە.** ئەو گەندەلّیەی لە نێو عوسمانی و قاجار دایە، لە نێو دارو دەسە و پەیرەوانی شێخ قەت نەبیندراوە و شێخ کەسایەتێکە، داد پەروەرو بەشان و شکۆ و قەت نەیویستوە بەزۆر بیروورای بەسەر ئەم و ئەوا، داسەپێنێ. دیارە ئەگەر حەق و حەقیقەتی بۆ دەربکەوتایە، بۆ بە ئەنجام گەیاندنی حەق، ولە کاتی پیویستدا. فرە پێی داگری دەکرد (نامە ۸ /۷/ ۱۸۸۰ ز بۆ ئابۆت سەرچاوەی بەرو هەرئەوێ).

شیخ زمانی کوردی، فارسی عەرەبی و تورکی باش زانیوە و هەروا، زانستەکانی ئیسلامی و زانیاری یەکانی قورئانی باش زانیوەو ئاگادارێکی تەواویشی بە ئینجیل و تەورات هەبووە و **لە ئەدەب و فۆلکلوری کوردی فرە شارەزابووە** و دیوانی مەسنەویشی بەشیعر بە زمانی فارسی هەیە و لە سوئیدلە. ۲۰۰۰ز ـ لە چاپ دراوە.

شێخ **فرە دادگەرو لێبوردە و دلّسۆز بووە، باوەکو رابەرێکی جەنگاوەر بووە،** فرە بەرێز و قەدر و حورمەتەوە، لە گەلّ مەسیحیەکان و لە گەلّ خەلّک هەلّسوکەوتی کردوە وکاتێ لە ئەستەمبولّ زیندان بووە سولّتانی عوسمانی نامەی بۆ دەنوسێ تا باسی نشتەجێیانی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستانی بۆ بکا. شێخ لەوە لأمدا بۆی دەنوسێ: مەسیحی و نەستور (: ئاشور)ی چاکترین رەعیەتی سوڵتانن، سوڵتان ئەوەی بەدڵ نەبووە،تاسێ جار نامەی بۆ دەنوسێ و شێخیش هەر ئەوەی بۆدە نوسێتەوە. (سەرچاوەی پەرو)

کۆچەرا کراوەتە ناو بژیوان و بە شێخ دەڵێ: قاجار لەمنی ویستوە تکالە تۆ بکەم تا ۲۴ کات ژمێری تر هێرش نەکەیتە، سەر و رمێ، ئەویش قەبولی دە کا، لە پاشان بۆ شێخ دەرکەوتووە کە قاجار و دارو دەسەکەی فێڵ و درۆیان کردوە. (سپێز هەرئەوی).

**بەرنامە و تێکۆشانی شێخ.**

بەرنامە و مەبەستی شێخ یەک خستنی **نەتەوەی کورد ودامەز راندنی، دەوڵەتی کوردی بووە.** کلایتۆن Clayton جیگری کونسولی ئینگلیس بە ئاشکرا رایگەیاندوە کە: شێخ دەیەوێ لەنێو کوردانـدا وەحدەت و **دەوڵەتێکی کوردی، سازبدا** و خۆی حوکمداری بێ. ولیم ئابۆت کۆنسولی ئینگلیس **لە** تەوریز ـ دەڵێ «مەبەست و ئامانجی شێخ ئەوەیە: نەتەوەی کوردی، بن دەس عوسمانی و قاجار، یەکبخاو دەوڵەتێکی کوردی ساز بدا و خۆی هەڵبسوریێ (سەرچاوەکانی بەرو) تومسن thomson بالوێزی ئینگلیس لە تاران دەڵێ «ئامانجی شێخ ئەوەیە، دەوڵەتێکی کوردی سازبدا. **دیارە رەگەزو زمان و فەرهەنگ وکلتوری کورد،** لە هی تورک و عەرەب و قاجار فرەجیایەو ئەو زوڵم و زۆرەی عوسمانی و قاجار لە کوردی دەکەن کە کوردیان لە **هەموشتێ** بێ کردوەو هەروا ترس لەوەی کە روس و ئینگلیس ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنی لە بەشێ لە خاکی پرپیت و بەرەکەتی کوردستان، سازبدەن، گشت ئەوانە، نەتەوەی کوردی و ریاکردوتە وەو بۆبە دەس هێنانی مافی‌رەوای خوێ و سازدانی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی گەورەدا، **بەگیان و بەدڵ لەبن رابەرایەتی شێخدا، دەکۆشن و خەریکە کورد، یەک بگرن.** هەر ئەوێشە کە شێخ لە نامەیەکدا کەبۆ کۆچەرای نوسیوە، دەڵێ: «نەتەوەی کورد لە نیو میلیون بنەماڵە زیاترە و لە بابەت رەگەز، مەزهەب و داب و دەستور و

Dr.Saleh Ebrahimi



فەرهەنگ و زمان و کلتوری یەوە، لە قاجار و تورکی عوسمانی **جیایەو ناتوانێ لەگەڵ ئەواندا بژی**. ئەو قسەی شێخ فرە بەورد و بە قوول و بەجێی سەرنج دانراوە. شێخ لە نامەی یەکەم بۆ کۆچەرا دەنوسێ: ئێوە دەزانن کە (شوعاعو دەولە)، بووە هۆی سەربڕینی ٥٠ کەس لە لایە نگرانم و بێ هیچ تاوانیکیش زیاتر ١٠٠/٠٠٠ تمەنیشی لێ ئەستاندوە، دیارە هیچ کام لە حوکومەتی عوسمانی و قاجار نیاز پاکێنین وددان بە مافی نەتەوەی کوردا، ناهێنن، سەرەرای ئەمانەش قاجار لە شنۆ فرە نامرۆیانە (قەرە جوللاخانی حاجی غەفور ـ) کە یەکێکە لە سەرەک خێڵەکانی کورد، گرتویانە و ئەونەیان لێداوە تامردوە، پارەکەیش (موعینودە ولە) عەبدوللاخان و ئیبراهیم خانی خەڵکی شنۆی گرتوەو بێ هیچ تاوانێک ٢٠٠٠٠ تمەنی لیێ سەندون و خانوەکانیشیان کاولکراوەو **١٠ ژنیش یان بە دیل بردوەونە** مسالیش فەرمانداری ناوچەی موکری عەبدوللا بەگی گرت و بێ تاوان زۆریان لێداوەو شکەنجەیان داوەو هەزار و پێسەت تمەنیشیان جەریمە کردوەو ژمارێ **زۆریشیان ژنی بە مێرد، بە زۆر لە** مێردەکانیان سەندوەو بردویانن و حاکمی سابلاغیش بەفیل و تەلەکە، ویستویەتی هەمزاغای مەنگور بگرێ و ئەو توانیبوی لە دەسیان خۆ دەرباز بکا و ٢ کەسیان لێ بکوژی، زوڵم و زۆر لە سەرکورد، ئەونە فرەیە باس ناکرێ، **کورد لەوە زیاتر ناتوانێ** زوڵم و زۆری قاجار قەبوڵ بکا، تکایە ئەوانە بۆ کۆنسولی بەرنیانیا لە تەوریز رون بکەوە. حاجی مەلا سمایلم ناردەلاتان تا بە نهێنی و بەدەم فرەتر مەسەلەی کوردستانتان بۆ رون بکاتەو، بەلکو مەسەلەی کورد، بکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ٢٥ ئەیلولی ١٨٨٠ ز ـ

**عوسمانی و قاجار کوردستانیان وێران کردوە**

شێخ دەڵێ: «عوسمانی و قاجار بە نامرۆڤانی کوردستانیان ویران کردوە و گەندەڵی و دزی و درۆ، زوڵم و زۆری ئەوان کوردی جارز و بیزار کردوەو ئیتر، مافی ئەوەیان نیە، بە سەر نەتەوەی کوردا، حوکومەت بکەن، ئەوە بو، شێخ بە کردەوەیش بە دژی ئەوان

Dr.Saleh Ebrahimi



زاڵمـان و مـارزان راپـەڕی». شێـخ هـەروا رایگـەیاندوە کـە عـوسمانی و قـاجار فـرە بێ‌شەرمانە، بە وهەمو زوڵم و زۆرەی خۆیان کە لە کوردی دەکەن ئەگەر کوردێ کارێ ناپەسەند بکا، چاورا دادەخەن و دەڵێن: کورد، خراپە، شەڕانیە، یانی دەیـانەوێ گشت نەتەوەی مەڵوزم و بەش خوراو و دابەشکراوی کورد، خراپ بکەن و ناوی نـەتەوەی کورد، ناشیرین بکەن‌و بە خراپە‌بێ‌زرێن و سوک و چروکیان بکەن، خویـان نـابینن. (بروانە: نامەی ٢١٥ و ٢١٦ی هەر ئەم کتێبە).

شێخ دەڵێ: «عوسمانی و قاجار دەسەڵاتی بەڕێوە **بردنی نەتەوەی کوردیان، لە دەس داوەوکوردیش** یەک دەنگ و پڕ بە دەنگ دەڵێن: ناتوانین لەوە زیاتر زوڵم و زۆری ئەوان قەبول بکەین و **دەبێ کارێ بکرێ دەوڵەتانی ئوروپا لە مەسەلەی کورد، بگەن و لەو بارودۆخە بکۆڵنەوە،** (بڕوانە نامەی شێخ بۆ کۆچەرا، تورکیە، ژمارەی ٥ ساڵی ١٨٨١ ز ـ). شێخ دەڵێ دەبێ کاروباری کورد و کوردان بە دەس کـورد خۆی بێ و ئێـمەیش وەک نەتەوەکانی‌تر، سەر بەخۆ بین و ناشمانەوێ زوڵم و زۆڕ لە نەتەوەکانی دیکـە، بکەین. (سەرچاوەی بەرو). لە بابەت پەیمانی بڕلینەوە، کـەروس‌و ئینگلیس وتـویانە، دەبێ **نۆتۆنومی بۆ ئەرمەن، بەدی بێ** و لە کورد و چەرکەس بپارێزێ، شێخ وتویەتی: «ئەمەچییە دەی بیسم؟ گۆیا بەمزوانە، ئەرمەنی دەوڵەتێکـی سـەر بـەخۆ بـۆ ئـەوان، سازدەدەن و نەستوری و ئاشوریش بەنیازن ئاڵای بەریتانیا لە سەر ماڵەکانیان هەڵبکەن و بڵێن: رەعیەتی بەریتانیان، من قەت رێگە نادەم، تەنانەت ئەگـەر پێـویست بێ ژنـانیش چەکدار، دەکەم (نامەی ژمارە (٧) لاکلایتۆن بۆ ترۆتێر باشقەلا ١٨٨١/٧/١١ ز ـ تورکیە ژمارەی ٥).

**بە دەس هێنانی هاوکاری مەسیحەکانی ناوخۆ** شێخ فرە بە کارزانی و دوربینی، کارێ وای کرد، تا بۆ لابردنی دەردو رەنج لە سەر مەسیحیەکان، زیان بە کورد نەگا، ئەوە بوو لە هەمو بۆنەکاندا، زوڵم و زۆڕ وستەم، کردنی لە کورد و مـەسیحی، بـەتاوان، دادەنـاو

Dr.Saleh Ebrahimi



دەیوت: هەرکەس زوڵم لە مەسیحی و کورد، بکـا دەبێ سـزابـدرێ و قـانون شکێنـی لەلایەن عوسمانیو قاجارەوە بـە تـاوان دەزانێ و نـامەی بۆ مـار شـەمعون و نـامە بۆ سەرۆکی رۆحانی ئەرمەنیەکانی وان و هەرکاری نوسی، تا لەگەڵ بزاوی کورد، یەک بگرن تا پێکەوە، بە دژی عوسمانی و قاجار، راپەڕن و لەراست ئەوەیشدا، بەڵینیدا، لە مافی مەسیحیەکان پارێزگاری بکا، هەروەک بەرێز سەرۆک مەسعود بارزانی لە مانگی تەباخی ۲۰۰۸ز دا چووە کـەرکوک و تـورکومان و کـلدو ئـاشوری و عـەرەبەنیشتە جێکانی شاری کەرکوکی دڵخۆشی دایەوە. شێخ لە لایەک ویستی مەسیحی و ئاسوری و ئەرمەنی بۆلای خۆی رابکێشـی و لە لایێ دیکـەوە، پشـتیوانـی دەوڵەتـانی ئـوروپا بۆخۆی دابین‌بکا. (بروانە فتوای شێخ عوبەیدیلا هەرلەم کتێبەدا پەرەی ۸)، کاتێ شێخ هێرشی بۆ سەر قاجار برد، دەسەیێ فرە لە ئاشوریەکانی ناوچیا بەرابەرایەتی قشەیەک، چونە نێو سپای شەڕوانی شێخ و تیپێکی موسیقای سەربازی، ئەرمەنیشیان لەگەڵدا بوون و هەروا دەسەیێ لە پیاو ماقوڵانی ئەرمەنی، چوونە نێوهێـزی گـریلای شێـخ (بروانـە نامەی ٥٦ ئابۆت بۆ ئۆمسێن تـەورێـز ۱۸۸۰/۱۱/۷ ز ـ تـورکیە ژمـارەی ٥ سـاڵی ۱۸۸۱ ز).

### شێخ بۆ بەدەس هێنانی پشتیوانی ئوروپافرە کۆشا

ویلسۆن دەلێ: شێخ فرە تەقالای دا، تا سەرنجی بێگانە، بە تایبەت دەوڵەتانی ئوروپا بۆلای خۆی رابکێشێ تا بە لکو پشتیوانی لە راپەڕینەکەی بکەنو لە هەمان کاتدا شێخ لە نامەیەکدا کە بۆکوچەرای نوسیبوی، دەخوازێ تا دەوڵەتانی ئوروپا، باشە لە مەسەلەی کورد، بگەن و فرەیش بە کارزانی لە رێگای میسیۆنیرەکانەوە، توانی پێوەندی تایبەتی لە گەڵ نوێنەرانی دیپلۆماسی ئینگلیس‌دا، دروست بکاو یەکێ **لەوانە**، فرەخۆشی لە شێخ هاتبوو هەمیشە، بە دەم شێخەوە، قسەیکردوە.

### ئازادی کورد و کوردستان

Dr.Saleh Ebrahimi



شێخ ئەوەندە تامەزرۆی ئازادی کورد و کوردستان بووە، شێخ حەمە سەعید ـ ی خەلیفەی خۆی راسپاردوە کە لە قەولی شێخەوە بە ئابوت بلێ: ئەگەر پشتیوانی لە کورد بکەن و ئازاد بێ، بلێن دە دەین ئازادی بە رامبەر بۆ مەسیحی و ئەرمەنی و ئاسوری دابین بکەین و فێرگە و کلیسا بۆ ئەوان ساز بدەن و تەنانەت بەڵێن دەدەین دوای سازدانی دەوڵەتی کوردی، ئەگەر نەیتوانی ئەو بەڵێنانە ئەنجام بدەین، شێخ فەرمویەتی حارزە داد گایەکی ئورپای دادگایی بکاو بەو دادگایەش رازیە، ئەم قسانە لە وت وویژ لە کۆڕێکدا بووە کە کورد، ئابلوقەی و رمیێ دابو، ئابوت و سیمون ئاغای ریش سپی ئەرمەنی لەوێبوە. (نامە ١٧/١١ ساڵی ١٨٨٠ ز ـ سەرچاوەی بەرو).

**یەکیەتی و یەک گرتنی نەتەوەی کورد**

کوردەکان بە تایبەت کەسانێ وەک بەحری بەگی کوری بەدرخان پاشا، کە لە کوردستاندا دوای شێخ کەس نەبووە شان بدا لە شانی، لە ترسی بە ئەنجام گەیاندنی بەندی ٦١ پەیمانی برلین، فرە کۆشاوە تاکوردان زیاتر لە دەوری شێخ یەکبخا و موتەحیدیان بکا، ئەوە بوو، پەیتا پەیتا، سەرانی کوردی کۆ دەکردنەوە تا سەرەنجام بە دەعوتی شێخ لە نەهری کۆنگرەی یەکیەتی کورد، سازدرا و ٢٢٢ کەس لە ویدا یەکیان گرت و یەکیەتی کوردان سازدرا. هەرچەند نەیارانی کوردو (کەریمیان)ی مەترانی ئەرمەنی و... دروّو دەلەسەیان، فرە بۆ کورد و بۆ شێخ و بۆ بەحری بەگ سازداوە وئەو بوختانانە، بوّتە هوّ کە ئابوت رەخنە لە تورکی عوسمانی بگرێ و بەتوندی دەڵێ دەبێ بەوردی چاوە دێری لە شێخ و عەبدولقادری کوڕی شێخ بکرێ و تروّتێریش دەڵێ تا شێخ لە کوردستاندا بێ، هەروەکو، **دڕکێک لە نێوکەلەکەی حوکومەت دا**، دەمێنێتەوە. (سەر چاوەی بەرو).

**راپەرینی شێخ لە تورکیە**

شێخ لە ١٨٧٩ زدا ـ بەدژی عوسمانی راپەریوەو لە دمی قایمەقامی (گەوڕی)

Dr.Saleh Ebrahimi



داوەو مەبەست ئەوە بووە، هەرێمێکی ئازاد و سەر بە خۆ بۆ کوردان بە دی بێنێ و لە گەڵ مارشەمعونیش پێوەندی هەبووە. لێرەش درۆو دەلەسەیێ فراوان بۆ راپەڕینی شێخ، چ لە لایەن دوژمنان و عوسمانی و چ لە لایەن کونسولی قاجار لە (وان) و چ لە لایەن بێگانەوە، سازدراوە کە بوتە هۆی تێشکانی راپەڕین.

## هێرش بۆسەر دەسەلاتدارانی قاجار

جەنگی روس و عوسمانی و چەکدار بونی شەڕوانانی شێخ بووە هۆ تاهێرش بکاتە، سەر قاجار لە ئێران، سەیرە هەم روس و هەم قاجار و هەم تورکی عوسمانی لە بزاوی شێخ ترساون؛ بە تایبەت روس کە دەردی لە دەس شێخ شامیل چەشتبوو. نیکیتین لای وایە لە سەرەتای جەنگی ١٨٧٧ز، شێخ نێزیکەی ٧٠ هەزار چەکداری لە بەردەسا بووە کە لە کوردەکانی بن دەس تورک و بن دەس قاجار پێک هاتبون. یەکێ دیکە لە و هۆیانە، گەندەلی ولاوازی قاجار بووە و یەکێ دیکەش مەترسی لە بە ئەنجام گەیاندنی بەندی ٦١ ریفۆرمی برلین بووە، بۆ ئەرمەنیەکان و شێخ لە نامەی ٢٥ ئەیلولی ١٨٨٠ز بۆ کۆچەرا، نوسیویەتی: قاجار بیانوبە کوردان دەگرێ و دەیان کوژێ و رەفتاری لە گەڵ خەلکدا ناپەسەند و نارەوایە و بەخوت و خۆرایی بیانوبە وەرزێر و جوتیار دەگرێ و باژو شەکەزەکاتیان بەزۆر لێ دەستێنێ و روتیان، دەکاتەوە و بەدرۆ و دەلەسەیش دەیەوێ کورد، بەد ناو بکا.

## هێزی شێخ و ئامارو چەکوچۆلیان

دیارە سەرکەوتن، هەروەکو بەزین و تێشکان ئاکامی خۆی هەیە، سەرکەوتن، دەبێتە هۆی شادی و یەکیەتی و کۆبوونەوەی خەلک لە دەوری راپەڕین و چاورایشی بۆ دادەخرێ. بەلام ئەوەی راست بێ (٤٠٠٠) تفەنگچی کورد، هەبوون کە لە جۆری مارتین چەکیان بە دەس بووە، ٢٠٠ دانەیان لە ئێرانەوە و ٢٠٠ دانەشیان لە تورکیە، بە دەس هاتبوو. بالوێزی قاجار لە ئەستەمبول رایگەیاندوە کە شێخ خاوەنی کارگەیەکی

Dr.Saleh Ebrahimi



گرینگی فیشه که‌و نیکیتین دەڵێ بێجگه له تفه‌نگی مارتین تفه‌نگی مۆدێلی تازه‌یشی هه‌یه و ئابۆت دەڵێ: شێخ ژماره‌یێ فره‌تفه‌نگی مارتینی هه‌یه‌و هه‌روه‌کو دەڵێن: ته‌یمور پاشا له ته‌شرینی دووه‌می ۱۸۸۰ز ـ له ناوچه‌ی برادۆست و تویه‌تی شێخ باری ۱۶۰ وشتری تفه‌نگ و ته‌قه‌مه‌نی، له‌گه‌ڵ بووه.

## کاری لەشکرکێشی

شێخ له نامه‌یه‌کدا که بۆکۆچه‌رای ناردوه،نوسیویه‌تی: مه‌لا سمایلم ناردوه بۆ ئه‌وه‌ی به‌نهێن، ئه‌وه‌ی به‌ده‌می رامسپاردوه، هه‌ل و مه‌رجی ئێمه‌تان بۆ رون بکاته‌وه‌و تکایشتان لێده‌که‌م حه‌قیقه‌تی مه‌سه‌له‌ی کوردستان و هۆی چوونی عه‌بدولقادر ـ ی کورم بۆ سابلاغ (مه‌هاباد ـ ی موکری) به‌ ده‌وڵه‌تی ئینگلیس رابگه‌یینه و رونی بکه‌وه، (نامه‌ی ژماره‌ی ٦۱ له شێخه‌وه بۆکۆچه‌را) و له رۆژانی سه‌ره‌تای مانگی ته‌شرینی یه‌که‌می ۱۸۸۰ ز شه‌ڕوانانی شێخ چوونه‌ته سه‌ر قاجار له ئێران و سپای شێخ له ۳ هێز پێک هاتبون. ۱ به سه‌رکردایه‌تی شێخ عه‌بدولقادر و یارمه‌تی هه‌مزاغای مه‌نگوڕ و کلایتون ئه‌و هیزه‌ی به ۲۰۰۰۰ شه‌ڕوان داناوه و نیکتین به نێزیکه‌ی ۴۰۰۰۰ی داناوه‌و ئابۆت به ۱۰۰۰۰ تا ۳۰۰۰۰ هه‌زاری داناوه.

۲ ـ به‌شی هێزی ۲ به سه‌رکردایه‌تی شێخ محه‌مه‌د صدیق کوڕی گه‌وره‌ی شێخ بووه‌که ۱۰۰۰ شه‌روان بون و چووه‌ته مه‌رگه‌وه‌ڕو هێزی شێخ عه‌بدولقادر به‌ره‌و مه‌هاباد (سابلاغ) چوون و کوردی ناوچه‌ی شنۆ، سندوس‌یان پێوه لکاوه و خێڵی ئازاو نه‌به‌زی بلباس (مه‌نگور)یان به خۆشی هه‌مزاغاوه پێوه لکاوه‌و هه‌موسه‌رانی کورد، **سوێندیان به قورئان خواردوه تا مردن له‌گه‌ڵ راپه‌ڕینی شێخدابن** و سابلاغ به‌بێ شه‌ڕ گیراو هه‌نگاوی ۲ بۆگرتنی میاندواوبو و له پێشدا شێخ عه‌بدولقادر، چه‌ن که‌سی بۆداوا کردنی خوارده‌مه‌نی و هه‌ڵسه‌نگاندنی بارو دۆخی ئه‌وێ ناردبووه میاندواو، به داخه‌وه هه‌مویان ده‌گرن و ده‌یان کوژن که یه‌ک له‌وانه، میر به‌گی به‌رده سوری خاڵی شێخ

Dr.Saleh Ebrahimi



عەبدولقادر بووەوئیتر شێخ عەبدولقادریش بێ سێ و دو، دەستور دەدا هێرش بکەنە سەر میاندوا و؛ کوشتاریێ بێ بەزەیانە لە شار کراوەو دەسکراوە بە تالآن و برۆ، ئەوکارە ناپەسەندە بوّوەتە، هوّ خەڵک نەتەنیا یارمەتی راپەرین، نەدەن بەڵکو بە دژی راپەرین راوەستن و راپەرین شکست بێنێ و تالانچیەکان بوّر فراندنی تالآن بینە دوژمنی یەکتر و بە **تالآنەوە بچنەوە ماڵی خوّیان و پشتی راپەرین بەربدەن.** ویلسوّن دەڵێ: لە دەس دانی قانون و رفێن رفێن، بووە **هوّی لە ناوبردنی راستی و هەیبەتی کورد،** لەم لایشەوە کە شێخ صەدیق بە (۱۰۰۰) هەزار شەروانەوە، دەیویست هێرش بکاتە سەر و رمێ و شێخیش، بە ۸ هەزار گریلاوە، لە **شێخ تەپە سەنگەری گرتبوو** بە تکای کوّچەرا ۲۴ ساعەت هێرشەکەی دواخست و لەو ماوەدا شارخویان قایم کردو سەنگەریان دابەست و ئیقبال دەوڵەگەیشتێ و دەنگی شەرکردن ودەس کردنەوەی داو هێزی کورد، بەرگەی نەگرت و تێشکاو رویان لەچیاو ناوچیا کردو لە **شکری ئیران و عوسمانی بە جوتەکەوتنە گیانی کوردان و شرووریان کردن.** یانی دوای تێشکانی هێرشی کورد بوّ میاندوا و سپای شەروانی ئیران هەزار بەرامبەر بەدفەریو بەد رەفتاریان، کرد سەبارەت بە خەڵکی بێ چەکی کورد، چ لە شار و چ لە دێی خراپترو بەدفەرانەتر بوو دارو بەردیان بە سەر کوردی بێ چەکدا روخاندو ماڵ ویران و ئاوارەیان کردو کوشت و کوشتاریێ فرە بێ بەزەییانەیان لە کورد، کردو **سەرەنجام لە سوّنگەی هێرشی شەروانانی ئیران و عوسمانی بوّسەر شێخ و یارمەتی روس** شێخ گیراو لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و خاوخیزانیدا لە تایف ـ ی حیجاز دەس بە سەریان کردولەشاری تایف لە ۱۸۸۳ زاینی وەفاتی کرد (بیرەوەری یەکانی وەفایی). **ساڵی چوونی شێخ بوّسەر شاری ورمێ بە ساڵی شێخ ناودارە** خەڵکی دەڵێن ساڵی شێخی. جێی بیرکردنەوە و ورۆبونەوەیە، کە لە راپەرینی کورد بە رابەرایەتی شێخ عوبەیدیلا نەهری نەروس، نە ئینگلیس، نەولآتی ئەمریکا، نە تورکی عوسمانی، نە ئوتریش نەیان ویستوە یارمەتی کورد، بدەن تادەوڵەتی سەر بەخوّو ئازادی

Dr.Saleh Ebrahimi



هەبێ، **هەمویان بۆ تێشکانی راپەڕین یارمەتی ئیمپەراتوری عوسمانی و دەوڵەتی قاجاریان** داوە، چ رازێکە، ئێستایش کە دەوڵەتێ لە باشوری کوردستان دەوڵەتێ بە سەرۆکایەتی بەرێزمەسعود بارزانی، بە یارمەتی هاو پەیمانانی ئەمریکا و ئینگلیس و نەمانی رەژیمی خوێن ریژی صەدام و صەدامیان، دەوڵەتێ بۆکورد، دامەزراوە، هێمان مەترسی هێرشی دوژمنانی کورد و کوردستان، ماوە. چیە؟! ها بۆچی نەتەوەی کورد وای لێهەو میاوە. دەڵێن روس بۆیێ سەرنەکەوتنی راپەڕینی پێی خۆش نەبووە و یارمەتی ئێران و ئیمپەراتوری عوسمانی بۆ تێشکانی راپەڕین داوە. نەکا، **شێخ وەک شێخ شامیل، توشی کەندوکوسپی بکا** و ئیرانی لە دەس دەربچێ و شێخ داوای **قارس و ئەردەهان بکاکە تازەگیر روس کەوتبوونو** لە ولاشەوە ئینگلیس بە ناوی سەرپەرستی کردنی بەریوەبردنی بەندی ٦١ پەیمانی برلین، دەس بە سەر ئێران و ناوچەکەدا بگرێ و... ئەی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئینگلیس و ئوتریش بۆچ یارمەتی کوردیان نەئاوە؟ لە نێوان روس و ئینگلیسدا، بازرگانی لە سەرکورد، کراوە و... (کورت کراوەی نوسینی جوویدە کە جرجیس فەتحوللا کردویەتە عەرەبی و بەرێز محەمەد حەمەباقی کردویەتە کوردی چاپی ساڵی ۲۰۰۷ز ـ هەولێر).

## میر بەحری بەگی کوری بەدرخان پاشا

لە لێکۆڵینەوەکەی پێشوودا چەند جارێک ناوی ئەم کەسایەتیە کوردە دوویات بووەوە و جارجارەش لە هەندێ **لەو** سەرچاوانەی ناومان بردن، بەسەر کرایەوە، لە هەمووشیان زیاتر، بەتێر و تەسەلی لە کتێبی **(بەدرخانیان)**[1] زۆر هاتووە، کە بەشێکی سەرەکی ئەم زانیاریانەی ئێرە، لەوێوە هێنراون، بە تایبەتیش ئەوەندی پێوەندی بە

١. بدرخانیو جزیرە بوتان ـ و محاضر اجتماعات الجمعیة العائلیة البدرخانیة. مالمیسانژ ـ ترجمة شکور مصطفی، مطبعة وزارة الثقافة، اربیل ١٩٩٨.

Dr.Saleh Ebrahimi



بزوتنەوەکەی شێخ عوبەیدوللا و ئەو رۆڵەی لەو رۆژگارەی کوردستاندا، لە سەردەمی هەرسێ سوڵتان: عەبدولعەزیز (١٨٦١ ـ ١٨٧٦)، مورادی پێنجەم (١٨٧٦) و بەزۆریش عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦ ـ ١٩٠٩) دا هەیبووە، کە وەک دیارە سوڵتان (مەبەست لە عەبدولحەمیدە) متمانەی پێکردووە و بۆ لای (شێخ)ی ناردووە و لە شێوازی لایەنگر و هاندە رێکدا بۆ ئامانجەکانی شێخ، بەڵکو وەک بە شدارێکیش لە بزووتنەوەکەی شێخ دادەرکەوتووە، کە ئەگەر وای دابنێین هێرشەکەی شێخ بۆ سەر ئێران، بە رەزامەندیی (بابیعالی) بوویێ، ئەوا بەحری بەگ بە گوێرەی خواستی سوڵتان جوولاوەتەوە.

بەڵام کە بە پێچەوانەی خواستی سوڵتانەوە، دەجووڵێتەوە و بە رەزامەندیی خۆی لە شۆڕشەکەدا بە شدار دەبێ، ئەوائیتر مانای وایە ئەم میرزادەیە، لە هەردوو بارەکەدا **ناسیونالستێکی دڵسۆزە و** بەتەنگ چارەنووسی گەلەکەوەیەتی.

بەحری بەگ، یان: رەزا بەحری بەگ، یان: بەحری پاشا (ی دواتر)، یەکێکە لە کورەکانی میربەدرخان پاشا و لە دایکێکی (یەزیدی؛ ئێزەدی، یەزەتە) بە دنیا هاتووە، کە کاتی خۆی باوکی دیلی کردووە و دواتر مارەی کردووە. رەنگیشە هۆی ئەم ناونانەی لەبەر ئەوە بوویێ، کە لە کاتێکدا میربەدرخان پاشا و ئەندامانی بنە ماڵەکەی، بەدەم رێگەیانەوە، بەرێی زەریادا بە سواری کەشتی، بەرەو تاراوگە بۆ (کاندی) ودواتریش بۆ (دیمەشق) لە ساڵی ١٨٤٦دا، لە دایک بوویێ (نووسەری کتێبی: بەدرخانیان، مێژووی لە دایکبوون و مردنەکەی باس ناکات).

سەرچاوەگەلی بنەماڵەی بەدرخان، باسی ئەوە دەکەن کە سوڵتان عەبدولعەزیز، رەنگە لە ساڵی (١٨٧٠)دا، یان کەمێک دواتردا، کە هەر لەوساڵەدا میربەدرخان پاشا وەفاتی کرد، چوار لە کورەکانی میری ئاوارەی هەڵبژارد و فەرمانی دامەزراندنیانی بەپلەی قایمقامی سەربازیی (کە دەکاتە پلەی سەرهەنگ) دەرکرد، کە بریەیتی بوون لە: بەحری بەگ، نەجیب بەگ، مستەفا بەگ و بەدری بەگ و ئەرکی سێقێل و بەلای زۆریشەوە داروغەیی پێ سپاردن.

Dr.Saleh Ebrahimi



وەك لەبیرەوەرییەكانی نووسەری ناوداری تورك (ئەحمەد مەدحەت) داهاتووە، بەحری بەگ ئەو ئەفسەرە بووە، كە لە ساڵی ١٨٧٤دا، چاودێر و بەرپرسی جێبەجێكردنی فەرمانی دوور خستنەوەی **ئەو وشاعیری گەورە: نامیق كەماڵ** و نووسەر و رۆژنامەوان: **ئەبوضیاء تۆفیق** و چەندین رووناكبیری تر بووە، بۆ دوورگەی (رۆدس). هەر **ئەم نووسەرە، ستایشێكی زۆری بەحری بەگ دەكا، لە** سەر ئەوەی كە وەك دەڵێ لە كاتی ئاوارە كردنیاندا، كە لە پاپۆڕدا بوون، لەو سیخورە رزگاری كردوون، كە سیخوڕیی بە سەریانەوە كردووە. بۆیە بە (پیاوێكی یەكجار جوامێر)ی باس دەكا.

بەحری بەگ لە كاتی جەنگی رووس ـ عوسمانی (١٨٧٧ ـ ١٨٧٨)دا، یەكێك لە یاوەرانی سوڵتان، (واتە: یاوەرانی سوپایی)، بووە، تا بۆ كوردستان بچێ و بكەوێتە كۆكردنەوەی خێڵەكان و بەسەر بازگرتنی ئەوانەی خۆیان بۆ هێزی میلیشیا ناو نووس دەكرد و خڕكردنەوەی یارمەتی و پیتاك و خۆراك و كەرەسەی جەنگ و لەم بوارەدا ئەركەكەی سەرشانی، چاك بەجێ هیناوە، كە بێگومان پێوەندیشی لەگەڵ شێخ عوبەیدیلا، هەرلەم كاتەوە دەستی پێكردوە و دوورنییە هەر ئەمیش خاوەنی ئەو پێشنیارە بێت، كە **پلەی فەرماندەیی كردنی** هێزەكانی میلیشیای كورد، كە لەو جەنگەدا بەشدار دەبن، بە **شێخ بدرێت**.

دیسان هەر لە كتێبی (بەدرخانیان) دا، باسی ئەوە هاتووە، كە بابیعالی لە ساڵی (١٨٨٠)دا، داوای لێكردووە بكەوێتە نێوانەوە بۆ كۆتایی پێهێنانی راپەڕینی (حسین **كەنعان) زربرای لە** (بۆتان).

حسین كەنعان لەوانەبوو، كە لەجەنگی رووسی ـ عوسمانیدا بووە و دوای جەنگەكە بۆ كوردستان گەڕاوەتەوە و لەگەڵ برایەكی تریدا (عوسمان بەگ)، بانگی ئازادی كوردستانیان راگەیاند و تا نزیكەی دوو ساڵێك، بە رهەڵستی دەسەڵاتی دەوڵەتیان كرد. دەوڵەتیش لە شكرێكی بە فەرمانەدەیی موشیر عیزەت پاشا، كردە سەریان، بەڵام شەڕ و پێكدادانێك رووی نەدا، چونكە سوڵتان عەبدولحەمید، یارمەتی و ناوبژیكردنی لە بەحری بەگ خواست، كە لەو كاتەدا لە پلەی یاوەری نزیكی سوڵتاندا بوو، توانی

Dr.Saleh Ebrahimi



سەربکەوێ و هەردوو براکەی بەوە قایل بکات کوردستان بەجێ بهێڵن و بچن لە ئەستەمووڵ نیشتەجێ بن. هەر هەمان ساڵیش سوڵتان عەبدولحەمید، بۆلای شێخ عوبەیدیلا بۆ (هەکاری)ی نارد.[١]

جگەلەم کۆششانە، کە لەم بوارەدا نواندوویەتی، خاوەنی کتێبی (بەدرخانیان) باسی پێوەندی بەحری بەگ بە (شێخ) و شۆڕشەکەیشیەوە ئاوا دەکات:

(... شێخ بە یارمەتی **بەحری بەگ، دوژمنایەتی وناکۆکییەکانی نێوان (مامەش)** و (مەنگوڕ) و ئێرانی چارەسەر کرد و بۆ چاکەی سوڵتانیش، سەرلەبەری خێڵەکانی لە ناوچەی (هەکاری) کۆکردنەوە و بە ناوی سوڵتان عەبدولحەمیدیشەوە، هەمەجۆر دیاری و میدالیا و چەک و شتومەکی تری پێ بەخشین).

سوڵتان نازناوی **(پاشا)یشی بە بەحری** بەگ بەخشی. بەڵام دواتر لەمجۆرە کارانەی دوور خستەوە، کە لە سەرەوە باسمان کردن، کە وەک گومان دەبرێ، هۆی ئەو ڕۆڵە دووفاقییە بوو بێ، کە بەحری بەگ لە کوردستاندا، لە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدیلادا نواندوویەتی، جگەلە سرووشتی بەدگومانی کە سوڵتان بەرامبەر بە دۆستان و نزیکەکانی خۆی هەیبووە.

هەر لە بواری ئەمجۆرە کار پێ سپاردنانەدا، بەحری بەگ بەشی سەرەکی ئەو ڕۆڵە گرنگەیشی بەرکەوت، کە لە یەکێک لەگەورەترین داماوییەکانی ژیانی سیاسی عوسمانیدا بەشداری بکات و لەمەش مەبەستمان لەکارەساتی سەر تێدا بردنی: **مەدحەت پاشا (١٨٢٢ ـ ١٨٨٤)**ی سەرۆک وەزیران و باوکی یاسای عوسمانی و خاوەنی ئەو ریفۆرمکارییە، مەزنانەیە، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی بەغداد (١٨٦٨ ـ ١٨٧٢) دا ئەنجامی داوە.

---

١. بەم پێیە دەبێ ڕاپەڕینەکەی حسین کەنعان و عوسمان بەگ، یەکسەر دوای برانەوەی جەنگی روو سی ـعوسمانی (١٨٧٨ز) بوو بێ، نەک وەک پێشتر نووسەر باسیکردووە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەم کارەساتە بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید بووە و لەتەک مەدحەت پاشادا، سەری (مەحموود پاشای وەزیر)ی، هاوڕێکەیشی تێدا براوە، کە هەردووکیان لە شاری (تائیف)، لە (حیجاز) زیندان بوون.[١]

نووسەری کتێبی (بەدرخانیان) باسی ئەوە ناکا، کە لە دوای دەست لە کارکێشانەوەی بەحری بەگ لە کۆشک، چ ئەرک و فەرمانێکی تری پێ سپێردراوە، تەنیا ئەو ئەرکانە نەبێ، کە سەبارەت بە دوورخراوانی سیاسی، بۆ (حیجاز) پێی سپێردراون و لەم بوارەدا دوو راپۆرتی ئەوی ناو بردوون، کە بۆ بەر پرسانی تایبەتی (سەرا، واتە: حکومەتی ناوەندی) بەرز کردوونەتەوە. یەکەمیان تایبەتە بە چالاکی سیاسیی ئەو دوورخراوانەوە:

(... لەم سەروبەندەی دواییدا (لۆدوس)ی وەرگێڕی کونسوڵی ئینگلیز لە (جدده)، بە بەردەوامیی هاموشۆی (مەککە) دەکات و زانیاریی بۆ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی ئینگلستان، لە سودان دەنێرێ. ناوبراو دوو رۆژ لەمەوبەر، بۆ خۆی سەردانی (تائیف)ی بەڵام سەبارەت بە لێوەرگرتنەوەی مافەکانی سیڤیلی لە تاوانباران (مەبەستی لە مەدحەت پاشا و هاوڕێکانیتی) لە ناو (تائیف)، ئێمە هێشتا بە شێوەیەکی فەرمیی، یان بە فەرمانێکی شاهانە (ی ئەستەموول) لەم بارەیەوە پێمان رانەگەیاندوون و خودی مەدحەت پاشاش

١. زۆربەی کتێب و سەرچاوەگەلی مێژوویی و ئنسکلۆپیدیاگەلی زانستانەی جیهانی، باسی ژینامەی ئەم پیاوە چاکە ریفۆرمخوازە دەکەن، کە چارەنووسی بەو شێوە داماوییە دوایی پێهێنراوە. عەبدولحەمید هەر لە دوای لابردنی (عەبدولعەزیز)ی برای، بووە سوڵتان، ویستی خۆی لە مەدحەت پاشا رزگار بکات، کە هەمیشە پێی لەسەر پەیڕەوکردنی قانون: یاسا دادەگرت، کە هەر خۆی لە ساڵی (١٨٧٦) دا دایرشتبوو، لەبەرئەوە تاوانێکی دەست هەڵبەستی بۆ دروست کرد، کە گوایە تەقەللای کوشتنی برالاوە (شێت)ەکەی داوە. بەم بۆنەیەوە مەدحەت پاشا و ئەو هاوڕێیانەیشیی، کە لە دارشتنی (دەستوور) دا بەشداریان کردبوو، بە دادگایەکی سپایی سپاردن و فەرمانی لە سێدارەدانیان بە سەردادان. بەڵام دواتر حوکمەکەیان بروە ئەوەی بۆ (تائیف) شاربەدەرو ئاوارەیان بکەن.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئاگای لە وەرگرتنەوەی ئەم مافگەلە سیڤیلیانە نییە، کە دەرماڵەشیان لێ سەندراوەتەوە و بڕیار دراوە خۆراکیشیان لە دەفری سوپایی (واتە: زیندنیانی ئاسایی...) دا بدەنێ.

لە ڕاپۆرتێکی تردا، کە بە ناونیشانی (داوریاری تاوانبارانی دوورخراوە) نووسراوە، ئاوا هاتووە:

ئەو قاوشەی تیایدا دانراون (مەبەستی لە قاوشی سەربازخانەیە)، بۆ هەریەکێکیان ژوورێک تەرخان کراوە. ژوورەکان هەوا تیایاندا ئاڵوگۆڕ دەکات و ئەوانەشیان کە پلەیان هەڵکشاوترە (خاوەن پلەو پایەی باڵا)، بڕی نزیکەی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار قرۆش، بۆ خواردن و خواردنەوەیان، لە باجی کۆکراوە بۆ سەرف دەکرێ، دواتر ماوەی ساڵێک دەبێ ئەم بڕە پارەیە بۆ (٥٠٠٠) پێنج هەزار قرۆش کەمتر کراوەتەوە. بە دڵنیاییشەوە، وەک تاوانبار هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێ. بەڕێوەبەرایەتی ئێرەش ئاگای لەوە نییە، کە ئەمانە تاوانبارن و مافەکانی سیڤیلیان لێ سەندراوەتەوە. بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی وەک تاوانباری سیاسی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ. پێشبینی و گریمانی پێوەندی و نامەکاریی و تەلگراف و بڵاوکردنەوەی بیروڕای خراپ و گەنیویش، لەو شتانەیە، کە زۆر ڕوودەدات. پردی پێوەندیشیان (ئەشرەف بەگ)ی پزیشکی گرتووخانەکەی (جدە) و (نووری بەگ و بەکربەگ)ی پزیشکی (مەککە)ن، کە ئەشرەف بەگ و نووری بەگ بە ئاشکرا چاکەی مەدحەت پاشا باس دەکەن و بەڕێوەبەرایەتی (جدە)ش ئاگای لە هەموو ئەم کەینوبەینە هەیە... بەڵام گریمانی هەڵاتنی ئەم تاوانبارە ناوبراوانە هەرگیز پێشبینی ناکرێت. خۆ ئەگەریش شتی وا بە بیریاندا بێت، ئەوا لاشەکانیان بە سەری نێزەوە دەکرێت و خۆیشیان ئەمە نازانن. بەڵام پێوەندییان لەگەڵ ئەستەموڵدا بەردەوامە و لەوێشەوە پارە و جل و بەرگیان بۆ دێت...ئیمزا

وەک دیارە **(بەحری بەگ)** فەرمانی خنکاندنی (مەدحەت پاشا) و هاوڕێکەیشی پێ سپێردراوە، چونکە وەک (محەمەد لوتفی بەگ)ی بیمباشی دەڵێ (ئەوەی فەرمانی کوشتنی مەدحەت پاشا و مەحموود پاشای بۆ والی (پاشای حیجاز) هێنابوو، لە بەحری بەگی بەدرخان پاشا زادەی یاوەری سوڵتانەوە بۆ هاتبوو.

Dr.Saleh Ebrahimi



لەم برگەیەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە لە کارخستنی بەحری بەگ، لەو پلەیەی لە کۆشکدا هەیبوو، لە دوای ساڵی (۱۸۸۴)ەوە بووە، بەڵام ئەوەی لە ژیننامەکەیدا تەماوی بوو، لەوەی کە بۆچی لە حیجازدا بووە و چ کاریکی پێ سپێردراوە، ئایا هەرتەنیا چاودێری کردنی حوکمدراوان و دوورخراوان بووە؟ یان: ئاخۆ ئەوکاتەش هەر پلەی یاوەری سوڵتانی هەبووە؟ یان: ئاخۆ ئەو راپۆرتانەی، کە لە حیجازەوە ناردوونی، پێش جێبەجێکردنی فەرمانی کوشتنی مەدحەت پاشا بووە، یان: دواتر؟ بەڵام ئەوەندەی لە شێوازی ئالۆزاویی خاوەنی کتێبی (بەدرخانیان)دا بۆمان دەر دەکەوێ و هەڵدەهێنجری، ئەوەیە کە بەدرخان (بەحری بەدرخان) دووجار سەفەری حیجازی کردووە.

چونکە ناشێ و ناچێتە عەقڵەوە، کە ئەو راپۆرتەی لە بارەی زیندانییانەوە نووسیویەتی، لە دوای لە ناو بردنیانەوە، نێردرابن، کە ئیتر جێی بایەخ و پرسی بەرێوەبەرایەتی نین.

لە جێگەیەکی تردا سەرنجی راکێشام، ئەوەی لە بارەی (محەمەد سالح بەدرخان)ەوە گوێزراوەتەوە، کە سەردانی ماڵەکەی کردووە و نووسیویەتی:

«لە ماڵی شازادە بەحری بەگدا، لە خۆی و حەرەمەکەی زیاتر، هیچ موسڵمانێکی تری تێدانییە».

ئەمەش بە شێوەیەکی بنبڕ، مەبەستی لەوەیە، کە ئەوەی لە ماڵەکەیدا دیونی، یەزیدیانی خزمی دایکی بەحری بەگ، یان کارگوزارانی سەر بە ئایینی‌تر بوون.

دیسان نووسەری ژیننامەکە، باسی ئەوە دەکات کە بەحری بەگ، کورێکی بەناوی (نەصرەت) و دوو کچیش بە ناوی (ئەسما) و (روقییە) هەیە.

بەحری بەگ ساڵی ۱۸۹٦ وەفاتی کردووە، کە چەند ساڵێک پێش وەفاتیشی، خانەنشین کرابوو. (نەقڵ لە شۆرشی شیخ عوبەیدیلای نەهری لە بەڵگنامەی ئینگلیسی و ئەمریکیدا کە وەدیع جووەیدە، نوسیویەتی و جرجیس فەتحوللا کردویەتە عەرەبی و بەرێز محەمەد حەمەباقی کردویەتە کوردی. چاپی ساڵی ۲۰۰۷ز ـ هەولێرە).

Dr.Saleh Ebrahimi



# شەجەرەنامەی شاهانی شەمزین

شێخ عەبدولقادر گەیلانی لای کرماشان، ناودار بە بازی ئەشهەب، ئەسپید باز، بازی سپی، کورێکی دەبێ بە ناوی سەیید، عەبدولعەزیز، ئەمەیش کورێکی دەبێ بە ناوی سەیید محەمەد ناودار بە هەتاک، ئەمیش کورێکی دەبێ بە ناوی سەیید حاج، لە حاج؛ سەیید عەبدوللا و لەمیش سەیید ئیبراهیم، لەمیش سەیید محەمەد، لەمیش سەیید سەیید حاج ٢؛لەمیش سەیید ئیبراهیم ٢؛لەمیش سەیید صالح، لەمیش سەیید ئەحمەد، لەمیش **سیید تاها خەلیفەی مەولانا خالید شارەزوری**، لە سەیید تاها، سەیید عوبەیدیلا رابەری راپەرینی کوردایەتی سالّی ١٨٨٠ ز.و لەم زاتەش سەیید عەبدلقادر ناودار بە غەوسی سانی، لەمیش حاج سەیید عەبدوللا گەیلانیزادە ناودار بە سلطان العرفا، ئەمیش ٢ کوری بە ناوی **دوکتور سەیید عەبدولعەزیز کە لە راپەرینی ئەیلول بە رابەری ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کرد و هەمیشە زنیدو، بە شدار بووە**، کوری دوەم ناوی سەیید عەبدولقادر بووەو ئەمیش ٥کوری بە ناوی سەیید تاها و سەیید فاروق و ئەندازیار سەیید ئیبراهیم، سەیید صالح و... بووەو بۆ بەرەبابی سەیید **محەمەد صدیق کوری گەورەی** مەلیک عازی شێخ عوبەیدیلا نەهری شاهی شەمزین، بنوارە پەرەی ٨٢ ئەم کتێبە.

نوکتە: مەولانا خالید شارەزوری.نوسخەی **جامیعەو نوسخەی نایبغە کوردایەتی** کردوە و تەنانەت لە رێگای عیرفان و رێبازی نەخشی ویستویەتی **یەکیەنی و وەحدەت لە نێو نەتەوەی کورد، سازبدا و لە پڕ دەولەتی کوردی رابگەیێنێ وکوردستانی ئازاد و** سەر بەخۆ سازبدا، .ساداتی کرامی نەهری شاهانی شەمزین کە لە فێرگەی مەولانا خاید، کوردایەتی فێربون، ئەوانیش بە نۆبەی خویان کوردایەتیان کردوە. بۆ وێنە:

(بروانە شۆرشی شێخ عوبەیدلای نەهری لە بەلگەنامەی قاجار، حەسەن عەلیخان ئەمیر نیزامی گەروسی، **لە** فارسی **یەوە بۆ**کوردی بەرێز محەمەد حەمەباقی ئەندامی کارای کوری زانیاری کورد، **لە** هەولێر، چاپی ئاراس سالی ٢٠٠٧ ز ـ هەولێر و بنەماڵەی زانیاران، عەللامە مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس ئیمام شافعی زەمان، چاپی ١ بەغا چاپخانەی شەفیق سالّی ١٩٨٤ ز ـ

□١- راپەرینی نەتەوەی کورد لە سێ دە ورە دا :

ئە توانین بڵێین راپەرینی نەتەوەی کورد لە سەتەی نۆزدەوە زیادتر پەرەی سەندوە کە خۆیان باشتر ناسیوەو بۆئازادی راپە ریونو ئەم راپەرینەش ئەبێتە سێ دەورە:

□١-دە ورەی یە کەم لە سەرەتای سەتەی نۆزدەوە تا جەنگی جیهانی یە کەم.

ئەم راپەرینانە بۆ ئازادی کورد بوو زۆریش پا ك بونو بەهۆی ئەم بە رێزو دلسۆزانەوە بو:

١-راپەرینی (عبدالرحمان) پاشا بابان لەسالآنی ١٨٠٦ ـ ١٨٠٨ز لە پارێزگەی سولەیمانیدا

٢- ئەحمەد پاشا بابان لە ساڵی ١٨١٢ز

٣-زازای کورد لە سیواس لە ١٨٢٠ی زاینیدا

٤- ئەمیر بەدر خان لە جریزەدا لە ساڵی ١٨١٠ تا ١٨٧٠ی زاینی

٥-محەمەد پاشا رەواندزی (کۆرە) لە ١٨٢٦ تا ١٨٣٣از

٦-کوردە کانی چیای سنجار (ژەنگاری) لە ١٨٣٠ تا ١٨٣٣ی زاینی

٧- ئەمیر شریف خان بتلیسی لە ١٨٣٤ی زاینی

٨- یەزدان شێر (غرالدین شێر)لە ١٨٣٥.

٩-حوسەین کە نعانو عثمان پاشالە ١٨٧٩از [٣]

١٠-راپەرینی حەزرەتی شیخ عوبەیدیلا نەهری ناودار بە مەلیك غازی شاهی شەمزین (قدس سرە) لە سالانی ١٨٨٠ تا ٨١و ١٨٨٧ز

١١-راپەرینی کوردە کان لە موسڵ، ئەرزەرۆمو بتلیس لە ١٩٠٧ز .

١٢-راپە رینی مەلا سەلیمو شا عابیدین لەبتلیس ١٩١٣ ز .

٣ ـ سەر چاوە: تێزی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی لاپەرەی ٩١ تایپی.

Dr.Saleh Ebrahimi





☐ ۲- دە ورەی دوەم

ئەم راپەرینانە لە نێوان دو جەنگی جیهانی ۱ و ۲دا بەدیهاتوەو ئەم کوردە بەڕێزانە بون کەراپەریون:

۱- شیخ مەحمود بەرزنجی ناودار بە مەلیکەی کوردستان لە سولەیمانی لە ساڵی ۱۹۱۹ تا ۱۹۳۲ از

۲- سمکۆ، سمایل ئاغای شکاك ناودار بە سمکۆی مەزن لە ساڵی ۱۹۲۰ تا ۱۹۳۰ زولە ۱۹۳۰ کەلەشنۆ بەرەیشەکوژی کوژرا[1].

۳- شیخ سەعید پیران بە رابەری حیزبی تەعالی لە تورکیا لە سالی ۱۹۲۵ز

۴- راپەرینی کوردە کانی کۆیستانی ئاگری بەفەرماندەیی ژنرال ئیحسان نوری پاشا لە ۱۹۲۶ تا ۱۹۳۰ زو حوکومەتی کورد بە دیهات و رەئیسی حوکومەت ئیبراهیم پاشا بو[2]

۵- راپە رینی شیخ ئەحمەد بارزانی خودانی بارزان لە ۱۹۳۱ تا ۱۹۳۴ز

٦- راپەرینی کوردە کانی ئیران بە رابەری جەعفەر سولتان لە ساڵی ۱۹۳۱ تا ۱۹۳۲ زینی

۷- راپە رینی کوردە کانی تورکیا لە دیار بەکر لە ۱۹۳۴ز

۸- راپەرینی کوردە کان لە دەرسیم بەرابەری سەیدرەزا دەرسیمی کە بە هەورە بروسکەی دژی دوژمن ناودار بولە ساڵی ۱۹۳۷ز

☐ دەورەی سێوەم لە کاتی جەنگی دوەمی جیهانیو دوای ئەوە راپەرین لە کوردستاندا روی داوە کە خێوی نەزم وبە رنامە بوەو پارتو خیزب بەدی هاتونو رابەری خەڵکیان کردوە بە مجۆرە:

۱- راپەرینی ژەنراڵ پێشەوا بارزانی نەمرو هەمیشە زندوی نەتەوەی کورد، مستەفا بارزانی خودان کوردستانو بارزان لە ۱۹۴۳ بوەو رابەری حیزبی رزگاری تا ۱۹۴۵ز کە دوای ماوە یە ك هاتە یارمەتیدانی راپەرینی کوردە کانی ئێران لە ساڵانی (۱۹۴۵ - ۱۹۴٦) تارابەران و ئەندامانی کومەڵەی (ژ - ك) گیران.

---

۱ - سمکۆی مەزن هەرچەن نێوی شێخ یاسەیدی پیوە نەبوە، بەلام لە رەسەندا لە بنەماڵەی شێخانی شەمزینە،شیخی کوردی لە واژەی خەشایەثیا کە بەواتای خوا، گەو رە، بەدەسەلاتە، گیراوە.

۲ - تیزی دوکتورای سەید عەزیزشە مزینی لاپەری ۱۵۳، شیخ سەعید پیران باپالۆ بانە خشبەندی لە ۱۲۸۵ی مانگی لە دایك بوەو زیاتر لە ٦۰ هەزار مریدی هەبوە، دوای کوژانە وەی راپەرینی دیار بەکر لە ۱۹۲۵/۳/۲۴ زاینی لەگەل یارانی لەسیدارە دراوە ودەسی رەشی سوفێت و ئنگلیس و فەرانسەی تێدا، دیارە.

Dr.Saleh Ebrahimi



٢ـ دامەز رینەران و راپەرینی کۆمەڵەی ژ ـ ک ـ لە ١٩٤١زاینی بە سەر مونشیرەحمان زەبیحی کە لە دوایدا رابەرانی (ژیکاف) گیرانو لە ١٩٤٥ی زایینی بەحیزبی دیمرکراتی کوردستان ناونراو لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٤٦ ز، سازدانی کۆماری سەر بە خۆی کورد لە ئیران لە مەهاباد بەسەرۆکی پێشەوا قازی محەمەد (قدس سره) بە دیهات.

٣ـ راپەرینی کوردەکانی جوانرۆ لە ئێران لە ساڵی ١٩٤٩ز

نوکتە: بۆوێنە راپەرینی کوردەکان لە جزیرو بۆتان لە ساڵی ١٨٢١ ئەمیر بەدرخان پاشا هەژدە ساڵانەبو، کەبوە رابەری ئەمیرنشینەکانی شازادەکانی جزیرو بۆتان، دەستی کرد بە سازدانی حوکومەتو یەک خستنی ئەمیر نشینەکانی شازادەکوردەکانو دەسی کرد بە بانگەواز بۆ یەکبونو یەک گرتن، لەم سۆینگەوە پیشەوایانی ولاتی وان، هەکاری، موشا، هێزان، کارسا، موسڵ، زاخوو ئەمیرنشینی ئەردەلان لە بەکیان بۆ وتوو پەیمانی یەکیەتییان لە گەڵ ئەمیر بەدرخان پاشا گرێداو مۆریان کردو بەدرخان پاشا زۆر بەلەز لە شاری جزیر دوکارگای بو چەکەمەنیو باروتسازی، دامەزراندو چەندین کەسیشی نارده ئوروپا بۆ فیربون.

دوای ئەوەی سپای تورکی شکاند لە ساڵی ١٨٤٢ز ـ سکەی بە ناوی خۆی لێداو لەوانەوە تا سابلاغ (مەهاباد)، رەواندز،و موسڵو دیاربەکر، (شەنگار = ژەنگار)و سیرت، وەران‌شار، سوارک، دیاربەکر، شنوو ورمێی هێنایە بن فەرمانی خۆی، بەڵام بەداغەوە (عزالدین شێر)ی برازای خۆی کە بە (یەزدان شێر) ناودار بو فریوی تورکی عوسمانی خواردو بووە هۆی قلپەوە بونی حوکومەتی ئەمیر بەدرخان پاشاوجا هەرچەند لە قەڵای ئەرخ پیاوانە جەنگی بەڵام گیراو لە ١٨٤٨ز بەرێ کرا بۆ ئەستەمبولو راپەرینەکەتیاچو.

□ لە ١٨٨١ حەزرەتی شێخ عوبەیدیلا مەلیک غازی شاهی شەمزین بە فیل بۆ وتوویژ بانگ کرائەستەمبول، بەڵام گرتیانو بەندیان کردو دوای ساڵیک شێخ هەڵاتو لە رێگای قەفقازەوە گەراوە بۆ کوردستان، بەڵام خۆی بۆ قەوی نەکراو لە ١٨٨٣ی زاینی یەخسیر کراو برا شاری تایفی حجازو لە ١٨٨٨ی ز ـ وەفاتی کردو هەر لە تایف نێژرا.

□ دوای گەرانەوەی شێخ عەبدولقادر (غەوثی ثانی) لە تایفەوە بۆ ئەستەمبوڵ راپەرینی کورد هەڵ تۆقیو تەنانەت لەباری فەرهەنگیشەوە راپەڕینێ بەر چاوکرا، رۆژنامەو گۆواری کوردی دەستی بە بلاو بونەوە کرد،وەک دامەزرانی روژنامەی کوردستان، ژیوی کورد،

Dr.Saleh Ebrahimi



ڕۆژی کورد، هەتاوی کوردی، یەکگیربون، رقین،[۲۰۰] ئەبێ بزانین لە ساڵەکانی ۱۹۰۸و ۱۹۱۰و لە ڕاپەرینی ۱۹۱۱و ۱۹۰۵و لە ڕاپەرینی ۱۹۱۴ لە بتلیس و وان، هەولێرو دیار بەکر بەشدا ری ڕاپەرینیان کرد بو.

## غەوثی ثانی:

۱- حیزی تەعالی کوردستان بەرابەری سەید عەبدولقادر ناودار بە غەوثی ثانی لە ۱۹۲۵ز - ساز درا کە پزیشکان، ئەفسەران و سەرانی بەهێزو وزەی هۆزە کوردەکان لەم خیربەدا بەشدار بون.

۲- جەمعییەتی تەشکیلاتی کۆمەلایەتی کورد بەرابەری بەدرخان سازدرا کە گەنجان، لاوان، خوێندکاران لە زانکۆکانی ئەستەمبولو ئەرزە ڕۆمی تیدابو.

۳- جەمعییەتی سەر بە خۆیی کورد لە قاهیرە بەرابەری ئەمیر سورەیا پاشا بەدرخان سازدرا.

□ نوکتە لە بەندی ۳۸ و ۳۹ و ۴۰ بەشی سێوەمی قەراردادی لۆزان تەزمین درابو کە کوردەکان لە تورکیا مافی خوێندن بە زمانی کوردی و کۆوارو ڕۆژنامەو دامو دەزگای عیلمی و کۆبونەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگیان هەبێ، وتار لە کوڕو کوبونەوەو دادگاکان بە کوردی بێ و هەمو کوردێ مافی رامیاری خۆی هەبێ[۳]

□ دوکتور فوئاد - کە ماڵ فەوزی سەردەبیری روژنامەی ژین لە گەڵ حەزرەتی شێخ عەبدولقادر (غەوثی ثانی) و سەید محەمەد و کوڕێ لە سەرانی کورد بەندکران و لە ۲۴ مانگی ۳ساڵی ۱۹۲۵ی زاینی ۹۱ کەس لە گەڵ شیخ عەبدولقادر لە شاری دیار بەکر لەدار دران و هەروا شێخ سەعید لە گەل ۳۷ کەس لەدیار بەکر لەدار دران.

□ حەزرەتی سلطان العرفا حاجی سەیدعەبدوڵلا گەیلانیزادە یارمەتی دەرو موعاونی حیزبی تەعالی لە ۱۹۲۵ی زاینی کەوتە بەر ئەزیەت و ئازاردانی تورکی عوسمانی لە شاری سولەیمانی.

---

۱ - تێزی دوکتورای سەید عەزیز لاپەرەی ۱۱٦ بە نەقڵ لە یا موڵکی کوردستان و راپە رینی کوردو کوردستان و کورد اختلاللری بە زمانی تورکی تاران چاپی ۱۹۴٦ ز-لاپەرەی ۵٦ کە مەبەست لەو راپەرینە سەر بە خوی کورد بو

۲ - لە ۱۹۱۳ ی زاینی کومەیتەیەک بۆ پەرەدان بە فە رهەنگ وزمانی کوردی بە رابەری عەبدورەزاق بەدرخان لە شاری خوساز درا.

۳ - تیزی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی لاپەرەی ۱۴۳ تاپیی

Dr.Saleh Ebrahimi



□: پەندی کوردی: دۆستی دوژمنی من، دوژمنی منە، بەڵام دوژمنی دوژمنی من، دۆستی منە..

□دەڵێن: یەکێ لە هۆی راپەرین‌و تورەیی ژەنرال ئیحسان نوری پاشا کە بە دژی تورکی عوسمانی راپەریوە ئەوەیە کە رۆژێک ئیحسان نوری پاشا لە ئەفسەرێکی تورک داوا دەکا ئەم منداڵە مەکوژە، ئەویش منداڵە کوردە لە دەس ژەنرال ئیحسان نوری هەڵدەپرو چقێنێ‌و لە بەرچاوی ئەو دەی‌کوژی‌و دەڵێ ئەم منداڵە کوردە نابێ بمێنێ، ژەنراڵ ئیحسان نوری پاشا، ژان لە دڵ‌و هەناوی دەگەرێ‌و ئیتر ناتوانێ خۆ رابگرێ.

لەجەنگی ئازادی دەری کورد، ناوەندی ئارارات لەساڵەکانی ۱۹۲٦ تا ۱۹۳۰ زایینی بە فەرماندەیی ژنرال ئیحسان نوری پاشا کە بەدژی داگیرکارانی تورکی وەسمانی راپەری ئەگەر یەک تێکوشەرو پیشمەرگەی موسولمانی کورد بکەوتایەتە گیر تورکەکان سەریان ئەبری و ونجن و نجنیان ئەکردو زۆر دراندانە شەهیدیان ئەکرد.

لەزستانی ساڵی ۱۹۲۹ زاینیدا لە جەنگێکدا کە لەمەلبەندی (ئورتولو) رویدا تورکە وەسمانی یەکان بەدەسی کوردەکان تێشکان ویەخسیر ئەکران، جا لەبەر ئەوەی ئازوخەی کوردان کەم بو ئەو دیلانەیان ئەنارده ئێران تەنانەت کوردەکان پاروی دەمی خۆیان ئەدا بە یەخسیرە تورکە وەسمانی یەکان.

هەر وەک مێژو دەلی: زۆر بەی لەشکری شەرکەرەکان کورد بون بێجگە لە سوارەی حەمیدیەی کورد، لەشکری نۆیەمی ناوچە ئەرزە روم، لەشکرگەدەیەمی ناوچەی سیواس، لەشکری یازدەی ناوچەی ئەلعەزیز ولەشکری دوانزەی ناوچەی موسڵ کورد بون، دەڵێن: لە هەژدە (۱۸) هەزار سوارەی کوردی لەشکری سێیەم (۲۸۰۰) کەسیان ما و باقی کورە کورەی کورد بووە قوربانی فێڵ و تەڵە کەبازی تورکی عوسمانی ¹بەداخەوە کوردەکان لەباتی ئەوەی بێن بە کۆمەگی کوردی ئێرانەوە، کە بەر لەوەی لە ئابی ۱-ی ۱۹۱۴ جەنگی ۱-ی جیهانی دەس پێبکری وبەر لە هێرشی تورکی عوسمانی و ئەلمان لە ۲۹ی تەشیرنی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۴ بوسەر روخانە کانی بەری روسیای دەریای رەش لەسەرەتای شەری یەکەمی جیهانیدا لەرۆژ هەلاتی نیزیکدا، لەکوردستانی سەر بە ئێرانُ چەن جارێک شەر گەیشتە رادەی تەقینەوە، بۆیی لازەریف دەلێ: یەکەم تەقەی شەر لە مەیدانی رۆژ هەلاتی نیزیکدا لە کوردستانی ئێران بەرز بووە، چونکا بە ریتانیا و روسیا کە بە نیوّبۆدا مرکاندنەوەی راپەرینی مەشروتە لە ئێراندا لە ساڵەکانی ۱۹۰۵ تا ۱۹۱۱ خویان خزاند بووە ئێران و هەندێ لە ناوچەکانی باکور و باشوری ئێرانیان داگیر کردبو و هێزەکانی خۆیان تا دەس پێکردنی شەری یەکەم جیهانی لەو ناوچانەدار اگرتبو تەنانەت لەشکری روس تاشاری خۆ، هاتبو، عبدالرزاق بە درخان فێرگەی خۆیندنی بە کوردی لەخۆ دامەزراند بو و رۆژنامەی بە کوردی بلاّودە کردوو سمکۆی مەزنیش خۆی ئامادە کردبو تاساز و بەرگی راپەرین بۆئازادی کوردستان ئامادە بکا و لە دواییدا کە تا هەشت هەزار کەسی لە سوارانی چاکی هەرکی، شکاک، زەرزا و سەیدو شیخ و مەلای لە دەور ئالاّ و ئەویش هەرلە سەرە تای ساڵی ۱۹۱۱ی زاینیدا بە دژی رێژیمی قاجار لەئێران راپەریو و تەنانەت لە شاری ورمێ بۆ پەرەدان بە زمان و فەرهەنگی کوردی، بلاّو کردنەوەی کۆواری کوردی بەناوی کوردستان کە بەوێنەی مانگانە لەلایەن عبدالرزاق بەدرخانەوە لە شاری خۆ ببلاّو

---

۱- بروانە خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان چاپی قاهیرە لاپەرەی ۲۷۴ نوسراوی ئەمین زەکی کە خۆی لە زانا و ئەفسەرە شارەزاکانی لەشکری عوسمانی بووە - کوردستان نوسراوی دوکتور کەماڵ مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەی بەر و لاپەرەی ۵۴.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەکراوە لە ساڵی ۱۹۱۲ خۆی لە ورمێ بە ئەستۆی گرت، دوای ئەوەی کە عبدالرزاق بەدرخان لە لایەن روسەوە دورخرایەوە و کۆواری کوردستان تاساڵی ۱۹۱۴ بە زمانی کوردی و تورکی بلاو دەکرایەوە. سمکۆی مەزن خۆیشی لەساڵی ۱۳۴۰ی مانگی و ۱۹۲۱ی زاینی لە شاری و رمێ بە هوێ موفتی ئەعزەم: عەللامەی زانا و ناودار شێخ محەمەد قزلجی: (تورجانیزادە) رۆژنامەیە کی بە ناوی رۆژنامەی کورد، کەئورگانی راپەرین بو بلاودە کردەوە[1] روسیا لە ۱۹۱۴ تا ۱۹۱۵ لە شەری ساری قامیش کە تورکی عوسمانی تێشکاند ئیتر توانیان ۹۰هەزار کەس لەهێزی تورکی وەسمانی بکوژن و بگرن و برۆنە (وان، ئەرزە روم. موش بدلیس) - تێشکانی تورک لە ساری قامیش رێگای ئینگلیسی بۆ کوردستانی باشوری ئاسان کرد، بەریتانیا، روسیا، ئەلمان و تورکیا لە مێژ بوچاویان بڕیبوە خاکی ئێران، لە شەری یەکەمی جیهانیدا لە ۲-ی تەشیرینی دوەمی ساڵی ۱۹۱۴ دەوڵەتی ئێران بێ لایەنی بەرەسمی راگە یاندو ئیتر، ئەو دەوڵە تانە لە هەر لایە کەوە بەشێ لە خاکی ئیرانیان داگیر کردبو، ئازر بایجان و کوردستان پچر پچر بو، هەردە و لەتەی بەشێکی دەویستو تەنانەت لە مارتی ۱۹۱۵ روسیا و بەریتانیا بۆ دا بەش کردنی ئێران پەیمانێکی نهینان لە نێوان خۆیاندا مۆر کرد.

جا روس لە مەهاباد و ورمێ وشنو، تێ پەر بو و لەساڵی ۱۹۱۶دا کرماشانی گرت لە ۱۹۱۷دا ئێران بە تەواوی کەوتە دەس روس وئینگلیس، روس هەروەک حوسین حوزنی موکریانی دەنوسێ لەشاری رواندز تەنها چەند خانو بەرەیەک نەبێ کە ئەویش روسی تێدا بو باقی خانوەکانیان روخان و تورکی وەسمانیش لەورمێ هەر ئەوکارەی کرد و خەڵکێ زۆری کوشتو جاکەوتەگیان و مالی برافەلە کان و لە موکریان و لە مەهابادیش خەلکیان بە کوشت ئەدا و خۆیشیان هەرکەس

---

[1] - بروانە گرشەی کوردستان لاپەرەی ۱۱ ژمارەی نو (۹) رەشە مە (نوسان) ۱۳۰۷ی هەتاوی و ۱۹۹۸۱ی زاینی سالی دوەم کە ژمارەی ۱-ی گرشەی کوردستان لە ۱۹۸۱/۳/۱ی زاینی تا ۹ ژومارەی لە تاران لە چاپدراوە و بلاو کراوەتەوە - دەولەتی کوردی بە ریاسەتی سمکۆی مەزن رۆژنامەی کورد - ی لە ۱۳۴۰ دا لە ورمێ بلاوکراوەتەوە، کوردستان دوکتور کەمال مەزهەر پەرەی ۵۳ و ۵۸.

Dr.Saleh Ebrahimi



سەری بیزواندایێ، دولەتیان ئەکرد بۆوینە حەمەخانی بانە، حەمەحسین خان سەردار، موزە فەرەدین خان و گوڵ بابایان لەت و پەت کرد[1].

روسیا دوای روخانی رێژیمی چاروسەرکەوتنی راپەرینی ئوکتوبر لەشوباتی ۱۹۱۷ لەشەر نەکشایەوە، هەروەک جاران لەهەمو مەیدانە کاندا، بە کوردستانەوە لە جەنگدا بون، بەلام کار بە دەستانی نوێی روسیا لە سەر چارەسەر کردنی کوردستان رویشتن و هەوڵیان دەدا سەردارە کوردەکان بەرە ولای خویان رابکێشن، ئینگلیس بەرلە سەرکەوتنی راپە رینی ئوکتوبر حەزی نەدەکرد لە ولاتە ژێردەستەکانیدا بیێتە درا و سێی روسیا کە بەپێی پەیمانی (سایکس - پیکو) بە شێکی گەورەی کوردستانی بۆ دانرابو، جالە بەرئەوە بەریتانیا رازی بو هەر بەپێی ئەو پەیمانە کوردستانی با شور بدرێ بەفەرانسە، نەک خۆی، کەچی مەلیک مەحمود هەروەک رەفیق حیلمی دە نوسێ بە هەزار سوارە وە چووە کۆمەکی تورکی وەسمانی و لە نێز یکشاری ناصریە لەشوعە یە بە گژ هێزی ئینگلیسدا چو.[2] ئینگلیس تامۆرکردنی هودنەی (مو درۆس» کە لە ۳۰ی تەشیرینی یە کەمی ۱۹۱۸ لە نیوان سویند خورەکان و تورکیا مورکرا، هیزی ئینگلیس بە شیکی زوری لە کوردستانی باشوریدا داگیر کردبو، جاهەروەک رەفیق حیلمی نوسیویەتی ودەلی: «زەمان ئەگەر بەدلی کاپیتان نوئیل - ی ئە فسەری بە ریتانیا بچوایێ بە رێوە شکم لەوە دانیە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائە مەزراند، ئەمە جوان رونی دەکاتەوە کە دوژمنی کورد داگیر کەرانی راستە و خۆی کوردستانن، نەک دووەلی دورە دەست.[3]

---

۱ - عەلی سێدو گۆرانی لە عەمانەوە تا عیمادیە لاپەرەی ۲۰۵ تا ۲۰۹ لە ... کەمال مەزهەر ئەحمەد سەر چاوەی بە رۆ.

۲- رەفیق حلیمی یاد.داشتی بەشی - ۱ - بەغدا - ۱۹٦٥ پەرەی ۵۴ تا ۵۰ - کوردستان لە... دوکتور کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرچاوەی بەرو.

۳- رەفیق حیملی سەرچاوەی ناوبراو لاپەرەی ٦۹ - کوردستان لە سالەکانی، سەر چاوەی ناو براو- کاپتان (دوایی میجەر) نوئیل ئەفسەریکی زور شارەزا و هیمن بووە و زمانی فارسی و کوردی زانیوە و خیل وهوز ناس بووە و لەنیو بەختیاریدا کاری کردوە و لەدوای ئەویش لەگەل سەردارانی هوزە کوردکان زور دوستانە لیان نیزیک بووە و زمانی کوردی جوان فیربیو و زوریش لایەنگری دامەزراندنی دەولەتیک بو، بو کوردستان و لە راپورتە نهینیەکانی خویدا زوربە گەرمی بەریتانیای بودانانی دەولەت بوکوردستان هان‌داوە. بەداغەوە ئەوپیاوە لە کوردستاندا زور

Dr.Saleh Ebrahimi



لە ساڵی کانی ۱۹۱۵ داکوردەکانی بۆتان بە دژی تورکی عوسمانی دەسیان دایە چەک و هەرلەو سەردەمە داخەڵکی دەرسیم راپەرین و زیاتر لە ساڵێک حوکومەتی ئەو ناوەیان گرتە دەس و تەسی تورکیا[۵]داوە، عەلی شێری شاعیری ناوداری ئەو ناوچەیە، نەخشێ زۆر گرینگی لە راپەرینی کوردی ئەو ناوە گیرا و خەلکی دەرسیم و کوردی ئەو ناوەی بۆ یەکیەتی و ئازادی نیشتمان لەبن چرنوکی تورکی عوسمانی هان دەدا، لەدوای ساڵەکانی شەڕ ولەکاتی تێک رمانی لە شکری عوسمانیدا، کوردستانی باشوریش هەستا، خەڵکی (ئامێد و سولەیمانی) و ئەوهە رێمە بە دژی عوسمانی راپەرین، مەلیک مەحمود بەرزنجی هەر لەکاتی کوشتنی شیخ سەعید-ی باوکی لە ساڵی ۱۹۰۸ کە لەگەڵ کاک ئەحمەد شێخ-ی کوری لە لایەن تورکە جەوانەکانەوە، بۆموسڵ تەبعید کرابون و تورک دنەی خەڵکی لێدان و شەهیدکران، دڵ بریندار بوو لە هەڵدە گەرا کەراپەرێ، جائەوەبو حوکومەتی دامەزراند، لە ساڵی ۱۹۱۷ خەڵکی دەرسیم و بۆتان و خەرپوت و خەلکی ماردین و ئامێد: (دیار بەکر) هەستانەوە.[۱]

---

نەماوەتەوە - کوردستان لە سالەکانی، سەرچاوەی بەرو.

٦ - ئەگەر بروانینە سەفەرنامە[ی]ناصر خوسرەو، جوان بومان دەردە کەوی کە شاری ئامید لە ساڵی ۴۳۷ی مانگی و ریکەوتی ۱۰۵۸ ی زاینی چ قەلایەکی گەورەو پتەوی لە بەردی رەش و مزگەوتی دوسەت ئەستونی لە بەردی جوان و رازاوە و بە تاق ساز دراوی هەبوە و دارای کە رەستەی بیهداشت و نویژ و ئاوی خواردنەوەی سەردا پوشراو هەبوە و حاکمی ئامید کوری نەصر دەولە بووە و قەلا[ی] ئامید چوار دەروازەی ئاسنی بووە و میافارقینیش قەلای لە بەردی سپی هەبوو سەرداری قەلای ئامید، زەبرو میافارقین بە دەس ئەمیر ئەعزەم سەعدەدین نەصردە ولە ئەبونەصر ئەحمەدو کورانی ئەو پاشا دادگەرە بووە و خوتبەی روژی هەینی بە نیویان خویندراوە و ئەمانە خوی نیشانەی تەمەدون و ژیاری نە تەوەی کوردە بە دریژیی میژو (شە پوڵ).

Dr.Saleh Ebrahimi



## کوردو مێژو نوسان:

ئەگەر مرۆڤ بە چاوی ورد و بێلایەنی بڕوانێتە پەراوەی فتوحاتی ئیسلامیو کتێبی فتوح الشام واقدیو[١] فتوح بولدانی بەلاذریو[٢] تەجاربول ئومەم کوڕی مەسکویەو[٣] ئەخبار الرسل و الملوك تەبەری[٤] ئەلکامل فی‌التاریخ کوری ئەسیری جەزەری[٥] حیاةالحیوان کوبرای دەمیر شێخ کەمالەدین بای هەمزە ئەسەد[٦]. زۆرباش نەخش و دەوری کوردی بۆ دەردە کەوێ کە چلون پیاوانەو شێرانە لە هەر دەم و دەور و رۆژکارێکدا بەرگری لە ئیشتمانی کوردەواری کردوەو نەیهێشتووە بێگانە دە سەلات بە سەرکوردستان داپەیدا بکاو زۆر ئازاو جوامیرانە بەر بەرچی هێرش‌کارانی کردوە.

بۆوێنە کەلە ٦٦١ی مانگی حوکومەتی ئەمەوی دامەزراو زۆری بۆ کورد هێنا لە شورشێکدا بە سەر کردەیی ئەبوموسلیم خۆراسانی کورد لە ناوچەی زێی گەورە (خواروی کوردستان) هێزی ئەمەوی تێك شکاندوٚ چوبەغدای گرتوو ئەمەوی لابردو عەباسی لە ٧٥٠ی مانگیدا هێنا سەرکار، بەلاّم مەنسوری عەباسی ناسپاسی کردو بە گزی و فزی خستیە زیندان و شەهیدی کرد لە زیندان نامەیەك بۆ مەنسوردەنوسیۆ دەڵێ من ئەمەویم لابردو ئێوەی عەباسیم هێناسەرکار ئێوەنمەك بەحەرام دەرچونو غەدارن، مەنسور بە ئەبو دولامە[٧] کە سەرۆکی نو سینگەی مەنسور بوە، دەستور ئەدا تاوەلاّمی ئەبو موسلیم بداتەوە ئەویش دوای وەلاّم دانەوە لە بەحری تەویلدا قەسیدەیەك لەزەمی ئەبو موسلیم دەلی، ئەمە دوشیعر لەو قەسیدەکە لە کاتی جویندانداندا نیژادی باوانی ئەبوسوسلیم کە کورد بون لەزاری دەرپەریوە و دەلی.

ابا مجرم هل غیر الله نعمه علی      عبده حتی یغیرها العبد

١ ـ واقدی ١٣٠ تا ٢٠٨ی مانگی ژیاوە و فتوح شام کە بە ئەلموغازی ناودارەو بەشی٢ لە فەتحی موسولمانان لە کوردستان دە گێڕێتەوە.
٢ ـ بلاذری: ئەحمەد بن یەحیا بەغدایی لە سەنە ٣ی مانگی ژیاوەو لە نیوان ٩٠٠ و ١٠٠٠ی زاینیدا چەن جار چاپکراوە ولە ١٩٣٢ز ـ لە قاهیرە لە چاپدراوە.
٣ ـ ئەبوعەلی ئەحمەد بن محەمەد مەسکویە لەسەتەی دەیەم دا ژیاوە و کتیبەکەی لە ١٩١٥ز لە قاهیرە لە لایەن فەرەجوللا زەکی کورد لەچاپدراوە.
٤ ـ تەبەری لە ٣١٠ی مانگیدا مردوە.
٥ ـ کوری ئە سیرلە ٦٣٠ی مانگیدا مردوە.
٦ ـ بای هەمزە ئەسد کەدمیری لە کوری ئەسیر و کەسیری وەرگرتووەو هەروا بروانە حول‌المشکلة الکوردیەی دوکتور جەمال نە بەز کەلە ١٩٦٩ زاینی لەئوروپا چاپ بووە.
٧ ـ ئەبودولامە لە ٧٧٨ مردوە

Dr.Saleh Ebrahimi



افــی دولة المــنصور حــاولت غـدرة الا ان اهــل الغـدر آبـاؤک الکـرد[1].

تارقی بن زیاد کە لە ۱۰۲ی مانگیدا مردوە، لە کوردە کانە کە ئەندە لوسی گرتوە کە لە ۱۹۹۰زاینی رادیو قاهیرە لە بەرنامەی خویدا وتی دەلین تارق بەربەرە، بەلام تارق کوری زیاد کە ئەندەلوسی گرت و بەسەر رودریک پاشای ئەویدا زاڵبو، کوردبوو تونگەی جەبل تاریقیش هەر بە نیو ئەو کوردەوە نیو براوە.

یا ئەبو جەعفەر کوری میرحوسین داسنی کە لە ۲۲٦ی مانگی یەخسیری عەباسیان کراو بەژار شەهیدکرا چون نە چووە بن باری زولمی عەباسیان یا راپەرینی جەعفەربن‌میهر جەیش کوردی کە لە موعتەسەمی عەباسی راساوەو لە چیای داسن بەر پەرچی هیزی دوژمنی داوە یاراپەرینی شیر زەنگی لە ۲۵۵ی مانگیدا کە عەلی بن محەمەد عەلەوی یان کردە سەرکردە کەبە (صاحیب‌زنج) ناودارەو ئەمیش کوردبوە یاراپەرینی محەمەدبن عەبدوللا بن هەزار مەرد کەبوەحاکمی ئەهوازو شوشتەروتەو ناوە ناوە[2] ئەلین: یەعقوبی لەیس صەفاری بەیارمەتی کوردان سەرکەوت. یاراپەرینی کوردان لە ناوچەی ئیسفەهان و فارسدا یاراپەرینی موساویربن عەبدولحەمید شاری لە بەواریحی موسلدا کە موسلیان گرت. یاراپەینی عەبدوللا بن ئیبراهیم لەئیسفەهان کە دەهەراز کوردی لەگەل دابووە.[3]

## خۆ پاراستن

هەر لە سەردەمی شەپولی کوچ کردنی تورک و تورکومانەوە کە لە ئالتاوە بەرەو ئاسیای چکولە هاتن وەک تورکی غەزە، سەلجوقی، قەرەقوینلو و ئاق قوینلو، مەغول، تەیمورە شەلە،

۱ ـ وەفیات ئەعیان نوسراوی قەبلە سوفی میژو ـ کوردی، کوری خەلە کان ج۱ ـ قاهیرە/ ۱۹۴۸ لاپەرەی ۳۰۷ ـ تە بەری الملوک و الرسل ج۲ پەرەی ۱۹۴۴ ـ رەشید یاسەمی کوردو... لاپەرەی ۱۷۸ ج ۱ تاران ـ کرماشان وکوردستان پەرەی ۱۱٦ د ـ مەسعود گولزاری ـ و گواری نیشتمان کە دوکتور جەمال نە بەز کوبەی بو کردوە لاپەرەی ۲ چاپی سوئید ۱۹۸۵ و ئەبومسلیم سەرداری خوراسان نوسراوی دوکتور غولامحوسین یوسفی تاران چاپی ۱۳۴۵ی هەتاوی، ئەشی مەبەست لە خوراسان، خوراسانی لای ئەسەداواو کەنگاوەری لای کرماشان بی (شەپول).

۲ ـ کوری ئەسیرالکامل ج لیدەن چاپی ۱۸٦۵ لە بن روداوەی ۲۵۵ پەرەی ۱۳۹ و کرماشان و کوردستان نوسراوی دوکتور گولزاری پەرەی ۱۱۹.

۳ ـ تاریخی تە بەری ج ۳ ـ بریل ۱۸۸۴ لاپەرەی ۲۸۸ ـ کرماشان و کوردستان نوسراوی دوکتور گولزاری پەرەی ۱۱۸ و ۱۱۹ و ۱۲۱ چاپی ۱۳۵۷ی هەتاوی و رەشیدیاسەمی.

Dr.Saleh Ebrahimi



هەر کاتی ویستویانە لەخاکی کوردستانەوە تیپەربن، کورد بەری گرتون و نەچونەتە بن باریان، تەنانەت تورکی عوسمانیش کە بانگی غەزای بە دژی بیزانتی یە کافرە کان دا، کورد لە سەتەی ١٣ و ١٤ سەر بەخویی خوی پاراست و تیکەل بەتورکی وەسمانی نەبو. بەلام پاش دامەزرانی صەفەوی لەئیران کە دەسیان کرد بە سوننی کوشتن و دژی کردن لە تەک عوسمانیدا کورد کەوتە نیوان دو حوکومەتی دژ بەیەک لە ئاکامدا زانای ژیرو بەمشوری هەرە زانای ئەوسەر دەمەی کوردستان، ئیدریس بدلیسی کە خوشەویستی هەموکوردیک بوولە نیو شازادە کوردە کاندا زور دەسی دەرویی لە گەل حوکومەتی عوسمانی یەکی گرت و هەر ئەمە بوە هوی تیشکانی صەفەوی لەچالدران لە ١٥١۴ ی زاینی و حوکومەتی عوسمانی لە ٩ی ئابی ١٥١٥ زاینی فدراسیونیکی لە گەل کورد گریدا و پەیمانی یەکبون گریدرا، بەلام بەوینەی فیدرال، واتا: شازادە کوردە کان پیکەوە بەشیوەی فیدرال ولە تەک دە ولەتی عوسمانیشدا ویکرا بە شیوەی فیدرالی ئەمرو، ولاتیان ئەبرد بەریوە.[1] دوای مردنی ئیدریس بدلیسی تورکی مارزی وەسمانی چاوی بریە کوردە واری و شەری بەشازادە کوردە کان دەفروشت و کورد ناچار لە نیوەی دوەمی سەتەی شانزەهەم بە دژی تورک راپەری بە تایبەت کە دیتی تورک لە بنەوە لە تەک صەفەوی سازاوەو لە سالی ١٦٣٩ی زاینی کوردستانیان لە سەر کاغذ لە خویان بەش کردوەو راپەرینی جیا بونەوە و چە کدارانە لە کوردەواریدا پەرەی سەند.[2]

ئەمیر شەفخان لەشەرە فنامەدا لە ١٥٩٦/٧ی زاینی سنوری کوردستانی دیاری کردوەو چریکە و چیروکی ئازایی و نیشتمان ویستیو نە بەزی نە تەوەو شازادە کوردە کانی باس کردوە.

یا راپەرینی ١٦٦٦ی زاینی بە هۆی با هۆی کورەشێخکەوە لە ناو چەی بادینان کە بەناوی پەیدا بونی مەهدی بەدژی تورکی عوسمانی راپەریوە، کەئیتر تورک و عەرەب دەسیان کرد بە درو هەلبەستن بە دژی نە تەوی کوردی مەزلوم بووینە خواجا سەعدەدین کە ماموستای سولتان مراد بوە ئەم تورکە بەدەم پیغەمبەرەوە، دروی ساز داوە کە گویا پیغەمبەر دوعای شەری

---

١ ـ عەللامە ئیدریس بدلیسی کوری زانای ناودار هوزانی فەیلەسوف مەولانا یاسر بوو لە ١٥٢٠ی زاینی دوای پیک هاتنی ئەو فیدرالە وەفاتی کرد.

٢ ـ کوواری نیشمان بە سەرەتای دوکتور جەمال نە بەز پەرەی ٥ و ٦ چاپی سوئید ١٩٨٥ز ـ شەرە فنامە پەرەی ١٦ و ١٧ سالی ١٨٦٨ بە نەقل لە قسە کانی پروفیسور جەمال نەبەز.

Dr.Saleh Ebrahimi



لە کورد کردوە کە نەتوانن دەولەت بو خویان ساز بدە نو هەزاران دروی دیکە ئەمە نیشانەی ئەوە یە کە کورد لە سەتەی شانزە دا حوکومەتی بوخوی ویستوە...[۱]

## دەرەتان لە دەس دان

لە راستیدا نەتەوەی کورد، دەرەتانی زورچاکیان لەدەس داوە بووینە صەلاحەدین ئەیّوبی (۱۱٦۹ـ۱۲٥۰) سەر زنجیرەی ئەیّوبی حوکومەتو ئیمپەراتوری گەورەی کوردی دامەزراند.

لە (۱۷۰٥ـ۱۷۷۹ز و ۱۰۱۹ـ تا ۱۱۹۳ی مانگی) کەریمخان زەند ژیاوەولە ۱۷٥۰ی زاینی و ۱۱٦۳ی مانگی لە سەرتەختی سەلتەنەت دانیشتو دەولەتی بو کورد، دامەزراند، بەلام کورد خوی بووە خورەی خوی ئەردە لانیە کان[۲] و بابانە کان لە باتی یارمەتی‌دان بە کەریمخان ـی زەند چونە یارمەتی دانی قاجار[۳] سەرزنجیرەی زەندیە کەریمخانی زەندە، کارە گرینگە کانی کەریمخان: گرتنی بەصرە، دەفعی فیتەنەی حسیتقلیخان جهانسوز، دەفعی شیخ بندریک، کەریمخان زور داد گەر، چاک، موتەوازیع، پیاو، دل‌ودەرون‌گوشاد، دلاواودل لاوین، نەوع‌دوست، مروف و هونەر دوست بووە، کەریمخانی زەند لەهوزی زەندە و بەزاراوەی لوری قسەی کردوەو لە گوندی قەلای پری لە نیزیک مەلایەر نیشتە جی بووە و ژیاوەو کوردانە و مەردانە هەستاوەو بەدژی مارزو ستەمکاران راپەریوەو بەدادگەری‌و ئاکارو

۱ ـ تاج التواریخ نوسراوی خواجا سەعدەدین ـ مینورسکی: ئەنیسکلو پیدای ئیسلامی چاپی ئەلمان لە ۱۲۲۷ بەرکولی کوواری نیشتمان بە قەلەمی جەمال نەبەز پەرەی ٦ و ٦۳ کە بە بونەی چلەمین سالروژی نیشتمان لە سوئید لە ۲٥۹۷ی ک و ۱۹۸٥ی زاینی لە چاپە مەنی ئازاد چاپ کراوە (شەپول).

۲ ـ ئەردە لان، موژە کەبە لە ئەرد+لان. ئەرد بەواتای مدفەرک و پیروزە، لانوەک لانی شیر، دەلین: شیرلەلان بیتەدەر ـ ج نیرچ می، لان: جیگا، خانولان، لان: بەردەلان، کەندەلان، خیزەلان، ئەرد ئەم پیشگرە لە ناوی پاشاکانی ساسانی و ئەشکانی گیراوە وەک ئەردەشیر، ئەردەوان، ئەشکری بلیین لە کونا ئەرتەلان یائەرتەران بەواتای ئەرزو سەر زەوی مودفەرک و پیروزە. دیارە ـ د ـ ت ـ ر ـ ل ـ بەیە کتری بە دەل ئەبن.

۳ ـ کورد و کوردستان نوسراوی واسیلی نیکین تەرجەمەی محەمەد قازی چاپی ۱۳٦٦ی هە تاوی لاپەرەی ۳۸۲. ئاخرین تەحقیق پروفیسور مینورسکی لەژیر نیشانی مافەبلی تأریخی صەلاحەدین لە زنجیرەی موتالەعات سەبارەت بەتاریخی قەفقاز لە سیری بلاوەی خورهەلات ناسی زانکوی کومبریج. بەرواری ۱۹٥۲ی زانیی.و. نیکین سەرچاوەی بەروو شەرە فنامە، کە بە چاکی نیشانی داوە کە کورد باچونە نە یارمەتی تورکی عوسمانی یا چونەتە یارمەتی شاهان لەئیراندا. نەقل لە و نیکین ۲۹۰ و ئەمین زەکی لاپەرەی ۲۸ تأریخی کورد و... کە ئەمین زەکی ۱۴ زنجیرەی کوردی ناوبردوە بەلام و. نیکین سالاریانی ئازربایجان، ئەتا بە کانی لورستان چکولە (٥۷۰ تا ۱۲٥۰ مانگی) شازادە کانی ئەردە لان (٦۱۷ تا ۱۲۸۴ی مانگی) زەندیە لە (۱۱٦۷ تا ۱۲۰۲ی مانگی) ئەمیرنشینی خوراسان لە ٦۴۳ تا (۷۸٥ی مانگی) یا براهوی بە لوجستان لە ۱۱۷۲ تا ۱۳۰۰ی مانگی) ناوبردوە (شەپول).

Dr.Saleh Ebrahimi



رەفتاری پیاوانە لە گەل خەلک رەفتاری کردوەو پاتەختەکەی شیراز بووە، حەمامی وەکیل، بازارومزگەوتی وەکیل یادگاری کەریمخانە. کەریمخان لە شیراز بە نەخوشی ئازارە باریکە (سل) لە ۱۱۹۳ی مانگی لە ۷٤ سالیدا وەفاتی کردوە، دوای ئەو زەکی‌خان: لطفعلیخان کە بەدەس ئاغا محمدخان قاجار لە باغی گولستانی تاران گوژراوە حوکومەتی کردوە.[1]

کەریم خان زەند لە ۱۱٦٥ی مانگیدا لیبرا کە ئوستوراباد بگری و لە دەس محەمەد حەسەن خانی بستینی بەلام لە سالی ۱۱٦۸ محەمەد حەسەن خان لە گوندی (گلون ئاوا) (بلوکی جی ئیسفهان) ئاوقەی کەریم خان بو و ئیسفهانی لە بن دەس کەریم خان زەند دەرهیناو لە ۱۱٦۹ ئەمیر گونەخانی قەجەری کردە والی ئیسفەهان ولە ۱۱۷۰ بو جەنگی ئازادخانی ئەفغان چووە، ئازربایجان و بیست‌هەزار لەشکری ئەوی شکاندو هەزار بنەمالەی لە ئوزبەک و ئەفغانی کوچ‌دا و لە ریگای گیلانەوە ناردنیە مازندەران (ماژندەران) ولە سالی ۱۱۷۱ بە سپایەکی زورەوە هەلی کوتایە سەر شیراز پیتەختی کەریم‌خانی زەندو ئابلوقەی دا بەلام تی شکاو بەرەو ئوستوراباد گەرایەوەو کەریم خان زەند لە ۱۱۷۲ رەپیی ناو خوی لە تاران دانیشت‌و لەشکریکی بو لە ناو بردنی ناردە ئوستورابادو لە نیوان ئەشەرەف‌و ئوستوراباد دا پیک هەلپرژان‌و محەمەد حەسەن خان تیشکا[2].

ئەوسا کەریم خان زەند چوتە شیراز و محەمەدخان‌و وسەین قولیخان ـ کورانی محەمەد حەسەن خانی گرت‌و بەبارمتە لە شیراز رای گرتن‌و زوریش ریزی بو داناون‌و وسەین قولیخان کەلە (۱۱۲۹) هەتاوی لەدا یک بوە لە سالی ۱۱۸٤ لە لایەن کەریم خانەوە کراوەتە حاکمی داموغان. لە پاشان لە سالی ۱۱۸٥ یاخی بوە، محەمەد خان دارو حاکمی ئوستورابادی کوشتوەو ئاژاوەی ناوەتەوە تا کەریم خان لە سالی ۱۱٥۳ی هەتاویدا لە مانگی حوت‌دا کوشتویەتی و محەمەد خان (قەجەر) لای کەریم خان زەند هەروا زیندان بوە تا کەریمخان لە سالی ۱٦۹۳ی مانگی‌و ۱۷۷۹ی زاینی لە ۷٤ سالیدا وەفاتی کرد و محەمەدخان لە شیرازەوە هاتە تاران‌و خوی بەشا ئەزانی هەرچەن تا ۱۲۲۰ تاجی نەناسەر چونکا لوتفعەلی خان زەند

---

۱ ـ جیهانی موسلمین نوسراوی شیخ مستەفا راهنما لاپەرەی ۸۸ تا ۹۲ چاپی ۱۳٤۱ی هەتاوی مەسئەلەی کوردستان و کەریمخان زەند کە کەریمخان و خەلکی لورستانی بە کورد داناوە.

۲ ـ محەمەد حەسەن خان لە سالی ۱۱۳۷ی هەتاویدا لە مانگی حوت‌دا لە (جرگلباد) بەدەسی (سەوزنەلی) بە گی مولازیمی خوی کوژرا و لە نەجەف نیژرا.

Dr.Saleh Ebrahimi



کوری جەور خان زەند هەمیشە هیرشی بو محەمەدخان ئەبردو کورانی نادر شایش لە خوراسان دەسیان دەرویشت، زوربەی میژو نوسان نوسیویانە کە لە ۱۱۸۳ محەمەد خانی قەجەر بوە تەشا.[۱]

نوکتە: زنجیرەی (زەندی) یە لە (۱۱۶۳ تا ۱۰۹۳ (۱۷۵۰-۱۷۷۹ زاینی) بە سەر هەمو خاکی ئیراندا حوکومەتیان کردوە تەنیا خوراسان نەبی چونکا شاروخی ئەفشار کە کویرو پیریش بو بە سەر خوراساندا راگەیوە. کەریمخان لە ۱۷۵۰ی زاینی تا ۱۷۷۹ زاینی پاشایی کردوە.

دوای مەرگی کەریم خان زەند زیاتر لە دوانزە سال لە نیوان ئاغا محەمەدخان قەجەرو شازادەکانی (زەند) دەمەقرەو قونە شەر بوە تا سەر ئەنجام محەمەد خان قەجەر سەر کەوت.

نوکتە: ئەگیرنەوە لەو سەردەمەی واکەریم خان پاتشای شیراز بوە، پاتشای بەریتانیا دیاریکی زور (بەنایبالسلطنە)ی خویدادەنیریتە شیراز نایب السلطنەی ئینگلیس کە لە هیندوستانەوە هاتبو، ئەیویست چاوی بە کریمخان زەند بکەوی‌و ئەویش مولاقاتی ناداتی ئەمیش لەو دیاری‌یانە گیرفانی وەزیرەکانی پردەکاو یەکە یەکە وەزیرەکان تکالەکەریمخان ئەکەن مولاقات بدا بە نایب السلطنەی ئینگلیس. ئەویش قەبولی ناکا تا روژی هەمو وەزیرەکان کەلە خزمەت کەریمخان ئەبن تیکرا ئەپارینەوە کە چاوی بەنایب السلطنە بکەوی ئەویش ئەلی ئەزانم ئیوە گیرەفانتان پرکراوە بەلام من نامەوی چاوم بەو بکەوی، چونکا ئەوانە وەک مشک وان هەر شتیان گیرکەوی ئەی قرتینن لە دواییدا گیرفانی ئیوەش بەو پارەو دراوە ئەقرتینن. لەبیرمە خوالیخوشبو (مەلا برایم)ی باوکم (رضوان‌الله علیه) دەی فەرمولە زەمانی رەزاخاندا کە ژاندارم دەهاتن بو خەلک کە بە بونەی جلک گوران جلکیان لە بەر خەلک دائەرنی‌و خەلکیان زوت دەکردەوەو ریشوەیان وەردەگرت. خەلکە کە فیربیون هەر کە دەیان زانی اموری رەزاخان خەریکە بی هەرایان لە خەلک دەکرد مشکەکان هاتن خەلکیش تی‌دەگەیی‌یا جلیکان دەگوری یا خویان دەشاردەوە. پیاوەکانی رەزاخان لەو جوینە گەییون ئەو قسە و واژەیان لە هەر کەس ببیستایی زوریان ئازارئەداو جەریمەیی قورسیان لی وەردەگرت من

۱ ـ بروا نەمکار الاثار. بەرکولە پەرەی ۱۶.

Dr.Saleh Ebrahimi



(شەپول) هەروا لە بیری ئەو قسانەی باوکی رەحمەتیم دابوم و بیرم لی دە کردەوە تا ئەم قسەی کەریمخانی زەندم لە کتیبدا دی، تی گەیم کە بناغەی ئەو قسە لە کویوە هاتووە (شەپول).

محەمەد ئیبراهیم خان ئەنوەر شاعیری زەند ئەم زانا شاعیرە کوری کەریم خان کوری ئونیاق زەند پاتشای ناو دارە. ئونیاق لە ئەصلا لە هوزی زەندیکلەی خەلکی شاری دەولەت ئاوای (مەلایەر) بوە. گلکوی ئونیاق لە باخی میرزا مەحمود (شمس العلما) دایە لە گوندی (کلوسەجەر) لەیەک فرسەخی دەولەت ئاوادایەو کورە کەشی: (کەریم خان زەند) پاتشایەکی ولاتدارو خەلک خوشەویست بوەو لە گەل خەلکدا بە پیاوەتی و مروڤانی رەفتاری کردوە، کەریم خان زەند موسلیحکی کومە لایەتیو زور نەبەزو رامیارو بەسیاسەت بوەو لەم بارو بابەتانەوە لەناودار ترینی پاتشایان و میران دیتە ژمارە. ئەم شا خوشەویستە لە بەر پیاوەتیو مەزنی و خو بە کەم زانی خوی بە (وەکیلی رەعایا) ناو ئەبردو لەم سوینگەوە بە (وەکیل) ناودار بوە[1] محەمەد ئیبراهیم خان کوری کەریمخان زەند مروفیک بوە شاعیرو خاوەن هەستیکی نازک و جوانو لە شیراز:[2] ژیاوەو لە سالی **١١٨٣** مانگیدا لە کچی محەمەد خان کەلور لە دایک بوە.[3]

محەمەد ئیبراهیم خان ئەنوەر شاعری زەند دوای مردنی باوکی لە فیتنەی کورە مانەکانیدا چاوەکانی لە کیس چون و لە (عتبات عالیه معتکف) بوە. لە دوای سالەهای سال لەویوە گەراوەتەوە (نەهاوەند) وە هەر لەو سالەی واگەراوەتەوە نەهاوەند مردوە.[4] ئەمەش چەن شیعری پارسی لەم شاعیرە:

## شیعر:

گرفتم این کە رهم بستەاند در سر کویت چە میکنند کە دارد دلم نهان بتو راهی

١ ـ کەریم خان دو کات ئەژمیر (دەم ژمیر) لەروژی سی شەمە ١٣ صەفەری سالی ١١٩٣ مانگی تیە ریبو کە بارگەی بەرەو لای خوا تیکناوەو هەر وەکو لە (میژوی زەندی یە)دا میزا عەلی رەضای شیرازی نوسیویەتی (پەرەی ٨ نوسەخەی خەتی) گلکوکەشی لە نەجەفە.

٢ ـ شیریژ ـ شیراج ـ شیراژ: شیراز.

٣ ـ هەر وەکو لە کوبەی مجمل التواریخ: ٣٤٢) نوسراوەو ریکەوتی سالی (١١٤٧ـ١١٤٨)ی هەتاوی بروە.

٤ ـ هەر وەکو لە (مجمع‌الفصحا ١:١٠) و فارسنامە ٢:١٤٣) دا نوسراوە و لە (منتظم ناصری ج ٣) هاتووە سالی ١٢١٧ (ی) مانگیان نوسیوە. بە نەقل لە (مجمع‌الفصحا ١:١٠):

Dr.Saleh Ebrahimi



دلاچندیرهائیچو بس آنگه شو گرفتارش — که چندی عزتی دارند پیشش نو گرفتاران
چه خواهد مدعی احوال آنسیمینبدن پرسد — ز غیرت تاکند خون در دلم آید ز من پرسد
غرور حسن اگرچه ماه کنعانست نگذارد — که یکره شرح حال ساکن بیت الحزن پرسد
شدت لاغریم بین که نیفکند بدام — جنبش آن قدر که صیاد خبردار شود
هنگام عجز بوسم زان پای پاسبانش — کز شرم چون کشم پای بوسم من آستانش
هرگز مکن به وعده وفا گرچه با من است — ترسم خدا نکرده بدین شیوه خو کنی[1]

سالاریانی ئازربایجان له ۳۰۰ تا ٤٢٠ی مانگی ـ ئەمیرنشینی خوراسان له (٦٤٣ تا ۷۸۵ی مانگی بابراهوی به لوجستان له ۱۱۷۲ تا ۱۳۰۰ی مانگی عەلی بن مەروان بن دوسته ك dwstak کەله (۹۹۰ی زاینی و ریکەوتی ۳۸۰ی مانگی تا ۱۰۹٦ یزو ۴۸۹ی مانگی حوکومەتی دوسته‌کی مەروانی دامەزراند که به سەر دیار بەکروهەندی له شارەکانی ئەرمەنستانو له ۱۰۲۵ تا ۱۰۳۱ به سەر ئەرفەدا حوکومەتیان کردوه له نیو ئەم زنجیرەدا ئەبو نەصر ئەحمەد بەشازادەیەکی کارزان، بەئەزمون، دادگەر، روناك بیروژیر ناو دارەوله ٤٠٢ یا ۴۵۳ی مانگی، حوکومەتی ئەبونەصر ئەحمەد ـی مەروانی لەلایەن خەلیفەی عەبباسی، شای ئالی بویەو بازیل ئیسلاو ئیمپەراتوری رومی شەرقی (بیزانس) دیاری کراوه که بەروالەت سەر بەخو بووه.

ـ شازادەکانی بەنوعەناز Annaz کەله ۳۸۰ تا ۵۱۰ی مانگی و ریکەوتی ۱۱۱٦ی زاینی له جیبال دا حوکومەتیان کردوه[2]

ـ زنجیرەی شازادەکانی شوانکاره له فارسدا له سەتەی یازدەهەمی زاینی و ۱۵۰ی مانگی تا ٦۰۰ی مانگی حوکومەتیان کردوه.

## ئەمەش ناوی هەندێ له ئەمیرانی شوانکاره

شازادەکانی شوانکاره (رامانی) له رەسەنی ئەردەشیرـی بابەکانو له سەرەتای سەتەی

---

۱ ـ (مکارم آلاثار) پەرەی ۵۷۸ تا ۵۷۹ بەرگی دوەم.
۲ ـ بروانه کـ.ل هورات له کتیبی سوریه داچاپی ۱۹۲۲ز

Dr.Saleh Ebrahimi



٥ی مانگی لە مەلبەندی فارس‌دا حوکومەتی سەر بەخویان ـ هەبووەو تا حودودی ۱٥۰ سال بەردەوام بوگەو داراب گردو نەیریز و تارم، ئیگ، ئیستە هبانات و ئەو ناوچانەیان بە دەس بووە، جا چون ئەردەشیریش لە تەک سەر زنجیرەی ساسانی هەر لەویوە سەریان هەلداوە بە کورد ناسراون.[1]

شازادە عەلی رامان شوانکارە لە (٤۲۱)ی مانگی ژیاوە ـ شازادە سولەیمان رامانی شوانکارەلە (٤۱٥ـ٤٤۰) حوکومەتی کردوە ـ ئەمیرفە زلەوەیهـ رامانی شوانکارە لە حودودی ۳۸٥ بووە تەسپەهـ سالارو لە ٤٤۸ بو تەشای شیرازو ئەو ناو چانە ـ حەسەن خوسرەو رامان شوانکارە ـ سمایل رامانی شوانکارە ـ نیزامەدین. یەحیا رامانی شوانکارە لە روژگاری سەنقور سەلغوری ـ شازادە قوتبەدین موباریز رامانی شوانکارە لە ٥۹۷ی مانگیدا لە تەک براکەی‌دا پیاوانە بەر هیرشی هوزی (غەز) یان گرت و (بەردەسیر) و هەندی لە ناوچەی (کرمان)یان هینا بن رکیفی خویان ـ موزە فەرەدین محەمەد رامانی شوانکارە تا ٦۰۰ حوکەتی کردوەو...[2]

شازادەکانی هەزار ئەسپان ئەتابەکی لورستانی گەورە (۱۱٤۸ـ۱۳۳۹) شازادەکانی ئەیوبی (۱۱٦۹ـ۱۲٥۰) زنجیرەی شازادەکانی دیاربەکروجزیرە ۲ شازادەکانی دینەوە روشارە زور (حەسەنوەیهان) ۳ و ٤ شازادەکانی هەزار ئەسب (فەضلە و یەی لورستانی گەورەو چکولە.[3]

لە کاتی هیرشی مەغولدا دوشازادەی کورد ئاوقەی هەلاکو بون، بەلام تیشکان و کوردان شاری هەولیریان بە ۷۰۰۰۰ مسقال زیر لە هەلاکو کریەوە. و.نیکتین دەنوسی: کەچی دەلین: هەلاکو بە پشتیوانی سولەیمان شای‌ئیوائی کورد هیرشی کردە سەربەغا بەلام حسامەدین خەلیل ئەتابەکی لورستانی چکولە دژی سولەیمان شائیوائی کورد لەو گیروداره داتیاچو.[4] ئەم سولەیمان‌شائیوائی یە کورد بووەو لە کوردەکانی ئیوائی حاکمی کوردستان بوە کە لە (بەهار) لای هەمەذانو سنەدانیشتووە و لە سەرەتای سەتەی ۸ی مانگیدا ژیاوەو لە سولەیمان بن

۱ ـ فارسنامەی کوری بەلخی ـ مەجمع‌الانساب نوسراوی محەمەد کوری عەلی شوانکارە.
۲ ـ فەرهەنگی موعین ئەعلام ٥ و ٦ و باوی کوردەواری چاپی ۱۳٥۸ لاپەرەی ۱۲۸ تا ۱۳۲ نوسراوی (شەپول) و لوغتنامەی دیهخدا ـ تاریخی دومل و ئەماراتی کورد ج ۲ پەرەی ۱۳۱ و ئیقبال ئاشتیانی: تاریخی موفە سەلی ئیران جوزوی ۲ لاپەرەی ۱٥۰.
۳ ـ بروانە کتیبی رەشید یا سەمی لاپەرەی ۱٦۷ـ۱۷۰ـ۱۹۲ و شەرەفنامەو ئەمین زەکی. و. نیکتین: کوردوکوردستان لاپەرەی ۳۸۸ تا ۳۹۱.
٤ ـ لاپەرەی ٤٥۰ تاریخ عەبیاسی ئیقبال ـ ئاوریکی پاشەوە: حوسین حوزی موکریانی. و. نیکتین لاپەرەی ۳۹۲.

Dr.Saleh Ebrahimi



پەرچەم ئیوائی تورکومان جیایە کە خۆشەویستی موعتەصم خەلیفەی عەبباسی بووە، ئولجایتون (محمدخدا بنده) مەقەڕی حوکومەتی کوردستانی لە بەهار ەوە بر دۆتە سوڵتان ئاوای چەمچەماڵ.[1] کە بە داخەوە، ئەو شازادانە هیچیان بۆ کورد نەکردوە، هەرچەند خۆشیان سەرکەوتوبون،یاحوکامی هەکاری (شەنبوها) حوکامی عیمادیە: (بهدینان) حوکامی جزیر و بۆتان یا ئازیزان، گورگیل و فنک، حوکامی حەسەن کیفا.[2]

ئەلین دایکی مەروان حەکەم ئاخرین خەلیفەی ئەمەوی کورد بووە و کوردان دوای وەرگرتنی ئیسلام خۆیان حوکومەتیان ساز داوە. بۆوێنە راپەرینی غولامانی زەنگی لە ٨٧٥.[3] لە مێژودا ناوی چەن باڵوڵ دێتە بەر چاومان ئەلف: باڵوڵی خارجی: کەشارەکوری بەشەری شەیبانی موسڵی کەلەکوردانی دەورو بەری موسڵ بووەو لە ١١٩ی مانگیدا لە هیشامی کوری عەبدولمەلیک ئەمەوی[4] راساوەو راپەریوەو لە موسڵەوە تاکوفەی هێناوتە بن فەرمانی خۆی و لە پاشان لە شەڕ داکوژراوە ئەمە خۆی نیشانەی راپەرینی کوردە لە سەرەتای ئیسلامەوە.[5] ب: باڵوڵی مەجنون: ئەبو وەهیب باڵوڵی عەمر صەیرە فی کوفە کەلە کوردانی ئیران و شاگردی حەزرەتی ئیمام جەعفەر صادق بووەو و شیعری بەکوردی هەیە لەساڵی ١٩٠ی مانگیدا مردوە.[6] ج ـ باڵوڵی شولی کە یەکێك لەعاریفانی مەزن و شاعیر بووە، ابن (بطوطه طنجەلی) لە سەفەرنامەکەی خۆیدا ناوی بردوە کە لە لورستانا چاوی پێی کەوتوەو قسەی لەتەکیاکروە.[7] یافارس یافەریس کوردی جزیرو بوتان لە جەنگی تەن بەتەنی لە گەڵ یەکێ لە پاڵەوانانی هارونە رەشید (٧٨٦-٨٠٩)دا سەرکەوتووە یائەفشین «محەمەد» کە دوای شەڕ کردن لەگەڵ دوژمنانی خەلیفە (٨٦٨-٩٠٥) فەرمانی حوکومەتی شارەزورو

١ ـ و. نیکتین لاپەرەی ٣٩٠ چاپی ١٣٦٦ تەرجەمەی محەمەد قازی. یاد داشتی ١٥٣ تاریخ دوەل و ئەماراتی کورد بە عەرەبی نوسراوی ئەمین زەکی و خوش کراوی محەمەد عەلی عەونی هەرچەند محەمەد عەلی عەونی سولەیمان شای ئیوائی کوردی بە تورك داناوەوبەلە تەك سولەیمان بن پەرحەم ئیوائی تورکومان بە یەکی زانیوە.

٢ ـ و.نیکتین ٣٩٧

٣ ـ مێژوی دەوری عەمارەت حوسێن حوزنی موکریانی ـ و. نیکتین کوردوکوردستان لاپەرەس ٣٨٦

٤ ـ هیشام لە ٧١ تا ١٢٥ مانگیو و ٦٩٠ تا ٧٤٣ی زاینی حوکومەتی کردوە.

٥ ـ بروانە دائرةالمعارف پطرس بستانی پەرەی ٦٤٤ جەلدی ٥.

٦ ـ فەرهەنگی دیهخدا پێی ب و دائرةالمعارف پطرس بستانی. بروانە گرشەی کوردستان ژومارەی ٢ و ٣ لاپەرەی ١٢ چاپی خاکەلیوەوگولانی ١٩٨١ زکەچەن شیعری لە بالول بلاو کردۆتەوە.

٧ ـ سەفەرنامەی ابن‌بطوطه لاپەرەی (٢٠٩ و ٢١٠).

ئازربایجانی، یانێ ئەو هەرێمە جوانو پرپیتو بەرە کەتەی لە (مووەفەق خەلیفەی عەبباسی) وەر گرتووەو لە دواییشدا بە داوینەی حوکومەتی خۆی پەرەی داوە، باوە کو عەبباسیە کان پیان ناخۆش بووە یاراپەرینی بابە کی خورەم دین کە لە ۸۱٦و ۸۱۷راپەریوەوتا ۸۳۷ئەو راپەرینە درێژەی هەبووە بە دژی عەباسیان[۱]

کورد لە سەتەی ۷ تا ۱۵-لەنیو زنجیرەی کوردان ئەتوانین دیاردی بە زنجیرەی شەدادیان بکەین ئەم زنجیرە لەحودودی سالی ۹۵۱ (۳٤۰ی مانگی) بە هۆی با هۆی محەمەد شەداد بن کەرتۆ Karto لەخێڵی رەوەدی‌یا رەوادی کە لە هۆزی صەلاحەدینە، حوکومەتی شەدادیانی دامەزراندوە.

ئەم زنجیرەلە ۱۰۷۲ (٤٦٥ی مانگی) بووە، دوشاخە، ۱-شاخەی گەنجی ۲ شاخەی آنی Ani، حوکومەتی ئانی نۆبە بە نۆبەو جار بەجار ئەکەوتە دەس گورجیان لە (۱۱۱٤ تا ۱۱۲٦) و ئەو ساکەوتەوە دەس شەدادیان لە (۱۱۲٦ تا ۱۱٦۱ و لە ۱۱٦٥ تا ۱۱۷٤) مەلیک شای سەلجوقی حوکومەتی لەدەس شەدادیان سەند وئیتر تیا چون[۲] حوکومەتی شەدادیان، شازادەی ئەم زنجیرە بە سەر خەلکێکدا حوکومەتیان کردوە کە زۆربەیان ئەرمەنی بون، شازادە کانی شەدادی بینای مێژوی جالبیان ساز داوەولیان جیمارە، بۆوێنە دو مزگەوت بەسەبك و شێوەی میعماری محەللی لە ئانی داکەبە شاری هەزارویەك کلیسا ناوداره، فەرهەنکی کوردە ئیرانیە کان لە گەنجەو لە آنی‌دا لەسەر فەرهەنگی ناوچە کە بووە، مێژوی زنجیرەی شەدادیان هەر جوانی‌و لوتفو خیروخۆشی لی‌باریوەو تەژی و پریشەلە جەنگو کوسب و قورت لە رێگای خزمەت کردن بەئیسلام.[۳]

## رەوادیانی هەزبانی:شەدادیان

لەسەتەی چوار و پینجی مانگی لە ئازربایجانو ئەو ناوەدا بنەماڵەیەی گەورە لە رەسەنی

۱ ـ بروانە شەرحی ئەو راپەرینەی بابە ك کە تایپ کراوەو ئامادەی چاپە بەقەڵەمی (شەپۆل) کە ۸٥ لاپەرەیە.
۲ ـ سەیدئەحمەد کبسرەوی شەهریانی گوم نیو ـ مینورسکی: موتالەعات لەبابەت مێژو لە تاریخی قەفقاز. ا- نوری تازە بە سەرمێژوی شەدادیانی گەنجە ۲- شەدادیانی ئانی لە سیری بلاوە، سەبارەت بە خورهەلات بەهۆی زانکوی کومبەریج ج ٦ (۱۹٥۳)
۳ ـ و.نیکتین ـ کورد و کوردستان لاپەرەی ۳۸٦ و ۳۸۷.

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد بەناوی رەوادی لە ئەرمەنستان و نیزیکی **دوێن** ژیاون‌و بە فەرمودەی کوری ئـەسیر باشترین نیژادی کورد بون و باو باپیرانی سوڵتان صەلاحەدین ئـەیّوبی دەچـنەوە سـەر ئـەم رەوادی یانە[1] شازادە کانی شەدادیان لە ئەران (ئاران) کە لە باکوری ئیران و روژاوای زەریای خەزەر دایەو شارە گەورە کانی ئەوی: باکۆ، نەخجەوان. **گەنجە**، شەماخی و دەر بەند ـ ە و یە کێك لە شارە کۆنە کانی ئەوە پەردەدار یابەردەعەیە کە بـەفەرمودەی یـاقوتی حـەمەوی دەروازەیە كێ لە **بەردەعەدا** هەیە بەدەروازەی **کوردان** ناودارە و ئەونە کوردی زاناودانا و... تیدابووە، بۆیی لەژومار نەهاتووە[2] شەدادیانی رەوادی یابەنی شەداد ـ ی کـورد لە ٣٤٠ تـا ٥٧٠ی مانگی حوکومەتیان کردوە ـ **سەرزنجیرەی شەدادیان: محەمەد** کوری شەداد بووە کە لە ٣٤٠ی مانگی لە ئاران (ئالان) بناغەی حوکومەتی داناوە، دوای گرتنی هەمو سەر زەوی ئەو ناوەلە ٣٤٤ی مانگیدا وەفاتی کردوە. یا ئەبو حەسەن لە شکری شەدادی کە لە ٣٦٠ی مانگی راپەریوە یامەرزەبان شەدادی کە لە ٣٦٨ی مانگی تا ٣٧٥ کە بە دەسی فەزلون کـوررژاوە ـ یافەزلونی شەدادی، دوەمین بنیات نەرانی شازادە کانی شەدادی کە لەچاخی ئەم دا سەراتسەری **ئەران و بدوێن** و بەشیّ لە ئەرمە نستان کەوتە بن فەرمانی خۆی. لە ساڵی ٣٧٥ی مانگی بووە حاکم و بۆ ماوەی ٤٨ ساڵ پاشایی کردوە، فەزلون زۆرکارزان، خـەڵك پـەروەر، خـۆش رەفتار، خۆش‌خو و جوامێر بوو لە ساڵی ٤١٨ی مانگی **پردیکی** جوان‌و گەورە و پتەوی لە سەر چەمی ئاراز سازدا. فەزلون لەتە كێ شازادە کانی ئارانشاهی کە لە رە سـەنی سـاسانی و کوردبون شەری کردوە، بە قسە یە كێ کورد کوردی کوشت و بەیارمەتی سەمباد ـ ی برای بەشیّ لە گورجستانیشی گرت‌و لەساڵی ٤٢٢ وەفاتی کردوە. یا ئەبوحەسەن لە شکری دوەم کە لە ٤٢٥ بۆتەشا و ١٥ ساڵ پاشایی کردوە،[3] کە تولّەی (فەزلون و مـەملانی) لە ئەرمەنیـان و گورجیان سەندوە کە بە گزی و فزی ئەو دو ئەمیرە کوردەیان لەشەڕدا تێك شکاندبو. قەتران

---

١ ـ بەلام رەوواد بەفەرمودەی کوری خەلە کان فەیلەسوفی میژو هوزی ئـەزود ـ ی عـەرەبی بـەمەن بـون و کوچیـان کـردوتە ئازربایجان‌و نیشتەجێ بون و رۆاد کوری مثنی کە لە زەمانی مەنصور عەباسی بوتە والی ئازربایجان ـ تاریخی دوەل و ئەماراتی کوردی ـ شاربارانی گوم‌نیو ـ کیسرەوی.

٢ ـ معجم‌البلدان نوسراوی یاقوتی حەمەوی چاپی بیروت لەمادەی بەردەعە وە ئاوینە ژمارەی ١٠ سـالی ١٣٧١ لاپـەرەی ٤٥ نوسراوی (شەپۆل) و کتێبی ناودارانی کورد باسی خانای قوبادی کە ئامادەی چاپە بەپێتی کامپیوتیر (وابانە) حروف‌چینی کراوە ـ لاپەرەی ٣١٨ نوسراوی (شەپۆل)

٣ ـ قەترانی شاعیر زیاتر لە ١٥ تیکەشیعرو قەسیدەی لە پەسنی ئەم شازادەدا و توە.

Dr.Saleh Ebrahimi



دەلّیٚ:

لشکری را کُشت کو را مرگ‌نتوانست کُشت     قلعه‌ای را کَند کانرا چرخ نتوانست کَند

* * *

ایزد از هر عید هست امروز راضی‌تر ز تو     زانکه کافر کُشته‌ای بر جای گاو و گوسفند

نشسته شاه شدادان به تخت ملک دلشادان

رخش چون لالهٔ نیسان،کفش چون ابر فروردین

ئەمیر شکری کوٚشکیٚ جوان و پتەوی بە ناوی لە شکراوا لە شاریٚ گەنجە لیٚی جیٚماوەو چوار کوڕیشی بە ناوی مەنوچیهر، ئەنەوشیرەوان، گوٚدرزو ئەردەشیٚر هەبووە و قەتران لە شیعری خوٚیدا یادی کردون، دەلّیٚن بەیتی لە شکری کوردی بە یادی ئەوە ـ یا ئەنەو شیرەوان شەدادی کوڕی ئەبو حەسەن لە شکری کە لە ۴۴۱ لەجیٚی باوکی دانیشتووە ـ یائەبوسوار شاوور شەدادی کوری فەزلونی شەدادی[1] یا ئەمیر کەیکاوس‌و ئەبو سوار[2] کەئەبوسوار، ئەبی‌راد، کەئاشودی براچو کوڵەی هوهانیس‌ی ئازاد کردبوو بریٚکیش بزوٚز بو، فەرمانی کوشتنی داو لەگەڵ داویت بیخا کیش جەنگیوە. ئەم کارانەلە ئانی ئەرمەنستاندالە ۴۲۸ی مانگی قەرماوە ـ لە سالّانی ۴۳۲ کە ئاشود و هوهانیس مردن ئاژاوەو دو بەرەکی لە ئەرمەنستان پەیدابو، لەوسەردەمەدا ئەبو سوار دوێن و هەندیٚ لە ئەرمەنستانی لە دەسابو، روٚمیان کە غاغیق کوڕی ئاشود ـ یان، فیریودا، ویستیان ئەبوسوار لەنیٚوبەرن بەلاّم لە ۴۳۸ پیاوانە زوٚربەی سوارەهیٚرش کارەکانی تورکی قوستەنتەی لەنیٚو برد. لەئاکامدا ئەبو سوار دوبارە شاری ئانی گرتەوە دەس و یارمەتی ئەمیر کەیکاوسیشی داو خوٚی لە گەنجە دانیشت ـ یائەبو فەزلونی دوەمی کوڕی ئەبوسوارکە بووە جی نشینی باوکی لە گەنجە. هەروەک کوڕی ئەسیر لە روداوەی ۴۹۲ ئەنوسیٚ ئەبو فەزلون لە ۴۸۱دا لە شەڕ لە گەڵ مەلیک شای سەلجوقی‌ی دەشکیٚ و دەگیردریٚ و دەبریٚتە بەغدالە ۴۸۴ لای بەغدا وەفات دەکا ـ قەتران لە شیعری خویدا پەسنی ئەبوفەزلونی زوٚر کردوە.

---

١ ـ لوغەتنامەی دهخدا حەرفی ئەلف پەرەی ٣٧٠

٢ ـ قابوسنامە پەرەی ٣٩ تا ۴١ چاپی تاران

Dr.Saleh Ebrahimi



## ناوی هەندێ لە شازادەکانی شەدادی:

ئەبو سواری کورد حاکمی ئانی ـ ئەمیر فەزلون شەدادی لە ای مانگیدا حاکمی گەنجە بووە. ئەبوشوجاع مەنوچیهر ـ ی کوڕی شاوور ـ ی شەدادی لە حودوی ۴۵۰ بو ماوەی سی و چوار ساڵ حوکومەتی کردوەو لە ئانی مزگەوتی جوانی ساز داوەو لە گەڵ ئەرمەنی یەکان زۆر بەینی خۆش بووەو چاک سازاوە. ئەبونەصربرای مەنوچیهر کە لە ۴۹۹ بەدەس قزل ناوێکی تورک لە شاری لورە ـ ی لای تفلیس کوژراوە ـ ئەبو سوار شاوور دوەم شەدادی کاتێ مەنوچیهری باوکی لە ۵۰۳ ی مانگیدا مردوە ئەبو سوار کە لە ۵۱۸ ی مانگی گیراو حوکومەتی لە دەس چو کەشەست ساڵ زیاتربو موسوڵمانان بە سەر ئانیدا حوکو مەتیان دە کرد ـ ئەبوسوار سێ کوڕی بەم ناوانە هەبو (فەزلون، خۆش چیهر و مەحمود) کە بونەحاکم ـ فەزلونی ۳ی شەدادی کوڕی گەورەی ئەبوسوار، دوای ۷ ساڵ حوکومەت لە ئانی لە ۵۲۵ ی مانگیدا شەهید کرا ـ خۆش چیهری شەدادی ماوەیەک لە جێی کاکی حوکومەتی کردو ئەوسا، مەحمود ـ ی برای: حوکومەتی دا دەس فەخرەدین شەداد شەدادی. لە ۵۴۹ حاکمی ئانی ئەرمەنستان بووەو ئەوسا فەزلونی چوار کوڕی محمود تا ۵۵٦ حاکم بووەو لە ۵۵۹دا شاهەنشا کوری مەحمود بووە شای ئانی و ئەو ناوە ناوە تا ۵۹٦ حوکومەتی کردوە.

میری میران میرشامحەمەد (**میری سوّران**) لەسەرەتای سەتەی ۱۹ زدە وە لە (۱۲۲۹ تا ١٢٥٤ی مانگی بە لەشکریکی ۳۰۰۰۰ی هەزار کە سیەوەلە رە واندز حوکومەتی کردوەو سەکەی لیداوە وخود بەی بەنیو خویندراوە و تۆپی ساز داوەو زۆربەی سەرزەوی کوردنشینی هێناوەتە بن فەرمانی خۆی و لەخۆراواوە تا نەسیبەینو ماردینی لەبن دە سابووەو لە ١٨٢٦ی زاینی سەربەخۆی کوردستانی راگەیاندوەو لە گەڵ دەوڵەتی ئیران و میصردا پێوەندی رامیاری دامەزراندبوە، هەمودەزانین میرشامحەمەد میرمیران لە شۆرشی ١٨٣٢-١٨٣٩ی میصر کەڵکی وەرگرت وەهەندێ سەرانی کوردی لەخۆی ئالاند، وەک محەمەد پاشای سیواس، سەعید بەگ، جادوای تێشکانی تورکان لەمانگی مەسالی ۱۸۳۹ لە نەسیبەین مەحمود پاشا لە سولەیمانی رابەری و روس و ئینگلیس لە ١٨٤٣ بە سودی ئیران و عوسمانی کاریان کرد. و نەیان هێشت ئیران و تورکی عوسمانی پێکەوە بە شەڕبێن و کوردیان لە نێو برد.

Dr.Saleh Ebrahimi



لەئیراندا تەرحی دێمورگانی R.M.M لە جەڵدی ٢٢ و ٢٣ لە مارس و ژوئنی ١٩١٣ی زاینی داچاپ بووە کە پێوەندی بە دامەزراندنی حوکومەت بۆ کوردان هەیە، کە قاجاروڕەزاخان تێکیاندا.[1] قەڵای جم جم یادمدم ڕاپەرینی ئەمیر (عومەر)ی برادۆست کە لە ١٠١٨ی مانگی شاعە باسی صەفەوی شەری بە قەڵای دمدم فرۆشت، ئەوە یە چریکە چڕوبەیت بێژ لە بەیتی حەماسی دەمدم دائەڵێ:

دمـــدمم بـــەردی لە نـــزاری لیـــاندا تـــوپی هەوشـــای
حـــەوت شـــەو و ڕوژان ئـــاور بـــاری خـــەبەر چـــو لە بـــو هەوشـــاری

***

دمـــدم بـــەردی لەبـــەردی لیـــی دەن بـــەتوپی نـــەبەردی
تا ڕۆژی مەردو نامەردی

لە ١٠٢٦ی مانگی‌دا کە یەکی لەژنە بەناموس و بە غیرەتەکانی ئەمیری برادوست بە دژی قزل باشەکان ڕاپەری‌و قەلای دمدمی لەدەس دوژمن ئەستاندەوە دوبارە کەوتەوە دەس صەفەوی‌یەکانی دوژمنی خەلک.

دمـــدم بـــەردیکی شـــینە چـــوار زستـــانە، پـــینج هـــاوینە
تـــیدا خـــانی لەپ زیـــرینە زەفـــەر یـــان پـــی نـــەبردینە
ئـــەی دمـــدمی بـــەردی دەلان جـــیگەی خـــان و خـــان ئـــاودەلان
ئیستـا بـوی بـە مـەسکەنی خـەردەلان خودا خرابکـا، مـالی حـەمکی لی تیـانی
پی‌یـــان نیشـــان دا سەروکـــانی کـــی بـــو لە کـــافری بـــی ئیمـــانە
تی‌یـــان کـــرد هـــاش و دەرمـــانە پـــی‌قر دەبـــون موسولمـــانە.[2]

***

---

١ ـ مەسئەلەی کوردستان لاپەرەی ٢٧.و.نیکتین لاپەرەی ٤٠٤

٢ ـ بروانە لاپەرەی ١٠ و ١١ی پەراوەی کوزانی فەرهەنگی زمانی کوردی پاشکوی گرشەی کوردستان نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی (شەپول) چاپی ١٣٦٠ی هەتاوی‌و ١٩٨١ی زاینی‌و ٢٥٩٣ کوردی. بە کەم ژمارەی گرشەی کوردستان لە ١٩٨١/٣/١ی زاینی لە تاران لە چاپدراوەو تا ٩ ژمارەی بلاو کراوەتەوە. بروانە هیوا ـ ژومارەی ٨ هاوینی ١٩٩٢ی زاینی ئورگانی ئەنستیتوی کوردی کە لە سالی ١٩٨٣ ـ ز ـ لە پاریس: فەرانسە، دامەزراوە، لاپەرەی ٤٢ ئەستونی ٢ ژومارەی ٤٢.

Dr.Saleh Ebrahimi



# کۆنترین خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراست:

**کوردکۆنترین خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەراستەکە لەکوردستان دەژی و ژیانی سەر بە** خۆیشی هەبوەو دیاکۆو هوخشەتەرەو ئاستیاک‌وکەسانێ تری لێ هەڵکەوتوەو دوای ئیسلامیش سەربەخو ژیاوەو شازدە شانشیی هەبوەو دیاکۆلە [ ٧٠٨ تا ٦٣٣ ]ی بەر لەزاینی ئیمپەراتوری ماد ـی دامەزراندوەو هەر ئەوکوردە ماد ـە لە ٦١٢ی بەر لەزاین بەدژی دەس درێژی ئاشورونینەوا راپەری‌وبەر پەرچی داوە، یاکەسانێ وەک هوخشەتەرە یا ئاستیاک‌کە بە قسەی مینورسکی دیوانی شیعری هەیە یاکەسانێ وەک زەردەشت‌وکەسانێ‌تری لێی هەڵکەوتووەو دوای ئیسلامیش سەربە خۆ ژیاوەو بە شایەدی مێژوچل‌و دو شانشینی هەبووەو لە نێو خۆیان‌و حوکومەتی دەوروبەر بەشێوەی فیدراڵی ئەم دەورو زەمانە پێکەوە ژیاون [١]

## بۆزانین

## لەکوردستان تا ۴۶ شازادە نشین بە محوّرە هە بووە:

دیار بەکر، دینەوەر، شارەزور، ئەردیال، سور، ئاکرە، ئاماد، کرمل، فینک، حەسەنکیف [٢] جموش، کزوک، مارداس، ئاگیل، سامۆر، مزان، کیکیس، شیروان، در دین،

---

١ ـ هەندێ لە ئاسەواری مادەکان بەمجورەیە: موجەسەمەی شێری نیزیک هەمەدان، وێنەی مروڤێک بەجلکی ماد لەنیو هودە بەردینەیەک لای سەر پێڵ زەهاو کە بە دوکانی داود ناو ئەبرێ، وێنەی فروهەر لەبان بەردی لای صەحنە، هودە بەردینەیەک لە دیران ـی لورستان. کە بەهودەی فەرهاد ناودارە، فەرهاد تاشی لای سماقان نیزیک بوکان قەلای (بەیت بەگی): بەبت بەگایا: (بۆگە بەسی) لای بۆکان، وێنەی مروڤێک لە حاڵی عبادەتدا لە تلیشی بەردیکدا لە (نبواسحق‌وند) نێزیک کرماشان، وێنەی شاو رۆحانی لە هەردولای گوڵە ئاگر لە قیزقاپان یا وێنەی ماد و پارس پێکەوە لە تەختی جەمشید.

٢ـ حِصن کیفا، شاریکە لە عیراقی عەرەبدا لە سەر بەستینی دەجلە لە نیوە ریگای نێوان دیار بەکرو جزیزەی إبنْ عُمَرْ ـ ئەعلامی موعین لاپەرەی ۴٦٣ و ۴٦۴ چاپی ١٣٦٢ ج ۵. حەسەن کیفیکیش لای نەوشار لە مازندەران داهەیەکە گوندی کوردیچاڵ لە ٦ کیلومیتری خور هەڵاتی حەسەن کیف‌دایە کە ئەم حەسەن کیفە بەشی کەلار دەشتیی نەو شاری مازندەرانە ئەعلامی موعین ١٥٦٠ ج ٦ چاپی ١٣٦٢ی هەتاوی ـ هەروا بروانە کوروکاش یامێژوی موکریان لاپەرەی ٢٥۴ نوفسیت نوسراوی محەمەد صالح ئیبراهیمی محەمەدی: (شەپوڵ) کە لەساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی‌لە پێنسەت جەلەد بلاوکراوە تەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەریکان، خاکَ، ترکل، سعیدی، سولەیمانی، سوّران، ترکورا «تەرگەوەر» کالی، داود، پیلینگان: (پاڵنگان) بتلیس، کارزان، بوکان: ١.

١ـ دەولەتی حەسەنویە یا حەسنۆیە لە ١٩٥٠ ـ ١٩٧٩ زاینی‌دا کە وجودی هەبووەو پێتەختیشی خورەماوای لورستان بووە، حەسەن‌بن حوسەین کوردی بەرزیکانی کە لە حودودی سالەکانی ٣٤٨ی مانگی‌دا بە سەر کوردستاندا لە: دینەوەر، نەهاوەند، شاپور، یەزدجردو ئەسەداوا، لە لوردستاندا حوکومەتی کردوە. دوای ئەو «ناصرالدین والدولە» ئەبو نەجم بەدربن حَسْنَوَیْة یا (حَسْنُویە) کە ئەمیش لە حودودی ٣٦٩ی مانگیدابوەتە حاکم. دوای ئەم‌تاهیر کوری هیلال‌ی کوری بەدر کە لە ٤٠٥ی مانگیدا بوّتە حاکم‌و بە دەستی ئەبو شوکَ کوژراوە، دوای ئەم‌بەنی عەنناز لە ٤٠٦ی مانگی‌دا هاتوتە سەرکار.

حوسەین کوردی بەرزیکانی: حَسْنَوَیْة[٢]

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عبدالملک | بەختیار | ئەبوعەدنان | عاصم | عبدالرزاق | ئەبوعەلا | بەدر |

هلال کوکە ٤٠٥ مانگی وەفاتی کردوە

تاهیر

بەدر

بەنی عەنناز[٣] لە کوردستاندا (حەلوان، قرمیسین یاقرماسان: کرماشان‌و دەقوقا) ئەبو فەتح محەمەدبن عەنناز کەلە ٣٨١ی مانگیدا هاتوّتە سەر فەرمان ـ لە دوای ئەو (ابوالشَّوْک

---

١ـ «بەگ: بەگان ـ بەغ: گەورە، گەورەکان» ـ سەرچاوە: لاپەرەی ٢٨و ٢٩ی تێزی دەورەی دوکتورای بەرێز سەید عبدالعزیز شەمزینی «گەیلانی‌زادە (مبارەزەی آزادی‌بەخش ملی خلق کرد) لە نێوان دو جەنگی جیهانی (١٩١٤ـ١٩٤٦ی زاینی‌دا) تایپ کراو ـ رەفیق حلمی الاکراد من فجرالتاریخ الی ١٩٢٠ی زاینی بەغدا / ١٩٣٤ زاینی لاپەرەی ٢١.


٢ـ خەلیل ئەدهەم دووەلی ئیسلامی لاپەرەی ١٨٥ وعەبّاس ئیقبال تەبەقاتی سەلاتین‌ی ئیسلامی لاپەرەی ١٢٤ موتەرجیم عەرەبی.

٣ـکوری ئەسیرج ٩ لاپەرەی ٢ و ١

Dr.Saleh Ebrahimi



حسام‌الدوله) فارس کوری محەمەد کەلە ٤٠١ی مانگیدابۆتە حاکم و لە ٣٠ی رەمەزانی ٤٣٧ی مانگیدا وەفاتی کردوە.




1 - BERGMANN: BEITRAGE ZUR MUH. NVMISMATIK W.N.Z. 1883.P.25
SACHAN: VERZEICHNIS NO 34, p. 18.

- سەرچاوە: کوری ئەسیر: کامل لە مێژودا ج ٩ لاپەرەی ٢ و ١

- خەلیل ئەدهەم دووەلی ئیسلامی لاپەرەی ١٨٥ و عەبّاس ئیقبال ئاشتیانی تەبەقاتی سەلاتینی ئیسلام، لاپەرەی ١٢٤ موتەرجیم عەرەبی ٣- کوری ئەسیر ج ٩ لاپەرەی ١٠٢ - فەرمان رەوای شارە زور، کوری ئەسیر ج ٩ لاپەرەی ٣٣٦ ولاپەرەی ٣٣١ - نەسبنامەی خولەفاو شاریاران دوکتور جەوادمەشکور چاپی ٢٥٣٥

Dr.Saleh Ebrahimi



٢ـ مەروانیە، ئەمیر ئەحمدد کوری مەروان کە لە ١٢٠ی مانگیدا لە دیار بە کردا حوکومەتی هەبووە. بەنی مەروان کە لە میافارقین، ئامێد، خەلات، دونیسر، ئەنبار، نەسیبەین، جزیرەبەلەد حوکومەتیان کردوەوگشتیان (دارالضرب) بەنی مەروان بون.

□ ١ـ ئەبو عەلی حەسەن کوری مەروانلە حودودی ساڵی ٣٨٠ حوکومەتی کردوە.

□ ٢ـ مەمهەد، دەولە ئەبو مەنصور سەعید کوری مەروان لە ٣٨٦ی مانگیدا فەرمان رەوایی کردوە.

□ ـ ئەبو شوجاع پەروێز کوری مەمەد (سکە یە کێ کەئەولە ٤٠١ی مانگیداله میافارقین لێی داوە ERMTTAGE INVEN TAIRE P.338 NO.21 کە لە موزەی ئیر میتاژداهەیە

□ ٣ـ نەسر دەولە ئەبونە سر ئەحمەدکوری مەروان (هەر وە کولەسەر سکە کە نوسراوە لەوە دەچێ ناوی محەمەد کوری مەروانبێ و لە ٣٧٦ی مانگیدا لەدایک بووەولە ٢٩ شەوالی ٤٥٣دا مردوەونازناوی ئەلقادر باللّەبوە:[1]

□ ٤ـ نیزامە دین ئەبو قاسم نەسرکوری ئەحمەدلە (میافارقین) زیقعەیدە ی ساڵی ٤٥٣مانگی حاکمبووە. سەعید (برای یە کەمی) لە ئامێد (لە ٤٥٣ی مانگی تاسالی ٤٥٥) کە لە پاشانلە ٤٥٥ی مانگیدا نەسر ئامێدی لیسەندەوە.

□ ٥ـ ئەبو موزەفەر مەنصور لە ٤٧٢ تا٤٧٨ی مانگی حاکمو میر بووە.

نەسەبی بەنی مەروان:

## دۆستە کی کوردی حەمیدی مەروان[2]

| | | |
|---|---|---|
| ٣ ـ ئەبونەسر ئەحمەد( کچی قەراوش کوری موقەلید ـ ی عوقەیلی مارە کردوە) | ٢ ـ مەمهەد دەولە | ١ ـ ئەبوعلی حەسەنکەست الناس،کچی سەعد دەولەی حەمدانی ژنی بووە |

١ ـ بروانە ابن خلدون ج ٤ لاپە رە ی ٣١٩.

٢ ـ کوری ئە سیر: ئەلکامل ـ کوری خلدون: ئەلعبر ـ کوری خەلەکان: وەفەیات ئەعیان لاپەرەی ٢٠٦ تا ٢٠٧ کتێبی نەسبنامەی خولەفا نوسراوی دوکتور محەمەد جەواد مەشکور چاپی ٢٥٣٦ ئوفیستی مەروی تاران. و شەهریاران نوسراوی کیسرەوی

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سەعید لەئامید (٤٥٣تا٤٥٥) | سولەیمان | سەعدەدولە ئەبو حەسەن محەمەد ولیعەهدو فەرمانرەوای ئامید | ٤- نیزامەدین نەسر | ٥- مەنصور[1] |

## زەنگی یا بەنی زەنگی:

٣-لە موسڵ زەنگە کان ئەحمەد کوری زەنگی کە قەڵای گولاّبی سازداوە و ئیستاش بە ناوی ئەحمە دهەرماوەو زەنگی یە کان تا سالی ١٢٦٢یانی تا هێرشی مەغول، حوکومەتیان بەردەوام بووە.

٤-شنگر تاهیر محەمەد کورد لە ١٢٠٣ تا ١٢٤٨ حوکومەتی کردوەو زنجیرەی ئەتابە ك بووەو ئەتابە کیش تا١٣٣٩ حوکومەتی هەبووەو بە هەزار ئەسپە ناودار بوە.

٥- دەولەتو میری ئەیوبیان لە ١٥٣١ تا ١١٧٣ صەلاحەدین یوسف کوری شادی ئەیوبیو ئاخرین نەسلی ئەیوبی لە دیار بەکر تا ٩٢١یانی تا ١٥١٤ زاینی لە حەسەن کیفدا حوکومەتیان بە دەس بووە.

٦- پاشا کانی باجەلانی بەر لە ئەردەلانە کان حوکومەتیان هەبوە لەدرنی، دەرە تەنگ، حەلوان، زەهاوی ئیستا، سەدان، دەودان، ئالانی، پاوە، رەوانسەر، باسکە، قەلای زنجیر، زربانیکی لە قوبادخانەوە تا ئیبراهیم پادشای باجەلان نێزیکەی پێنسەت ساڵ حوکومەتیان

١ - بروانە: VAN BERCHEM: ARABI SCHE INSCHRIFTEN AUS ARNENIEN P.7, pl. XI
ناصر خوسرەو: سەفەرنامە AMEDROZ: MARWANIDS (JRAS, 1903. 124$$)
M. VAN BER CHEM: ARABISCHE INSCHRIFTEN AUS ARMENIEN. DIARBEDR (LEHMANN - HAUPT)

- لە قەڵای هەتاخ لەساڵی ٥٣٢ی مانگیدا حیسامە دین تەمرتاش کوری ئیلغازی دەری کردوە، کوری ئەسیر دەنوسی حیسامەدین تەیمور (ج ١١ لاپەرەی ٢٤٣)

کردوەو ئاخیرینیان ئیبراهیم پاشا بووە کەلە ١٢٨٥ی مانگیدا لە گوندی ڕێژاو مردوەو دەڵێن وەلی دیوانەو خانای قوبادی لە پاشایانی باجەلانی بون [١].

٧ـ دوای تێکڕمانی خەلیفەو هێرشی مەغول دەوڵەتی کوردی ئەردەلان لە ١٢٢٠ تا ئاخری سەتەس ١٨ یانی تا ١٥٧٣ی زاینی بەردەوام بووە [٢]

لەراستەوە: شەپۆل، جەنابی حاجی قازی (قاضی خضری ئیمام جومەی شنۆ



٦: (شەپۆل) نوسەر، رۆژنامەنوس، لێکۆلەر، ئوستادی زانکۆی تاران، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئەنجومەنی زمان و فەرهەنگ و هونەری کورد، و دامەزرێنەرو کۆنسەی سەرۆکایەتی کۆمکار (جامعەی کوردانی تاران.

١ ـ کوواری ئاوێنە لاپەرەی ٤٢ لە باسی خانای قودبای نوسراوی شەپۆل چاپی ١٣٧١ی هەتاوی ژمارەی ١٠ ـ تاران .

٢ ـ تێزی دوکتورای سەید عەزیز شەمزینی لاپەرەی ٢٨و ٢٩ سەر چاوەی بە رو ،